# بەیان

ژ ١٢٩٠ ـی ئاداری ١٩٨٧



هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV



## پیرۆزتر بێت جەژنی
## لە دایك بوونی
## سەرکردەی قارەمانمان



# لەم ژمارەیەدا

## بەیان ژمارە ١٢٩


● تۆماری جەنگ ●

- لە دایکبوونی سەرکردەی قارەمان... ● محمد حسن ● ٢
- ٧ی نیسانو خەونەکانی گەل... ● علی حسین کریم ● ٤
- لە دایکبوونی سەرکردە.. لە دایکبوونی عێراقی نوێ ● شاسوار بەرزنجی ● ٦
- لە بیرەوەری چل ساڵەی دامەزراندنی پارتی بەعسی سۆشیالیست ● گەلاوێژ حسن ● ٨
- چەند کارەساتێکی ئاسۆری لە ئێرانەوە ● دلشاد أیوب ● ١٠
- گەلانی ئێران لەژێر سێبەری ئاخوندەکاندا ● شیرین ● ١٢

● لێکۆڵینەوەو رەخنە ●

- سۆزێ لە سایەی درەختەکانی حەوشی خانەقای.. ● محمدی مەلا کریم ● ١٥
- بەیتی وەرزی زستان... ● د. شوکریە رەسول ● ١٨
- برای سەلفیکی.. ئامادەکردنی ● محمود زامدار ● ٢٢
- ئافرەت لە دەقی شانۆیی کوردیدا ● مغدید حاجی ● ٣٠
- شۆرشی فیتنامیو زمانی نەتەوەیی ● حەمە سعید حەمە کریم ● ٣٦
- پەنجە نامەیەک بۆ ئەدەبی سۆمەری ● ئەزاد عزیز سورمێ ● ٤٣
- جێوکی مردن لەژێر ئەشتەری ریزمانو ● مکرم رشید تالەبانی ● ٥٠

● شیعر ●

- خەم کهەکا کوردە.. ● عبدالرحمن مزوری ● ٥٧
- گەیی.. خوالێ خۆشبوو ● مجید ندیم ● ٥٩
- پەنجەرەی یادگار.. ● پریال محمود ● ٦٠
- رەشە کۆچ.. پەخشانی نوێ ● جەزا عەلی ئەمین ● ٦٢
- ئێدی بەسە... ● صدیق خالد ● ٦٤
- داڤین یارێ... ● زیاد ئەقیب بروارى ● ٦٦

● چیرۆکو شانۆگەری ●

- خۆشی.. وەرگێران لە روسیەوە ● د. ئەورەحمانی حاجی مارف ● ٦٧
- ئەو کیژۆڵە... ● رۆستەم باجەلان ● ٦٩
- راوچی.. شانۆگەری ● حیدر عبدالرحمن ● ٧٢
- قرچەی گەرما.. وەرگێران لە تورکیەوە ● خورشید رەشید ● ٨٦
- وەنەوشەی شاژن.. وەرگێران ● کریم سۆڤ ● ٩١

«دەمەتەقێی ژمارە»

- لەگەڵ مامۆستا مەلا جمیل رۆژبەیانیدا ● سعید زەنگنە ● ٩٦

● لاوان ●

- بەرهەمی لاوان.. کۆمەڵە شیعرێک.. ● ١٠١
- رابۆرتی رۆشنبیریی بەیان.. ئازاد محمود/ شێرزاد عبدالرحمن ● ١٠٧
- پانەی بەیان ● ئاسۆ ● ١١١



دەزگای رۆشنبیریو بلاوکردنەوەی کوردی

وەزیریە

ئەنبشت

«المعهد القضائی» ت ٤٢٥١٨٤٦ پینج خدنە


تکاوگلەیی: -

تکـایە هەر نووسـەرێ خەتەکەی خۆش و شاش و جوان نەبێ، نووسینەکەی دەخرێتە پشت گوێ.


ئابونەی سالانە لەناو عیراقدا

٧,٠٠٠ دینار



# بەیان

گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبییە

سەرەکی ئەنجومەنی گارگێرو سەرنووسەر

مصلح جەلالی

دەستەی نووسەران

سکرتێری نووسین فؤاد حسین احمد



دکتور احسان فؤاد

دکتور کاوس قفطان

دکتور عزالدین مصطفی رسول

محمود زامدار

صلاح شوان

مصطفی نریمان

عبدالرزاق بیمار

محمد مصطفی حمەبور

عبدالکریم فندی

حسین احمد الجاف

محمد سلیم سواری



مونتیف و خۆش نووس: نزار بەزار

بەرگی یەکەم: وێنەگرتنی محمد بکر

بەرگی دووەم: شادان دلشاد

# لە دایك بوونی سەرکردەی قارەمانمان



**لەدایك بوونی سەرکردەی قارەمانمان صدام حسین بە لەدایك بوونی مێژوویکی نوێی عیراق دەژمێردرێت، بە سەرهەڵدانی قۆناغێکی نوێی پرشنگدارو زێرین. دەدرێتە قەڵەم..**

● احمد حسن ●

دیسان چیرۆکی هەڤاڵ و تێکۆشەر صدام حسین لەگەڵ شۆرش دا بریتی‌یە لە چیرۆکێکی دوورودرێژی بێ‌پایان کە فەسڵەکانی هەرگیز کۆتاییان نی‌یە.

پڕن لە وێنەی جۆراوجۆری ئازایەتی‌و پاڵەوانێتی‌و قارەمانێتی.. کە سەربەرزی‌و شکۆمەندی گەلەکەمان دەنوێنن.. سەرەتای چیرۆکەکە لەو کاتەوە دەست پێ‌دەکات کە قارەمانی نەوجەوان و ئازا لە نێو جووتیارەکان دا دەژیا لەگەڵ هەژاران و خەم و پەژارەیان داو لە هەموو جۆری ژیانیان بەشداریی دەکرد. لەوکاتەوە کە تێکۆشەر صدام حسین بۆجەوهەری نەتەوە دەگەڕاو دەپشکنی.. بەڵێ لە ناوەڕاستی ساڵەکانی پەنجادا ئەم خەونە هاتە دی. سەرکردەی دڵسۆزمان هەمیشە هەر لەو سەرەتا گەنجێتی‌یەدا خەونی بەوەوە دەبینی کە بچێتە کۆڕی کۆمەڵگای شۆڕشگێڕەوە ئا لەو ڕۆژەوە، هەر لەو ساتە گرنگەدا شۆڕش بەگەرمی پێشوازیی لێ‌کردو گرتیە ئامێزیەوە.. سەرکردەی داناو چالاك و قارەمان ئازایانە بەشداریی لە چالاکیەکانی حزب دا کردووە بەشێوەیەکی نموونەیی‌و دیار کە ببێتە هۆی بەرزی‌و گەیاندنی مێژووی قۆناغی ئەم سەردەمە بۆلوتکە.. هەرچەند لە چوارلادا دوژمنان هەوڵیان دەدا بۆ کپ کردنەوەی.

**ئەم کۆشش و هەوڵ و تەقەلا بێ‌پایانە.. بەڵام ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی زیاتر تێکۆشەرانی پارتی بەعس ئیش بکەن و چالاکانە تێکۆشن وا بجوڵێنەوە بۆ وەدی‌هێنانی ئامانجە پیرۆزەکانی گەل و نەتەوەکەمان..**

ئەوە بوو حوکومەتەکانی پێشوو کەوتنە ڕاونانی سەرکردەی کارەمانمان و خستیانە ژێر چاودێری‌یەوە، چەندجارێك خستیانە بەندیخانەوە..و بە جۆرەها شێوە هەوڵیان لەگەڵ دا دا بۆ ئەوەی واز لەم ڕێگایە بهێنێت بەڵام هەوڵەکانیان بەفیڕۆچوو قارەمان صدام حسین لە تاریکایی بەندیخانەدا دیسان هەر خەریکی کاروباری پارتێتی‌و ڕێك خستن بووو خەم و پەژارەی گەلە هەژارەکەی لەدڵ دا بوو، بەتەنگی



هەژاران و بێ دەرەتانەوە بوو. ئەوە بوو لە عیراق دا هەڵات و بەرەو شام و میسر ڕێگای گرتەبەر. لەوێش هەر بیری لای گەلگەی بوو، هەرلەوکاتەدا کۆلیجی یاسای تەواوکرد، سەرکردەی دانا یەکەم کەسەو سەرکردەی شۆڕشی ڕەمەزانی پیرۆزە، ئەو شۆڕشە مەزنە کەبە بووکی شۆڕشان دەناسرێت، حزب نەخشەیەکی فراونی و سەدەها پرۆژەی بۆ دانابوو کە هەموو ئاوات و ئامانجە پیرۆزەکانی گەلەکەمان تیادا بوو، بەڵام دوژمنان بواریان نەدا ئەم خەونە پیرۆزانە بێنەدی، لەبەرئەوە بەدەستی چەپەڵیان گەمارۆی شۆڕشەکەمانیان داو وە لەبەر ئەوەی شۆڕشەکەمان هێشتا نەمام و ئەو تەجرەبەو تاقی کردنەوە فراوانای نەبوو دەڵێم لەبەر ئەمە شۆڕش نەیتوانی لە کاروانەکەی دا بەردەوام بێت..

بەڵام پارتی بەعس بە سەرۆکایەتی هەڤاڵ صدام حسین هاوڕێ و هەڤاڵەکانی تری پارتمان لە تێکۆشان و خەبات و ئیش کردن لە نێو جەماوەرانی گەلی عیراق دا بەردەوام بوون.. تا ئەو ڕۆژە پیرۆزە مەزنە هاتە دی.. ئەوە بوو شۆڕشی ١٧ - ٣٠ی تەمموزی مەزن بەرپاکرا، کە هەروەك هەموو دەزانین هەڤاڵی تێکۆشەر صدام حسین خۆی ڕابەرو سەرکردەو نەخشەدانەرو بیرو مێشکی شۆڕشە پیرۆزەکەمان بوو. شۆڕش سەرکەوت و جەماوەری عیراق بە سەرۆکایەتی قارەمان صدام حسین سەرکەوتنی وەدیهێنا. گەلی عیراق لە قۆناغی تاریکی و نەهامەتی و چەوساوەیی ڕزگاری بوو. خۆری ئازادی و سەربەستی و کامەرانی تیشکی پیرۆزی بەسەر هەموو کون و قوژبنێکی وڵاتەکەمان دا بڵاوبوەوە. هەر لەو ڕۆژەوە تا ئەم ساتە گەلەکەمان لەژێر سێبەرو لە سایەی شۆڕەسواری گەل سەرکەوتن وەدی دەهێنێت و لە هەموو بوارەکانی ژیان دا هەنگاوی خێرا بەرەوپێشەوە دەنێت..

ئەوەبوو، دوژمنانی گەلەکەمان بەچەندەها جار کۆسپیان دەخستەڕێگای گەلەکەمان بەڵام بە هۆی دانایی و تێگەیشتووی و هوشیاری و قارەمانێکی سەرکردەی دانامان و گەلە بەوەفاو ئەمەکدارەکەی توانی بەسەرهەموو ئەوکۆسپانەدا زاڵ بێت و سەرکەوتنی نایاب وەدی بهێنێت. ئەوە بوو ئەمجارە ڕژێمی ئاخوندەکانیان ڕاسپاردوو ئەم شەڕە ناهەمواریان بەرپاکرد.. بەڵام هەروەك بینیمان و ئەوەمان بۆ گەلانی سەرزەمین چەسپاند کە خوێریەکانی قوم و تاران هەرگیز ناتوانن زەفەر بەگەلی عیراق بەرن.. چونکە گەلی عیراق لەسەر هەق دەجەنگێ و خاوەن هەقەو بەرگری لە خاکی پیرۆزی خۆی دەکات.. چونکە گەلی عیراق سەرکردەی داناو قارەمان صدام حسین ڕابەریەتی ئیتر چۆن سەرکەوتن وەدی ناهێنێت..

**بە بۆنەی یادی لەدایك بوونی سەرکردەی قارەمان صدام حسین پیرۆزبایی لە خۆمان دەکەین و داوای تەمەن درێژی بۆ سەرکردە خۆشەویستەکەمان دەکەین.. گشت خۆشەویستیەك بۆ قارەمان صدام حسین ی ئاشتی خوازو ڕابەرو مامۆستاو باوکی گەل..**



# ٧ی نیسان و خەونەکانی گەل

● علی حسین کریم ●

ئەوەی لەبارەی لەدایك بوونی حزبی جەماوەرەوە دەیزانین، حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ئەوەیە لە ٧ی نیسانی ساڵی ١٩٤٧دا هاتەدنیاوە هەرچەندە لە پێش ئەم مێژووەش دا تێکۆشەرانی حزب تێدەکۆشان لەژێر ناوی پارتی بەعسی عەرەبیدا، بەڵام لە ٧ی نیسانی ١٩٤٧دا بەم ناوە هاتە کۆڕی ژیانەوە..

**دیسان هەر لە بارەی ئەم مێژووەوە ئەوە دەزانین گەلێ حزب و رێکخراو هەبووە هەر لەو کاتەدا ئەرکی خۆیان بەجێدەهێناو هەریەکە ناوێکیان هەبووەو هەریەکە خاوەن**

دروشم و ئامانجەکانی خۆی دیاریدەکردو لەبەر تیشکی ئەم ئامانجە دەچوونە نێو جەماوەرو کۆیان دەکردنەوەو لەگەڵ حزبەکەیان دا رێکیان دەخستن.. بەکورتی ئەوەی لێرەدا مەبەستمە روونیبکەمەوە ئەوەیە ئایا کام لەو حزبانە تا ئێستا توانیویانە لەخەبات و ئایا کام لەو حیزبانە تائێستا توانیویانە لەخەبات و تێکۆشان دا بەردەوام بن...؟

ئایا چەند لەو حزبانە توانیویانە ئەم هەمو ساڵانە خۆیان لەسەختی رۆژگارو ژیان بپارێزن و نەریەستی هەموو جۆرە باروزروف و تەنگ وچەڵەمەو سەرماو سوڵەی رۆژگاربکەن..؟

بێگومان زۆربەی هەرەزۆری ئەو حزبانە ئێستا تەنها ناوەکانیان لە فەرهەنگی سیاسیدا ماونەتەوەو ئالێرەدا رەسەنایەتی پارتی سەرکردەمان پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بۆمان دەردەکەوێ. چونکە ئەم پارتە مەزنە توانیویەتی بۆ ئەم ماوە دوورودرێژە تێبکۆشێت و جەماوەرێکی ئێجگار زۆر لەژێر سایەیدا کۆبکاتەوەو بروا بەبیرو باوەرەکەی بهێنن.. نەك تەنها ئەمەش بەڵکو بڕواکانیان گەیشتۆتە رادەیەك کە گیانی خۆیان لەپێناویدا پێشکەش بکەن..

**پارتیبەعسی عەرەبی سۆشیالیست لەم تەمەنە پیرۆزەیداو لەپێناوی وەدیهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانیدا ژمارەیەکی زۆر لە خەبات گێرانی گیانی خۆیان پێشکەش کردو شەهیدکران.. چەند سەختیژیان و باریناهەموار قورس ترو زەحمەت تر دەهات پێش ئەوەندە زیاتر**



ئەندامانی حزب [illegible] و کوڵەدان و تواندیانی [illegible] ورەحمەتیەك رەها نکەن و [illegible] و لەگەڵ بازی ژیان [illegible] بیگونجێنن . .

پارتی سەرکردە بەسەروکایەتی هەڤالی داناو زاناو تیکوشەرو خەبات گێر صدام حسین توانی بەسەر هەموو ئەو کوسپانەدا [illegible] کە دەهاتنە پێش ریگایەوە زاڵ بێت و بەسەر هەموویان دا سەرکە[illegible]ـدی و باکی لە دوژمنان و کوسپەکانیان نەبیت و [illegible] ئامانجە پیروزەکانی گەل لەبەر چاودا بێت .

پیلان و نەخشەکانی دوژمنی گەلەکەمان [illegible] کران و تەنها رووڕەشی بویان مایەوە . . واتە زایونیزم [illegible] دوژمن [illegible] فارسەچەپەڵەکان ، لە وەختی شای گوربەگورەوە بیگرە تا ئەم ساتە کە خومەینیی دەجال و داردەستە چەپەڵەکەی کوماره شلوقەکەی ئیران دەبەنەڕێوە . . چونکە دوژمنانی گەلەکەمان جورەها شێوەو ریگاو پیلانیان بەکارهینا ، بەڵام هیچکامیان سەری نەگرت . . تەنها سەرشوری بویان دەمایەوەو حیزبە شورشگێرەکەمان زیاتر گورزی کوشندە لەگەڵیان دا بەکارهیناو لوتیان پان دەکردەوە . .

ئەوەتا ماوەی حەوت ساڵە هەرروژ بە دەیان و سەدان و لەهەر هێرشێك دا بە هەزاران لە فارسە چەپەڵەکان رەوانەی دوزەخ دەکات . . جەماوەری گەلەکەمان بە کوردو عەرەب و کەمایەتیەکانەوە لە چواردەوری پارتەکەیان دا بە سەروکایەتی هەڤاڵی خوشەویست صدام حسین کوبوونەتەوەو هەموو بە یەك دل و یەك گیان [illegible] هێز لەگەڵ دوژمن دا دەجەنگن و بنیات دەکەن

لەم روژانەش دا [illegible] روژی لەدایك بوونی حزبی سەرکردەمان [illegible] بەعسی عەرەبی سوشیالیست [illegible] پەیمان نوێ دەکەی[illegible] حزب و سەرکردەمان کەوا گیانی خومان و حاڵ و ماڵمان پێشکەش بە حزب بکەین لەپێناوی سەربەرزی و پاراستنی خاکی نیشتمان و ئامانجە پیروزەکانی حزبی سەرکردەمان دا . .

هەزار سڵاو بو پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالیست لەروژی لەدایك بوونیدا . .

هەزار سڵاو بو سەرکردەی قارەمان خوشەویستی گەل صدام حسین . .



# لە دایك بوونی سەرکردە

● شاسوار بەرزنجی ●

لەدایـك بوونـی سەرکـردەی مەزن (صـدام حسین) لەو بارودۆخـەخـدا کە وڵاتـەکـەمـان پێدارەت دەبوو، خۆی لە خۆیدا ئاسۆیەکی نوێ بوو کە عیراقیەکان بەکوردو عەرب و کەمـە نەتـەوەییـەکـانی تر بەم ڕۆژە پیرۆزە سەربڵندبوون .

لێـرەدا باسی ئەو دەورە خەبـاتگێرە گەورەیـە ناکرێت کە سەرکـردەی گەل ـ صدام حسـیـن ـ لە مێـژوودا نوانـدوویـەتی، کە بێگـومـان بریتی یـە لە خەبـاتێکی درێـژخـایـەن لەپێناو ئەوەی عیـراقی نوێ بگاتـە لووتکـەی پێشکەوتن و گەشانەوە. دەوری خەباتگێری بێ هاوتا صدام حسین لەوەدایـە کە عیـراقی خستـە قۆنـاغێکی ترەوەو لە ستـەمکاری ڕزگـاری کردو خستیـە ئەو ڕۆژە پیـرۆزەی کە ئەمـڕۆ بەوپـەڕی سەربـەرزی دەنـاسرێ و مرۆڤ شانازی بە عیراقیەتی خۆی دەکات .

«صدام حسین» سەرکردەیەکی کەم وێنەیە لە مێژووی نوێدا کە هەموو واتایەکی دیاری سەرکردایەتی کردنی پێوە دیارە، لە ڕووی بنیات نانی عیراق، و جەنگ و خۆشەویستی جەمـاوەر کە لە دەوری کۆبـوونـەوە. سەرکـردە، لە هەمـوو لایـەنێك دا شارەزایـە، بەتـایبـەتی لەڕووی جەنگـەوە کە بەبیـری وردی حەوت ساڵـە گەلی عیـراق لە جەنگـدایـەو نەخشـەی سـەرکـەوتن دەکێشێ. . بێگـومان سەرکردەی خۆشـەویست گەلێك نەخشـەی سەربـازیی داناوەو لەگەڵ سەربـازە بەتـوانـاکـان لە جەنـگ دابووە، ئەمەش ورەیەکی تایبـەتی داوە بە جەنگـاوەری عیـراق کە زیـاتر سووربێ لە نەخشـانـدنی سەرکـەوتن لە جەنگی مێژوویمـانـدا دژی



# لەدایک بوونی.. عیراقی نوێ یە

ڕەگەزپەرستە فارسەکان کە توانیمان بە هێزی هەق لێیان بدەین و بەرەکانی کوشتار پڕکەین لەلاشەی جێماویان . . .

پێشەوای بەوەفا صدام حسین هەمیشە لەگەڵ گەلدابووە، بۆیەش گەل هێندە خۆشی ئەوێت و کەم سەرکردە هەیە بەقەد سەرۆکی فەرماندە جێی خۆی لە دڵی جەماوەر بەو شێوە فراوانە کردبێتەوە کە ئەمە مانای ئەوە ئەگەیەنێ کە خەباتگێر صدام حسین هەرتە نیا بۆ کورسی نەژیاوە، بەڵکو زۆر نزیک بووە لە خەم و خۆشی گەلەکەی. . . بۆیە هەوڵی داوە بە هەموو توانایەك شەونخونی بکات لە پێناو خۆشبەختی ی گەلەکەی و ئاسوودەگی عیراق.

سەرکردە بایەخێکی تەواوی داوەتە مەسەلەی کورد ، هەمیشە گەلی کوردی بەسەرکردوتەوەو ئاواتی هێناوەتە دی که سەربەخۆیی و لەژێر خیوەتی عیراقیەتی خۆیدا دەست بکات بە بنیات نانی ژیان و پاشەڕۆژی ڕووناك.

هەروەکو لە وتە بەنرخەکانی دا ئەم ڕاستی یە دەرئەکەوێت کە هەمیشە مافی ڕەوای داوە بەکورد لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی دا کە ڕێگای چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردە.

سەرکردەی خۆشەویست، سەرکردەی پیرو منداڵ و سەرکردەی ئافرەت و پیاوە. سەرکردەی هەموو شەرەفمەندێکی ئەم عیراقەیە کە بیەوێت لە ژێر ڕەشماڵی ئەم عیراقە بژی.

لەم بۆنە پیرۆزەدا، هەموو عیراق بەکوردو عەرەبەوە ئاهەنگ دەگێڕێ، پێشوازی تایبەتی ئەم ڕۆژە ئازیزە مانای خۆشەویستی گەورەی گەلە بەرامبەر بەسەرکردەیەکی ئەوتۆ کە ناوی لە مێژوودا بەڕووناکی ئەدرەو شێتەوە.

# نیسان نیسان نیسان

نیسان نیسان نیسان نیسان نیسان نیسان

## لە بیرەوەری چل ساڵەی دامەزراندنی

# پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب

گەلاوێژ حسن

لە حەوتی نیسانی ساڵی ١٩٤٧ زاینی پارتی بەعس دامەزرا ئەم پارتە پڕ بە تەمەنی خەباتی کردوە تێکۆشاوە زۆر قوربانی داوە لە لەپێناوی ئەم بیروباوەڕە ڕاستەقینەیە.

بۆ خزمەتی میلەتی عەرەب و گەلی عیراقی ئەمر بە تایبەتی هەروەها دەورێکی بەرزو ڕابەری مەزن و دیاری لێ هاتوانەی دیوە لە بەرەو پێشەوە بردنی قۆناغی ژیان بەدی هێنانی ئاواتەکانی نەتەوەی عەرەب.

بەرەو چەرخانێکی مێژووی بووە کە زیاتر لە بەدی هێنانی ئامانجەکانی لە یەکێتی سەربەستی سوشیالیستی نزیك کردووە لە عیراقی مێژوو عیراقی شۆرش کە لە ١٧ ـ ٣٠ تەموزی سالی ١٩٦٨ ئەم حزبە مەزنە شۆرشی بە ڕیا کردوە دوایی بە دەسەلاتی کۆنەپەرستی و ستەم کاری چەوسانەوەی گەل هێنا، ئەو کاروانەی کە ئەم حزبە نەمرە گرتویەتیە بەر ڕابەری دەکات ڕۆژ بە دوای ڕۆژ ئەوە ئەسەلمێنی کە پارتی بەعسی ، پارتی جەماوەرو گەلە ڕابەرێکی لێ هاتوە بۆ گەیاندنی کاروانی گەل بە ئاواتەکانی لە سەربەستی ویەکێتی سوشیالیستی بە درێژایی تەمەنی سەدەها دەسکەوتی بەدی هێناوە بۆ گەلی عیراق و نەتەوەی عەرەب لە ڕووی ناو خۆوە بەرەیەکی پتەوی بنیات ناوە هەموو خێر خوازانی لە یەکێتی نیشتمانی کۆ کردەوە سامانی نیشتمانی گێرایەوە بۆ گەل مافە ڕەواکانی گەلی کوردی بە چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچەی کوردستان بە دی هێناوە ئەم پارتە مێژوویە دەورێکی بالای هەیە لە مێژووی نەتەوەی عەرەب و گەلی عیراق زۆرەها دەسکەوتی بەدی هێنا کە هیچ رژێمێکی تر لە وولاتانی عەرەب نەیانتوانیەوە جێ بەجێ بکەن ڕوو بە ڕوو دژی دوژمنانی گەل ڕابوەستن زۆرەها دەسکەوتی بە دی هێناوە بۆ گەلی عیراق کە چەندەها حکومەتی پێش شۆرش نەیانتوانیوە ئاواتەکانی گەل جێ‌بەجێ بکەن، چارە سەری گیرو گرفتەکانی ناو خۆی لە ڕەگەوە چارێکی بۆ دابینێ ـ ئاسانترین کار نەیانتوانیوە کۆتای بە کوشتاری دوو گەلی برا بێنن. چەنەها کاری مەزنی تر بە دەست هێناوە وەك خۆمالی کردنی نەوت لە یەکی حوزیرانی ١٩٧٢دا بەم کارە مەزنە بەرژەوندی ئیستعماری لە ناودا. کارێکی باشتر یەکێتی نیشتمانی ئەویشی بەو بەرە مەزنە کەپێی ئەلێن بەرەی نیشتمانی هەروەها دانانی یاسای کشت و کالی دابەش کردنی زەوی بە سەر جوتیارەکان لە ناو دانی دەرەبەگ، کۆتای هێنان بە زولم و زۆری دەرەبەگ، نەخوێندەواری لە ناو دا بەخوێندنی تەوزیمی، خوێندنی خۆرای دانا سەدەها پرۆژەی مەزنی لە گشت ناوچەکانی وولات بە جێی هێنا پاشە ڕۆژێکی پرشنگداری بۆ گەلەکەمان دروست کرد ئەم دەسکەوتە مەزنانەو زۆرەهای تر بوونە هۆی ئەوەی دەزگاکانی ئیمپریالیزم زایونیزم هەست بە مەترسی بکەن و بگەنە ئەو باوەڕە کە دەسلاتداریان، هەروەها بەرژەوەندیان لە ناو چوو جا ئەم کارانەوای لە دوژمنی گەلان کرد دژی ئەم شۆرشە مەزنە مێژویە ڕابوەستێ ئەو پیلانە نامرۆڤایەتیە بە کار بێنێ ئەویش بە جەنگی نارەوای خومەینی ناپاك خوێن ڕێژ بۆ خەریك کردنی گەلی عیراق بێ وزە کردنی هەتا نەتوانێ لەوە زیاتر بەرەو پێشەوە بروا ئەمیش ڕێیو شێوازێکە ئیستعمار وزا یونزم بەکاریان هێناو دژی عیراق بەلام بە پێچەوانەوە گەلی عیراق هەر بەردەوامە لە بنیات نان وجێ بەجێ کردنی هەموو پرۆژەکانی ناو ولات لە هەموو لایەنەکانی ژیان دا لە هەمان کاتیشدا سوپای دلێرمان هێزەکانی دوژمن ڕاو ئەنێ لەت لەتیان ئەکات لە ماوەی ئەم حەوت سالە لە پەشیمانی زیاتر هیچیان دەس نەکەوت لێرە شوێنی سەر سوڕمانە ئەم گەلە هەموو ئاواتەکانی ئیستعماری لە ناودا.

جا لەم ڕوژە پیرۆزە ڕۆژی دامەزراندنی پارتی گەل و شۆرش پیرۆز بای لە هەڤالان ئەکەین دامەزرانی ئەم پارتە نەمرە . . هەروەها پیرۆزبای لە سەرۆکی فەرماندە صدام حسین (خوا بیپارێزێت) ئەکەین هەروەها پیرۆزبای لە سوپای دلێریش بێت.

# چەند کارەساتێکی ناسۆری ڕاستەقینە لە ئێرانەوە



دلشاد ایوب سعید

## وێنەی یەکەم

هەندێ لایەنی جیهانی ئەو کاتەی مامەلە لەگەڵ شەڕی عیراقی‌و ئێرانی دەکەن گرەو دەکەن لەسەر پەیوەندی داهاتوویان لەگەڵ ڕژێمی ئێراندا. بەڵام هیچ حیسابێك بۆ دوا ڕۆژی گەلانی ئێرانی ناکەن ئەو گەلانەی کە هیواو ئامانجێکی زۆریان هەیە لە دوا ڕۆژدا کە دوورە لە ڕێبازی ڕژێمی خوێناوی خومەینی ڕەگەز پەرست ئەو ڕژێمەی کە ئێرانی بەرەو رووخان و لەناو چوون بردی‌یە.

جا هەر گرەو کردنێك لەسەر دوا ڕۆژی ئێرانی دەبێ بە هەڵبژاردنی گەلانی ئێرانی بێت. چونکە ئێستاکە زۆر ئاشکرایە کە گەلانی ئێرانی بە تێکرایی ئەم شەڕە ڕەفز دەکەنەوە. چونکە بەرژەوەندیان تیانیەو لەماوەی ئەم شەش ساڵەی شەڕدا زەرەرو زیانێکی زۆریان لێ کەوتووە لە لایەنی مرۆڤ و ئابووری‌یەوە تاوای لێ هاتووە ژیانیان بە تەواوی لێ تێك چووەو کەوتوونەتە ڕۆژێکی ڕەش بەشی زۆری دەسگاکانی ژیانیان لەکار کەوتووەو زۆربەی خەڵکی ئێرانیش وا بە شەقامەکان دەسوڕێنەوەو بێ کارو کاسبین و زۆربەی خێزانەکانی ئێرانی وا لە کارەساتێکی ناسۆری ڕاستەقینەدا دەژی چونکە لە سەریانە ڕۆژ بەرۆژ سووتەمەنی ئەم شەرە درێژ خایەنەبی کە ڕژێمی خومەینی ڕەگەزپەرست سەپاندوویەتی بەسەر عیراقی شۆڕشگێر

بەڵام لە لایەکی تریشەو گەلانی ئێرانی وا کەوتوونەتە کێشەو خەباتێکی خوێناوی لە پێناوی ژیان و سەربەستی‌یان دژی ڕژێمی مەلاو بێ کاران بۆیە گرەو کردن یان پەیوەندی بەستان لەگەڵ ڕژێمی ئێرانی پێویستە لەسەر هەڵبژاردن و خەیاری گەلان نیشتمان پەروەری ئێرانی بێت نەك لەسەر هەڵبژاردن و خەیاری دەسەلاتدارانی ڕەگەزپەرستی خومەینی جادوگەر بێت. وەمامەلەکردنی عیراق مەوزوعی ئێرانی جوانترین دەربرین و ڕایەکی دووربینە. چونکە هەر چەندە عیراق وا بەردەوامە لەم شەڕەدا لەگەڵ ڕژێمی خومەینی ڕەگەزپەرست بەڵام هەردەم بەرژەوەندی گەلانی ئێرانی تیا چاوەروان کراوەو حیسابێکی تایبەتی بۆ دانراوە.

بە بەڵگەی ئەوەی نەخشەی سەربازی‌و سیاسی‌مان زیان بەدوا ڕۆژی گەلانی ئێرانی ناگەیێنێ. وەئەمەش هێزو گەلانی ڕزگاریخوازی ئێرانی باش بۆ ڕوون بۆ تەوەو بە تەواوی کەوتوونەتە نارەزایی دەربرین دژی ڕژێمی خومەینی ڕەگەز پەرست چەکیان هەڵگرتووەو دروشمی ڕوخانی ڕژێمە بوگەنەکەی قومو تارانیان هەڵگرتووە بێگومان گەلانی ئێرانی بە تەواوی بۆیان روون بۆتەوە. کە ڕژێمی خومەینی توخم پەرست بە هیچ کاتێك بەرژەوەندی ئەوانی نەویستووە بەڵکو لەوەتەی هاتوونەتە سەرحوکم هەمیشە هەر خەریکی کوشتن و برینی گەلانی ئێرانی بووینە. بەڵام ئەم ڕژێمە خوێناوی‌یەیان لاوان بوەو بەرەو رووخان دەروات.







وێنەی دووەم.

ئەو تاوانەی کە دەسەڵاتدارانی رژێمی خومەینی رەگەزپەرست ئاراستەی پەیامنێری ئاژانسی دەنگوباسی رۆیتەریان لە تاران کرد کە ناوی (هیوبۆب) بوو پەیوەندی بەوەوە هەبوو کە گوایە نهێنی سەربازی بڵاوکردۆتەوە کە پەیوەندی بەو لێدانە بە هێزەوە بوو کە فرۆکەوانە دلێرەکانی عیراقی لە کۆمەڵگای سلکیو لاسلکی ئێرانیان دا لە شاری ئەسەد ئاباد لە پارێزگای هەمەدان کە ۳۱۰ کیلو مەتر لە خوارووی رۆژ ئاوای تارانەوە لە ئەنجامی ئەم تاوانە بۆب لە تاران دەرکرا. وەئێمە گوێمان لە بۆب بووە لە ماوەی ئەم ۱۱ مانگەی کە لە تاران رایبواردوو ئێمە لێرەو لەوێ بەهۆی جیهازی برقی ئاگاداریمان لێی هەبوو کە ئاژانس بۆ بلاو دەکردینەوە وەنەوەی زانیومانە بۆب هەر ۱۰ پەنجەی خۆی سوتاندبوو بۆ رازی کردنی دەسەڵاتدارانی رژێمی تاران وەبەشی زۆری راستییە تاڵەکانی ناو ئێرانی دەرنەدەخست لە بوارەکانی سیاسیو ئابوریو سەربازیدا.

وەپەیامنێری رۆیتەر لە تاران زیاتر رووداوەکانی دەپاراست لەو ئاژانس رەسمی ئێرانی واتە زۆر (متحفظ) بوو بەڵکو هەندێ جار زۆر لەرستە کەرتی لە لووتەکانی لێ پرسراوانی ئێرانی دەپچڕاند، بەتایبەتی ئەو کاتەی وتەکان پەیوەندی بە کێشەی ناوەخۆی ناو رژێمی ئێرانییەوە بوو. کە لەسەر مەلبەندو کورسییەکانی حوکم هەیەتیان. واتە کێشەی نێوان علی خامنئیو رەفسنجانی بەڵام ئەم هەموو کارە چاکەو خزمەت کردنی بۆب داوی نەداو لێ پرسراوانی رژێمی خومەینی رەگەز پەرست بریاریان دا کە سزای بدەن بە دەرکردن وەماوەی ٤٨ کات ژمێر حوکمەکە جێبەجێ کرا.

وەئەرکەکانی بۆب و ئیشەکانی پاش لێدانی کۆمەلگای ئەسەد ئاباد بەتەواوی کزبوو وەپەکی کەوت چونکە هەموو دەزگاو جیهازی ناردن و وەرگرتنی تەلەفۆنی لەکار کەوت بۆیە بۆ پیش یەکسەر بەرەو ئەسەد ئاباد کەوت رێ بۆ بینین تێک چون و رووخانی کۆمەڵگاکەو پەك کەوتنی جیهازەکان وەجاوی بەچەند کریکارو موچەخۆریکی کۆمەڵگا کەوت بۆیان دووپات کردووە کە رادەی خراپ بوونی کۆمەڵگاکە لە ۱۰۰٪ بۆیە ئەمیش ئەم هەواڵەی گەیاندە شوێنی خۆیو لە هەموو جیهان بڵاوکرایەوە وەئێستاکە بۆبیش چوونە ناو لیستەی ئەو پەیامنێرە بێگانانەی کە لە تاران دەرکراون بە هۆی بڵاو کردنەوەی راستی هەواڵەکانی ناو ئێران. وەچەند پەیامنێری تر

دەچنە تاران دەردەکرێن بەبیانوی ئەوەی گوایە نهێنی سەربازی‌یان بڵاو کردوتەوە.

وە لە پێشەوەی ئەو کارو هەواڵانەی کە ئەوان بە نهێنی دادەنێن ئەوەیە کە کەشتی هەڵگرانی نەوت لە ناوی کەنداوی عەرەبیدا دەخنکێن و دەسوتێن ودەزگا ئابوری‌یەکانی ئێرانی تووش لێدانی فروکەکانی عیراقی بووە. وەیان کەل و پەل و شت و مەکی خواردەمەنی لە تاران و شارەکانی تری ئێرانی دەست ناکەوێت یان رۆژێ بە سەدان نەرم لە بەرەکانی جەنگ بەرەو شارەکانی ئێرانی دەچێتەوە.

وەهەروەها مەسەلەی رەشوەت و بەرتیل بوتە کاروپیشەی مەلا درۆزنەکانی تاران وەهەتا دوایی لەم جۆرە هەواڵانە جا لەسەر وەزارەتی ارشادی ئێرانی پێویستە کارێکی وابکات کە ئەم هەواڵانە نەگاتە گوێی هیچ کەسێک لەم جیهانەدا وەزیاتر فرمانی دەرکردنی پەیامنێرەکانی. بێگانە بدات.

وێنەی سێیەم

پزیشکەکانی پایتەختی ئێرانی مانیان گرتووە هەموویان نەچوونەتە سەر ئیش و کاری خۆیان ئەم رووداوەش پیش دەمێک لەمەوبەر رووی‌دا. وە رژێمی خوێن رێژی تاران دانی بەم مان گرتنە ناوەو ووتویەتی مان گرتنێکی سەرکەوتوو بوو چونکە هەموو پزیشکەمان گرتوەکان رەفزی ئەوە دەکەن کە بچنە بەرەکانی جەنگ. چونکە مان گرتن و خۆ پیشان دان دەسەلاتدارانی رژێمی ئێرانی مەترسیان دەخاتە دڵ چونکە رژێمی تاران زۆر لە مان گرتن و خۆ پیشان دان دەترسێت دەرسی لێ دیووە.. وەهەر ئەم مان گرتن و خۆپیشان دانە بوو کە بووە هۆی رووخانی شای بوگەنی ئێران بۆیە شتێکی زۆر ئاسایی‌و سروشتی‌یە لای مەلا درۆزنەکانی تاران کە پەنا بەرنە درندەیی‌و سەختی‌و بۆ بەر بوونی مان گرتنی پزیشەکان.. بێگومان دوژمنایەتی مەلاکان بۆ پزیشکەکان دەگەرێتەوە بۆ پێش ئەم مان گرتنە وەئەمەش نامەکەی مسعود رەجوی سەروکی ئەنجوومەنی بەرگری نیشتمانی ئێرانی بۆ ئەمینداری کشت نەتەوە یەکگرتوەکان تیایا داوای کردوە هەوڵ بدات بۆ راگرتنی کاری سزادان و ئازاردان و لە سێدارەدانی پزیشکەکانی ئێرانی.. وەدەتوانین بڵێن کاری مان گرتنی پزیشکەکانی تاران سەرەتای ترسناکە بۆ مەلاکانی چونکە لەوانەیە ئەم مان گرتنە کەرتەکانی تری جەماوەری ئێرانی بگرێتەوەو موچەخۆران و ئەندازیاران و پارەیزەرانیش دەست بکەرە بەمان گرتن. داوای نەناردنی‌یان دەکەن بۆ ئەم شەرە کە رژێمی خومەینی توخم پەرست سەپاندوویەتی‌یە سەر عیراقی تێکۆشەرمان.

وەمەترسی ئەو مان گرتنە لای دەسەلاتدارانی رەگەزپەرست رژێمی خومەینی توخم پەرست ئەوەیە کە باش دەزانن پزیشکەکان لە ئازادان مەلاکان ناترسێن بۆیە مانیان گرتووە بێگومان ئەم دیاردەیەش شوێنی ترسە بۆ مەلا بوگەنەکانی تاران. وەدەسەلاتدانی رەگەزپەرستی تاران تەنها دوژمنایەتی چینێک ناکەن لەناو ئێراندا بەڵکو دوژمنی هەموو چینەکانن تەنها ئەوانە نەبێت کە لە دوای رژێمی خوێن رێژەکەیانن ئابەم جۆرە دەتوانین بڵێن رژێمی ئێرانی دوژمنی هەموو گەلانی ئێرانی‌یە تەنها ئەوانە نەبن کە بوونەتە داروەستی رژێمی تاوانبارە کەیان وەئەمانەش ژمارەیان روژ لە دوای رۆژ کەمتر دەبێتەوە چونکە بۆیان ساغ بۆتەوە دەبێتەوە کە رژێمی خومەینی توخم پەرست رژێمێکی چەوت و گومان لێ کراوەو بەرژەوەندی گەلانی ئێرانی ناوێت بەڵکو بۆ داردەستێکی بێگانە بۆ نانەوەی ئاژاوە لەناوچە کەدا وهەموو سامان و سەروەتی ئێرانی داو گەلانی ئێرانی بەرەو دەردە سەری‌و مال وێرانی برد.

بێ گومان مان گرتنی پزیشکەکانی ئێرانی سەرەتایەکە بۆ مان گرتن فراوانترو گەورەتر تەنها هەر رەفزی بەردەوام بوونی شەرەکە ناکەتەوە بەڵکو هەوڵیش دەدەن بۆ رووخان و لەناو بردنی رژێمی قم و تاران ئیتر سەرکەوتن بۆ سەربازی دلێری عیراقە بە سەروکایەتی سەرەکی تێکۆشەر صدام حسین (خوا بیپارێزێت).

# گەلانی ئێران لە ژێر سێبەری ئاخوندەکان دەناڵێنن

• شیرین •

لەبـەر سایـەو سێبـەری ڕژێمی پوچـەڵی خوێن مژی ئێراندا ڕۆژ بەڕۆژ دەردە سەریٚو قوڕ بە سەری بۆ گەلانی ئێـران لە زیـاد بونـایـە . . لەوەتە، ئەم ڕژێمە بوگەنە هاتۆتە سەر حوکم گەلانی ئێران هیچ خێرو خۆشیەکیان نەبینیوە ، لە هەژاریو لێقەوماوی زیاتر نەبینێت. . ئەو گەلە نەگبەتەی کە خوا خوای بوو دەستەو دابەرەیەکی وا بێتە سەرحوکم لە حوکمی شاە ڕزگـاریـان بکـاو گەلانی ئێران بەرەو خۆشی بەریٚ نەیان زانی ملۆزمێکیان بۆ دێت بە کاسەی سەریان

..او ئەخـواتـەوە. . . قوربـە سەریو نەبـوونی و داماوی بە لایـەك لە ناویـردنی خەلکیش لە لایـەکی کە، خەڵکی ئێرانی داماو سەری لێشێواوە نازانێ خزمی دەرو دراوسێی چیان بە سەر هاتوە، بگرە دایك و باوك نازانن چۆن رەفتار بکـەن. . لە لایـەك منـاڵی کوریـەی داماو لە ناو ئەبرێ لە لایەك جارێ قوتابیەو چاوی نەکراوەتەوە بۆ بەرەکانی جەنگ ئەبرێ بە بێ ئەوەی بزانێ چی لەو پێویستەو چۆن رەفتار بکـا، لە لایـەکی کەش دایـك و باوکی دامـاو نازانن بۆ خواردن بگـەڕێن بۆ شێـونێ تا لە پاسـدارەکـانی خومـەینی ڕزگـاریـان بێ یان بگـەڕێن بە دوای منـاڵـەکـانیـان کە پاسدارەکانی خومەینی بە زۆر بۆ بەرەکانی جەنگ پاڵیان پێـوە ناون. . ئا ئەمـەە حاڵی گەلانی ئێـران لە سایـەی خومەینی خوێن مژدا.

لە جیاتی بەختەوەر کردنی گەلانی ئێران و چاك کردنی باروگـوزەرانیـان ئەبینین ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم باروگـوزەرانە بەرەو خراپتـر ئەچێ، دەستـەو دایـەرەی خومـەینی خوێن ڕێـژ هەرخەریکی درۆو دەلەسەن بۆ شاردنەوەی ئەو نوشوستیانەی کە لە بەرەکـانـی جەنـگ بەدەسـتی هێـزە چەکـدارە پاڵەوانەکانمان روبەرویان دێ.

ڕۆڵـەکـانی عێـراق نایـەڵن ئەو کەلـە پوچـانـە سەریان بەرز بکەنەوە، هەموو ڕۆژێ لێدانی توندیان ئاراستە ئەکەن هەتا دێنـەوە سەر ڕێگـای ڕاستیو ڕێـزی دراوسێەتی ئەگرن و بە پێی ئاینی ئیسلام و یاسای قورئان رەفتار ئەکەن.

لێدانەکانی ئەم دواییەی هێزە ئاسمانیە پاڵەوانەکانمان بۆ سەر هێـزو دامـوو دەزگـاکـانی دوژمن ئەوەی دەرخستـوە کە هەڵـۆکـانی ئاسمـان ئازایـانە خوا دەست بە باڵیانەوە بگرێ ئەتوانن بگەنە هەموو شوێنێ لەناو جەرگەی خاکی ئێران و زۆر بە تونـدیو ئازایـانـە لە دوژمن ئەدەن چەند جارێکیش ئەو کەللە پوچانە ئاگادار کراون کە هێزە چەکدارە ئازاکانی عێراق ئەتوانێ لێدانی توندی ئاراستەی هەموو ناوچەیەك لە

ئێران بکا .

ئەوەی بۆ دەستەو دایەرەی خوێن مژی خومەینی ماوەتەوە درۆو دەلەسەیە کەوا ئەزانێ ئەتوانێ گەلانی ئێران و رای گشتی جیهانی پێ هەڵ بخەڵەتێنێ . . . بەلام گەلانی ئێران و هەموو جیهان بە چاکی ئەزانن کە قسەکانی حوکم ـ راکانی ئێران هەمووی درۆو دەلەسەیەو لە راستیەوە دورەو، ئەوە «٧» ساڵە هەر جار لاف و گافی خۆی ئەکاو زورنا لێ ئەدا گوایە ئەمە هێرشی یەکجاریەتی بەلام رۆڵەکانی عێراق هەموو جارێ سنوری عێراقیان بۆ کردون بە گۆرستان و بگرە تاك و تەرایان لێ ئەگەرێتەوە ، خەیاڵیان خاوە گەر بێتو بیر لەوە بکەنەوە کە بستێ لە خاکی عێراق داگیر بکەن . . . رۆڵە بە شەرەفەکانی عێراق هەردەم ئامادەن بۆ بەرگری کردن لە خاکی پیرۆزیان و لە پێناوی ئەم خاکە پیرۆزە خوێنی خۆیان بەخت ئەکەن، سەرکەوتنیش هەر دەم بۆ ئەو گەلانەیە کە لە سەر هەقن و بەرگری لە خاك و شەرەف و کەرامەتی نەتەوەکەیان ئەکەن و بە خوێنی گەشیان ئاوی ئەو خاکە ئەدەن کە خۆیان و باوو باپیرانیان لە سەر گەورەبوون .

بەرگرێ گیراوەکانی ئێران لە بەرەکانی جەنگ نەیان ـ توانیوە هیچ شتێك بکەن، ئەیانەوێ داخ و رق و کینەی خۆیان بە خەڵکی بە سزمان و منال و ژن و پیر برێژن هەربۆ ئەم مەبەستەش ئەو سەرلێشێواوانە جار نەجارێك ساروخێك ئەدا بە سەر شارێکدا ، وەك بڵێی ئەم کارە گەلێ عێراق ئەترسێنێ، بەلام ئەو بێ مێشکانە خەیاڵیان خاوە گەلی عێراقی پاڵەوان لەوە گەورەترە کە ئەم جۆرە رووداوانە کاری تێ بکا، ئەم دەستەو دایەرە پوچەڵە ئەوەش چاك ئەزانێ کە بە رۆڵەمەردەکانی عێراق ناتوانێ لە سەر سنوری ولات ، بستێك بێتە پێشەوە هەروەها لێدانی توندی هەڵۆکانی ئاسمان وای لێیان کردوە کە نەتوانن چاو بکەنەوە . لەم حاڵەتەدا چی بکەن هیچیان بۆ نەمایەوە ویستیان هەر نەبێ شتێك بکەن تا تۆزێ زورنای بۆ لێدەن ئەو چەند ساروخەیان بە کار هێنا کە دۆستەکانیان لە عەرەب زمانەکان و زایۆنی دوژمن داویانە پێیان تا بەکاری بهێنن، خەڵکی بێ تاوان و بێ دەسەلاتی پێ بکوژن بەلام توخوا ئەم کارە رەوایە مرۆڤی بێ دەسەلات منال پیر ئافرەت لە ناو ماڵا بۆردمان بکرێ، ئەگەر ئەوان ئازان و بە خۆیان رائەبینن بۆ خۆیان لە مەیدانی شەڕا تاقی ناکەنەوە لە گەڵ رۆڵە بە جەرگەکانی عێراق ئەوانە خاکی عێراقی خۆشەویست ئەپارێزن، بەلام چی تاقی کردەوە چەندەها جار بەختی خۆیان تاقی کردەوە چیان بە چی کرد . بەلام چی بە رژێمە شەق و شرەکەی خومەینی ئەڵێی کە مانەوەی خۆی بەم شەرەوە بەستوە . زۆر باش ئەزانێ مانەوەی ئەم شەرە ئەبێتە هۆی درێژە پێدانی رژێمە بۆ ـ گەنەکەی .

ئەگینا ئەمە چەند ساڵە چی کردوە تا ئێستاو لەمەو دوا بیکا، بەلام قسە بۆ یەکێك ئەکرێ کە بچێتە مێشکیەوە ئاخر ئەم رژێمە بوگەنە نە گوێ بە دراوسێیەتی ئەدا نە دڵی بە گەلەکەی ئەسوتێ هەروەها کەللەرەقی خۆی پیشان دا بەرامبەر بە رای گشتی جیهان کە هەموو لە سەر ئەوە رێکەوتن کە پێویستە ئەم شەرە بە زووترین کات کۆتایی پێ بهێنرێ و هەردوو ولات راوێژ بکەن بۆ راوێژکردن و چارە سەرکردنی گیروگرفتی نێوان هەردوو لا بە رێگەی ئاشتی خوازانە، عێراق لە بنکەی هێزو تواناوەو هەر لە یەکەم رۆژەوە ئامادەیی خۆی سەلماندبۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکە لە سەر بنەرەتی بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان هەردوو ولات و چارە سەرکردنی ئەم گیروگرفتە بە رێگای ئاشتی خوازانە، بەلام رژێمی بۆگەنی ئێران هەردەم کەللەرەقی خۆی پیشان داوە بەرامبەر ئەم کارەو گوێ نەدانی بە هەموو داخوازیەکانی لیژنەی خێرابەخش موسڵمانان و لیژنەی تایبەتی سەر بە ولاتانی بێ لایەن و دواینیان داخوازی رای گشتی جیهان لە رێگەی نەتەوە یەك گرتوەکانەوە .

محمدی مەلا کریم

# سۆزێ لەسای درەختەکانی حەوشی خانەقای مەحوی یا

گەورەم!

ئەی، لە دەوروبەرێکی سیخناخ لە مامۆستایان و قوتابییانی دەرزی، درۆو، ڕیاو، دووڕوویی‌و، هەزارڕوویی‌و، ساختەچی‌یەتیدا، مامۆستای دڵسۆزی، قوتابی بەدەگمەن دەسگیربووی، دەرزی ڕاستی!

گەورەم!

ئەی، لە چەقی دەریایەکی یەق داوەی، کەوتووە چەپۆکانی، بێ‌کەناری بەناو زوهدو تەقواو دەروێشی‌و، لەڕاستیدا دنیاپەرستی‌و، پارەپەرستی‌و، خۆپەرستی‌و، دەنائەت و، ناکەس کاری‌یا، بۆ خۆ ڕزگارکردن و خەڵك ڕزگارکردن، لەدژی گوژم و، بەپێچەوانەی وەزینی با، کەوتووە باڵەمەلەو پێ‌مەلە!

گەورەم!

ئەی، لە تاریکەشەوی، ئەموستەچاوی، دەرەبەگیی کەڕوو هەڵهێناوو، سەرمایەداریی تازە چەکەرە کردووی تازە دەوڵەمەندانی چاوچنۆك و، ئەوانەی دروشمیان ئەوەبوو «شارستانی قیروسیایەکی لادێیی بەسەو، لەنێوان چەرەدووکەڵی بازرگانی بەتایین کەرانی ناوخۆو، تۆزی سمکۆڵی ئەسپی جەندرمەی لە دەرەوەو لە دوورەوە هاتووی ئیستیدادی درندانەی عوسمانیدا، تروسکەی ڕووناکی!

گەورەم، مەحوی!

وا خەریکە ئەبێ بە دە ساڵ کە بۆ یەکەمجار گەوهەری شەوچرای تێکراو پێکرای شیعرەکانت، بێ‌ئەوەی لە قوری هەڵەو ناتەواوی‌یەوە تلابێ، لە ملوانکەی زێڕی لێکدانەوەو یەکلاکردنەوەو خاوێن کردنەوەو درەوشانەوەدا، بە گەردنی بەرزی گەورەکچی شۆخی ئەدەبی کوردەوە، خراوەتە بەردەمی تەماشاکەرانی پیشانگای جیهانی ئەدەبیاتی پڕ لە خاسیەتی نەتەوەیی‌و کۆمەڵایەتیی خۆماڵی‌و، بە فەلسەفەی ئیسلام و، سۆفیەتیی ڕۆژهەڵات و، بیروباوەڕی بڵندو باڵای سەرجەمی ئینسانەتی موتوربەکراوی، کوردی، لە هەمووکەس، بە خستنە بەرچاوی ئەم جیهانە دەیان مەنزڵ لە کوردی پاشکەوتوو ـ لەپێشترە، موحتاجتر.

گەورەم، مامۆستام!

خۆ پێویستیش ناکا بیخەمەوە بەرچاوی تۆو، یادی ئەم خەڵکە ئەدەبدۆستە کوردە، کە هەندێ لە ڕۆڵە نەزۆکەکانی خۆی لە هەرکەس زیاتر، هەریەکە لەبەر مەبەستێ، بە دەس و داس و، قاچ و پاچ و، دەم و قەڵەم، لە هەوڵ و تەقەلای چەواشە کردنیدان و، بە هەموو چوست و چالاکی‌یەکەوە کەوتوونەتە پەلاتیقە بۆ لەخشتەبردنی ـ پێویست ناکا بیخەمەوە بەرچاوی تۆو یادی ئەم خەڵکە ئەدەبدۆستە کوردە، کەوا شەرەف و شکۆو سەربەرزیی ئەم ئەرکە پیرۆزە، بە باوکی گۆشەنشینی بارەگای گەیلانیی مامۆستاو پێشڕەوو ڕابەری مەحوی ـ م، سپێررابوو. منیش، لە ڕۆژانێکی تووش و سەختی خۆشاردنەوەو، خۆ لە بەرچاو ون کردنا، ئەوەندەم ورە بەبەرەوە مابوو، سەرەڕای ئەرکی‌تری سەرشانم، بیر لەوەیش بکەمەوە کە تا زووەو، ڕووەو دیاری نەبوونی نەکراوەتەوەو، گیانی تەڕم تیا ماوە، بە یارمەتی‌دانی ئەوو، پاشان پیاچوونەوەو دارشتنەوەو پاکنووس کردنەوەی‌و، ڕوونووس کردنەوەیەکی‌تری دیوانی گۆرانی مەزنەوە، کە هەر خۆیشم بووم ساڵەها بوو کۆم ئەکردەوە ـ خۆم خەریك بکەم، تا ئەگەر ئەو ڕۆژانە دوارۆژی ژیانم بوون، توانیبێتم تاجی شکۆی وەبەرهەم هێنانی ئەو دوو شاکارە بنێمە سەر سەری ئەنەویوی دڵسۆزیم بۆ گەل و وڵات و بەشخوراوان و، ناوچاوی بە تێگەیشتنی خۆم ڕوونمیان پێ‌بڕازێنمەوەو ڕوونتر بکەمەوە.

گەورەم، مامۆستام!

من، لەوکاتەوە خۆم بە هوشیار ناسیوەو زانیوە، هەمیشەیش خۆم بە

ڕاستگۆ ناسیوەو زانیوە. لەوکاتەیشەوە کە ڕۆڵەی مەردو شیرپاك و حەڵاڵزادەو بەئەمەکی تۆ، شێخ موحەممەدی بەهەشتی، بە ناردنی دەستنووسی پاکنووس کراوی دیوانەکەت کە بە خۆی و گۆرانی مەزن و کاکەی فەلاح گەڵاڵەیان کردبوو - بۆ باوکم، بیری منی، بە وشاگاهێنان لە شیعری قووڵ و بەکاکڵت، زاخاو داوە - لەوکاتەوە تۆیشم بە ڕاست و ڕاستگۆو بەو کەسە زانیوە کە لە سەرەتای ئەم چەند دێرەوەو، بە یارمەتیی چەند بەیتێکی گوڵچینیکراو لە باخچەی دیوانەکەت، لە سەرەتای دیوانەکەتا وەسپم کردووی. هەر لەبەرئەوەیشە لەو سەرەتا کورتەی دیوانەکەتا، کە لایشم وایە تۆ زۆر زۆر لەوە سەخت ترو دژوارتری کە من و هەموو ئەوانەی تائێستا، پێش من و لەپاش من، لەبارەیانەوە نووسیوی، لەبارەتەوە بنووسین و سەرەتا بۆ دیوانت بنووسین، چونکە، ڕاستت ئەوێ، لێکدانەوەی هەر دیاردەیەك لە دیاردە پێچ و ئاڵۆزەکانی ژیانی بیریی گەلەکەمان و، هەر گەلێك، کەسانێکی ئەوێ بەناخاچوونێکی قووڵی زمان و ئەدەبی نەتەوەو دەوروبەری و بنەمای بیرییان و، کولتوورێکی بەربڵاوی ئەنسیکلۆپیدیاییان بێ و، ڕێنموونێکی بەڕاستی زانستییانەیان بەدەستەوە بێ، بەڵام هەرچۆن بێ چەردەیەك لە هیچ هەر چاترەو، عەرەب واتەنی «ما لا یدرك کله، لایترك کله». وتم هەر لەبەرئەوەیشە لە سەرەتا کورتەکەی دیوانەکەتاو، پشت بەو ڕاستیویستەی هەردوولاو، بەوەیش کە کەس، جا بەهۆی خۆیەوە بێ یا بەهۆی ئەو دەوروبەرەوە کە تیا ئەژی، لە هەڵەو خەوش بێبەش نابێ - هەوڵم دا ئەوەندەی تێت بگەم شوێنت لە مێژووی بیری گەلەکەم - گەلەکەت - و کێشەی سەخت و بەجێ و نەبراوەی ژیانا دەستنیشان بکەم و، دڵنیایش بووم لەوە کە مادەم تۆ پیاوێکی ڕاست و ڕاستیپەرست بوویت، ئەگەر پەنجەی ڕەخنەیشت ڕوو تێبکەم، پێی دلگران نابیو، ئەگەر لە ژیانا بوویتایەو ڕەخنەکەمت پێ ڕاست و بەجێ بووایە دانت پیا ئەناو بەقسەت ئەکردم. خۆ ئەگەر لایشت وابووایە بەهەڵەچووم، وەك مامۆستاو ڕابەرو باوکێکی دڵسۆز، دەستت ئەگرتم و ئەتهێنامەوە سەر ڕێی ڕاست.

جێی خۆیەتی، قوربان، لێرەدا ئەوەیش بڵێم: من کە ئەو چەردە سەرنجەم لەبارەی چەند هەڵوێستێکی شیعریی تۆوە دەربڕی، بەبیرما نەئەهات کەسێ پرکێشی بکا وای مەعنا لێبداتەوە گوایە ئەمەوێ بیروڕای ئەم چەرخەو خۆمی ئەم چەرخەت بەسەردا بسەپێنم، چونکە بێگومان ئەوەندەم تێگەیشتن هەیە پێویستم بەوە نەبێ کەسانێکی لە دنیا بێخەبەر لە مەیدانی دارفرۆشەکانەوە بێن تێم بگەیەنن ئێمە لە دواساڵەکانی سەدەی بیستەما ئەژین و مەحوی لە یەکەمین ساڵەکانی سەدەی بیستەما مردووەو، هەر چەرخێ بیروباوەڕو ئایدیای خۆی هەیەو، وەك بڵێی من نەزانم، پێم بڵێن ڕەوا نییە بە سەنگە و ترازووی ئەمڕۆ مامەڵە لەگەڵ کەسانی دوێنێ بکرێ.. من تەنها ئەوەندەم ویستووە بڵێم و، لام وایە ڕوون و ڕەوانیشم وتووە، کە لە بەراورد بە یەك کردنی تۆو نالیدا، تۆ لە هەندێ ڕووەوەو بە دەستنیشان کردنەوە لە ڕووی نەتەوەیی و خۆ نزیك نەکردنەوە لە ڕۆم و عەجەمی بەرپرسی گەورەی ژیانی تاڵ و سەختی گەلەکەمانەوە، هەرچەند بە ساڵ لەپاش نالی و سالمیش هاتی و لەبەرئەوە ئەبوو لێیان پێش بکەوی، نەك هەر لێیان پێش نەکەوتی، پێشیانا نەگەیشتیتەوەو لەو مەیدانەدا لەگەڵ کاروانی ڕێچکەی کۆن گرتووی سەردەم ڕێت کردو، کورد واتەنی «ئێمەیش چون یاران ئەڵڵاهو ئەکبەر!».

بەڵام لە مەیدانی شیکردنەوەو یەکلاکردنەوەی باری نالەباری کۆمەڵایەتیدا، لە هەموویان لەپێشترو سەردەستەتر بوویت و، بەڵکو ئەوان، لەچاو تۆو بەڵکو لەچاو هەر شاعیرێکی تری ڕێچکەی تۆ گرتووی ئەو خاك و بوومەدا، هەر هیچ نەبوون و جێپەنجەیەکیان دیار نەبوو..

گەورەم! بەرانبەر بەم تەم ومژ نانەوەی کەسانی ڕاست نەگۆو بێئینساف، پێویست ناکا سەرلەنوێ سەرەتای دیوانەکەت لێرەدا دووبارە بکەمەوە.. ئەوەتا هەزاران نوسخەی لە کتێبخانەی ڕۆشنبیران و ئەدەب دۆستان و لە بازاڕی کڕین و فرۆشتنا دانراوەو، هەرکەس ئەرکی ئەوە بخاتە بەر خۆی چاوێکی پیا بگێڕێ ئەزانێ من چیم وتووەو، هەندێکەس چیم بەدەمەوە ئەڵێن و، بەئاسانی ڕاستیی قسەی پێشینانی کوردی، جارێکیتر، بۆ دەرئەکەوێتەوە، کە وتوویانە «درۆ بەری کورتە».

گەورەم، مامۆستام!

هەرچون بێ من تائێستایش چونکە کەس نەهات بتوانێ تێم بگەیەنێ لە شتێکا لەوانەی لە پێشەکیی دیوانەکەتا نووسیومن بەهەڵەچووم، هەر لەسەر بیرەکەی خۆمم و، تا ئەوکاتەیش کەسێکی وا پەیدا ئەبێ، هەروا ماومەتەوەو، گفتیش بە تۆی ڕاست و ڕاستگۆ ئەدەم، هەر ئەوەندەی دەرفەتێکی لەبارم بۆ بڕەخسێ هەوڵێکی دڵسۆزانە بدەم لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکی ژیانی بیریی سلێمانیی ساڵەکانی پاش ڕووخانی بابان و پێش هاتنی ئینگلیزە داگیرکەرەکانا، ئەو تێگەیشتنەی دە ساڵ لەمەوبەرم لەبارەی تۆوە. کە لەو سەرەتایەدا خستوومەتە سەر قاقەز، بەوەی لەم ماوەیەدا هاتووەتە سەری و بەپێزتری کردووە، بەربڵاو بکەم و گەشەی پێبدەم. دڵنیایشم لەوە کە بەوە، هەم گیانی تۆ لە خۆم ڕازیتر ئەکەم و، هەم ئەو مەبەستەیشم دێنمەدی کە سوود پێگەیاندنی ئەمڕۆو دوارۆژی ژیانی کولتووریی گەلەکەمە، لەناو کاروانی مرۆڤایەتیدا، کە هەر لە سەرەتای مێژووەوە ڕێگای دوورو درێژو هەرگیز نەبڕاوەی بەرەو پێشکەوتنی زیاتر چوونی گرتووەتەبەرو، هەرچەند مەنزڵێ ئەبڕێ مەنزڵێکیتری پێشتر پێنەزانراوی لە بەردەما ڕاست ئەبێتەوە.

ئیتر گوێیش بەوانە نادەم کە خۆیان لە داوێنی لووتکەی بەرزی تۆوە حەشارداوە و، هەرچی بکەن و بکۆشن زۆر لەوە بێدەسەلاتترن کە بتوانن بە چنگەکرێیش بووە پیا هەڵزنن و، چەندیش سەر هەڵبڕن تێی بروانن، هەر ئەوەیان بۆ ئەمێنێتەوە ئەگەر کلاویان بەسەرەوە بووایە، بکەوێتە خوارەوە. ئەوانەی کە لەبەر ئامانجی پاشکەوتخوازانەو سەردەم بەسەرچووی، لە خاکی بەپیت و پیزی ولاتەکەمانا هەڵتەچوو و بەرنەگرتووی خۆیان، پاش ساڵەها لە کۆچ و بار گواستنەوە بۆ بەرەیەکیتر و، کەرو لاڵییەکی دوورو درێژی وەك کەرو لاڵی مردووی ناو گۆڕ لە بەرەی جاراتی خۆیانا، تازە بەو دەسمایە چرووك و بێبایەخ وبێپشتەوانەیانەوە، هەروەك نووستووە لە خەو بێداربووەکانی ناو ئەشکەوتەکەی ئەسحابولکەهف کە پارەوپوولی نارەواجیان هێنابووە بازاری ژیانی سەردەم مامەڵەی پێبکەن، بەڵام هیچی ئەهێنا، ئەیانەوێ، لەو حەشارگەیەوە، حیسابی بەرژەوەندە تەسکەکانیان لە شەخسی تاقە کەسێکی بە (مەلاخور بوو) زانراوو دانراوی وەك منا، لەگەڵ بیروباوەڕی هەمیشەی ئیستاو دواڕۆژی پێشکەوتخوازیدا ساغ بکەنەوە...
بەڵام، هەیهوو.. هەیهوو... زۆر کەسیتریش، لە زۆر ولاتا، ئەو ئاواتەیان، بە هەناسە ساردییەوە، لەگەڵ خۆیان بردە ناو گۆڕی تەنگ و تاریك، کە لەمانیش، هەزاران کەرەت، لە هەموو روویەکەوە، بەدەسەلاتتر بوون.

بەڵام ئاخۆ، گەورەم، ئەوانەی ڕێگایان دا کەسانیوایش بێن خۆیان بنوێنن و، لە داوێنی لووتکەی بەرزی تۆدا کوڵە درکی بیری شوفێنیو کۆنەپەرستی لە بەرپێی پەیکەرتا دانێن و، لایان وابوو گوایە بەوە پایەی تۆ بەرزئەکەنەوە، ئەوانە چاکیان لەگەڵ کردیو، ئەرکی باوك و فرزەندییان لەناست بەجێهێنا؟ ئەوانە با خۆیان بێنە حوزوورت و وەڵام بدەنەوە.. من هەر ئەوەندە ئەڵێم کەسێ کۆنەپەرستان خۆیان بکەن بە خاوەنی، ئەگەر دڵنیا نەبین لەوە کە لەڕاستیدا هەر بە زۆری زۆرداری خۆیانی پیا هەڵ ئەسپێرن، ئەگینا فریان بەسەریەوە نییە، کەسانیتر ئەبێ چاوی پیا بگێڕنەوە تا بزانن ئاخۆ لە هەڵسەنگاندنیا بەهەڵە نەچوون... بەڵام ئەوەی سەبارەت بە تۆ، گەورەم، لێی دڵنیاین و مایەی خۆشبەختیمانە، ئەوەتە لەوە دەرچووی. تۆ، هەزار مێش و مەگەزیش لەشیلەی شیعرت بئاڵێ، هەنگوین هەر هەنگوینەو، مێش و مەگەزیش هەر مێش و مەگەز... بەرپرسیەك لەئارادا بێ، تەنها روو لەوانە ئەکا کە ئەبێ هەنگوینەکە لە شوێنێکی خاوێنی دوور لە مێش و مەگەزدا هەڵگرن و نەهێڵن سەری بەرەڵڵابێو، تەنها لەسەر سفرەو خوانی ئەوانەی دانێن شایانینی.
هەروا، خۆیشم لە کەسانێك ناکەم بە خاوەن کە لە چوارچێوەی تەسکی میراتگریو میراتبەریی پاشماوەی کاسەو کەوچکی ناومالا مامەڵە لەگەڵ کەلەپووری نەتەوەو ئەدەبی نەتەوە ئەکەن، کە نەك تەنها هەر موڵکی ئەم و ئەو نییە، لەوانەیەو وەختە بڵێم لە نەتەوەیش بەولاوە موڵکی سەرانسەری مرۆڤایەتییە..
بەڵام ئەوانەی داخێکی شەخسییان لە دڵایەو، مەحوی ئەکەن بە دەسەندوی دەسیان و، ئەیانەوێ بە ناوی داکۆکی کردنەوە لەوو، بە بریندار کردنی من شان و شکۆی لەدەس چووی خۆیان پێکەوە بنێننەوە کە پێکیش ناتریتەوە. ئەوانە شایانی جۆرە مامەڵەیەکیترن و، مادەم مەسەلەکە تەنها لەنێوان من و ئەواناپە، کەسانیوا ئەگەر لەڕاستیدا مافێکیان بەسەرمەوە هەبێو قەرزێکیان لام بێ، ئەبێ بەهەموو ڕەزامەندییەکەوە بیانەمەوە. خۆ ئەگەر هەقی منیش کەوتە لایان، ئەوە هەر بەو پێوداتە بۆم هەیە لێیان بێدەنگ نەبم..

گەورەم، مامۆستام!

با لەئاستی خۆمەوە دەستی تکابشت بۆ هەڵبڕم بۆ داوای خۆش بوون و بووردن لەوانەی ڕەنگە لایان وابووبێ خزمەتێکت ئەکەن و، لایشم وایە کەسانیوا لە کۆڕەکەدا هەن، بەڵام، بەداخەوە - ڕەنگە لە نەزانینیشەوە بووبێ - ئاوازی سافی گەرووی خۆیان خستە تەك سیمفۆنیایەکی ناساز کە لە هەموو ئەم جیهانەدا شتێك نییە بە تووەی بەستیتەوەو بیهێنێتە کۆڕی بەزمی مەیو خەرابات و عەشقی حەلاجانەی خواو ڕاستی، توێ سەردەستەی عاشقانی ئاگرتێبەربووی سەردەمتەوە.

مامۆستام.. پیرم.. پیرەکەی موغانم!

لێم خۆش بە.. لێم ببوورە.. کە پاش هەشتا ساڵ لە قەرارگرتنی هەمیشەییت لە ئارامگای یەکجاریتدا، لە جیهانی بەرزو باڵای نەمریی مێژوویتدا.. گوێم زرنگاندیتەوەو خستمیتە کۆڕی بگرەو بەردەی ژیانی ئاڵۆزیئەمرۆمان و،کێشەیزۆرانبازیی سەختی نێوان بۆدواوە گەڕانەوەو بەرەوڕووی دواڕۆژی روون، پەل هاویشتنمان.. ئەبشێ هەر وابێ.. چونکە تۆ لە چەرخی خۆتا، لە جیهانی تاریك و نووتەکی کوردستانی سەردەمتا، گۆشەیەکی ئەرکەکانی چەرخی نوێت بەدەستەوە بوو... ئەیشمزانیوە بەرتدابێ. لەبەرئەوە، تا دنیا دنیایە، ئەبێ یادت هەر لە ڕیزی ئەو کاروانەدا بەڕێوەبچێ.. ئەمە حوکمی قەدەرە.. حوکمی قەدەری مێژووە. حوکمی مێژوویش هەڵوەشانەوەی بۆ نەبووە و نابێو، هەرچی منیشم، ئەوە، خۆت واتەنێ:

له پاداشی قسەی سەردا هەمە ئاەو هەناسەی گەرم
کەسێ شێتانە بەردم تێگرێ، من بەرقی تێئەگرم

لێکۆڵینەوە

د. شوکریە ڕەسوڵ

# بەیتی وەرزی زستان لە ئەدەبی میللی کوردیدا

ئەدەبی میللی ئەو ئەدەبیەیە کە بە زمانی ئەدوێ نزیک لە جێژو تێگەیشتنی گەلەوەو لە سەرچاوەیەکی ئەدەبیوڕوشنبیریی بەوە هەڵ ئەقوڵێت . شاعیر هەستی دەروونی ڕاستەوخۆ بە ڕەوانی دەرئەبڕێت. ئاشکرایە ئەدەبی میللی دانەرەکەی تاکە کەسێکەو دیارە، زۆر جار ڕوو ئەدات بەرهەمەکە بەهۆی چاپ نەکردنی تێکەڵ بە فۆلکلۆر ئەبێت و ناوی خاوەنەکەی ون ئەبێت.

ئەم بەیتەی خوارەوە سەبارەت بە وەرزی زستانە ، بەرنج و بۆچوونی شاعیری میللییە دەربارەی ساردی ئەو وەرزە. ئەم وەرز لە تەشرینی دووەم کە بەفرانبارە تا کۆتایی ئازار یاخود بانەمەڕ دەست پێ ئەکات . ئاو هەوا بە پێی ناوچەکانی ئەگۆڕێ‌و لەم وەرزەدا بارانێکی زۆر ئەبارێت. شەو درێژ و ڕۆژ کورت ئەبێ . چلەش دەست پێ ئەکات کە ڕێگاو بان لە بەفردا ئەگیرێ‌و پیرە سەرما ، (پرچی پیرەژن) دروست ئەبێ. بۆیە پێشینان وتوویانە:

به زستان جارێك ئەڵێن ساردە

یاخود:

**ئەترسم بمرم بە چلەی زستانێ**
**قەڵ و داڵ بمخوا کەس پێم نەزانێ**

کۆتایی ئەم وەرزە وەك لە حیساب گەری کوردیدا دەکەوتووە لە مانگی مارتدایە کە مژدەی بەهارو نەورۆزو گوڵانە..

## بەیتی زستان(*)

**ئەگەر دەتەوێ دەسار ئاگابی**
**دەبێ لە ئاسمان گەلەك وریابی**
**ئەو دەمەی دەرێن پایز نامێنێ**
**بنۆرە لەکێ خۆر سەر هەردینێ**
**شوێن هەر هاتنی خۆر بەسەر ئاسۆ**
**بکە نیشانەی دیاری دەبۆ خۆ**
**هەر کە شوێن خوێ گۆری بە ئاسۆ**
**بۆ چەپی ئیدی چی دی دوی مەچۆ**
**ئەوڕۆژە ئیکەم ڕۆژی زستانە**
**ڕۆژ دەدرێژی‌و شەو دەکورت دانە**
**(زستانی پێشین)، (هەوەر زستانە**
**(٢٥) ڕۆژی بەری چرانە =(چلە**
**دە دوی وی چرا (چلە) سەر هەردەهێنێ**
**بە سەرماو تەری خوێ دەنوێنێ**
**چرا حەفت بەندە چر (چل) ڕۆژی خشتە**
**هەر بەندی شیری بابی دەپشتە**
**یەکەمیان (بێن) سە کە دەکا بێنێ**
**دە سوسەی زستان کەپو دەخشێنێ**

(بێن) بەندی ئیکە رۆژەکە تەنێ
تارا لۆ برکی زستان دەتەئەنێ
بەندی دوهەمیان (بێن درخە)ی ناوە
سەرەتای تووشی پڕ بەندو باوە.
تاوێ تور دەدا زەبر دەنوێنێ
بێنێ خوی بەباو بارانێ دێنێ
(بێن درخە) دەگەر بێنێ بەدەرخا
دەرێن(*) کە هەرهات بەندی (بین درخە)
تشتەك دەرباری هەر وەکی (ملخ)(*) ـە
(بێن درخە) وەك بێن یەك رۆژە تەنێ
بەران(*) دە دوی ئەو بەندی سێیانە
بە هێنێو هێنە (حەفتی) حەمرانە(*)
بەران(*) جەبەرەی خوی هەر دەنوێنێ
گوتراوە کەوا (مێرەم) دەبینێ
مانگی (بەفران بارا) لێرە کوتایە
(رێ بەندان) دەدوی ئەودا شەیدایە
بەندی چارەمی چلەی (ئوغەن)ـە
ئەمیش بەندەکە کەمەك ئەهوەنە
پیران بە بەندی ئوغەن دەبینێ
مێرەم دەبینێ ئوغەن دەشکێنێ
ئوغەن حەفت رۆژە ئەویش وەك مێرەم
هەمووی دەحەمری(*) ئەمە(*) دەبن کەم
دە دوی (ئوغەن)را پێنج بەندی (پیت)ـە
گوترایە (پیت)ـە بە خودا ریتە
ئەو بەندە بەندی زۆرەی زستانە
پیت و بەفر ریت گوتەی پیرانە
سێ وە زستانە سێیە دە بەهار
ناوەندی چران دەینە رۆژی چار(*)
ئەو بەیانیەی کەوا خۆر هەردێ
دەو جێی گەلاوێژ لێی ئاوا دەبێ
ئەوە ناوەندی چرەی زستانە

ناوەندی بەندی (پیت)ـە بیزانە
پیت دەستەو رازە هەم دەستەو تاوە
چونکە ناوەندی چرەی دە ناوە.
پشتی پیت شەشەم بەندی (پالۆز) ـە
ئەمیش حەفت رۆژەو و گەلە ئالۆزە
دەنیو بەنداندا ئەو بێ وەفایە
بە (براگەورە)یان لۆیە ناو نایە
پشتت مەبەستە بە پالۆزو میر
هۆردك(*) بێبارن هەول(*) مەسو دەشیر
پێشینان گرتیان هەتا دەتانێ
پشتت مەبەستە بە خۆشیانێ
دوا بەند (خدرو ئیلیاس) بەندی حەوتەمە
دە نێو بەنداندا هەو خاتر جەمە
چونکە گوترایە کە هات خدرو لیباس
ئیدی وەبزانە سارێ(*) بوو خەراس
نێوی مانگیشی کە چرە شۆرە
چونکە نامێنێ چ سەرماو سۆرە(*)
بەندی (خدرو لیاس) دە رۆژی خشتە
ئەو جا (زستانی دوای) دە پشتە
(٢٥) رۆژە زستانی دوایی
سا. خوی پەیت دەکا بۆ مار ئاوایی
چونکە پێی حەیە(*) شر خوی بنوێنێ
لۆیە جەبەرەی جەمران(*) دەتوێنێ
ئەو جەبەرانەش (سێ پشکو)ی ناوە
ئەویش جەمرانی (با) و (زەوی) و (ئاو)ـە
ئەو سێ جەمەرەش کە خوی بنوێنن
خەمرانی حەمری ساردی کۆ دێنن
دوا مانگی زستان کە رەشەمێیە
مژدانەی چرۆی (مێش بەری) پێیە
دە روی وی سارێ نوی دەبێتەوە

**رۆژەکی نوێمان لێ هەردێتەوە**
**سەرەتای بەهار دیارە نیشانی**
**دە خۆر هەراتی زوو دا دەیزانی**
**ئەو سۆنە[*] (پیرۆ)ی لێ ئاوا دەبێ**
**ئەو بەیانی‌یە خۆر لەوێ هەردێ**
**ئەو رۆژە رۆژی جەژنی نەورۆزە**
**جەژنەکی کوردو کەونی پیرۆزە**
**بە خێری گێری خودایە هەرسار**
**لە مە هەموو کورد نەورۆزو بەهار**

ئەم بەیتـەی سەرەوە وەك ئەدەبێکی میللی لەسـەر کێشی پەنجـەی دەبڕگەیی‌یە. هەر لە ڕووی ڕووخسارەوە ئەو وشانەی کە خراونەتە ناو ئەستێرەوە[*] گۆڕانییان بە پێی دیالێکتەکان گۆڕاون وەك لە ناوچەی کۆیەو دەشتی هەولێرو تا رادەیەکیش شەقلاوە پیتی (ل) ئەبێ بە (ر) زۆر جاریش لە هەولێـرو دەوروبـەری پیتی (ح) ئەکـەن بە (ع) زۆر جاریش بە پێچـەوانـەوە. نمـوونـەی ووشەکانی ناو بەیتەکە وەك سار: ساڵ، دەرێن: دەلێن. هەردێنی: هەڵ دێنێ هەوەر: هەوەڵ: چرانە: چلانە. چرا: چلە. بەران: بەڵام سۆرە: سۆڵە. هەرات: هەلآت). ووشەی حەمر: عومر حەیبە: عەیبە.

وەرزی زستـان لەم بەیتـەدا لە ڕووی ئاوو هەواو ساردی‌یـەوە حیسـابی باران باریـن و خۆشـی بە هەوا خۆشـی بەهـۆی دوورو نزیکی خۆرو هەورەوە دیاری کراوە، ئەگەر هەور دووربێ ئەوە باران نابارێت و ئەگەر نزیـك بوو ئەوە ئەبـارێت، بەتـایبـەتی ئەگەر هەور ڕەش بوو لەوەرزی زستاندا ئەوە نیشانەی شەستە بارانە. هەروەك چۆن کورد لە (ئەنجامی تاقی‌کردنەوەی ئەم وەرزەدا ووتویەتی:

**هەکە هات عەڤری سور لە بەیانی**
**خوە بدە بن بەیارانی**
**هەکە هات عەڤری ڕەش لە هێڤارانی**
**خوە بدە بەر نەهانیانی**

ئاشکرایە ڕۆژ و شەوی ئەم وەرزە بەتایبەتی لەسەرەتاوە ڕۆژ درێژ و شەو کورت ئەبێ‌و سەرماو سۆڵە دەست پێ ئەکات چلەی زستانیش ئەکەوێتە ناوەڕاستی ئەم وەرزەوە بۆیە پێیان ووتووە!! پێش چلەو ڕاستە چلەو پاش چلە).

وەك لەم بەشـەدا دەرئـەکـەوێ چلە دابـەش بوو بەسـەر حەوت بەنداو[*] هەریەکەیان ناوو زاراوەیەکی تایبەتیان سەر بە وەرزی زستان بۆ نەخشـانـدووین کە بە پێی بەیتی زسـتـان لێکیـان ئەدەینـەوەو زۆر بەشییـان لەنـاو ئەدەبی سەرزاری خولقێنـەری گەلـدا جۆرە چیرۆك و بەسەرهاتێکیان بۆ ڕوون کردوینەتەوە بۆ نموونە یەکەم بەندی بە بەندی (بێن) دەست پێ ئەکات کە ساردی‌و سەرماو سۆڵەی زستان دەست پێ ئەکـات. بەنـدی دووەم بەنـدی (بێن درخـە)یـە کەبـاو بارانێکی زۆر ئەبارێ هەفتەی بەفرانبار بەر (میرەم) دەکەوێ. بەفرێکی زۆر دەبارێ ڕێ‌بەندان دوا بەدوایی دێت بە تایبەتی لە بەندی چوارەم کە ئۆغەنە. کەواتە بە هاتنی میرەم و ئۆغەن زریان و ڕەهێڵەو ساردی زستان دەست پێ ئەکات و پێشینان لەم بارەیەوە ووتوویانە:

## میرەم دەبینێ، ئۆغەن دەشکێنێ

بەڵێ حەوتـەی مێـرەم و ئۆغـەن لە چیـرۆکی فولکلۆری کوردیـدا چیـرۆکێکی سەیـر دەربـارەی ژ ن و مێـردی ئەم دوانـە ئەگێـڕنـەوە وەك ئەگێـڕنـەوە ئەڵێن: مێـرەم ڕۆژێکی خۆش ئەچێت لەسـەر کانی جل بشوات. پاش ماوەیەك بارانێکی زۆر بە سەریا ئەبارێت و زریان و بۆران هەڵ دەکـات ڕێگـای گەڕانـەوەی بۆ ماڵـەوە نابێ. هەر پەنـاو پەسیـوێـك ئەکـات خۆی تیـا بشـارێتـەوە دەستی ناکەوێ کە خۆی لە ساردی‌و باران ڕزگـار بکـات تا ڕەشـە وولآغێـك دەبینێ، ورگی هەڵ دەدرێ‌و دەچێتـە ناویـەوەو لەدوایـدا لە سەرمـا ڕەق ئەبێتـەوە و ئەمـرێ. کاتێ ئۆغەنی مێردی لەو حەوتەیەدا لە کاروان دەگەڕێتەوە کە ئاخرو ئۆخری مانگی ڕێبەندانە بەو هەواڵە ئەزانێت کە میرەم مردووە لە خەما نامێنێ دوابە دوای ئۆغەن بەندی پیت و پاڵۆز دێت کە ناوەندی چلە بە بەندی پیت وەك لەم بەیتەدا دیارە کورد لە ئەنجامی ساردی‌و ئالۆزی ئاوو هەوای ئەم دوو هەفتەیەوە گەلی پەندو ڕستەی کوردیی پر واتای بۆ ووتووین کە ئەڵێ:

**پیت و پاڵۆز، ساڵ بوو ئاڵۆز**
**پیتی پیت کرد، ساڵی فیت کرد**

کورد ئەم هەفتـەیـەی بە هەفتـەیـەکی بێـار دانـاوەو بەم بۆنـەیـەوە ووتوویەتی

### هەتا ئەتوانی پشتت مەبەستە بەخۆشیانی.

دوا بە دوای هەفتەی پیت و پالۆس، هەفتەی خدرو ئەلیاس دێت کە بەفـر وورده ورده لەم وەرزەدا ئەتـوێتـەوە و ساردی نامێنێ و مژدەی هاتنی نەورۆز چاوەروان ئەکرێ . بە هۆی هاتنی خدرو ئەلیاسەوە کە خەڵك لە تەنگـانـەدا رزگـار ئەکـەن ، لێـرەشـدا مرۆڤ و گیان لەبەر لەسەرماو سوڵەو چلەی زستان رزگاریان ئەبێت بۆیە ناویان ناوە خدرو ئەلیاس . کورد لەم بارەیەوە ووتوویەتی:

**خدرو ئەلیاس ساڵیان کرد خەلاس**
**کە هات ئەلیاس ساڵ دەبێ خەلاس**

واتە هەفتەی ئەلیاس (پشکۆی هەوا)یە پشکۆی ئاوو پشکۆی زەوی بەر مانگی (رەشـەمێ) ئەکـەون کە مانگی کۆتـایی سالـەو کۆتـایی زستانیشە بە پێی حیساب گەری کورد کە بۆ ساڵنامەو رۆژ ژمێریان کردووە لەم مانگەدا دەشت و دەر لەبەر شین بوونی گوڵ وگیا، رەنگی رەش هەڵ دەگـەرێ هەر بۆیـە ووتـوویـانە (رەشەمانگ)و هەندێکی تر ئەڵێن رەشـەمێ. کە ئاژەڵ و مەرو ماڵات و سروشت ئەبـووژێتـەوەو بەروو بوومی زەوی‌و ئاژەڵ زۆر ئەبێت لەم رووەوە پێشینان وووتوویانە!

**رەشەمەو ئادار ـ دوونە دەبنە چار**
**ژن دەبێتە چار ـ پیاو دەبێتە قار**

هەروەك لە بەیتی شاعیـری میللی‌دا دیـارە بەکـۆتـایی ئەم وەرزەو کۆتایی رەشەمێ ، رۆژێکی خۆش و نوێ کە سەرەتایی مژدەی بەهارە نیشـانـە ئەداو خۆر لە شوێنێکی تـر سەر هەڵ ئەداو جەژنی نەورۆز مژدەی پیرۆزیی‌و پیرۆزبایی خۆی لە خەڵکی ئەکات.

---

* هەرچی پسـپـورو شارەزایـانی حیسـاب گەری کوردەکـانێ کە مێژ ووو سـالْنـامەی کوردیان نووسیوە، هەفتەکانی ئەم وەرزەیان بەسەر (دە) حەوتواندا دابەش کردووە وەك:

پێدلخە(بەرمنندە). بێرەنـدە (بێلْنـدە). مێرەم، ئۆغەن، پیت، پالۆز، خدر، ئەلیاس، پشکۆی ئاو، پشکۆی‌زەوی.

سەرچاوەکان:


١ ـ د. شوکریـە رەسـوڵ: پەنـدی پێشینـان و قسەی نەستەق بەپێی وەرزو ساڵنامەی کوردی . گۆڤاری کۆری زانیاری کورد. . . .
٢ ـ کەریم شارەزا: ساڵنامەی کوردی: گۆڤاری رۆشنبیری نوێ. ژ. ١٠١. بەغدا ١٩٨٤.
٣ ـ نافع کاکەیی: مێژ ووی ساڵنامەی کوردی. گۆڤاری کاروان ژ. ١٧. هەولێر ١٩٨٤.


---

* ـ ئەم بەیتـەم لە مامۆسـتـا مستـەفـا حەمـە بۆر لە ساڵی ١٩٨٤دا وەرگـرتـووە. ئەویش لە محـەمـەد خدرە شینی وەرگـرتـووە کە تەمـەنی (٥٥) سالـە ، خوینـدەوار بووە، کاروپیشەی باخەوانی بووە. لە شەقلاوە ساڵی ١٩٥٤ ئەم بەیتەی نوسیووە.

* دەرێن = دەڵێن، ملخ ـ ملح = خوێ، بەران = بەلاّم، جەبەرەی = زەبرو زەنك، حەمر = عومر یاخود تەمەن،
* حەمر = عومر (تەمەن)، ئەمە = ئێمە.
* گوترایە = وتراوە، * ریتە = شیاکەی ئاژەڵ.
* چار = چوار.
* هەردێ = هەڵدێ، دەستەورازە = هەوراز، هۆردك = هەردوو.
* هەوك مەسو دەشیر = ملی خۆت لە شیر مەسوێ، * دەتانێ = ئەتوانێ
* سارێ = ساڵی.
* سۆرە: سوڵە
* حەیبە = عەیبە
* جەمر = پشکۆ
* سۆتە = شوێنە

## ت ـ س ـ ئیلیوت

ئامادە کردن و وەرگێڕانی : (محمود زامدار) پێداچوونەوەی: دلْشاد عبدالله

# درای س


الیوت

### ئەم چوارینە

لە سالْــی (١٩٣٧ ـ ١٩٤٤) پرۆژەی ئەم قەســیــدە گەورەیە کۆتـایی پێـهـات. . دوای چامـەی (وێـرانەخاك) ناوبـانگێکی گەورەتـری بۆ ئیلیـوت پەیداکرد، لە ئەنجامی ئەو فۆرم و شێـوازە دەگمـەنـەی کە شێـوازەشیعری پێشووی ئینگلیزی بەخۆیەوە نەیدیبوو.

(درای سەلڤیگز)ش تاکێکە لەو چوارینانەی ئەو چامەیە کەنـازنـاوی (بێـرنت نۆرتن ـ Burnt Norton) و (ئیست کوکـر ـ East Coker) و (لیتل گیدینگ ـ Little - gidding) ی لەتەك خۆیا هەلْگرتووەو هەر هەموویان ـ بەگشتی ـ یەك تەشق و یەك کەشوهـەوایـان هەیـەو هەریـەکێکیش لەم چوارینـانە ناوی شوێنێکـەو لە هەر چ ئاست و کەوشـەنێکـا بێت، بەنـدە بە ئەزموونی کەسایەتیو بە بیرەوەریی ساوایەتی ئیلیوت خۆیەوە. .

سروشەی ئەم قەسیدە چواربەشەش ئەو شوێن و هاوینە هەوارەیە، کە خۆیو خێزانەکەی بۆ پشووی هاوین ڕوویان تێکــردووە. . هەر دەوروبــەری ئەو کەنـارو بوارو جێگـاو دیمـەنـە دلْگیـرانـەش کە بوونەتە مایەی بنج داکوتانی لەنێو خەون و خەیـالْـی هەتــەربــووی ئیلیــوت دا. . هەر ئەو باگـراونـدەش بەتـەواوی کاری کردۆتـە سەر زمـانـەشیعـری شاعیــر. . لە هەریــەکێ لەو چوارینـانـەشـدا توخمێ لەم توخمانە (خاك ـ با ـ ئاگر ـ ئاو) تەشەنە ئەکات و بەسەر وێنەکاندا ـ وەك وێکچوونێك و بەس ـ زالْ دەبێت. .

لە تەشقی سیمفـۆنیـایی چوارینـەی (درای سەلڤیگز) دا کەکراوە بەپێنج بەش ، ڕەگـەزو توخمی (ئاو) زالْ وباوە. هەر ئەم چوارینـــەش قۆنـاغێکی دیـاریکـراوی پێگـەیشتنی بیـروبـاری سەرنـج و گۆشـەبۆچوونی وردی شاعیرە، لەپالْ کارێـکی بەردەوام و گەڕانی بێ هــەدادانی شاعیــر بەدوای

(خـــود)دا . . گەشتێکی ورد لە سۆفیـزم و لە تێڕامـانێکی تێکڕای بەهاو بنەمای فەلسەفەی کۆن و نوێ . هەر ئەو ڕاو بۆچوونانەش بەندئەکا بە دژایەتیەکی (ژیانی نێوان زەمان و دەرەوەی زەمـان) و شۆڕبـوونـە نێـو پیلی زەمـان و لەویشەوە گەیشتن بە جاویدانیو نەمری، لەڕێی بوونی نازەمانی نێو زەمان و ژورووی زەمانەوە. واتە: درێژبوونی زەمان لەنێو



جوولآنەوەدا، بە واتایەکی تریش: گەڕاندنەوەی ئەو زەمانە لەڕێـی (هــۆش)ەوە. ئەمـیش لەڕێی دورستکــردنی جۆرە پارادۆکسیەك ـ مفارقەیەك ـ لە نێوان زەریاو روباردا، لەنێوان ئەو دوو هێـزەی ، کە لە گشت شتێ پتر هەست وهـۆشی گیلیـوتی بەرەو ئیقـاعێکی گەورە ئاراستــەکـردوە، هەر ئەو هاوتـەریبی‌یـە دەنگییـەی نێوان زەریاو روبار، مەسەلەی ئەو زەمـانَ و جوولآنـەوەیـە بەهێزتر ئەکات، ئەو خامۆشیەش کە لەژێـر شەپـۆلـەکـانی زەریادا، لەپاڵ زەنگە زەنگدارەکان ، دەسنیشـانی (زەمـانێ ئەکـەن کە زەمـانی ئێمـە نی‌یە) و بە مەیش مەســەلـەی نازەمــانــی هاوتــەریــبی زەمـــان دوویـات ئەکـاتــەوە. جگــە لەمـــەش مەســەلــەی (بـەرجـەستـەبوون) تەوەرەی ئەم چوارینەیەو دوور لە گشت فیشالێکی رۆمانتییکیانە ، بەرجەستەبوونی خواوەندایەتی لە جەستـەداو بەرزبـوونی مرۆڤ بۆ ئاستی خواوەنـد، لە ڕێی ئەو هێــزو توانــا خواوەنـدیـەی کە لە نێـو ئەو جەستـەیـەدا مۆڵـی خــواردوەو ئەدرەوشـێـتــەوەو لە جێ پێـی زەوی بەرزی‌ئـەکـاتــەوەو بەرەو ئاسمــانی پاکیو نەلــەوتــان و پیس نەبوون ئەیخاتە پەرەوازە.

وەك بڵێی ، کاتێ پەنجە بۆ راماکریشنای فەیلەسووفی خاوەن پانتیستی هیندی درێژئەکات، ، ئەو پەندە کۆنەو ئەو باڵنـدە خەرافیـەی کە بەنـاو (هـومـا)یە ئەخاتەوە یاد، کە لە قوولآیی‌یە بەرزەکانی ئاسمانا ئەژیو قیز لە ژیانی سەرخاك ئەکـات، کە زاووزێش ئەکـات هێلکـەکانی لەنێو بۆشایی ئاسمـانـا پەرش و بلآوە ئەکـات، هێـدی هێدی هێلکەکان بەرەو زەوی دائـەبــەزن، کەچی بەرلــەوەی بگـەنـە زەوی ئەجـوقێن و ئەکـەونـە باڵەشنەو لەشەققەی باڵ ئەدەن و بەرەو کاکـەشـان ئەکـەونـەڕێ. . ئەئاوایش مرۆڤی پاك و مەزن! کەواتـە : هیـچ چارەیـەك نی‌یـە، تەنیـا بەپاکیو بەنیهادی گەش و بە نیــازی بەرزەوە، مرۆڤ ئەگــاتــە ئامــانجی هەرەبـەرزی خۆی لە ژیـان و بوونی‌دا . . ! وەك دیـاریشـە ئیلیـوتی شاعیـر ڕەنگی جۆرە ئیقـاعێکی دەگمـەن درێژیو بەمـەیش و بەم جۆرە ئیقـاعـە نێـروتەسەلەش . ئەم شاعیرە ڕەخنـەگـرە گەورەیـە، هەوڵی خولقـانـدنی چەندین فۆرمی تازەونوێ ئەدات نەك لەڕێی زنجیرەلۆژیکێك ، بەڵکو خۆی لەنێـو چەنـدین وێنـەو یادو تابلۆو نیگـارو دیمـەن و تێـڕامانا پیشان ئەدات و لە پاڵیشیا ڕەنگی دڵنەوازیو خۆشەویستیو بیـرکـردنـەوەی مرۆڤ ئەبڕێژیو پەنجەنومای ئەو بارە ئەکات کە لە دژی خواستی ئەو مرۆڤــە ئەکـرێت و لاپـەڕەیـەکی گەش و پرشنگدار بۆ دوارۆژی مرۆڤ تۆمار ئەکات و چەشنە (بینـایی)یـەك لەبـارەی بەختـەوەری‌یـەوە، ڕەپێش ئەکات، بەتایبەتی لەنێوان ڕستە نێگەتیف و شاردراوەکاندا.

مایــەوە سەرئــەوە بڵێم کە: ئەم تاکــە چوا رینــەیــەم بەعەرەبی ـ دەسکەوت و بە ژانێکی قووڵ و بە ئەزموونێکی بێ‌ئامانەوە کردمە کوردی . . لاشم وایە خوێندنەوەی ئەم چوارینـە، لەپـاڵ گشت شاکـارەکـانی تری ئیلیـوت ، وەك

چۆن ئیلیوتناسێکی ڕەخنەگر وتویەتی:
(پێویستی بە خوێندنەوەو تێرامانێکی وردی کیمیایی و شیکارانە هەیە...!)*

★ ★ ★

- ١ -

من شتێکی ئەوتۆ لەخواوەندەکان نازانم،
بەڵام روبار بە خواوەندێکی،
بەهێزو هەرەنگ و ئەسمەر،
ڕووگرژو بێپەرواو سەرازاد ئەزانم:
ئارامگرێکە تارادەیێ: لەبەراییەوە وەك سنورێ
دانی پیادەنرێ،
پڕوسوودەو متمانەی پێناکرێ،
وەك گوێزەرەوەی باروبنەو کوتاڵ
ئینجا وەك گرفتێك و بەس بەرەنگاری
پڕۆکێشەکان ئەبێت.
کە چارەسازی گرفتەکەش ئەکرێ، دانیشتوانی شارەکان
خەریکن ئەو خواوەندە ئەسمەرە فەرامۆش بکەن -
بەڵام هەمیشە بەرگەگرە،
وەرزو شۆرشەکانی خۆی ئەپارێزێ،
خاپوورکەرو یاداوەریشە،
ئەو شتە ئەخاتەوە یادی خەڵك
کە: حەزئەکەن هەڵیبوێرن
ئامێرپەرستەکان، ڕێزی ناگرن و خۆشیان ناوێ
کەچی ئەو، لە چاوەچاودایەو لە مەڵاس.
ژاوەو ئاوازی لەنێو ژووری فەراژییەکاندا بوو
لە چرە جەنگەڵی (درەختەئاسمان) و لە جەنگەی نیسان دا
لە بۆن وبەرامەی ترێی سەرخوانەکان، لە پایزدا
لە بازنەی ئێواراتی زستان ولە بەر رۆشنایی گازدا.
روبار لە ناخماندایە، زەریا هەر چوار دەوری تەنیووین
زەریا لێواری بڕووشکانیشە
ئەو بەردەسماتەیەی کە لەنێویدا نغرۆ دەبێ
ئەو لێوارانەی هەڵیدەهێنجێ و هێمای،
بۆ بوونێکی ترو کۆنتری، بۆ توور دەدات:
خاچەزەریا، شاقرژانگ و پشتمازەی نەهەنگ؛
ئەو ئەستێرەکانەی کەڤوزەی تەرچك و شلێرەی زەریا
لەنێویدا نمایشی حەزو رازمان دەکەن،
بەتۆرێکی زیواڵ زیواڵەوە، زیانمان دەردەدات.
فاقەشلۆقەی قرژانگەزەریا، سەوڵی شکاوو
ئامێری مردووزانی بیانی
زەریا چەشنەها دەنگی هەیە،
چەندین خواوەندو چەندین دەنگ
خوێ لەسەر گوڵەنەسرین
تەمومژلەدرەختی هەڤریسك دایە.
وەرینی زەریاو لوورەی زەریا، دوو دەنگی جیان
گەڵێجار بەیەکەوە دەبیسترێن:
زریکەوزاری گوریسی پەردەبا،
گەرانەوەی ئەو شەپۆلەی کە لەسەر ئاوو دەسگەمەی ئاودا
پەراش پەراش دەبێ.
ئەو هارژنە دوورەی نێوان کاکیلەی گابەردەکان،
ئەو دەنگە بێوولەتەی،
کە لە سەرە نزیکەی وشکانییەوە دێت
سەرجەمییان دەنگی زەریان،
شاوری بەلاکەلاکی بەرەو ڕووی وشکانی و تێتڵەکناچەش:

لەژێر زەبروێشی تەمومژی خامۆشا
زەنگی زرینگەدار
زەمانێ ئەپێوێ کە: زەمانی ئێمە نی‌یە،
گەردوتۆزی ناخی سستی زەریاش، دەیزرینگێنێ
گاڤێ کە لە گاڤی سەعاتە قورمیشکراوەکان کۆنترە،

لەو رۆژگارانەش کۆنترە، کە:
ئافرەتە پەرۆش و نیگەرانەکان، حسێبی بۆ ئەگرن،
ئەو ئافرەتانەی کە پێلوویان لێك نەناوە،
نەخشە بۆ پاشەڕۆژ دەکێشن
کۆشش دەکەن، شیی بکەنەوە، دووبارەی بکەنەوە،
دەیترازێنن،
رابردوو داهاتووش بگەیەنە یەك،
لەنێوان نیوەشەوو جەنگەی بەیانا
کاتێ کەرابردوو، سەرپاکی دەبێ بەچاپلووسیو فێڵ
پاشەڕۆژیش پاشەرۆژی بۆ نیيە،
بەر لەگەردوگوڵی بەیان
ساتێ کە: زەمان دەوەستێو هەرگیز کۆتایی نایێ،
گەردوتۆزی ناخیش،
ئافەریدەی ئێستاو ئەوەی سەرەتاش
زەنگەکە،
دەزرینگێ.

- ٢ -

کوانێ کۆتایی ناڵەو فەریادی خامۆش،
هەڵوەرینی بێدەنگ وکپی گوڵەکانی خەزان،
ئەو گوڵانەی کاسەوکیفیان دەژاکێو
بێدەنگ دەمێننەوە.
کوانێ کۆتایی وێرانەی ئاوبردوو.
نوێژی ئیسك وپروسکی سەرکەنار،
ئەو نوێژەی، کە لەساتی جاردانی هەنگامەی شوومدا،
ناکرێ؟
بێکۆتایییە، نابەڵکو پتر بەگوڕمەوە: پەیدەرپەی دێ:
یەك لەسەریەکی رۆژان و ساتەکانیتر،
کەچی سۆز، بۆ خۆی،
ساڵە پووچ و ڤاڵەکانی بێ سۆزوگوداز
هەڵدەبژێرێ،
ساڵانی ژینی نێوان پاشەڕۆکی سەرخوانەکان
کە بڕوای بەو پشتەستوریيە نیيەو -
شیاوترە فەرامۆش بکرێ.
لەوێدا دواجار زێتر، هەوابەرزیی بێهێزو شەکەت
یاقێزکردن لە بێدەسەڵاتی هێزەکان،
ئەمەکداری بۆ کەس نا، وەك بێئەمەکی وایە.
لەنێو قایغێکی خشاودا،
کە گرێگرێ ئاوی تێدەزایێ
گوێ شلکردنێکی خامۆش، بۆ نوقمەساربوونی یەك جارەکی
زەنگی دواجاردانەکە.
کوا کۆتایی ماسیگرە سەرهەڵگرتووەکانی نێو کلکەی با، ئەو شوێنەی کە تەمومژی تێدا ستاردەگرێو لەمەڵاس دایە؟ ئێمە ناتوانین بیر لەزەمانێ بکەینەوە کە دەوروبەری نەبێ،
دەوروبەرێکیش پاشماوەی بەسەر نەوەربێ،
یا پاشەڕۆژێ کەوەك رابردوو،
بێ مەبەست نەبێ.
ئەبێ بیریان لێبکەینەوە، کە هەمیشە ئاولادەدەن و
تور فڕێدەدەن و رایدەکێشنەوە،
کەچی باکووری رۆژهەلات، لەسەر
ئەو تەنکەئاوەی کە نەدەگەورێو نەدادەخورێ،
تەوەرە ئەبەستێو گرژومۆن،
یا کەمووچەیان وەرئەگرن،
لەبەندەرەکان پەردەباکانیان وشك ئەکەنەوە؛
یا ئەوان گەشتێکی بێسوود ئەکەن
لە پاوپێناوی ڕاکێشانێ کە شایانی سەرنج نەبێ
هیچ کۆتاییەك بۆ ئەو هاوارە بێدەنگە نیيە،
هیچ کۆتاییەك بۆ هەڵوەرینی گوڵی ژاکاو نیيە،
بۆ چووزانەوەی ئازارێك، کە نە ئێشی هەیەو نەجمین

بۆ وشکەڵانی زەریاو بۆ ویرانەی ئاوبردوو
نوێژی ئیسك وپروسك بۆ مەرگیش، خواوەندی خۆی هەیە.
تەنیا ئەو نوێژە بەئەرکەیە، گەر ئەو نوێژەش بکرێ
نوێژی مزگێنیی بێهاوتا.
کە مرۆڤ ئەچێتە نێو تەمەنەوە،
رابردوو شێوەیەکیتر وەرئەگرێ، وەك

زنجیرەیەك یاوەك پەرەسەندنێکیش نامێنێتەوە:
ئەو پەرەسەندنە دردۆنگییەکە تارادەیێ:
بیرورا رووکەشەکانی - نەشونماو بەرزبوونەوە - هان دەدا،
لەنێو ئاوەزی خەڵکی ڕەشۆکیش دا، ئەبێ بەدەساوێژێك
بۆ بیروراکانی رابردوو.
ساتەکانی ئاسوودەگی - نەك هەست بەدڵنەوازی کردن،
بەگەیشتن بەئاوات و بەتێربوون،
بەئاسایش و ئەڤین
تا بەڕژەمێکی نایابیش ئەگا، نا بەڵکو
درەوشانەوەیەکی ناگەهان -
لەئەزموون گەیشتین، کەچی گوزارەمان لەدەس دەرچوو
نزیك بوونەوەش لە گوزارە،
بەجۆرێکی جوێ، دووپاتی ئەزموون ئەکاتەوە
لەسەرووی گشت گوزارەیەك کە:
بلوێ بیخەینە پاڵ بەختەوەرییەوە.
لەپێشدا گوتم:
ئەو کۆنە ئەزموونانە. لەرێی ماناکانیانەوە دینەوە نێو ژیان
تەنیا ئەزموونی تاکەژیانێ نییە، بەڵکو چەندین وەچە -
- ئەو شتەش باهەڵنەبوێرین، کە:
وەسفێکی یەجگار لەئەندازەبەدەری هەیە:
پاشەنیگا، لەپشت دڵنیابوونی مێژووی تۆمار کراودایە،
پاشەئاوڕدانەوەی دواوەش،
بەرەو مەرگەساتی سەرەتایی

ئێستا بۆمان درەوشایەوە کە: ساتەکانی ئازار
(جا لەبەدتێگەیشتنەوە هاتبێ، یانا
گەر نزاو ئاواتمان
بردە بەر شتی هەڵەو یا لە شتی هەڵەش ترساین، شوێنی
باس لێکردنی نییە) هەمیشەییە
هەمیشەییەکەی وەك هەمیشەیی زەمانە.
ئەمەیان لەئازاری خەڵکیترا دەقەبڵێنین، ئەوەی خەریك بوو
بەدەستیەوە بتلێنێتەوە،
ئەوەی کە بەئێمەوە بەندە، پتر لەوەی لە نێو ئازاری ئێمەدابێ.
رابردووی ئێمە، تەوژمەکار دائەپۆشێ
کەچی ئازارو شکەنجەی خەڵکیتر،
هەروەك ئەزموونێ ئەمێنێتەوە
کە لەپاشا هیچ بازگەشتبوونەوەیەك لەمپەری نەبێ و
نەیژاکێنێ خەڵك دەگۆڕێن، بزە ئەیانگرێ، کەچی
ئازار هەر ئەمێنێ و بەردەوام.
ئەو زەمانەی کە شت پەرش و پەراش دەکا،
ئەو زەمانەیە کە شت دەپارێزێ،
وەك روبارێ کە: بارگەوبنەی
لەزەنگییە مردووەکان،
لەمانگاو لەقەفەزی مریشکە،
سێوەتاڵ و گازێ لەو سێوەتاڵە.
گابەردە سەختەکەی نێو ئاوە ورووژاوەکە
شەپۆل دائەگرێ و تەمومژ ئەیشارێتەوە،
لەرۆژانی دڵنەوایی و حەوانەوەدا، تەنیا کوتەڵێکەو بەس،
لەتەشقی بەبرشتیشدا،
نیشانەیەکی بەردەوامی نێو زەریایە، بۆ پاپۆڕەکان
تا لەبەریا بکەونە رێ:
کەچی لەوەرزی رەنگە پەڕیوودا
یا لەورۆژانی ناگەها١٠. هەر ئەو گابەردەیە

که بەردەوام ، هەبووە.

- ٣ -

هەندێ جار پرسیار ئەکەم،
گەر تێکڕای مەبەستی کریشنا -
ئەمە مەبەستی بووبێ
یا شێوازێکی تربێ
بۆ درکاندنی هەمان شت:
پاشەڕۆژ سروودێکە ڕەنگ پەڕیوو،
شا گوڵەباخێکە
یا بەرزەلنگ
بە داخێکی تاسەدارەوە،
بۆ ئەوانەی هێشتا نەهاتوون، حەسرەتییان بۆ ئەکێشین،
کە لە نێـو پەڕەزەردەکـانی کتێـبێکی دەق نەشکـاودا، ئاخنراون،
ڕێگای بەرەو هەوراز ڕێگەی نشێوە.
ڕێگای پێشکەوتن ڕێگە پاشەکشەیی‌یە.
لێـرەدا شتێ هەیـە، ناوێـری بەردەوام بەرەنگـاری بێت،
بەڵام بەوەکات:
زەمانە چارەسەر نی‌یەو، نەخۆشەکەش ڕۆیی.
ساتێ کە شەمەندەفەرەکە ئەکەوێتە جوولەو خەڵکەکەی خەریکی:
مێوەژات و ڕۆژنامەو نووسراوی ڕەسمی ئەبن
(خوا حافیزلێکەرانیش شوێنەکەیان جێهێشت)
خەم لەروخساریان ئەرەوێتەوەو ئەگەشێنەوە،
لەسەر ئەو ڕیتومە خەواڵووەی،
کە: سەد سەعات درێژە ئەکێشێ.
بەرەو پێشەوە، ئەی گەشتوەرەکان!
نەك خەسێوراوانی دەست ڕابردوو
بەرەو چەندین ژیانی هەمە چەشنە،
یا بۆ بەرەو هەر جۆرە پاشەڕۆژێك ؛

ئێوە ئەو کەسانە نین، کە ئەو وێستگەیەیان جێهێشت
یا ئەوانەی ئەرەستە ئێستگەیەکی کۆتایی،
کەچی لەدواتانەوە، ئەو ئاسنڕەوەی کە تەنگەبەر ئەبێتەوە،
لە یەکتر نزیك ئەبنەوە؛
لەسەرپشتی پاپۆڕە هاژەدارەکەدا
لەساتێکا کە:
لەهاتەهاتی هێڵی ئاوی داکشاوی، دوواتان دان،
ئەکەن بیربکەنەوە «ڕابردوو گوزەشت»
یا «دواڕۆژ لەبەر دەممانە».
ساتێ کەتاریکی دادێ، لەتەنافی پاپۆڕو لەتەلی بادا،
دەنگێ هەڵدەستێ ، بەڵام:
ڕێککەوتی زەمانەی بەژاوەژاو،
بۆ گوێچکە نی‌یەو، بەهیچ زمانێکیش نی‌یە»
«بۆ پێشەوە، ئەی ئەوانەی وا ئەزانن کە:

زەریا گەشت ئەکەن،
ئێوە ئەوانە نین کەبەندەرییان بینی‌و ، کشانەوە
یا ئەوانەی کە ئەگەنە سەر وشکانی.
لێرە لەنێوان لێواری ڕوباری نزیك و دووردا،
دوور لەزەمان ، وەك یەك بیر لەپاشەڕۆژ ولەرابردوو
بکەنەوە،
لەو ساتە کەساتی کار یا دامرکان نی‌یە،

ئەتوانن هەرچی ئەبێ ئەمەتان لەبەر دیدە بێ:
لەسەر پلەی بوون دا
ئەو ساتەی کە ژیری مرۆڤ لەساتەمەرگا بێدار ئەبێ
- ئا ئەمە تاقەکارێکە -
«ساتی مەرگیش هەموو ساتێکە»
کە لە ژینی خەڵکی‌ترا بەر ئەگرێت:
بیریش لە بەروبوومی کار مەکەنەوە.
بۆ پێشەوە :

ئەی گەشتوەرانی زەریا، ئەی زەریاوانەکان،
ئەی ئەوانەی ئەگەنە کەناری دڵنەوایی،
ئەی ئەوانەی :

کە جەستەتان ژان وژووری دادگای
زەریاو فەرمانەکەی، ئەگرێ
یا هەر رووداوو مەرگەساتێ، ئەمە مەبەستی راستەقانییە».

بەم پەنـدانـە ـ کریشنـا ـ ئارگـوّنای لەجەرگی کوشتاردا هان ئەدا،
نەماڵئاوایی: بەڵکو
بۆ پێشەوە ئەی گەشتوەرانی زەریا...»

- ٤ -

ئەی ئەو خانمەی کە : گڵکۆی لە لووتی کێودا رەق راوەستاوە
بۆ هەمو ئەوانەی کە لە نێو پاپۆرەکان دا، نوێژ بکە
بۆ ئەوانەی کە کارەکانیان پێوەندییان بەماسیەوە هەیە
بۆ ئەوانەی کە خەریکی گشت جۆرە بازرگانییەکی رەوان
بۆ ئەوانەی کە چاودێرییان ئەکەن.
نوێژەکەت دووبارە بکەرەوە لەپێناوی:
ئەو ئافرەتانەی روڵە و مێردەکانیان بینیو،
چوون و ناگەرێنەوە:
«ئەی کچی روڵەی خۆت»،
ئەی شاژنی ئاسمان.
نوێژێکی تر،
بۆ ئەوانەی کە لە نێو پاپۆرەکاندا بوون و
گەشتی خۆیان لەسەر لمی لێواری زەریادا ، کۆتایی پێ‌هێنا
یا لە نێو ئەو ئەوکە نووتەکەی کە نایانتفینێتەوە
یا هەر ئاقارێ، ناتوانن گوێبیستی ئەو رەریایە بن
کە دەنگی موژدەیەکی بەردەوامی پێیە.

- ٥ -

پەیڤین لەتەك ئەستێرەی بارام و سکالاّورازی گیانەکان
وەسفی ئاکاری هەنگامەی زەریا،
درکاندنی پاشەڕۆژ لەرێی ئەختەر یا سیحری ئەستێرەناسی،
یا لەرێی هەڵخستنی دەستەسرەوە
بینینی نەخۆشیەکانی نێو ئیمزاکانی ناولەپەوە
کارەسات لەقامکەکان
هەڵدانی فاڵگرتنەوە لەرێی پشك راکێشانەوە
یا لە گەلاّچایە، ولێك ترازاندنی مەتەڵی چارەنووس
بە پەپاز ، وازیکردنی بێهودەی پێنج لایەکان
یا بە ئاوژێڵە بەللوریەکان ، یا شیکردنەوە
وێنەی پەیدەرپەی بۆ وەیشوومەکانی بەر لە هۆش ـ
شۆڕبوونە نێو پزدان، یا گۆر ، یا خەون
گشت ئەمانـە، چەنـدین گوڵمـەزو دڵـدانـەوەو خۆبەنجکردنێکی باون،

لەپێرستی رۆژنامەکانیشەوە:

هەندێ لەوانەو بەشێوەیەکی تایبەتی بەردەوام ئەبێت
کاتێ کە گەلان لەنێو تەنگانەدا ئەبن و حەپەسانیش
ئەستوندەگی خیوەتی خۆی لەکەنارەکانی ئاسیا یا لەشەقامی
ئیدگوێردا ، لێئەدا،
حەزوگروفتی مرۆڤ ، بەدوای رابردوو داهاتوودا ئەگەڕێ‌و
خۆی بەو مەودایە ئەبەستێتەوە. بەڵام
درکاندنی خاڵی لەیەك گیربوونی زەمان و نازەمان،
کارێکە لە کارەکانی پیرەکە ـ
کارێ نی‌یە، بەڵکو ئەمە شتێکە
لەمەرگی پڕ خۆشەویستی‌و بەدرێژایی ژین
دەبەخشرێ‌و وەردەگیرێ،

لە جارسەختی‌و لەلەخۆبوردن و خۆبەدەستەوەدانیدا
بەڵام بۆ زوربەمان، هەر تەنیا یەك ساتی بێهۆشی هەیە،

ساتی نێو زەمان و دەرەوەی زەمان،
چرکەی سەرسامی لەنێو چریسکەی خۆردا
لە جاترەی شاردراوەدا، یا بروسکەی زستان دا
یا تاڤگە، یائەومۆسیقایەی بەقووڵی گوێبیستی بوویت
وات لێ ئەکا کە بیرای‌بیر گوێبیستی نەبیت ، بەڵام
تۆ مۆسیقایت، مادامەکی مۆسیقا بەردەوامە.

ئەمانەش تەنیا چەند هیماو هەڵهێنێکن،

چەند هیمایەك کە بەدوای هەڵهێنا دێن،
ئەوەی مایەوەش
تەنیا نوێژو چەند داب و رژێم و بیرو کارێکە.

هیمای مەتەڵاوی نیوەمەتەڵ
بەخششی ناسراوی نیوەناسراو، خۆی بەرجەستەکردنێکە.

یەکێتی پلەکان لێرەدایە
بوونی نەبوو، یەکیەتیەکی کارامەیە
رابردوو داهاتوو لێرەدا رۆئەچن و دەسازێنرێنەوە
بێ ئەمە، کار نەئەجماو بەس
یەك تاکەسەرچاوەیەکیش بۆ هیچ جمانێکی تێدانییە ـ
کە توانستێکی نەفرەت لێکراوی ئەهریمەنانە ئەیجووڵێنێ،
کاری راستەقینەش، تەنیا رزگاربوونە
لەرابردووو پاشەڕۆژ
بۆ زوربەمان، ئائەمە ئەو ئامانجەیە
کە هەرگیز لێرەدا وەدی نایێ،
ئێمە ، ئەوانەین کە نەبەزیوین ، بەڵام
بەردەوام کۆششمان کردوە؛
ئەوانەی کە لەکۆتاییدا رازی ئەبن
گەر گەڕانەوە کات
«لەمەودایەك کە لەدرەختی هێرفست گەورەتر نی‌یە»
بۆ ژیانی نێو خاکی سامناك ، پێخۆری‌کردین.

## سەرنج

سوپـاسی کاك ئازاد حەمـەشـریف و کاك شێروان حسن و کاك محمد عبد الخالق ئەکەم کە هەریەکە بەچەشنێ یارمەتییان دام.

## سەرچاوەکان

★ ت ـ س ـ اليوت ـ الشاعر الناقد ـ ف . ا . ماتيسن ـ
ترجمة: الدكتور احسان عباس

★ ت ـ س ـ اليوت ـ دراسة وترجمة: يوسف سامي اليوسف

★ مجلة الاصوات ـ عدد (٦) ـ ١٩٦٢ ـ لندن: دراى سلفيكز
ترجمة: توفيق صايغ

★ شعراء المدرسة الحديثة ـ دراسة نقدية ـ روزنتال ـ
ترجمة: جميل الحسيني
مراجعة: الدكتور موسى الخوري

هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV



# ئافرەت لە دەقی شانۆی کوردی دا

● مەغدید حاجی ●

پێشەکی:

ئاشکرایە کە ئافرەت نیوەی کۆمەڵەو شان بە شانی پیاو لە سەر شانۆی ژیان دا تێ‌دەکۆشێت. ئەگەر بێت و شانۆی هونەریش شانۆیەکی بچووکی ژیان بێت، کەواتە بەبێ یەك ودوو هەروەکو چۆن ئافرەت لە ژیان دا دەور، دەبینێت دەبێ ئاواش لە سەر تەختەی شانۆدا ڕۆڵی خۆی ببینێت و ئەم مەسەلەیەش لە لایەن دراما نووسەکانەوە بایەخی پێویست و سروشتی خۆی پێ‌بدرێت.

لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆمەڵگای فرەچیندا جیاوازی کەوتۆتە نێوان ژن و پیاوەوەو دەسەڵاتداریتی دایك لەناو چووەو چەوساندنەوەی ئافرەت لە لایەن کۆمەڵ و پیاوەوە دەستی‌پێ‌کردووە.

هەر لە کۆنەوەش نووسەرو هونەرمەندە هۆشیارو میللەت پەروەرەکان بە بیروباوەڕی مرۆڤانەو خامەی ڕەنگینیان هاتوونەتە مەیدانی بەرگری ـ کردن لە مافی ئافرەت و دروشمی یەکسانی نێوان پیاوو ژنیان بەرز کردۆتەوە.

شانۆ نامە نووسەکانیش لە سەردەمە جۆر بەجۆرەکاندا لە ڕێگای نووسینی دەقی سەرکەوتوودا شانۆیان کردۆتە مینبەرێکی جەماوەری گشتی‌و لە سەر ئەم مینبەرەدا دروشم و هەست و داواکاری‌یەکانی میللەتانیان دەربڕیوە. هۆیەك بووەبۆ هۆشیاکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك و بەرگری کردن لە مافە ڕەواکانی ئەندامانی کۆمەڵ بە ژن و پیاویانەوە.

## لێکۆڵینەوە

بۆ لێکۆڵینەوەش لە دەوری ئافرەت لە دەقی شانۆیی کوردی دا چەند دەقێکی خۆماڵی کۆن و نوێ‌مان هەڵبژاردووەو لە ڕێگای خوێندنەوە سەرنج دانی ئەم دەقانە هەڵوەستە بە لای ڕۆڵی ئافرەت و بۆچوون و تێروانینی نووسەرەکانیان سەبارەت بە کێشە کۆمەلایتی‌و مێژوویی‌یەکان دەکەین. بێ‌گومان نووسەری ڕووناك بیرو پێشکەوتنخواز گەشبینەو مەودای بیرکردنەوەی فراوانەو بیر لە هەر سێ مەوداکانی قۆناخی مێژوویی دەکاتەوە، دوێنێ لە ئەمڕۆدا دەبینێ‌و لە پێناوی دوارۆژدا پێشبینی بارو ژیانێکی ئازادو بەختیار تر دەکات و مەسەلەی ئافرەت لە مەسەلەی کۆمەڵ و مل ملانێی ئابوری جیا ناکاتەوە. لەگەڵ کۆنترین دەقێکی بڵاوکراوەدا:

گۆڤاری «ژین»ی ئەستەمبوڵی لە ساڵی ١٩١٩ دا شانۆنامەی «مەمی ئالان»ی بڵاوکردۆتەوە کە لە لایەن نووسەرێکی ناوداری ئەوکات «عبد الرحیم رحمی هەکاری» بڵاوکراوەتەوەو لە سەرەتاکەیدا نووسیویە کە «ئەم تیاترۆیە مەزنی‌و سەربڵندی کوردان نیشان ئەدات»[1] لێرەدا پێویستە دان بەمەدا بنێین کە نووسەری ئەم شانۆگەری‌یە کەلکی لە بارودۆخی ساڵی ١٩١٩ و بەر لەم ساڵە وەرگرتووەو هەستی نەتەوایەتی کوردی بە هۆی «مەمی ئالان»ەوە دەربڕیوە.

ئاشکرایە کە لە سەرەتای سەدەی بیستەوەو بە تایبەتی دوا بەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیتحادو تەرەقی ساڵی ١٩٠٨ کە تەخت و تاراجی سوڵتان عەبدولحەمیدی زۆرداری لە بندا هەڵتەلکاند، ڕووناکبیرانی کورد لە ئەستەمبوڵ و دیاربەکر کەوتنە دامەزراندنی کۆمەڵ و ڕێکخراوی سەربەخۆی وەك «کردستان جمعیتی» و «کورد تعمیم معارف و نشریات جمعیتی»و «کردستان تعالی جمعیتی»و «کورد قادینلری تعالی جمعیتی»و هی‌تر. لەو کاتەدا تەنانەت ئافرەتی کوردیش کەوتنە خۆ دەستەیەکی پێشڕەویان «کۆمەڵی بەرزی ئافرەتانی کورد ـ کورد قادینلری جمعیتی» یان دامەزراند. ئەم ڕێکخراوانە دەورێکی باڵایان لە بزووتنەوەی نەتەوێی‌و ژیانی ڕووناکبیری گەلی کوردا بینی[2]. نووسەری «مەمی ئالان» کە ـ سەکانی شانۆگەری‌یەکەی کردووە بە چوار کەس و هەریەکە دەمەتەقێ‌و جۆرە گفتوگۆیەکی بەسەردا بەش کردوون:

١ ـ مەمی ئالان.
٢ ـ لەوەند «هەڤالی مەمۆو غولامی میرە».
٣ ـ چاو ڕەش «دایکی مەمۆیە»
٤ ـ خەزاڵ «ژنی مەمۆیە».

**هەڵبژاردنی ناوی کوردیش بۆ کاراکتەرەکان لە لایەن نووسەرەوە لە سەرەتاکانی ئەم سەدەیە خاڵێکی گرنگ و سەرنج ڕاکێشەو هەستی نەتەوایەتی خۆماڵی دەنوێنێت. مەمی ئالان، کوردێکی موسوڵمانە،**

خاوەن هەستێکی مرۆڤانەیە، میری هەکاری فەرمانی داوەتێ بچێتە غەزایێو لە پێناوی ڕزگارکردنی شاری قودسێ بجەنگێت.. (چاوڕەش) دایکی مەمۆی، وەکو دایکێکی قارەمان و ئافرەتێکی قاڵ بووی ناو کۆمەڵی کوردەواری ستەم قبوول نەکردوو نەك تەنیا ڕێگا لە کوڕەکەی ناگرێت بەڵکو پێی دەڵێ: «کوڕێ من دەرێیا دینێ خۆو دەرێیا وڵاتێ خۆدا، ئەگەر ئەز تە حەلال نەکەم، خودێ ژی من حەلال ناکەت، ئەگەل بەرو نەچن، سبێ دژمن دیتن، من ژ بۆ ڕۆژەکی وەها خودان کری وەجی ژدین و وڵاتی خۆە بکری ناوی [کوردیەتی] کرمانجیەتی، ئیعلا بکەی، من شیرێ خۆە حەلال کر، خودێ دگەلە تەبیت»..

دایکی مەمۆی وەکو هەر دایکێکی خاوەن هەستی دایکایەتیو مرۆڤانەی تر کوڕەکەی خۆش دەوێت، بەڵام دیارە کە مەسەلەی بەرگریکردن لە وڵات و بەهاناوە چوونی میللەتانی ماف خوراوو حەق پەروەری بەلاوە گرنگترەو شانازی بەوە دەکات کوڕەکەی لەم ڕێگایەدا ناوی کوردیەتی لە گەلاندا بەرز بکاتەوە.
نووسەرەکەمان لەسەر زاری (مەمۆ)ی پاڵەوان دەوری خەزاڵی تازەبووك بەرز دەنوێنێو هۆشیاری دەخاتە ڕوو، ئەوەتە مەمۆ خۆ بە خۆوە دەڵێ: «.. بەڵێ ئینسافە لە غەزالێ ڕا ئەوێنیا وڵاتێ ژ هەمی ئەوینیان مەزنترە، ئەو ژی پێ ڕازی‌یە، ئەز بچم غازی بیم، جا ئەو ژی بیتە حەرەما غازیەکی لازمە ئەو ژی فەخر بکات».
بەڵام خەزاڵی تازە بووکی ڕۆژهەڵاتی بۆ دەزگیرانەکەی دەگریو داوای لێدەکات جێی نەهێڵێو لەگەڵ خۆیدا بۆ غەزایێی بەرێت. (مەمۆ)یش لە وەڵامدا دەڵێ: «شەریت و هەرا، شەرمە ژن دگەل مەبین، هەم ژی دایکا من تو نی‌یە، تو دی چاوان بهێلی»؟ خەزاڵ لە وەڵامدا دوو هەڵوێست بە جارێك دەنوێنێ، هەڵوێستی ئافرەتێکی ژیرو دڵ ساف کە بەربژەوە سەیری خەسووی دەکات و ئامادەیە خزمەتی بکات «ئەز شەوو ڕۆژ خەدامی دایکاتە بکەم، ئەز ژی عاجز نابم»! هەڵوێستی دووەمیش ئەوەیە کە وەکو ئافرەتێکی تازەبووك ئازا نایەوێ لە مێردەکەی جودا بیتەوەو ئامادەیە لە گەڵیدا بچێتە غەزایێ!.
ئەگەرچی نووسەری ئەم پەیسە[٣] لە تێڕوانینی بیریو کۆمەڵایەتی سەردەمەکەی چیرۆکەکەی داناوە ئەمەش مافی خۆیەتی، بەڵام تا ڕادەیەك سەرکەوتووانە (بە پێوەدانگی ئەوکات) هۆشمەندیو ڕەوشت بەرزیو ئازایەتیو ئەوین داریو نیشتمان پەروەریو بیری مرۆڤایەتی ئافرەتی کوردیی خستوونەتە ڕوو، ئافرەتی کورد وابووە، یان پێویستە وابێت، ئەمەیە بیری سەرەکیو نیازە پیرۆزەکەی نووسەر لە داڕشتنی بەرهەمەکەیدا. لە گەڵ چەند دەقێکی تری کۆن دا:

**هەروەها یەکێ لە شانۆگەریە کۆنەکانی تری بزووتنەوەی شانۆیی کورد، شانۆیی «دڵداریو پەیمان پەروەری» مامۆستا أ. ب. هەوریە.**

لە ساڵی ١٩٣٢دا قوتابخانەی زانستی کوردان لە جێگەی ئێستای - ١٩٧٦ - چاخانەکەی کاك حەمەرەق لە نووسینیو دەرهێنانی أ. ب هەوری ئەم شانۆگەری‌یەی پێشکەش کرد. کە نووسەر خۆی دەوری (شیرۆ)و ئەحمەد مەحموو دەباغ یش دەوری ئافرەتی تیا بینیو میری دوای سێ شەو ئەم نواندنەی قەدەغە کرد[٤]
نووسەر لەم بەرهەمەیدا توانیویەتی هەست و سۆزی کچە دڵدارێکی تازەپێگەیشتووی کوردەواری پتر لە نیو سەدەیەك لەمەوبەر دەربیرێت و وەسفی خۆشەویستی‌یەکی بێگەردی ڕۆمانسیانەی ڕابوردوومان بۆ بکات.

(نازەنین) ئەوپەڕی دڵسۆزیو خۆشەویستی بەرامبەر بە (شیرۆ)ی دەزگیرانی دەخاتە ڕوو. شیرۆیش بە هەمان شێوە نازەنینی خۆش دەوێت، بەڵام وەکو مرۆڤێکی وەفادارو ڕاست گۆو ئازا مەسەلەی (پەیمان پەروەری) لا گرنگترەو لە پێناوی تۆڵە سەندنەوەو بەجێگەیاندنی پەیمان ئامادەیە دەست لە دەزگیرانەکەی هەڵبگرێت و بەرەو پەتی سێدارەی میر هەنگاو هەڵبنێت.
دوای چەند دیمەنێکی تراژیدی ئەنجام بە کامەرانیو سەرکەوتنی دڵداران دەشکێتەوەو نازەنین لە کۆشکی میر بە (شیرۆ)ی دەزگیرانی شاد دەبێتەوەو میریش کە (پەیمان پەروەری) لە شیرۆ بینی دەیبەخشێو ئافەرینی دەکات. لە دوا پەردەشدا پاش ئەوەی میر (پەیمان پەروەری) شیرۆی بۆ ساغ دەبێتەوە دەیەوێ لە ڕووی (نیشتمان پەروەر) یش تاقیبکاتەوەو پێی دەڵێ: «شیرۆ چیت ئەوێ لە دنیادا ئەم کچەم بدەیتێ؟ شیرۆ ئەڵێت: میرم هیچ شتێك نی‌یە (نازەنینی)ی پێ بگۆڕمەوە تەنها ناتوانم بڵێم نایگۆڕمەوە بە (نیشتمان) چونکە (نیشتمان) مایەی شانازی ژیان و شەرەفی ئادەمیزادە!!.
میر ئەم وەڵامەی زۆر پێخۆش دەبێو بڕیار دەدا کوڕەو کچە بەیەك بگەیەنن و زەماوەندیان بۆ سازبکەن[٥]

**لە شانۆگەریی (زێڕین)ی ئەمین میرزا کەریم دا[٦]**
زێڕین کچێکی لادێیی شوخ و شەنگە، نموونەی ئافرەتی کوردی

چەوساوەو ماف خوراوە، داوێن پاکەو عاشقێکی دڵسۆزو جێی متمانەی شاسوارە لە ژێر باری هەڕەشەو گوڕەشەشدا نایەوێ شوو بە پیاو ماقوولی ئاغا بکات، چونکە هەمیشە زوڵم و زۆرداری ئاغای لەبەر چاوەو ڕکی لە خۆیو داردەستەکەی دەبێتەوە... بەڵام دایکی لە ئەنجامی کەم هوشیاریو لە ژێر کاریگەری ڕەوشتی باری ڕژێمی دەرەبەگایەتیدا، حەز دەکات کچەکەی بە پیاو ماقوولی ئاغا بدات. تاکو لێی نزیك بێتەوەو پلەو پایەی لە لایدا بێ. باوکی زێرینیش وەکو هەر جووتیارێك کە حەز بە پاراستنی مولکداریەکەی - پاکەمیش بێت - بکات، ڕاڕایەو لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەتیدا ناتوانێت سەربەخۆ بە ڕووی ئاغا بوەستێ. لە لایەکدا ئاغای ناچێ بە دڵدا، لە لاکەی تریشەوە لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەتیو لە ترسی زەبروەشاندنی زاڵمانەی ئاغا زاتی ئەوە ناکات بڵێ: کچەکەم لە پیاوماقوولە سەگ فیسالەکەت مارە ناکەم!!. بەڵام وەستانە بە جەرگەکەی (زێرین)، بە ڕووی پیلانی بە زۆر بە شوودانیو لە دژی ئاغاو دارو دەستەکەیو هاوکاریو پەیوەندی بە هۆی شاسواری دەزگیرانیەوە لەگەڵ مامۆستا (شێرزاد)ی ڕووناك بیردا بوتە هێما بۆ ڕاپەڕینی نەوەی نوێ لە پێناوی لەگۆڕنانی داب و نەریتی کۆن و چەوسانەوەو ڕژێمی دەرەبەگایەتی دارزیو.

کوژرانی (زێرین)یش ئەوە دەگەیەنێ، کە پێویستە لە پێناوی ئازادیو مافی ڕەوادا بێسلەمینەوە لە مردن قوربانی بدرێت. مامۆستا عەبدولڕەزاق بیمار لە چیرۆکی شانۆیی (بووکی پەردە)[7] دا توانیویتی بەگژ نەریتی بەزۆر بە شوودان و بەستنی شەوی پەردەی بووکێنیو شتی ئەفسانەییو داگیرکردنی زەویوزاری جووتیاراندا بچێو ئەمانە هەموو قەڵپ بکاتەوەو لە جێگایاندا بە وردبینیو زیرەکانە بە پەروەردەیەکی باش ڕەوشتی مرۆڤانە دروست بکات و خەڵکیان بۆ هان بدات..

کەواتە ئاسکەی خۆشەویستی حەمەخان دەبێ بۆ یەك بن نەك بۆ مام حەوڵایەکی لە هەمووبار پەك کەوتە... دەشبێ نموونەکانی مام حەوڵا بزانن کە بۆ ژن هێنان، پارەو دەسەڵات و ئارەزوو مەرج نییە، چونکی ئەوەی شت نەبێ ئەوانەیەو کچ و کوڕی زیرەك لەوە گەورەترن دوای ئەوانە بکەون[8].

**لە چیرۆکی شانۆیی (ئاواتی ئۆمەر)**[9] یشدا کە بە هۆنراوە لە لایەن مامۆستا بیمارەوە دانراوە،

ئۆمەر گەنجێکی ئەوین دارەو لە ناوچەیەکی شاخاوی کوردستان دا دەژیت و کاتیش بۆ سەردەمی ڕژێمی دەرەبەگایەتیو ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهان دەگەڕێتەوە. شەڕو قات و گرانی باڵی ڕەشیان بە سەر ناوچەکەدا کێشاوە. دەسەڵاتی عوسمانلی گەندەڵ لاوەکانی بە ڕەشبگیر دەگرتن و بۆ ڕیزەکانی سوپا هەرەس هێناوەکەی ڕەوانی دەکردن و دوور لە وڵات و کەس وکارو بێ ئامانجێکی ڕەوا بە کوشتی دەدان. بەڵام گەنجەکان پەیتا پەیتابە ڕووی ئەو بارە نالەبارە هەڵدەگەڕانەوەو ئامادە نەبوون چیتر بکرێنە خۆراکی شەڕێکی دوڕاوو بێ ئامانج!.

ئۆمەریش یەکێك بوو لەو سەرپێچیکەرانەو ئامادە نەبوو بێتە داردەستی ڕژێمێکی زۆردارو دوواکەوتوو شۆڤێنی. ئۆمەر ورەی بەرزەو ڕوو بە ڕووی ژیان و ئاسۆ دەبێتەوەو دڵدارێکی ڕاستەقینەشە.

(ئەسمەر) شەیدای خۆشەویستییەکی پاکە، بە هیچ شێوەیەك نایەوێ دەست بەرداری خۆشەویستەکەی بێت. هوشیاری خەبات و هەستی نەتەوەیی وەکو هەر ئافرەتێکی تری ئەوسای کوردەواری، نزمەو پتر عەودالی ژیانی خێزانییە.. بەڵام نایەوێ ئۆمەری لەبەر چاو ون بێت و لە هیچە بێتە قوربانی!!. دایکی ئۆمەرو ئافرەتەکانی تری ناوچەکە تاقیکردنەوەیان زۆر بینیوەو لە ژیان و دەوروبەر دەرسیان وەرگرتووە بۆیە باوەڕیان بە دوژمن نەماوەو بە گیان و دڵ لەگەڵ ڕۆڵە هەڵگەڕاوەکانیان و کە جەندرمە ڕوو لە گوندەکەیان دەکات، خێرا گەنجەکان ئاگادار دەکەن و دەڵێن: کوڕینە وریابن گورگ هاتن!!.

ئەسمەری کچە لادێنشین نایەوێ شوو بە کوڕی ئاغا بکات ئەگەرچی دەزانێ ژیانی کوڕی ئاغا ئاسوودەیەو لە ناو کۆشك و تەلاردا دەژیت. چونکە لە لایەك دڵی لە لای دڵداری ڕاستەقینەیەتی لە لایەکی تریشەوە دەزانێ ئاغایش گورگێکە بە سەریانەوەو لە گەڵ یەکدا ناگونجێن.

لێرەدا هەست بە بەرزی پلەی هوشیاریو ژیری (ئەسمەر) دەکەین کە لە هەندێ دیمەنی تردا بەم شێوەیە نەخراوەتە ڕوو. بەمەش تا ڕادەیەك نەگونجان و پێچەوانە بوونەوە لە دارشتنی ڕەوشت و پلەی هوشیاریی (ئەسمەر)دا بەدی دەکرێت.

**بەڵام سەرباری ئەمە لەم بەرهەمەشدا دەوری ئافرەت ئیجابیو پیرۆز خراوەتە ڕوو. ئەسمەری کچە لادێنشینی ڕەوشت بەرزو ئازا دەکرێ بە نموونەی ئافرەتی نێو کوردەواری لە قەڵەم بدرێت.**

## ئافرەت لە چەند دەقێکی نوێدا: مامۆستا حەمە کەریم هەورامی لە چیرۆکی شانۆیی (شەوێك لە ژیانی خانزاد)دا[10] فۆلکلۆر

لە پێناوی پێویستییەکانی سەردەم بەکاردێنێت. لە یادو سەرگوزشتەی خانزادی (سۆران)دا وێنەی خانزادێکی نوێمان بۆ دەکێشێت. بەڵام نووسەر نەیتوانیوە تا سەر خانزادی سەردەم لە تارماییو کاریگەرکردنی خانزادی کچە میرو دەسەڵاتدار ڕزگار بکات و تێکەڵاویو نە گونجان لە بیروڕا دەربڕین نەخولقێنێت.

**سەرەرای ئەمە، نووسەر خانزادی کردوتە هێمایەکی زیندوو لە ڕێگایەوە ڕۆڵی ئافرەتی کوردمان لە مەیدانی خەباتی نەتەوەیی بۆ دەخاتە ڕوو. ئەمەش لایەنێکی پەسندی بەرهەمەکەیە.**

لە دوا دیمەنیشدا لە پاش ئەوەی لەشکری‌و موراد و ناپاکەکانی تر بە سزای (ڕەوایان) دەگەن. سەرەڕای قوربانی‌دان و فەوتانی چەند بێ تاوانێك لەوانە (نازەنینی)ی بێ‌چارە، کە بێ چارەیی یەکەشی پتر بۆ بێ چارەیی ژیانی ناو بینای درامی کە ژیانی کۆمەڵە لە درامای پیتی بورژوا دەگەڕێتەوە، خانزاد ڕوو لە جەماوەر دەکات و مژدەی دەست پێکردنی قۆناغێکی نوێیان پێڕادەگەیەنێ‌و دەڵێ: «لەمەودوا هەر یەك لە ئێوە بەرپرسیارە لە خۆی لە نەتەوەکەی، ئیتر کەس ناتوانێ کەس بچەوسێنێتەوە، کەس پارووی نانی منداڵان نافڕێنێ، خوێنی هەژاران بە خۆڕایی نامژرێ، هەرکەس ڕەنجی شانی خۆی دەخوا، تالان کردن و ناموس بردنی خەڵك نەما، ئەوەی دەستی مردنی بۆ نەتەوەکەی ئێمە درێژ دەکرد لە بنەوە دەستی برا».
ئەمە پێشبینی‌و ئاواتی نووسەرە لە پاڵ نووسینی شانۆنامەکەیدا. بێ‌گومان خواست و ئاواتی ڕەوان و لە چوارچێوەی بیروباوەڕی مرۆڤایەتی‌و نەتەوەپەروەری نووسەرەکەوە هەڵقوڵاون. بەڵام دەبێ نووسەر ئەمەش بزانێ کە بەبێ سەرکەوتنی خەباتی چینایەتی چینە نوێ خوازو شۆڕشگێڕەکان، (سۆران) یکی پڕ لە دادپەروەری‌و بەختیاری دانامەزرێت و بە تاکە (خانزاد) یکیش کار مەیسەر نابێت.

## مەهدی ئومێد شانۆگەری (مرۆڤ و چاخ و بیر)[11] ی پێشکەش بەو کچە کوردە بێ گوناهە کردووە کە دەیەوێ بێتە سەر شانۆ کەچی نایەت!

کچیش ڕەمزی بەردەوامی ژیانە. زۆر بە جێیە بەلامەوە، زۆر پەسندە نووسینەکانمان مەبەستی ڕووخاندنی زۆرداری‌و قەلاچۆکردنی دوژمنی مرۆڤ بێت. پەسندە کە ویستوتە ڕۆشنبیران هاندەبێت بۆ دۆزینەوەی ڕاست ترین فەلسەفە بۆ ژیانێکی مرۆڤایەتی بەختەوەر، پڕ لە نان و ئازادی‌و ئاشتی[12].
بەربەرەکانی لە نێوانی هێزی ڕووتێنەرو چاوچنۆکی کۆنەپەرست کە دوکتۆر هامیراز نموونەیەتی لەگەڵ ئەوەی نوێ‌و ڕاپەڕیو. لە نێوان ئەم دوو هێزەشدا دەستەی مام ناوەندی ئیسلامی دەوەستێت کە لە یاریدەدەری دوکتور دەردەکەوێت.
شانۆگەریەکە لە دوای تەقینەوەیەکی گەورە دەست پێ‌دەکات، ئەم تەقینەوەیەش بە جەنگی دووەمی جیهان دەشوبهێندرێت کە لە ئەنجامی بەربەرەکانی‌و چاوچنۆکی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان و لە ژێر کاریگەری بیروباوەڕی نازیانەی ئەڵەمانیای هیتلەریدا هەڵگیرسا.
(هیتلەر) نیتشەی دەیگوت: دەبێ ئەڵەمانیا کە نەتەوەیەکە لە هەموو نەتەوەکان چاکترو لێهاتووترە فەرمانڕەوایی جیهان بکات و نەتەوە لاوازەکان لەناو بەرێت!! دوکتۆری شانۆگەریەکەش هەمان بیروباوەڕ دەردەبڕێت. بەڵام چاخ گۆڕاوەو میللەتان لە حەقیقەتی ئیمپریالیزم و فاشیزم گەیشتوون و لە پێناوی ئازادی‌و یەکسانی‌دا ڕاپەڕیون. مێژووش (ئەشکەوتی هەزار مێرد) باشترین بەڵگەی خۆڕاگری‌و سەرکەوتنی مرۆڤایەتی‌یە.
کچیش کە لە شانۆگەریەکەدا وەکو هێما بۆ ژیان و پاشەڕۆژو هەوڵدان لە پێناوی خۆش گوزەرانی مرۆڤ بەکار هاتووە، لەگەڵ خواست و دوا ڕۆژی مرۆڤە لە دژی زۆرداری‌و تاریکی‌و ڕووتێنەرێکی وەکو دوکتۆر (هامیراز). بەڵام سەرەڕای ئەمە نووسەر نەیتوانیوە بە جوانی وەك زنجیرە لەگەڵ بیری بنچینەیی چیرۆکەکەدا بگونجێت و هەموو شتێك لە چیرۆکەکەدا بۆ خزمەتی بیری بنچینەیی تەرخان بکات، کە خۆی دەبێ وابێت، بگرە لە زۆر شوێن دا نووسەر بیری بنچینەیی چیرۆکەکەی لە یاد چووەو خۆی خستوتە گێژاوێکی ترەوە[13].

## «خەج» لە شانۆگەری (خەج و سیامەند)ی (فؤاد مجید میسری)[14] نامرێ بەڵام بە سەر بستووەکەوەیەو لە مەترسی دایە،

بە مردن ڕازی‌یەو قبوولی خوازبێن کەری درۆزن ناکات.
گیان بەخت کردنیش لە پێناوی وەفاو خۆشەویستی‌دا خۆی لە خۆی‌دا سەرکەوتنە!
حیکایەتخوان لە سەرەتای شانۆگەریەکەدا وەسفی جوانی‌و ڕووکەشی (خەج) مان بۆ دەکات و دەڵێ: «گەلی برادەران.. دەنێو عەشرەتی کێلە سیپان دا کیژەك هەبوو ناوی خەج بوو، بەڵام خەج چ خەجێ؟! کەڵەگەت، چاو بەڵەك، کوڵمی سوورو سپی گەردەن کێل، خوێن شیرین، دەنگ خۆش، دڵگر، جوان چاك، کەزیەی لوول و چینی چینی بە نێو شانانی دا ڕژابوو ڕەفیسکەی دەنگاوت، ئەبرۆ کەوانێ، کەپو جوانێ، دەم کوڵ لێو قەیتانێ. مەمانی لە چەشنی هەناری هەڵشۆیە لە سەر سینگ‌و لە بن کراسێوە هەڵی‌دابوو!.
زۆر جار جوانکاری‌و ڕۆمانسیەت کار لە خوێنەر یان بینەر دەکەن بێ ئەوەی زیان بەخش بن.
نووسەری ئەم شانۆنامەیە لەم وەسفە نایابەی سەرەوەدا ئەم مەبەستەی پێکاوە.
خەج لەگەڵ سیامەندی پسمامی هەر لە منداڵی‌ڕا.. پەیوەندی‌یەکی سادەیان دەنێواندا دروست بیوو. تا چکۆلە بوون دەچوونە ڕێواس و کارگ کردنێ ـ ئەمەش تا ڕادەیەك بەشداری کردنی ئافرەت لەگەڵ پیاو دا لە کارو ڕابواردنی کوردەواری پیشان دەدات ـ پێکەوە لە وێکێو تەلانەی گاڵتەو گەمەیان دەکردو ڕۆژگاریان بەسەر دەبرد..
تا گەورە بوون و بوونی کورو کچێتی‌یان کرد. ئیدی پێ‌گەیین و لێك هەڵبڕان،
خەج کچە میرەو سیامەندی پس مامیش لە ڕیزی مسکێنانەو سەرەڕای هەوڵی چەپەڵی بابە شێخ و میرزاو کەندەکۆسپی تر نیاز پاکی‌و دڵسۆزی لە خۆشەویستی نێوان خەج و سیامەندو قوربانی‌دانیان لە

پێناوی ئەم خۆشەویستی‌یەدا ئەمرو ئیلهام بەخشە.
دەوری ئاین و نەریتە کۆمەڵایەتی‌یە دواکەوتووەکان لەم بەرهەمەدا لە ڕێگای هەردوو کاراکتەری میرزاو بابە شێخدا ڕیسوا دەکرێن.
خەج لەبەر دەستی ئەو برایانەی کە بۆ گرتن و فەوتانی هەنگاو دەنێن تاکو ئابرووی خێڵەکەیان بپارێزن!! خەج لە بەرامبەر ئەواندا و لە پێناوی خۆشەویستی ڕاستەقینەدا هەنگاو بەرەو گیانفیداکاری و خۆ هەڵدێران لە چیای سیپانێ دەنێ و لە ڕێگای عەشقی پیرۆزی سیامەندی سەرچڵ پەشیمان نی‌یەو بەردەوامی دەنوێنێ:

ئەگەر ئێوەش بە دڵ مەبەستانە
خەجی شەیدا هەڵنەدێرێ
با هەموومان عاشقی بین
ئاگری خۆشەویستی ئەو
لە کەڵێنی دڵمان دابێ‌و
گوێچکەی بیری بە ئاگاشمان

●●●

بۆ سەرگوزشتەی ناکامی ئەو دوو دڵدارە ڕادێرین
خەج کیژێکی دەروون و دڵ فراوانە
خەج کابانی مسکێنانە
خاتوونێکی ئەمەکداری هەژارانە
خەج دولبەرێکی شەیدایە

●●●

هەتا ئێستاش
چاوی لە ڕێ سیامەندێکی وریایە!!.

لە کۆتایی شانۆیی‌یەکەدا نووسەر لە میانەی ئەم چەند دێرە هۆنراوەیەی سەرەوەدا بیری سەرەکی بەرهەمەکەیمان بۆ دەردەکێشێ‌و دیارە کە (خەج)ی فۆاد تەنیا دولبەرێکی شەیدای خۆشەویستێکی تایبەتی نی‌یە، بەڵکە هێمایە بۆ خۆشەویستی نیشتمان، بۆ چینێکی میللەت پەروەری ئەمەکداری هەژاران. ئەم نیشتمان و چینە بە ئەمەکەش پێویستی‌یان بە سیامەند ـ ڕابەر ـ ێکی وریایە، پێویستی‌یان بە سیامەندێکی هەڵقولیوی نێو جەرگەی هەژاران هەیە نەك سیامەندی ئاغا!، کاروانیش بە ڕێوەیەو ئیمڕۆ بێ یا سبەی خەج و سیامەند بە یەك دەگەن و لە بەری خۆشەویستی فەرهادانەیان دەخۆن.

## لە چیرۆکی شانۆیی یان شانۆگەری (مەم و زین)[15] ی تەلعەت سامان دا.

ئەم ڕستەو بۆچوونانەی خوارەوە لە سەر زاری کاراکتەرەکان دەخوێنینەوەو دەیبینی:
ـ «ئەوەی داخدارم ئەکا ئەم کچانەیە کە بە ئەرازووی جوانی پیاو ئەپیون».
ـ «بە چ مافێ لە نرخی ئافرەتان کەم ئەکەنەوە».
ـ «کەی ئافرەتمان شکاندووە.. جگە لەمە چۆن خۆمان ئەشکێنین».
ـ «خۆشەویستی شوورەیی‌و گوناح نی‌یە»!!.
هەروا لەم شانۆگەری‌یەدا هێما بۆ ئەم بۆچوون و بیروڕا بەرزانەی خوارەوەو زۆر شتی پیرۆزی تر کراوە:
ـ بەیەك گرێدانی خۆشەویستی نیشتمان و دڵداری ڕاستەقینە.
هەردوو شت جوان و بەرزو پاکن، بەڵام یەکەمجار ئازادی نیشتمان دوایی بەیەك گەیشتنی دڵداران!..
ـ جۆش دانی گیانی نیشتمان و میللەت پەروەری لە لای بینەرداو هەوڵدان بۆ لە ناوبردنی داب و نەریتە کۆنە داڕزیوەکان.
(زین)ی ئەم شانۆگەری‌یە دەربارەی (مەم) دەڵێ:
ـ لە سەرەتای شانۆگەریەکە هەستم بە خۆشەویستی دەربارەی نەدەکرد، چونکە وەك مرۆڤێکی وشیار پێویستی‌یەکانی خۆشویستی لە سەر بنەڕەتێکی چینایەتی دەرنەدەبڕی[16]. بەڵام دیارە پێداویستی قۆناغ و ئەتەوە بەرە بەرە لە ناو یەکی تواندوونەتەوە تا بوونەتە داستانێکی ئەوین داری هەمیشە زیندوو!!.
مامۆستا تەلعەت سامان لەم بەرهەمەیداو لەبەرهەمەکانی تریشیدا بە تێڕوانینێکی هاوچەرخ و پێشکەوتنخواز چارەسەری مەسەلەی دڵداری‌و ژن و ژن خوازی‌و دەوری ئافرەتی کردووەو لە پێناوی پەیدا کردنی یەکێتی‌یەکی پتەوی دامەزراو لەسەر بنچینەی مرۆڤایەتی لە کۆمەڵداو بۆ بەدی هێنانی ئاواتی گەورەتر گیانێکی هاوچەرخی وەبەر بابەتە کەلەپووری‌یەکانیدا خستووە.

## خەزاڵ لە شانۆگەری (لاس و خەزال)[17] ی کاك نازم دڵبەند دا

نموونەی کچە عاشقێکی هۆشمەندو شۆخ و داوێن پاکە...
نموونەی ئافرەتی کوردەواری کارزان و قارەمانە. ئیشوکاری ناوچەیەك بەڕێوە دەبات.. هەرکە خەزاڵم لەسەر شانۆ دا بینی خانزادە خانی سۆرانم هاتەوە یاد، قەدەم خێرو حەپسە خانی نەقیبم وەبیر هاتەوە.
لەم شانۆگەری‌یەدا سەرەڕای ئەوەی خەزاڵ لە ڕاوێژی باوکی‌و ڕیش سپی‌یەکانی دیوەخان دەرناچێت، خۆی سەرپشکەو کاروباری ناوچەکەیان هەڵدەسووڕێنێت و گەورەی هەشتا هەزار ماڵی مەلا نەبی‌یانە!!.
دەستەیەك کورە ئاغەو بەگزادە دەورەیان لە خەزاڵێ داوەو هەوڵی عەشقبازی‌و دڵرفاندنی دەدەن، بەڵام عەشقی لاسە شۆری باڵەکی

دەی هەژێنێ‌و بەرزتری دەکاتەوە..

شاعیری ئەمرمان مامۆستا هێمن موکریانیش لە ساخ کردنەوەی بەیتی (لاس و خەزاڵ)ێ بەم شێوەیە باسی خەزاڵی‌مان بۆ دەکات و دەڵێ: «خەزاڵ مەزن و هەموو کاری خێلی مامودیانە، مەلا نەیی باوکیشی ماوەو هەروا زەقـەی چاوی دێ کەچـی خەزاڵ هەر بۆ خۆی پێ‌رادەگـا، بە ئاشـکـرایی دەگـەڵ لاسی دڵـداری دەکـات... پیـربکـەنـەوە، لەو زەمـانـەدا کە کورد مەلا نەیی لێ‌یـەیـدا بووەو قەتنـەداری گرتووە، ڕێ‌و شوێنی نەتـەوایـەتی‌و بیروبڕوای مەزەبی دەستەڵات و ئیختیاری وای داوە بە ژن»[١٨] ؟!.

لاس و خەزاڵ وەکوو جووتە پاڵەوانی چیرۆکێکی ڕۆمانسی شانۆیی زیاتر لەگەڵ سۆزی بینەردا دەدوێن نەك لەگەڵ هۆشیاندا، پاڵەوانی تراژیدین و مرۆڤی ئاسایی نین، واتا پاڵەوانی شانۆیی بریختی نین و شانۆگەریەکەش ناچێتە ریزی قوتابخانەی شانۆیی بریخت و سەر بە شانۆیی ترائیدی تەقلیدی‌یە. چونکە پاڵەوانەکانی مرۆڤی نموونەیین لە ناو کۆمـەڵـەکـەیـاندا خاوەن سامانی زۆرو دیوەخان و قەتنەداریان راگرتووە، ڕەوشت بەرزو لە شۆخی بێ وێنەو گەلێك ڕێکوپێك و لەو مرۆڤە کەمانەن کە لە ناو واقیعەکە هەن[١٩].

لە کۆتایی‌دا حەز دەکەم بە خوێنەری بەڕێزی ڕابگەیەنم کە ئەم کورتە باسـە بەشێکـە لە لێکـۆڵینـەوەیـەکی فراوان دەربـارەی ئافرەتی کوردو هونـەری شانـۆ کە بە ئومـێـدیـن لە دوا ڕۆژدا لە دوو توێ بەرگـی کتێبێکدا وەکو دیاری‌یەك پێشکەش بە بزووتنەوەی شانۆی کوردی بکەین.

## پەراوێزو سەرچاوە:

(١) محـمـود زامـدار، کۆنتـرین پیـەسێکی کوردی مەمی ئاڵان، ڕۆژنامەی (العراق) ژ ٢١٧٣، ٢٣ - ٣ - ١٩٨٣.

(٢) دوکتۆر کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد.

(٣) ئەگەرچی کاك محمود زامدار لە ژمارە (٢١٧٣)ی ڕۆژنامەی (العراق)دا وای خستۆتە ڕوو کە ئەم دەقە لە ڕێکەوتی ٣٠ی مارتی ١٩١٧دا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام ئێمە بە هۆی کاك محەمەد تەیموورو (تێگە یشتنی ڕاستی) دکتۆر کەمال مەزهەرەوە بۆمان ڕوون بووەوە کە ئەم شانۆنامەیە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩١٩دا لە ڕۆژنامەی (ژین)دا بڵاوکـراوەتـەوە بەمـەش بە کۆنترین دەقێکی ناسـراو کە تا ئێستا پێی زانراوەو بڵاوکراوەتەوە دادەنرێت ناشزانین ئایا لە کاتی خۆی لە سەر شانۆنمایش کراوە یان نا؟.

(٤) عمر علی امین ، بە بۆنەی حەوتەمین یادی دامەزراندنی (تیپی نواندنی سلێمانی) بەوە، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ ٣٠٢، ٣٠ - ١ - ١٩٧٦.

(٥) أ. ب. هەوری، دڵـداری‌و پەیمـان پەروەری، چاپی دووەم، چاپخانەی کامەرانی سلێمانی ١٩٧١.

(٦) ئەمین میرزا کەریم، زێرین، چیرۆکێکی شانۆیی‌یە چاپخانەی کامەران سلێمان ١٩٦٠.

ئەم شانۆگەری‌یە لە ساڵەکانی پەنجا لە لایەن (کۆمەڵی هونەرە جوانەکان) لە سلێـمـانـی پێشکـەش کراوە. لە ١٩٦٠دا لە لایـەن تیپی نواندنی شۆڕش دیسان لە سلێمانی نمایش کراوە.

(٧) عبـد الـرزاق بیمـار، بووکی پەردە، چاپخـانـەی شفیق بەغـدا ١٩٦٠.. لە ١٩٧٠دا لە لایـەن تیپی لاوان لە هەولێـردا نمـایش کراوەو لە هەمان ساڵدا لە ڕەواندوزو شەقلاوەو هەریریش پێشکەش کراوە.

(٨) سەباحی غالب، ئافرەت لە چیرۆکی کوردی‌دا، بەغدا ١٩٧٩.

(٩) عبد الرزاق بیمار، شانۆی کوردستان، بەغدا ١٩٦١.

(١٠) حەمـە کریم هەورامی، شەوێـك لە ژیـانی خانـزاد، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی بەغدا ١٩٧٧.

ئەم دەقە کراوەتە تەمسیلی تەلەفزیۆن و لە تەلەفزیۆنی ئەلمیم تۆمار کرا.

(١١) مەهدی ئومێد، شانۆگەری (مرۆ ڤ و چاخ و بیر) بەغدا ١٩٧٨.

(١٢) لەتیف حامید لە وتەیەکیدا کە بۆ پێشەکی شانۆگەری مرۆڤ و چاخ و بیری نووسیوە.

(١٣) عمر محمد صالح ، چەنـد تێبینیـەك دەربـارەی شانۆگەری مرۆڤ و چاخ و بیر، پاشکۆی عیراق ژ٩٤٦٧ - ٧ - ١٩٧٨.

(١٤) فۆاد مجید میسری، شانۆگـەری خەج و سیامـەند مامۆستا ئەحمـەد سالار دەری‌هێنـاوەو تیپی زانکـۆ لە ساڵی ١٩٧٨ لە سەر شانۆی دواناوەندی سەلاحەددین لە سلێمانی پێشکەشی کردووە.

(١٥) شانۆگەری (مەم و زین) نووسینی تەلعەت سامان و دەرهێنانی فەرهـاد شەریف و تەلعـەت سامـان، ساڵی ١٩٧٥ لە لایـەن تیپی هونـەرە نوێ‌یـەکـانی کورد لە شاری هەولێـر پێشکـەش کراو سەرکەوتنێکی جەماوەری کەم وێنەی وەدەست هێنا. خاتوو (ئاشتی عەبدولکەریم)یش سەرکەوتووانە دەوری (زین)ی تیا بینی.

(١٦) ئاشتی: شانـۆم لە خۆم خۆشتر ئەوێ، هاوکـاری، ژ ٣٣٨، ١٣ - ١٠ - ١٩٧٦.

(١٧) لاس و خەزاڵ، نووسینی نازم دڵبـەنـدو هونـەرمـەنـد سەباح عەبدولرەحمان بۆ سەر شانۆ دەری‌هێناوەو لە ساڵی ١٩٨٣ لە لایەن تیپی نواندنی هەولێرەوە پێشکەش کراوە.

(١٨) هێمن موکریانی، (تحفەمسظفریە) بە زمانی کوردی موکری.

(١٩) مەغـدیـد حاجی، شانۆگـەری لاس و خەزاڵ بەیتی لاس و خەزاڵ ی ناو کتێبەکەی ئۆسکارمان، گۆڤاری کاروان، ژ١١ ساڵی ١٩٨٣.

# شۆڕشی ڤێتنامی و زمانی نەتەوەیی

ئامادەکردنی حەمە سەعید حەمە کەریم

پێشەکی : -

■ شارەزابوون لە تاقیکردنەوەی گەلان لە هەموو بووارەکانی ژیان داو، لە چۆنیەتی پێک هێنانی باری لەبار بۆ راپەڕین و سازدانی شۆڕشەکانیان بابەتێکی چاکە بۆ خوێنەوارو رۆشنبیری کورد، کە بەگوێرەی تواناو ماوەدانی بارو دۆخی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی کەڵکی لێوەرگریو شتە باشەکانیان هەڵبژێریو بیکاتە خاڵی دەست پێکردن لە بواری گەشەکردنی باری ژیانی رۆژانەداو هەر بەگوێرەی تواناش خۆی لە بارە خراپەکانیان بپارێزێ ، بۆ ئەوەی کۆسپەکانی رێگای سەرکەوتنی کەم کاتەوە.

■ جا تێکەڵاو بوونی لایەنە چاکەکانی تاقیکردنەوەی گەلان، لەگەڵ تاقی کردنەوی خۆماڵیو ناوخۆییدا ، بەتایبەتی لەو بووارانەدا کە نەتەوەی ئێمەی پیا تێپەڕ ئەبێت، وەك سەرەتا ، شتێکی لەبارو چاکە بۆ بنیات نان و پێك هێنان و رەخساندنی بەرنامەیەکی تێرو تەسەل و بێ کۆسپ و تەگەرە بۆ گەشە پێکردن و مسوگەرکردنی دووا رۆژی گەش و باش و چاکترو رووناك بۆ گەلەکەمان.

■ **گەلی ڤیێتنامی یەکێکە لەو گەلانەی کە بە تاقی‌کردنەوەیەکی سەرکەوتووی چاك دا تێپەڕی‌و** لە نێوان ناوەڕۆك و بابەت و لایەنەکانی ئەو تاقی‌کردنەوەیەو گەیشتنە ڕزگاری‌و دووا ڕۆژی گەش و چاکتری وڵات و نەتەوەیان . جا لێرەدا وا بۆ نموونەو کەڵك و سود وەرگرتن باسی لایەنێکی گرنگی ئەو تاقی‌کردنەوەیەی ئەو گەلە شۆڕشگێڕە بۆ خوێنەری کوردو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئەکەین.

ئەویش باسی شۆڕشی ڤیێتنامی‌و زمانی نەتەوەیی گەلەکەیانە ، کە وەك پێویست زمان و پەرەپێدانی زمانەکەیان کردبووە یەکێك لە مەرجەکانی سەرکەوتنی شۆڕشەکەیان، چونکە وەك ئاشکرایە شانازی ڤیێتنامیەکان تەنها سەرکەوتنی شۆڕشەکەیان بەسەر داگیرکەرانیان دا نییە .. بەڵکو ئەوان سەرکەوتن و گەشەکردنی زمانی نەتەوەییان بە گەورەترین دەسکەوتێك ئەزانن، کە لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشەکەیان دا بەدەستیان هێناوە . چونکە تەنها پاڵپشت و جێگای هیوایان ئەو زمانە بووە کە دەستیان پێ‌گرتووە بۆ بەرەنگار بوونەوەو بەرگری لە دژی ئەو زمانەی کە داگیرکەرەکانیان بە زۆری زۆرداری سەپاندبوویان بەسەریان دا.

● بۆیە ئەتوانین بڵێین کە سەرکەوتنی زانیاری‌و تەکنۆلۆژی ڤیێتنامیەتی لە ڤیێتنامی ژووروودا، لەوەدا بوو کە زانیاریش و پیشەسازیشیان لەگەڵ بارو دۆخی مێژووی ڤیێتنام دا یەك بگرن و هەل و مەرج بۆ جەماوەرو کۆمەڵانی خەڵکی ئەوێ مسۆگەر بکەن کە بتوانن بەرەنگاری بەهێزترین و توندترین جۆری جەنگی خوێن ڕێژانەو دڕندانە، کە لە دژی نەتەوەیەك لە نەتەوەکانی ئەم سەر زەمینە کرا ببنەوەو سەریش بکەون و بگەنە ئامانجی پیرۆزیان.

زانیاری‌و زانستی ڕاستەقینە ئەو زانیاری‌و زانستیەیە، کە کەڵك و سودیان بۆ مرۆڤایەتی‌و کۆمەڵانی خەڵك هەبێ. هەروەها بتوانێ گیروگرفتەکانی مرۆڤایەتی ڕاستەوخۆ جێبەجێ بکات، یان بە لایەنە چاکەکانی مرۆڤ وا لێ بکات کە ڕازی بێت و وای لێ بێت کە لەگەڵ تێکۆشانی دا لە دژی سروشتی نالەباری دەوروبەری یەکی بخات هەروەها لە تێکۆشانی لە دژی هێزی شەڕ ، لە تێکۆشانی دا لە پێناوی هێنانە دی ئامانج و هیواو ئاواتەکانی نەتەوەکەی دا.

جا زانیاری‌و زانستی‌و تەکنۆلۆژی لە ڤیێتنام دا ئەم دەورە شیاوەیان بینی ، چونکە ئەمانە هەر لە سەرەتای گەشەکردنیانەوە نووسان بە گەلی ڤیێتنامەوەو هەر بە یەکیشەوە پێشکەوتن، چونکە زمانی ئەم زانیاری‌و زانستی‌و تەکنۆلۆژیە زمانی نەتەوەیی گەلی ڤیێتنام بوو.

● **هۆی بەدی هاتنی ئەم دەسکەوتە پیرۆزو چاکە ڤیێتنامیە، ئەگەڕێتەوە بۆ** سەرکردەو پێشەوا گەورەکانی ڤیێتنام و لە سەروشیانەوە (هۆشی مینە) کە چارە سەری بنەڕەتی‌و بنە بڕیان بۆ مەسەلەی ڕۆشنبیری‌و زمانی ئەدەبی گەلی ڤیێتنامی دۆزیەوە، ئەویش لە نێوان ڕاپەڕاندن و جێبەجێ‌کردنی ڤیێتنامیەتی سەرجەم بۆ زمانی ئەدەبی وڕۆشنبیریی گشتیان، کە توانیان بەهۆیەوە هاوڵاتی ڤیێتنامی تازەو نیشتمان پەروەر دروست بکەن، بە جۆرێك کە هاوڵاتی ڤیێتنامی هەستی کرد کە خاوەنی خۆی‌و زمان و ڕۆشنبیری‌و هەر هەموو دەوروبەرەکەیەتی‌و، وەك ئەرکی سەرشان ئەبێ بەچاکی بیان پارێزی‌و هەوڵی گەشەکردنیان بدات.

## ڤیێتنامیەتی سەرجەم و ئەرکی زمانی نەتەوەیی.

● **ڤیێتنامیەکان هەر لە یەکەم ڕۆژی سەربەخۆییانەوە هەڵمەتێکی فراوانیان لە پێناوی ڤیێتنامیەتیکی سەرجەم دا ساز کرد، لەم مەسەلەیەش دا بە زۆری سەریان کردبووە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری زمانەوانی لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا..**

**زمانەکەیان لا موقەدەس و پیرۆزە.** وە لەم ڕووەوە مامۆستا (تران هیوتیوك) ئەڵێ: -

(زمانی نەتەوەیی موقەدەس و پیرۆزە).

هەروەها ئەوان، واتە ڤیێتنامیەکان هەرگیز بیر لەوە ناکەنەوەو ئەوە نایەت بە خەیاڵیان دا، کە هاوڵاتیەك هەبێ، لافی خۆشەویستی نیشتمانی لێ بدات، وە خۆی بە نیشتمان پەروەر بزانێ‌و منداڵەکانی

بخاتە قوتابخانەی بیگانەوەو بە زمانی بیگانە بخوێنن. لەم رووەشەوە (نغویین ڤان هوین) ئەڵێ : ـ (ئەو هاوڵاتیانەی کە لەیەك وڵات دا ئەژین، وە لافی خۆشەویستی خاك و ئەو نیشتمانەی کە تیا لە دایك بوون و نیشتمان پەروەری لێ ئەدەن ، چۆن ئەتوانن لەناو خۆیان دا بە زمانی بیگانە قسە بکەن، بە زمانێك بدوێن کە هیچ پەیوەندیەکی بە کەلەپورو رۆشنبیری و نیشتمان پەروەریو تایبەتیەکانی ژیانیانەوەو بە بیرو راو هەستی نەتەوایەتی گەلەکەیانەوە نەبێ.)

**■ هیچ نەتەوەیەك ناتوانێ راپەڕێت و خۆی رزگار بکات، ئەگەر ریزەکانی گەل وکۆمەلانی خەڵك و جەماوەر یەك نەخات،** جا زمانی نەتەوەیی . . . هەر نەتەوەیەك ـ بەهێزترین هۆو داردەستی جۆبەجێ کردن و سازدانی ئەم یەکیەتیەیە، لەم رووەشەوە (ڤان توان) ئەڵێ : ـ (زمانی نەتەوەیی) هاوبەشیەکی گەورەو کاریگەر لە رێکخستن و یەکیەتی ریزەکانی گەل دا ئەکات، ڤیتنامیەتی سەرجەم لە هەموو سەردەمەکان داو بە درێژایی مێژوو هۆیەکی کاریگەر بووە بۆ یەکیەتی نەتەوەکەمان و بەردیکی قایمی بنەڕەتی ژیانی رۆژانە بووە، بەتایبەتی لە بواری بنیات نانی نیشتمان و ژیانی ئابووریو سیاسیو کۆمەلایەتی جەماوەردا.)

● ئەو ڤیتنامیە تێکۆشەرانەی کە سوپای فەرەنسیو ئەمەریکیان بەزان، سەرکەوتنی نیشتمان پەروەریان بە کەورەترین دەسکەوت دائەنێن، هەروەها لەگەڵیدا شانازییەکی گەورە بە سەرکەوتنی ڤیتنامیەتی سەرجەمیانەوە ئەکەن، هەر لەم رووەشەوە (ڤان توان) ئەڵێ : ـ (گەلی ڤیتنامی بە یەکێك لەو گەلانە دائەنرێت کە هەر لە هەزار ساڵ لەمەو بەرەوە ژیانیکی ناخۆش و توندو تیژ و پر ئەشکەنجەی بەسەر بردووە، وە گەورە ترین شتیکیش کە لەم ژیانەدا بەدەستی هێنابێ سەرکەوتنی زمانی نەتەوایەتی ڤیتنامی بوو.)

● زمانی ڤیتنامی لە ساڵەکانی چلەکان دا زمانیکی سەرەتاییو تازەدەست پێ کردوو بووە، لە نێوان هەشتا ساڵەی ژێر دەستی ئیستیعماری فەرەنسیەوە، هیچ فرسەتێکی پێشکەوتن و گەشەکردنی بۆ هەڵ نەکەوت، بەڵکو لە قۆناغی دوواکەوتەییو راوەستاویدا مایەوە. فەرەنسیەکان زمانی خۆیان لە کاروباری بەرێوەبردن و فیرکردن بە هەموو قۆناغەکانیەوە سەپاند بەسەر ڤیتنامیەکان دا . وە لەم رووەوە نووسەر (دانغ تهای مای) ئەگێرێتەوەو ئەڵێ (هەندێ کەس لە ساڵەکانی چلەکان دا هەبوون ئەیان وت، زمانی ڤیتنامی زمانێکی هەرەمەکیو ناوچەییو زۆر نارەحەتە، تەنها بۆ دووان و قسەپێ کردنی هەرەمەکیو ناو عەشایەر ئەشێت، وە هێزی شی کردنەوەی لاوازەو ناتوانێ ببێتە زمانێکی وردو شیاوی وا کە بەکەڵکی زانیاریو زانستیو کاروباری پیشەسازی بێت).

● **بەڵام لەکاتێکدا کە ڤیتنام سەربەخۆیی بەدەست هێناو رزگاری بوو، ئیتر ڤیتنامیەکان خۆیان نەدا بەدەست ئەم بارە ناسیەوە، (کە وڵاتەکەیان سەرانسەر لەژێر دەسەلات و هێزی زمانی فەرەنسیدا بوو) لە هەموو پەیمانگاو زانیاریو تەکنولۆژیایان دا، (تەنانەت لە مەسەلەی ئیدارەیش دا بەکاریان ئەهێنا)، بەڵکو ریگای نارەحەتی خەبات و تێکوشانی گرانیان هەڵبژارد. لیژنەی پسپۆری تایبەتی زمانەوانیو زانستیانەیان دامەزراند، کە زاراوەی ڤیتنامی رەسەن دابنێن و کتێبە هەرە چاکەکانیانی پێ بکەنە ڤیتنامی، وە لەم مەسەلەیەدا ئەو راسپاردەی سەرۆك و مامۆستایان (هۆشی مینە)یان خستبووە پێش چاوی خۆیان کە ئەڵێت (شەو نخونی بەدیار پاك کردنەوەی زمانی ڤیتنامیەوە بکێشن، هەر وەکو چۆن شەونخونی بەدیار پاك کردنەوەو پاك و خاوێنی چاوتانەوە ئەکێشن، زۆر بەتووندو تیژی لەوە دوور بکەونەوە، کە تەنها یەك وشەی بیگانە لە جێگایەك دا بەکاربهێنن ئەگەر توانیتان وشەیەکی ڤیتنامیو خۆماڵی تیا بەکاربهێنن.**

## چارەکە ملیۆنێك وشە:

● **ئەو لیژنە تایبەتیانەی کە دروست بوون، بە وردی هەوڵ و تەقەلایانداو ئیشیان کرد بۆ داتاشین و دانانی زاراوەی رەسەنی خۆماڵی، لە نێوان پلانێکی زانستیانە کە متمانەی کردبووە سەر رێزمان، نەچوونە دەرەوەی زاراوە لە رۆحی زمانەکەیانیان مسوگەر ئەکرد، لە دانان و داهێنان و داتاشینی زاراوەکان دا ـ هەر وەکو بەرێوەبەری کولیجی ئەندازیاری ئەو کاتە مامۆستا (فام دونغ دیین) ئەڵێ ـ (لەپێش هەموو شتێکدا بە زمانەکەی**

خۆمان دا ئەگەڕاین، ئەگەر شتێکمان لە بابەتەکە نەدۆزیایەتەوە - ئەوا لە زمانی چینیدا بۆی ئەگەڕاین).

● وە گەلێ گیروگرفت و کۆسپی گەورە هاتنە ڕێگای سەرپەرشتیارانی ڤێتنامیەت، بەڵام بەهێزو تواناو دڵسۆزییان بۆ زمانەکەیان توانیان یەکە یەکە بەسەریان دا زاڵ بین و لایان دەن، تاوەکو بەهەوڵ و تەقەلایەکی زۆر توانیان لە تێڕوانینێکی فەقیرانەوە، زمانێکی زانستیانەی تازە پێکەوە بنێن، بەجۆرێك توانیان لە ماوەی (٢٠) ساڵ دا، واتە لە ساڵی (١٩٤٦)ەوە تاکو ساڵی (١٩٦٦)، چارەکە ملیۆنێك وشەو زاراوە دابنێن. گومانی تیا نیە کە هەر زمانێك لە ماوەی (٢٠) ساڵ دا چارەکە ملیۆنێك وشە بچێتە فەرهەنگیەوە، ئەوە ئەو زمانە لەسەرەتادا زمانێکی سادەیەو لە زمانی دەست پێکردن و هەرەمەکیەوە نزیکە، بۆ ئەم مەسەلەیەش (نغوین ڤان هوین) وەزیری پەروەردەی پێشو ئەڵێ : - (بەهۆی هاوکاریو یارمەتی لیژنەی دەوڵەتی زانیارییەوە ، لەگەڵ پەیمانگاکانی لێکۆڵینەوەی زانستیو، ئەو لایەنانەی کە لەبواری لێکۆڵینەوەی زمان دا کاریان ئەکرد، توانیان کە چارەکە ملیۆنێك وشەو زاراوەی زانستیانەی تەکنۆلۆژی دابنێن. وە بەگشتی ئەو بنەرەتانەی کەلە دانانی زاراوەو وشەکان دا متمانەیان کردبوونە سەر ئەمانە بوون، (ئەبێ زۆر ورد بێت . لە زمانی قسەکردنەوە نزیك بێت، لە سەر زمان ئاسان بێت، بەکاری بەکارهێنان و ئیش پێکردن بێت).

● جا لە نێوان تاقیکردنەوەی زانا ڤێتنامیەکانەوە دەرکەوتووە، کە ئەو زاراوەو وشە داهێنراوە تازانە لە مانا بەخشین دا وردەکارییەکی زۆریان تیایەو لەوانە باشترن کە لێیانەوە وەرئەگیرێ، چونکە ئەو زاراوە تازە داهێنراوە وەرگیراوە، لەوانەیە کەڵکی لەکات و بەسەر هات وەرگرتبێ ، هەروەها کەڵکی لە گەشەکردنی ئەو زانستیو زانیارییەوە وەرگرتبێ کە زاراوەکەی تیا بەکار ئەهێنرێ.

هەروەها کاروباری داهێنان و دانان و داتاشینی زاراوەو وشە زانستیو تەکنۆلۆژیەکان لە چوارچێوەیەکی تیوری لە واقیع دابڕاوی کتومت دا نە ئەکران، بەڵکو لە مەیدان دا جێبەجێ ئەکران، لە نێوان خوێندن و دەرس وتنەوەو لێکۆڵینەوەدا بەدی ئەهاتن.

دەستە تایبەتیەکان لیستەکیان لەو کتێب و سەرچاوە چاکانە ئامادە کرد، بەتایبەتی ئەوانەی کە بڕیار درابوو بکرێنە ڤێتنامی، چی لە بواری وەرگێڕان و چی لە بواری دانان دا، ئەنجامی ئەم کارەش لە ماوەی (٢٠) ساڵ دا، لە ساڵی (١٩٤٦)ەوە تاکو ساڵی (١٩٦٦) دانانی (٢٠٠) کتێب و، وەرگێڕانی (٣٠٠) کتێب و سەرچاوەی تر بوو. لەم بارەیەوە مامۆستا (نغوی نهو کۆنتۆم) ئەڵێ : - (بە گوێرەی سەر ژمێرییەکی ناتەواو کە زۆر متمانەی ناکرێتە سەر، ژمارەی ئەو چاپکراوانەی کە کرابوون بە ڤێتنامی گەیشتبوونە (٥٠٠) کۆمەڵە چاپکراو کە بریتی بوون لە (٢٠٠) هەزار لاپەڕە ، وە (٥٠) ملیۆن وشە. (٣٠٠) کۆمەڵەیان بریتی بوون لە چاپکراوە وەرگێڕراوەکان لە جۆرەها زمانی بێگانەوە، دوو سەدەکەی تریشی بریتی بوون لە نووسینەکانی ناوخۆی زانکۆکانی خۆیان.

● سەرپەرشتیارانی فێرکردنی زانیاری لە ڤێتنام دا گەیشتبوونە ئەو ڕایەی کە هیچ وڵاتێك لە مەیدانی زانستیو تەکنۆلۆژیو ڕۆشنبیریدا پێش ناکەوێ، ئەگەر نەتوانێ زانستیو ڕۆشنبیریو زانیاری لەناو جەماوەری گەلەکەیدا بەفراوانی بڵاو بکاتەوە، ئەم بڵاوکردنەوەیەش بە ڕووبەڕوو زۆربێو بۆربێ ناکرێ، ئەگەر ئەم زانیارییە بە دەرس خوێندن و لێکۆڵینەوەی زانستی بە زمانی زگماکی خۆماڵیو نیشتمانی نەکرێت. وە لەساڵی یەکەمی سەربەخۆیی ڤێتنام دا ئەم دروشمە بەرز کرایەوە، (باشترین هەل بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریو ڕۆشنبیری بە خێراییو لە بارو دۆخێکی چاك دا، ئەوەیە کە زمانی نیشتمانیو خۆماڵی نەتەوایەتی زمانی دەرس خوێندنی زانیاریو لێکۆڵینەوەی زانستی بێت). لەم ڕووەشەوە مامۆستا (نغویان ڤان توان)ئەڵێ: - (زمانی خۆماڵیو نەتەوەیی باشترین هۆیە بۆ بڵاوبوونەوەو فێربوونی زانیاریو زانستی تەکنۆلۆژی پێشکەوتووانە).

## ڤێتنامیەتی پزیشکایەتی : -

● کاتێك کە (هۆشی مینە) بڕیارە سیاسیەکەی بۆ ڤێتنامیەتی سەرجەم دەرکرد، مامۆستایانی پەیمانگا پزیشکیەکان لێی ڕازی نەبوون و داوای ئەوەیان کرد کە چاویان پێی بکەوێت، لە ئەنجام دا ئەو سەرکردە بە سەبرو بە توانایە ماوەی چاوپێکەوتنیدان و لەگەڵیان کۆبووەوە. وە بۆیان ڕوون کردەوە کە ڤێتنامیەتی خوێندنی پزیشکایەتی هەرگیز

ناكرێت، ئەویش بەهۆی ئەوەوە كە نەئەوان نە قوتابیەكانیشیان زمانی ڤێتنامی نازانن . جا عادەتی (هۆشی مینە)ش وابوو، كە زۆر تر گوێی ئەگرت لەوەی كە قسەی ئەكرد، چەند سەعاتێك گوێی لە مامۆستایانی پزیشكایەتی گرت، لەوێدا داوایان كرد كە ڤێتنامیەتی خوێندنی پزیشكایەتی دووا بخرێت، یاخود بەرە بەرە جێبەجێ بكرێت، بە گوێرەی بەرنامەیەك، كە چەند ساڵێك بخایەنێ ئیتر لە كۆتایی كۆبوونەوەكەدا ئەو سەرۆكە ڤێتنامیە تێكۆشەرە ئەو مەسەلەیەی بەم جۆرەی خوارەوە بڕیەوەو پێی وتن: -

(وەك شتێكی جیاواز تەنها ئەمساڵ ماوەتان ئەدرێتێ كە بە زمانی فەرەنسی دەرس بڵێنەوە، لەگەڵیشیا زۆر زەروورییە كە خۆتان و قوتابیەكانیشتان زۆر زوو فێری زمانی ڤێتنامی بین، بە مەرجێك كە لە كۆتایی ساڵ دا، تاقی كردنەوەكان بە زمانی ڤێتنامی بكرێت).

ئینجا مامۆستاكان ڕۆیشتن بۆ ئەوەی ئەوبڕیارە جێبەجێ بكەن كە سەركردایەتی سیاسیان بە شێوەیەكی بنە بڕی دای، لەم بارەیەشەوە مامۆستا (نغوی نهۆ كونتۆم) ئەڵێ : - (من لەبیرمە كە لە یەكەم ساڵی دامەزراندنی قوتابخانەی پزیشكایەتی و دەرمانخانەیەتیدا ، (قوتابخانەی زانستی و هونەرە جوانەكان و قوتابخانەی باڵا بۆ كارو باری گشتی كە لە ساڵی ١٩٤٥دا بوو، بە تەواوی لە كۆتایی ئەو ساڵەدا بوو (هێشتا ئێمە لە سەردەمی شۆڕش لە دژی داگیر كەری فەرەنسیدا بووین) . ئێمەی مامۆستایانی زانكۆ كە هەموومان لە پەیمانگا بەرزەكانی فەرەنسا دەرچووبووین، پرسیاری تاقی كردنەوەكانمان بە زمانی فەرەنسی دائەناو ئینجا لەم زمانەوە (كە هەر لەپێش دەیەها ساڵەوە پێی ڕاهاتبووین كە قسەی پێبكەین و بیری پێ بكەینەوە) ئەمان كردە زمانی ڤێتنامی كە تازە بەزۆر فێری خوێندن و نووسینی بوو بووین. هەندێكمان نیوە ڕۆژێك یان ڕۆژێكی پێ ئەچوو تاوەكو پرسیارەكانی بە فەرەنسی دائەنا، بەڵام چەند ڕۆژێكی تەواوی ئەویست تاوەكو ئەیكردە ڤێتنامی)،

● هەروەها مامۆستا (تران هۆی نیوك) ئەو نارەحەتیو ناخۆشیانە ئەگێڕێتەوە كە لە پێناوی فێربوونی زمانی ڤێتنامیدا هاتوتە ڕێگایو ئەڵێ (پانزە ساڵم لە دەرەوەی ڤێتنام دا بردوتە سەر ، لەو پانزە ساڵەدا خوێندن و فێر بوونم هەر بە زمانی فەرەنسی بووە - ماوەی چەند ساڵێك لە كولیجی پزیشكی زانكۆی پاریس دا مامۆستا بووم - ، وە لەساڵی ١٩٤٦دا گەڕامەوە بۆ ڤێتنام و لە هانۆیدا وتنەوەی بابەتی لوت و گوێو قوڕگم لە پەیمانگای پزیشكیو دەرمانخانەییدا پێ سپێررا. وە هەر لە سەرەتاوە دەستم كرد بە فێربوونی زمانی نەتەوەییو خۆماڵی ڤێتنامی وە لە بیرمە، یەكەم دەرسم لە هۆڵی پەیمانگاكەدا بەزمانی نەتەوەیی وتەوە . وەك شتێكی سروشتی لە سەرەتاوە تووشی نارەحەتی هاتم، بەڵام سەركەوتم، وە من لەخۆم ڕازیم، چونكە توانیم كە شانازی خۆم وەك نیشتمان پەروەرێكی سەربەخۆو ڕزگار دەربڕم، ئەویش بەوەی كە توانیم دەرسەكانم بە زمانی ڤێتنامی بڵێمەوە).

● بەم شێوەیە ئەبینین كە مامۆستایانی زانكۆی ڤێتنامی بە گەورەیی، هەوڵ و تەقەلایەكی زۆر چاكیان ئەدا، كە زۆر بە باشی فێری زمانی ڤێتنامی بین، هەروەها بۆ وەرگێڕانی زانیارییە پزیشكایەتیەكانیان بۆ زمانی ڤێتنامیو گەیاندنی بە قوتابیەكانیان ، ئەم مامۆستایانە لەگەڵ فێربوونی خۆیاندا چەند ئیشێكیان ئەكرد ، ئیشێكیان بە شوێندا چوونی كاروباری پێشكەوتن و گەشەكردنی زانیاری لە جیهان دا بوو، كە بە زمانی فەرەنسی وەریان ئەگرت و فێری ئەبوون، ئینجا كاری وەرگێڕانی زاراوە پزیشكیە فەرەنسیەكان بۆ زمانی ڤێتنامی ، كە ئەمیش ئەبوایە زاراوەیان بە زمانەكەی خۆیان بۆ دابهێنایەو بە قوتابیەكانیان بووتایەتەوە، ئینجا لە كتێبخانەی ڤێتنامیش دا بیان نوسیایەتەوە. بۆیە بۆ ئەم مەسەلەیە تووشی هیلاكیو نارەحەتیەكی یەكجار زۆر ئەهاتن، بەڵام چونكە بۆ خزمەتی گشتی وڵات و نەتەوەو ڕۆشنبیریو زمانی نەتەوەیی خۆیان بوو، بە هیچ جۆرێك هیلاكیو ماندوو بوونیان بە خەیاڵدا نەئەهات ، ڕۆژ بە ڕۆژ تابێ لەسەر ئەو خۆ هیلاك كردنەو گەیاندنی كارەكەیان بە ئەنجام سورتر ئەبوون. هیلاكی ئەمانە تەنها بۆ ئەوە نەبوو كە فێری فەرەنسی بین و، وەك خۆی بە قوتابیەكانی بڵێنەوە، بەڵكو كارێكی پیرۆزیان بۆ داهێنان و بنیات نانی زمانی نەتەوەیی خۆیان جێبەجێ ئەكرد، بە هەموو قەناعەتێكەوە خەریكی دەرس وتنەوەی زانكۆیی خۆیان بوون بۆ ئەوەی كە پزیشكی ڤێتنامی زۆر چاك و شارەزا پێ بگەیەنن - هەروەكو مامۆستا (تیوك) ئەڵێ : - (ئەبێ پزیشكی ڤێتنامی ڕاستیو دروستی ڤێتنامیەت بزانێ، ئەم مەسەلەیەش بە زەرووڕەت ئەبەوێ كە پزیشكی ئێمە زمانی ڤێتنامی باش بزانێت و لە كارو بارو ئیشەكەیدا بەكاری بهێنێ).

● ڤێتنامیەتی پزیشكایەتیو خوێندنی پزیشكایەتی بە زمانی ڤێتنامی تەنها لایەنی شكڵ و ڕواڵەتی دەرەوەی نەگرتبووەوە، وەك ئەوەی بڵێی تەنها وەرگێڕانی زانیاریو زاراوەكان بێ، بەڵكو لەوە تێپەڕیوو بۆ دروست كردن و گەشانەوەی پزیشكایەتیەكی ڤێتنامی ڕاستەقینە، بۆیە

مامۆستایانی پزیشکایەتی لە ڤێتنام دا بڕوایان وابوو کە ئامانجی ئەوان تەنها وەرگێڕانی بەرنامەو پرۆگرامی کولیجە پزیشکیە ڕۆژ ئاواییەکان بۆ زمانی خۆیان ، یاخود وەرگێڕانی پزیشکایەتی ڕۆژئاوایی نیەو هیچی تر، بەڵکو ئەبێ ئەو مەسەلەیە بەردەوام بێت بۆ ژیانەوەو گەشەکردنی پزیشکایەتی ڕۆژهەلاتی ، کە لە شارستانیەتی ڕۆژهەلاتی ڕاستەقینەوە ماوەتەوە، لەبەر ئەمە ئەبینین کە مامۆستایانی پزیشکایەتی لە ڤێتنام دا بایەخێکی زۆریان دایە پزیشکایەتی خۆماڵیو فۆلکلۆری خۆیان، لێی کۆڵینەوەو خوێندیان و ڕێگاو جۆرەکانیان وەرگرت و خستیانە ناو پرۆگرامی خوێندنی کولیجە پزیشکیەکانی خۆیان. وە لە کولیجی پزیشکی ڤێتنامیو کۆریو چینیدا بەشی تایبەتیان بۆ پزیشکایەتی خۆماڵی دانا،



ڤێتنامیدا دکتۆر (تیوك) ئەڵێ : -

(فێربوونی پزیشکایەتی بە زمانی ڤێتنامی، هۆیەکی سروشتی چاکە بۆ جێبەجێکردن و ڕاپەڕاندنی بەستەوەی پزیشکایەتی تازەی سەردەم بە پزیشکایەتی کۆنی خۆماڵی فۆلکلۆریەوە، یاخود بەستنەوەی پزیشکایەتی ڕۆژئاوایی بە پزیشکایەتی ڕۆژهەلاتیەوە).

جا ئەبێ زۆر چاك ئەوەش بزانین کە پیشەی پزیشکیو کاروباری پزیشکایەتی لە هیچ وڵاتێك و لە ناو هیچ نەتەوەیەك دا سەر ناکەوێو ئەنجامی چاکی نابێت، ئەگەر متمانەی تەواو نەکاتە سەر پزیشکایەتی خۆپاراستن (الطب الوقائي). هەروەها پزیشکایەتی خۆپاراستنیش لەناو جەماوەردا بڵاونابێتەوەو سەرناکەوێ، ئەگەر بە زمانی خۆماڵیو نەتەوەیی بڵاونەکرێتەوەو نەخوێنرێ، بۆیە مامۆستا (تیوك) لەم مەسەلەیەش دا ئەڵێ (پزیشکایەتی پێشکەوتوو بەکەڵك ئەبێ لەپێش هەموو شتێك دا بریتی بێ لە پزیشکایەتی خۆپاراستن، بۆ ئەمەش ئەبێ هیچ نەبێ کۆمەلانی خەڵك و جەماوەر بەگشتی نەخۆشیەکان و هۆی پاك و خاوێنیو تەندروستی چاك بزانن، ئەم مەسەلەیەش تەنها بە ئامادەیی کۆمەلانی خەڵك و جەماوەرەکە خۆیان سەرئەکەوێت، لێرەش دا ئەگەر زمانی نەتەوەیی بەکار نەهێنرێ چۆن ئەتوانرێ ڕادەیەکی باشی ڕۆشنبیریو زانیاری خۆپاراستن و کاروبارەکانی پزیشکایەتی خۆپاراستن لەناو جەماوەردا بەچاکی بڵاوبکرێتەوەو جێبەجێ بکرێو سەریش بکەوێ).

## ئەنجامی باسەکەو کەڵك لێوەرگرتنی : -

● دووای خوێندنەوەی ئەم باسەی سەرەوە ، ئەگەینە چەند ئەنجام و ڕاستیەك، کە ئەتوانرێ بکرێتە نموونەو کەڵك و سودی چاکیان لێوەربگیرێ، وەك ڤێتنامیەکان خۆیان کەڵکێکی باشیان لە بواری گەشەکردن و پێشکەوتنی زمانی نەتەوەییو ڕۆشنبیری گشتی خۆیان دا لێوەرگرت. وا ئێمەش لێرەدا، کورتەی باسەکە یاخود ئەنجامی باسەکە بەکورتی لەچەند خاڵێك دا ئەخەینە بەردەستی خوێنەران و ڕۆشنبیرانی کورد بە هیواو نیازی ئەوەی کە سود بەخش بێت بۆ دەوڵەمەندکردنی تاقیکردنەوە خۆماڵیەکانی نەتەوەیی خۆمان و ئەوانەی کە خەریکی دانانی بەردی بناغەو بەرزکردنەوەی دیواری گەشەکردنی زمانی نەتەوەییو ڕۆشنبیری کوردن کەڵکی لێوەربگرن.

یەکەم/ هەر لەگەڵ بەدەست هێنانی سەربەخۆیی نیشتمانەکەیان دا لە ساڵەکانی چلەکان دا، ئیتر ڤێتنامیەکان دەستیان کرد بە جێبەجێ کردنی ڤێتنامیەتی سەرجەم لە بواری خوێندن و فێرکردن و بەڕێوەبردنی هەموو لایەنەکانی تری ژیانیان دا، کە ماوەی (٨٠) ساڵی ڕەبەق بوو زمانی فەرەنسی دەستی بەسەردا گرتبوو.

دووەم / بەڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنی ئەم ڤێتنامیەتە سەرجەمە توانیان ئابووریو پزیشکایەتیو لێکۆڵینەوەی زانیاریو زانستیان لەگەڵ ئەو جەنگەدا ڕابێنن کە نزیکەی نیو سەدەی خایاند. هەروەها

جێبەجێکردنی یەکیەتی گەلی ڤێتنامی لە خواروو سەروودا مسوگەر بکەن، وە دەوڵەتی ڤێتنامی یەکگرتوویان لەسەر شێوەو شێوازو ڕێگای یەکیەتی گەورەی نەتەوەی چینی دامەزراند.

سێیەم/ بەهۆی ئەو ڤێتنامیەتە سەرجەمەوە، پزیشکایەتیەکی چاکی پێشکەوتووی ڤێتنامیان دروست کرد، گیروگرفت و تەنگو چەڵەمە تەندروستیەکانی مرۆڤی ڤێتنامیان نەهێشت، پزیشکایەتی ڕۆژ هەڵاتیو خۆماڵی خۆیانیان پێش خست، بە جۆرێك کە لایەنە چاکەکانیان پاراست و گەشەیان پێکرد، ئەمیش بەکەڵك وەرگرتن و بەکارهێنانی ڕێگاو بۆچون و شێوەی پزیشکایەتی ڕۆژ ئاوایی تازە، کە ئەمانە هەموویان بەهۆی ژیانەوەی زمانی نەتەوەییانەوە بوو.

چوارەم / ڤێتنامیەکان لە نێوان تاقیکردنەوەکەیانەوە سەلماندیان کە نزیك ترین و چاك ترین و ڕێگاو هۆ بۆ بنیات نانی لایەنی پێشکەوتنی ئابووریو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریو سیاسی هەر نەتەوەیەك، ئەوەیە کە زمانی نەتەوەییو خۆماڵی لەومەسەلانەدا دارەدەست بێو هۆی فێرکردن و خوێندن و ئاخاوتن بێت. فێربوونی زانستیو تەکنۆلۆژی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن دا بە زمانی نەتەوەییو نیشتمانی بێت. بەکارهێنانی لە مەڵبەندەکانی لێکۆڵینەوەی زانستیدا، ئەبێتە هۆی هێنانەدی زانستیو زانیارییەکی نەتەوەیی ڕاستەقینەو نیشتمانی ڕووت کە هەر هەموو چینەکانی جەماوەری ئەو نەتەوەیە لەژیانی ڕۆژانەیان دا کەڵکی لێوەربگرن، هەر ئەو زانیارییە نیشتمانیە ئەبێتە هۆی بنیات نان و پێگەیاندنی گیانی نەتەوایەتی لەسەر بنەڕەتی بەرهەم هێنان و توانای خۆیی نەتەوە، بە کەڵك وەرگرتن لە تاقیکردنەوە سەرکەوتووەکانی ئێستاو ڕابووردوو نەتەوە ئەبەسترێت بە یەکەوە. وە ئەو زانیارییەی کە بەهۆی زمانی خۆماڵیو نیشتمانیەوە پێناسەی نەتەوەیی وەرگرتووە، وا لێ ئەکات کە لەگەڵ پێداویستیەکانی کۆمەڵ دا ڕێك بکەوێت، هەروەها لەگەڵ پێداویستیەکانی قۆناغی تێکۆشان دا کە نەتەوە پێوەی خەریکە یەك بکەوێت. پێنجەم.

بە ڤێتنامی کردنی زانستیو زانیاریو پزیشکایەتی لە چەند ساڵێکی کەم دا ڤێتنامیەکان توانیان کە ترسناکترین گیروگرفت نەهێڵین، کە لە ساڵی ١٩٧٥دا لەدوای ڕزگارکردنی سایگۆنەوە هاتە ڕێگایان، هەروەها توانیان کە هەردوو بەرەی ڤێتنام یەك بخەن و زاڵ بن بەسەر گەلێ گیروگرفتی جنسیو لایەنەکانی تری کۆمەڵایەتیدا کە هەر هەمووی لە ئەنجامی ژێر دەستایەتی ئیمپریالیزم دا بۆیان دروست بوو بوو.

شەشەم / بە ڤێتنامیەتی سەرجەم ـ زاناو زمانەوانە ڤێتنامیەکان توانیان بارو دۆخێ چاك بۆ داهێنان و داتاشینی زاراوەی زانستی خۆمالی بدۆزنەوە ـ کە لای ئێمە ئەم مەسەلەیە تەنها بە شێوەو ڕواڵەتەو بەهیچ جۆرێك بایەخی مەیدانیو ئیش پێکردنی نەدراوەتی، تەنها هەوڵی تاکە کەسی نەبێت . وە لەم دوایەش دا هەوڵی دانانی فەرهەنگێکی کوردی چاك دراو لیژنەو شتی وای بۆ دامەزرا ، تاکو ئێستاش نەگەشتوونەتە ئەنجامی دیاری ، ئەگەر ئەم هەوڵە سەربگرێ ، ئەوا کارێکی چاك ئەبێ بۆ خزمەت کردنی زمانی نەتەوەیی خۆمان و چارەڕوانین.

حەوتەم / هەڵسوکەوتی ڤێتنامیەکان لەگەڵ زمانەکەیان دا شێوەیەکی پیرۆزبوو، زمانەکەیان ـ پیرۆزو پەرستراو دانا، ئەمەشیان لە شێوەی ڕاپەڕاندن و ئیش پێکردن دا جێبەجێ کرد، نەك تەنها بە قسەو ڕواڵەت و هیچی تر بەڵکو وایان لێ کرد کە هەموو ڕواڵەت و بارەکانی ژیانیانی گرتەوە. نەك وەکو لای ئێمە کە هەر یەکێك بە شێوەیەك ئەنووسیو بە هەوەسی خۆی زاراوە دائەتاشێ، تەنانەت شێوە زمانە تایبەتیەکانی ناوچەییەکانیش ئەهێنن و تێکەڵاوی ئەم زمانە داماوە هەژارە ئەدەبییەی ئێستامانی ئەکەن، کە نالی شارەزووریو کوردی سالم بە هەوڵی پیرۆزیان سەرەتایان بۆ دانا ، بێ ئەوەی بیر لە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی بکەنەوە ، ئەگەر هەشبێ بیری لێ بکاتەوە، تەنها هەوڵی تاکە کەسیەو هیچی تر، وەك غەم خواردن و بەتەنگەوە بوونی هەموان نادرێتە قەڵەم.

● ئەم تاقی کردنەوە سەرکەوتووەی گەلی تێکۆشەری ڤێتنامی لە بواری گرنگی دان و بایەخ دان بە زمانی نەتەوەیان هۆیەکی کاریگەری سەرکەوتوو چاك بوو بۆ پشت گرتن و بەردەوامی سەرکەوتنەکەیان و مسوگەر کردنی پاشە ڕۆژی ڕووناك و گەش بۆ هەموو ڕووەکانی ژیانی ئابووریو ڕۆشنبیریو زانستیو کۆمەڵایەتیو تەکنۆلۆژیان تاقیکردنەوەیەکی سەرکەوتووانەی چاکەو ئەشێ کەڵك وسودی لێوەربگیرێ بەلاسایی کردنەوەیان، یاخود کەڵك لێوەرگرتنی لە لایەنە چاکەکانیدا بە گوێرەی بارو دۆخی ئەمڕۆی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیری ڕەخساو بۆ نەتەوەی کورد، کە ئەمڕۆ فرسەتێکی چاکە فریای چەردەیەك هەوڵی دڵسۆزانەو خۆماڵی بکەوین ـ

# پەنجەنمایێک بۆ ئەدەبی سۆمەری



وێنە (١)

ڕووی تابلۆیێک کە پێنج پەندی لەسەر تۆمارکراوە ـ لە مۆزەخانەی زانکۆی فیلادلفیا پارێزراوە.

نەژاد عزیز سورمێ

## دەروازە:

(١)

توێژەرە ئارکیۆلۆژییەکان ئەوەیان یەکالا کردۆتەوە کە یەکەم نیشتەجێبوونی ئادەمزاد لە چەرخی بەردینی نوێوە؛ لە بنارو لوتکەی چیاکانی باکووری ئەو شوێنەدا بووە، کە لە ئاخروئۆخری فەرمانڕەوایێتی ساسانییەوە بە عیراق دەناسرێ. ئەو دەمە دەشتاییەکانی باشووری عیراق لە ژێر ئاودا بوو.

بێگومان هەل و مەرج و باری سرووشتی و ئابووری دامێن و قەدی ئەو چیایانە لەپێشەوەی ئەو هۆیانە بوون کە ئادەمزادی ئەو چەرخە وردە وردە واز لە ژیانی ڕاوو کۆکردنەوەی بژێوی بێنێ و لە شوێنێک جێنشین بێ و بچێتە قۆناخی بەرهەم هێنانی بژێوی و بەخێو کردنی ئاژەڵ و لەپاشانیش ئەو شۆڕشە بەرپابکا کە بە شۆڕشی کشتوکاڵ ناسراوە.

تا ئێستــاش (بـاوەکـو لە شوێنی دیکـەش هەنـدێ مەڵبـەنـدی نیشتـەجێ بـوون هەبووبن ؛ وەك باشووری ڕۆژئاوای ئاسیاو بەشی باکـووری ڕۆژهــەڵاتی میسـۆپـۆتـامیـا)، دۆزراوەی پاشمـاوەی بەرهـەمی شارستـانیـەتـەکـانی ئەو سەردەمـانە ئەوە دەسەلمێنن کە گونــدی چێــرمـۆ (٥٠کم بەرەو ڕۆژهـەڵاتی شاری چەمچـەماڵ) یەکـەمین گونـدی کشتـوکـاڵی بووە، ئەو دۆزراوانـەیش زۆربـەیان دەگەڕێنەوە بۆ (٧٠٠٠ی پ. ز) کە دەکاتە نزیکەی ٩٠٠٠ نۆ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا.

(٢)

بە دۆزینـەوەی مەعــدن و سەرهــەڵـدانی ئەو چەرخـەی کە بە چەرخی بەردی ـ مەعـدەنی یـەوە دەنـاسرێ، کۆمەڵێك دەسکەوتی گرینگ هاتنـە دەست کە مژدەی سارستانیەتێکی کامڵیان دەدا. لە ئاکـامیشـداو لە ئەنجـامی وەختاوەختی بێ بارانی و چەند ماوەیێکی وشـك، ئادەمـزادی بەرەو خوار، بەرەو دەشتاییە بەپیتەکانەوە ڕاکێشا کە هەمـوو هۆیێکی ژیـانی تێدا بوو، بەم جۆرە سەرەتای دروست ـ بوونی شارو بڵاوبوونەوەی کشتوکاڵێکی پێشکەوتوو بەهۆی ئاودان و بەکــارهێنــانی ئەو ئامێـرە نوێیـانـەی چەرخی مەعـدەنی هێنـایـە کایـە. . . و بەرە بەرەیش وای لێ هـات کامڵتـر لە دەشتە بەپیتەکانی باشـووری عێـراق دەردەکـەوت، ئەمـەش لە سنووری سێ هەزارو پێنـج سەدی پ. ز. کە بە چەرخی (نیمچـە مێژوویی یەوە ـ Proto historig) ناسراوە.

(٣)

لە نیـوەی دووەمـی (٣٥٠٠ پ. ز)یش کە نوسـین داهێنــرا بوو، لە هەزاری سێـیـەمــدا بەرەو پێشتــرچـوو، ئەوەبــوو نووسینی بزمــاری (Cuneiform) بوو بەهـۆی تۆمـارکـردنی زۆربـەی لایـەنـەکـانی ژیـان و پەرستگـاو ڕژێمی حوکم، بەتـایـەتیش لەو کاتەدا کە بە کاتی دەوڵەتۆکەی شار (دویـلات المدن)وە ناسراوە. . ئەو دەمە گەلێك لەسەر شانۆی ژیان بوون کە بە سۆمەری یەوە دەناسرێن.

هەر لەو کاتـەشـدا. واتـە سەردەمی دەوڵـەتۆکەی شار چەند ڕەمزێکی ئەفسـانەیی پەیدا بوون، لە پێشەوەی هەموویشیانەوە گەلگامش و پاڵەوانی لافاو (ئوتوناپوشتم).

ئەم ڕەمزانـەیش (ئـەگـەر بشێ بلێێن) نیشـانـەی چەکـەرەکردنی بیرو هەست کردنی ئادەمزاد بوو بە ململانێی لەنێوان مان و نەمان دا.

(٤)

بێگومان سۆمەریەکان بە بنیات نەری شارستانیەتێکی ڕەسەن دەژمێررێن[٢] نەك هەر لە ڕۆژهەڵاتدا بەڵکو لە تەواوی دنیادا. . .

جا پێش ئەوەی بچینە سەر باسی ئەدەب، واچاکە پێشەکیەك دەربارەی وشەی سۆمەرو نەژادی سۆمەریەکان بزانین.

نەژادی سۆمـەریـەکـان تا ئێستـا بەگـرفتێکی مێژوویی ماوەتـەوە ئایا لەکوێوە هاتوون و کەی و بەگوێرەی کۆمەڵەی نەتەوەکانی دنیا بۆ کام کۆمەڵە دەگەڕێنەوە؟

دیســان ئەم پرسیــارانــە تائێستــا بەهــۆی دۆزراوەکـانی بەردەست ئارکیـۆلۆژیست و مێژووناسان نەیان توانیوە بەتەواوی دەستنیشانی نەژادی سۆمەریەکان بکەن.

خۆیشی ناوی (سۆمەر) لە تێکستە بزماریەکاندا بە (Ki - En - Gi) کی ـ ئین گی) یەوە هاتووە، کە Ki) یش لە زمانی سۆمەریدا نیشانەییکە بۆ شار یا وڵات دادەنــرێ، بۆنمـوونـە کە دەنـووسـرا (ئـور ـ Urimki) بەم جۆرە نیشـانـەکـەی بەدوادا دەهـات یا (لـەگەش ـ Lagavaki) کە دەکاتە شاری لەگـەش بەپێی ئەوەی (Ki) بەدوادا هاتـووە. بڕگەی دووەمیش کە (En)ە، لە زمــانی سۆمــەریـدا بەمـانـای گەورە، مەزن یا بە عارەبی (سیـد)و بە ئینگلیــزیش (Lord) یا (master)ە. بڕگــەی (Gi) یش نیشــانــەی دارو درەختە. . کە بڕگەکان هەمووی دەکاتە گەورەی وڵاتی (شاری) قامیش، یا (خـەڵکی وڵاتی قامیش)، کە ئەمـەش تەواو ئەو شوێنـە دەگـرێتـەوە کە سۆمەریەکان یێشکەی یەکەم شارستانیەتیان تیا دانا.[٣]

لە مەسـەلـەی رەگەزی سۆمەریەکانیش، مێژووناسان گومانیان لەوەدا نەمـاوە کە ئەم گەلـە هیچ پەیوەندییەکیان بە سامی یەکانەوە نی یە، بەڵام لە کوێوە هاتـوون و کەی و چۆن و سەر بە چ گرووپێکن (وەك نەتـەوە)، ئەمە تائێستـا ساغ نەبـووەتـەوە.[٤] هەر ئەوەنـدە ئاشکرایە گەلێك لە باشووری عێـراق کە سامیش نین دەردەکـەون و شارستـانیـەتێك بنیات دەنێن کار لە گەلانی دیکەش دەکان ئەکادیەکانیش کە دەڵێن سامین ناوی ئەم گەلەیان بە (شوماریم ـ Sumerlm) بردووە.

لە هەمـوو ئەو دیـاردە شارستانیەتیانەش گرینگتر کە سۆمەریەکان دایان هێنـا نووسین بوو، ئەو نووسینــەی بە بزمـاری ناسـراوەو کە نزیکـەی بە تەواوی مەڵبەندە شارستانیەتەکانی ئەوسادا بڵاو بیووەوە، نەك هەر ئەمەش بەڵکـو هەنـدێ لە زانـا ئارکیـۆلـۆژ ییـەکان وەك (موری Moory) بە بناغەی گشت نووسینێکی دنیای دادەنێن.[٥]

ئەوە بێجگـە لە دیـاردەی دیکـەی وەك پیشـەسـازی و بیناسازی و

بازرگانی و هونەرو. . تاد کە دۆزراوە ئارکیـولـۆژ یـەکـان بەڵگـەی بینراون لەم رووەوە. بە چەشنێك یەکەم بن لە بنیات نانی یەکەمین قوتـابخـانـەو یەکـەمین گۆرانی دڵـداریو خۆشـەویستی و یەکـەم چەکەرەی بیرو یەکەمین لە داهێنانی زمان و نووسین. .

**ئەدەبی سۆمەری**

لەگـەڵ ئەوەی بیـروبـاوەڕی سۆمـەریـەکان ئەفسانە ئامێز بووە، بەڵام ئەمـە ئەوە ناگـەیێنێ ئەدەبـەکـەیـان هیـچ پەیوەندی بە ژیان و گوزەرانی رۆژانـەو ئەوەی پێ‌ی دەگوترێ بیری بابەتی و مەنتیقی‌یەوە نەبێ، بەڵکو لە هەموو مەیدانێکدا تۆمارکراوی ئەدەبیان هەبووە.

بێجگـە لەوەش ئەدەبی سۆمـەری سیماو ئادگاری تایبەتی خۆی هەیە بەوەی ئەگەر کۆنترین نەبێ. لە ئەدەبە هەرە دێرینەکانی دنیایەو ئەدەبێکی رەسـەنە بەو مانایەی خۆیان بەدەستی خۆیان، بەو زمان و خەتـەی کە خۆیـان دایان هێناوە بە دەستمان گەیشتووە، ئەمەش بە پێچـەوانـەی زۆربـەی ئەدەبیاتی دێرین، بەڵکو ئەدەبیاتی سەردەمە نزیکەکانیش لە گۆران و دەسکاریو شێوانەوە بە دوور بووە. دیسان ئەو ئەدەبـە هی داهێنـەری سۆمـەری خۆیـەتی [٦] وئاوێنـەیێکی بێگەردی سرووشتی ژیانی کۆمەڵایەتیو ئایینی بووە.

ئەم سیمـاو ئادگـارە تایبـەتیـانـەش ئەو ئەدەبـە دەوڵـەمـەنـدەی دەوڵـەمـەنـدتـر کردووە، بەوەی بووە بە سەرچـاوەی توێـژینـەوەی لێکـدانـەوەی زۆلایـەنی ژیـانی سۆمـەریـەکـان خۆیان، هەروەها زانین و لێکـدانـەوەی ئەو مەسـەلـە گرینگـانـەی پەیـوەنـدیـان بە بیـروباوەڕو بۆچوونیانەوە هەیە لەبەرابەر گەلێك دیاردەی سرووشتی و دروست بوون و گەردوون و دنیاو. تاد. .

هەر چەنـدە تێکستـە ئەدەبیـەکان بە بەراورد لەگەڵ تێکستی دی کەمن بەڵام ئەمانەی هەموو تێدا هاتووە.

جێگـای باسـە کە دوای پێکێنانی دەوڵەتی ئەکەدیو لێکدانەوەی دەوڵـەتـۆکەکانی شار لەلایەن سەرجۆنی ئەکەدی‌یەوە، باوەکو زمانی رەسمی دەوڵـەت ئەکـەدی بوو، زمـانی ئەدەبی و هەمـووئەوەی پەیوەندی بە خوداوەندو پەرستگاوە هەبوو، تەنانەت بەشێکی زۆری ئەوەی لە قوتـابخـانەکان دەخوێندرا سۆمەری بوو، ئێستاش دیقەت دەدەین گەلێـك وشـەی سۆمـەری هاتـووەتـە نێوزمانی ئەکادی‌یەوە تەنـانـەت زمـانی سۆمـەری کاریشی کردووەتـە سەر رێـزمـانی ئەکەدی. [٧]

بەم جۆرە بەگـوێـرەی سۆمـەریـەکـان ئەگـەرچی زمـانـەکـەیان نەگـەیشتـە پلەی ئەلفـابـاتیـك و بە برگـەیی مایەوە، بەڵام لەلایەنی ئەدەبەوە دەوڵەمەند بوون. [٨]

**بابەتەکانی ئەدەبی سۆمەری**

ئەدەبـی سۆمــەری چ ئەوەی بە شیـعـر یا ئەوەی بە پەخـشـان تۆمـارکـراوە لە دەرگـای گەلێـك بابەت دەدا کە پەیوەندی بە ژیان و بۆچوونیانەوە هەیە بۆی، هەروەها بۆ نەژادی بوون وگیروگرفتەکانی کۆمـەڵ و هەڵســوکـەوتی ئاقـەکـەس بەرابـەر ئەو سیمـاو ئاکـارە کۆمـەڵایەتیانەی پەیوەندی‌یان بە ژیانی رووحی‌یانەوە هەیە، وەکو؛ مردن و دنیـای پاش مردن و مەسـەلـەی نەمری و چاکـەو خراپـەو یا ئەوەی کە پێ‌ی دەگووترێ عەدالەتی خوایی.

ئەو بابەتانەیش دەتوانین لەم دوو سەرە قەڵەمەدا کۆبکەینەوە:

**یەکەم/ شیعر، دووەم/ پەخشان.**

بە گوێرەی شیعر ئێمە لێرەدا باسی چۆنیەتی ئادگارە هونەریەکانی ناکـەین سەبـارەت بەو هۆیـانـەی پەیـوەنـدیـان بە پێکهاتنی زمانی سۆمـەری خۆیـەوە هەیـە. بەڵام هەوڵ دەدەین دەسنیشـانی ئەو داستانە بەناوبانگانە بکەین کە سۆمەریەکان بە شیعر نووسیویانەتەوە لە بەرایێ هەمـوو ئەو داستـانـانـەیشەوە، داستانی گەلگامش، کە چەنـد مەسـەلـەیێکی گرینگی فەلسـەفی تێدایـە، لەسـەرووی هەمـوویـانـەوە کێشـەو ملمـلانێ‌ی مرۆڤ بەرامبـەر بە مردن. . [٩]

بێجگە لەو وێنە شیعریانەی ئەو داستانە نەمرە. . بۆ نموونە با پێکەوە سەرنجێکی ئەم وێنـانـە بدەین کە لە داستـانـەکـەدا هاتووە، کاتێ گەلگـامش وەڵامی عەشتار [١٠] دەداتەوە کە داوای لێ دەکا بیهێنێ. بە هیوای ئەوەی لە دەرفەتێکی تردا بگەڕێمەوە سەری: -

**(گەر بتهێنم چیم پێ دەبڕێ؟**
**تۆ، تۆ لە ئاگردانێك زیاتر نیت ئاگرەکەی لە سرەدا کوژابێتەوە**
**تۆ وەك دەرگای بنەبانێ‌ی، هیچ باو زریانێك ناگێڕێتەوە. .**
**تۆ کۆشکێکی قارەمانی تیا کوڵ دەدەن.**

تۆ قیری، ئەوە پیس دەکەی هەڵتدەگری
تۆ کوندەبێکی ئەوەی هەڵتدەگری تەڕی دەکەی. .
تۆ کەوشێکی ئەو پێیە دەگەزی لەپێت دەکا. .)[١١]

دەتوانین ئەو بابەتانەی بە شیعر تۆمارکراون لەمانەی خوارەوەدا کۆیان بکەینەوە:

★ ئەو ئەفسانانەی پەیوەندییان بە نەژادی بوونەوە هەیە، وەك نەژادی خوداوەندو ئادەمزاد. . .

★ داستانانی پاڵەوانان، وەك داستانی گەلگامش.

★ ئەو چیرۆکانەی پەیوەندیان بە لافاوەوە هەیە.

★ ئەو شیعرە ئایینیانەی لە هەندێ بۆنەدا لە پەرستگاکان دەخوێندرانەوە وەکو پەرستگای (ئێنلیل - Enlil).

★ ئەو ئەفسانانەی بە مردن و دنیای خوارەوە (Nether world) هەیە، وەك ئەفسانەی چوونە خوارەوەی (عەشتار). (Inanna)

★ شیعری خۆشەویستی و دڵداری و ئەوەی پەیوندیی بە ژن هێنانی خوداوەندەوە هەیە.

★ شیعری لاواندنەوە، یا ئەو شیعرانەی بۆ مردن و دنیای خوارەوە نووسراون.

بێجگە لە چەند بابەتی دیکەش کە هەر بە شیعر نووسراونەتەوە، لەمانەش هەندێکیان بۆ پیاهەڵدانی خوداوەندەکان گووتراوە.

وا لە خوارەوە چەند پارچە شیعرێك بە پێی ماوەی ئەم وتارە بەنموونە دەخەینە ڕوو.[١٢]

(١) بەشێك لە ئەفسانەی سەفەری ئینانا (عەشتار) بۆ دنیای خوارەوە. . ئەم شیعرە دارێژراوی شاعیرێکی سۆمەرییە. .
(ڕستە دووبارە کراوەکانی لێ لابراوە).

شیعرەکە درێژە. . بەڵام ئەمەی خوارەوە لەو ڕاستەوە دەست پێ دەکا کە (نەنۆشۆبین)، قاسیدی (ئینانا) بۆ ڕزگارکردنی ئینانا دەچێتە لای خوداوەندەکان:

(. . . . . . . . . . .
ئێنلیل، ئەی باوك
مەهێڵە کچەکەت حوکمی مردنی لە دنیای خوارەوە بەسەردا بدرێ
مەهێڵە مادەنە بێ خڵتەکەت، تێکەڵ بەخۆڵی دنیای خوارەوە بێ. .
مەهێڵە لازوەردە[١٣] گرانبەهایەکەت بشکێ و ببێ بە بەردی دەستی بەردەوان.
مەهێڵە ئینانـای هێشتا کچ حوکمی مردنی لە دنیای خوارەوە بە سەردا بدرێ.
ئەگەر ئێنلیل لەم کارەدا لایەنگیری نەکردی،
بچۆرە (ئور). .
لە ئوریش، کە لە ماڵدا، لە وڵات دەچێتە ژوور[١٤]
لە (ئیکشونوگال)، مەزلی ننا. .[١٥]
لە پێشیدا بگری و (بڵێ):
ننا، ئەی باوك
مەهێڵە کچەکەت. . (لێرەدا پێنج دێر دووبارە دەبێتەوە)*
ئەگەر ننایش لەم کارەدا لایەنگیری نەکردی، برۆ (ئەریدۆ)،
لە (ئەریدۆ)ش کە دەچێتە ماڵی (ئانکی[١٦]
لە پێشیدا بگری و بڵێ:
ئانکی ئەی باوك
مەهێڵە کچەکەت. . (لێرەشدا پێنج دێرەکەی پێشوو دووبارە دەبێتەوە.)
ئانکی باوك و گەورەی حیکمەت
کە (خۆراکی ژیان) و (ئاوی حەیات) دەناسێ
بە ڕاستی ژیانم پێ دەداتەوە. . تاد شیعرەکە)[١٧]

(٢) نموونە لە ئەدەبی لاواندنەوە؛ کە بۆ لاوانەوەی شاری (ئور) گووتراوە کە خوداوەندەکان بەجێی دێڵن (دوای ئەوەی دێرە دووبارەکراوەکانی لێ لابراوە).

(. . .



وێنە (٢)
بەشێك لە ئەفسانەیەکی تایبەت بە ئێنلیل - کە بۆ ٢٤٠٠ پ. ژ دەگەڕێتەوەو لە مۆزەخانەی ڕۆژهەڵات لە ئەستەمبوڵ پارێزراوە.

حەوشەی میگەلی بەجێ هێشت ، بۆیە با بردی
(گـای کێـوی)[18] !! حەوشـەی مەڕەکـانی بەجێ هێش و با بردی . .
ئێنلیل حەوشەی رانی بەجێهێشت ئیتر با بردی . . .
. . . . . . . . . .)
لە چلەمین دێردا شیعرەکە دەگاتە لاواندنەوەی شاری ئور:
(لاوانەوەت، بەئێشە ، تاڵە ئەی شارەکە
شاری ئوری وێران بوو، لاوەنەوەی تاڵە، بەئێشە
چەندی لاوانەوە بەئێشەکەت بمێنێ
گەورەی گریاوت ئەوەندە، خەمبار دەبێ . .
ئەو خوداوەندەی ماڵی خۆی کاول کرد
لە گریان و وەخۆڕاهاتندا هاوبەشی شارەکەبێتی. . . . تاد)[19]

**(٣) نموونەی شیعری خۆشەویستی و عیشق.**

ئەم نموونـەیـەی خوارەوە پارچـە شیعـرێکـە تایـبەت بە ئاهەنگی ژن هێنانی خوداوەند کە پێی دەگوترا (گیپار) . ئەم ئاهەنگەش لە پەرستگا، یا کۆشکی پاشادا ساز دەدرا،پاشا دەوری خوداوەندی دەدی‌و کاهنـەیـەکیش دەوری ئینـانـای دەدی . هەردوکیشیان دەرازێنـرانـەوەو ژوورێکی تایـبەتیـان لە پەرستگـادا بۆ تەرخـان دەکرا، ئینجا بووك بەم شیعرە پێشوازی زاوای دەکرد.

ئەم شیعرە دەگەڕێتەوە سەردەمی پاشایێکی ئیسن (٢٠١٧ پ . ز) :

(ئەی ئەو زاوایەی کە دڵم عاشق و سەوداسەرییێتی
بەتۆ گەیشتن چەند خۆشە، شیرینە وێنەی هەنگوێن
بە خۆشەویستیت ئەسیرت کردم.
خۆزگە دەهاتیە ژووری نووستن . .
لێم گەڕێ راتمووسم زاواکەم
ماچەکانم لە هەنگوێن شیرنترن . .
لە پێخەفی چوونە باڵ یەك دا
بم هێڵە چێژ لە جوانێت وەربگرم . .
هەستە ڕابە ئەی زاواکەم بۆ ماڵمان
تا رۆژ دەبێتەوە لێی بنوو. .)[20]

(٤) ئەم شیعـرەی خوارەوەش نمـوونـەی شیعـرێکـە لە بەیەك گەیشتنی دوو خوداوەندی عاشق دەدوێ زۆربەیشی بە زمانی ئینانا‌و دموزی (تەموز) دەردەبڕێ.

لەم شیعرەی خوارەوە دموزی داوای بەیەك گەیشتنێکی پەلە ل ئینانا (عەشتار) دەکا.

(شیعرەکە دێرە دووبارەکراوەکانی لۆلا(براوە):

(دوێنێ، کە من، شاژنی ئاسمان
کاتێك لەسەر یەك تەل رازبوومەو
بەخۆم دەنازیم . .
کاتێ بەتەنێ کەیفم دەکرد، ورشەم دەدا . .
کاتێ لەگەڵ هەڵاتنی نووری شەفەق گۆرانیم دەچڕی
کە (کولی ـ ئاننا)[21] !هاتە لام
کە تانجی سەرم (دموزی) پێم گەیی
(ئوشم ـ گال ـ ئاننا)[22] دەستی تێوەرێنام. . .
لێرەدا ئینانا دەیەوێ لەبەری هەڵبێ‌و پێی دەڵێ:
ئەوە چی‌یە (گای کێوی)! لێم گەڕێ . .
دەمەوێ بەرەو ماڵ بمەوە. .
چ بە دایکم بڵێم؟
چ بیانوویێك بۆ (تنگالی) دایکم بهێنمەوە. . ؟
دموزیش بەم جۆرە وەڵامی دەداتەوە:
ئەی ئینانا. .
ئەی لە هەموو ژنان ژنتر
فێرت دەکەم چی بڵێی،
پێی بڵێ،
لەگەڵ دەستە خوشکێکم بۆ مەیدانی گشتی‌ی شار چووین
بەگۆرانی‌و هەڵپەرکێ رامانبواردو
سترانەکی خۆشی بۆ چڕیم
لە خۆشیان . . خۆم لەبیرچووو درەنگیم لێ داهات. .)[23]

ئەوی بە پەخشانیش نووسرابێتەوە گەلێك بابەتی گرتووەتەوە

لەوانە (سەرەرای ئەو قانوونانەی کە سۆمەریەکان بە گەلێك لەپێش حامورابی‌یەوە دایان ناوە هەروەها چەندین بابەتی دیکەی زانیاری‌و ئەدەبی‌حیکمەت و پەندو قسەی نەستەق و چیرۆکی هەمەجۆری دی. وا لە خوارەوە نموونەی‌هەندێ لەو پەندو قسەنەستەقانە دەخەینە ڕوو بە هیوای ئەوەی لە ئاییندەدا سەربەخۆ باسی دیاردە تۆمارکراوەکانی شارستانیەتیان بکەین:

- (هەر بە تەنها هەژارانن کە بێ‌دەنگن لە ولاتی سومەردا.)
- قسەی دایکت وەك فەرمانێکی خودایی بژمێرە)
- داوای ژیان لە (ئەنگشیزدا) مەکە)[24]
- ( مال، وەك بالندە وایە نیشتمانێکی جیگری نی‌یە).
- (تۆرم کردووەتەوە بەلام کۆتەکان مەحکەمن).
- (قازانج بێ ماندوو بوون نابێ).
- کە هەستی کرد نزیکە مردنە وتی هەرچی هەمە با بیخۆم ، کە چاکیش بووەوە وتی با دەستم بگرم).
- (دەشێ برادەرایەتی ڕۆژێ بخاینێ‌و کۆیلاییەتیش زەمانێ).
- (پیاو سێبەری خوداوەندە، کویلەش سێبەری پیاوە، بەلام شا وێنەی خوداوەندە).
- (کە هێوێنی بیرە ترش بێ، بیرە چۆن شیرین دەبێ).
- (دووپشك بە مرۆڤێك وە دەدا چ سوودێکی پێ دەگا.؟ سیخورێکیش مردن بۆ کەسێ دێنێ چی پێ دەبڕێ).
- (گای بێگانان گیای دەخوا ، هی خاوەن کێلگەش لە برسا مۆل دەبی).
- (ئەوەی خۆشت دەوێ، دەبێ بەرگەی زولمیشی بگری).
- (هونەری نووسین باوکی زانایان و دایکی خەتیبانە).
- (ژنی دەست بلاو لە مالێدا لە هەموو شەیتانان بە زیانترە).

دواجار کە ئەوە پەنجەنمایێك بوو بۆ ئەدەبی سۆمەری ؛ ئەو ئەدەبەی ئیستاش لەگەلدایێ سەرچاوەی گەلێك داهێنانی نوێیە، پێم وایە بەقەد ئەوەی بابەتێك نی‌یە بتوانرێ بە ئاسانی کون و کەلەبەرە شاراوەکانی‌دەستنیشان بکرێ، بەقەد ئەوە بابەتێکی چەشە بەخشە. هەرچی چۆنێکە ئەم سەرەقەلەمە لەمشتی خەروار زیاتر نی‌یە.

پەراوێزەکان

(١) بۆیە پێ‌ی دەلێن چەرخی نیمچە مێژوویی، چونکە ئەو دەمە نووسین هەر لە سەرەتادا بوو و هێشتا لە کاروباری پەیوەندار بەژیان بەکار نەهاتبوو.

(٢) شارستانیەتی ڕەسەن Original Civilization واتە ئەو شارستانیەتیانەی کە لە شارستانیەتی ترەوە پەیدا نەبووبن، بەلکو لە کەلتووری چەرخەکانی پێش مێژوو پەیدا بووبن و نەش و نمایان کردبێ..

(٣) هەندێ لەو باوەڕەدان کە (شومەر) و (کی - ئین - گی) دوو وشەی دوو شێوەی سۆمەری (ئەمیکۆ)و (ئەمیزال) بن کە یەك مانا ببەخشن (کە ئەمیکۆ) ش زمانی نووسین و (ئەمیزال) یش شێوەی قسەکردن بووە)... هەندێکی دی (کی - ئین - گی) یان بە (ولاتی خوداوەند ئانگی) وەرگێراوە - (بڕوانە: جۆرج رۆ - العراق القدیم - وەرگێرانی حسین علوان حسین - ل ٥٨٥).

(٤) ئارکیۆلۆژی کە دەکاتە زانستی هەموو شوێنەوارناسی هەمیشە پشت بە بەلگەی دۆزراوەوە دەبەستێ، لەم زانستەدا هەموو مەسەلەیەکی مێژوویی جێگای گومان دەبێ بەو پێ‌یەی دەگونجێ دۆزراوەی نوێ زانیاریەکانی پێش خۆی ڕەت بکاتەوە یاخود زیاتر بیچەسپێنێ.. بۆ نەژادی سۆمەریەکانیش هەر بەو ڕەنگە، شایەد سبەی زانیاری تازە بە هۆی پشکنینی ئارکیۆلۆژی بدۆزێتەوە.

(٥) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە - (Moory: The Origien of Civilization - Oxford)

(٦) هەر چەندە کەم وارێك کەوتووە ناوی نووسەر یا داهێنەرەکەی بەسەرەوە بێ - تەنها نووسەرەکان وەك لە تابلۆ قوڕیەکاندا دەردەکەوێ بەتەواوی خۆیان بە تێکستە ئەسلیەکە دەبەستەوە.

(٧) هەر بۆ نموونە دەبوایە فرمان وەك ئەوەی لە کۆمەڵەی زمانە سامی یەکاندا لە پێشەوەی رستەدا بێت، سەیر دەکەین لەزمانی ئەکەدی دا (کە دیگەڕێننەوە بۆ کۆمەڵەی زمانە سامی یەکان) فرمان لە کۆتایی دا دێ.

(٨) زۆر تێکستی سۆمەری کە بۆ زمانی ئەکەدی و شێوە سەرەکیەکانی بابلی و ئاشووری وەرگێردراون دۆزراونەتەوە.

(٩) نووسەری ئەم چەند دێرە دەبەردایە ئەم داستانە دەکاتە کوردی دوای ئەوەی کە بەراوردی تێکستە وەرگێردراوەکان تەواو دەکاو بەتایبەتیش تێکستەکەی مامۆستا تەها باقر لەگەڵ تێکستی چپایزەر.

(١٠) سۆمەریەکان پێیان گوتوە (ئینانا) کە بە زمانی سۆمەری (شاژنی ئاسمان) دەگەیەنێ، ئەم خوداوەندە خوداوەندی خۆشەویستی و شەرە لەیەك کاتداو کچی (مانگۆ) ی خوداوەندی ئاسمان و (سن) خوداوەندی مانگە. ئەکەدیەکان پێیان گوتووە (عەشتار).

(١١) باقر، تەها - مقدمە في ادب العراق القدیم - بەغدا ١٩٧٦ ل ١١١.

(١٢) بێگومان لێکدانەوەی ئەو شیعرانەو بەگشتی شیعری سۆمەری و تێگەیشتنی دنیای، لێکۆڵینەوەو لەسەر وەستانێکی دەوێ کە دەشێ بابەتێکی سەربەخۆ بێ ئێمە لێرەدا هەر بۆ ئاشنا کردنی خوێنەر بەم نووسینە کورتە ئەم نموونانەمان هێنانەوە، شایەد ڕۆژێ بە درێژی بگەڕێینەوە سەری.

(١٣) بەردێکی بەنرخە وەك پیرۆزە وایە لەهەموو دنیا بەتەنها لە (مەکسیك)و (ئەفغانستان) هەیە. لە جیهانی دێریندا بازرگانی پێوەدەکراو لە بەرامبەر زێری بوو.

(١٤) لێرەدا ماڵ و وڵات، مەبەستی لە پەرستگایە.

(١٥) ناوی پەرستگای خوداوەندی مانگە (ننار)ە کە خوداوەندی سەرەکی شاری (ئور) بوو.

(١٦) خوداوەندی ئاوو خاك و حیکمەتە لای سۆمەریەکان و مەڵبەندی پەرستنیشی شاری (ئەریدۆ) بووە.

(١٧) کریمەر، سموئێل - الواح سومر - وەرگێڕانی تەها باقرو د. ئەحمەد فەخری ل٢٧٠

(١٨) لە سیفەتەکانی دموزی بووە پێی وەسف کراوە.

(١٩) باقر، تەها - مقدمة في ادب العراق القديم - بەغدا - ١٩٧٦ ل ٢١٤.

(٢٠) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١٩٢.

(٢١) ئەمەش خوداوەند دموزی پێ وەسف کراوە، خوێشی (Kuli) لەزمانی سۆمەریدا بەرابەر (Friend) ی ئینگلیزیە کە دەکاتە برادەر، بەڵام لێرەدا بەمانای (هاوڕێی ئانو) هاتووە.

(٢٢) ئوشوم - گاڵ - ئانا، واتە (ئەژدیهای ئاسمانی مەزن)، کە ئەمەش خوداوەند دموزی (تەموز) پێ وەسف کراوە.

(٢٣) باقر، تەها - مقدمة في ادب العراق القديم - ل ١٩٦.

(٢٤) خوداوەندی مردنە.

١٩٨٦/٤/١٢

**سەرچاوەکان:**

* کريمر، صموئيل - من الواح سومر - ترجمة: طە باقر و د. احمد فخري - مؤسسە فرانكلين.
* باقر، طە - مقدمة في ادب العراق القديم: بغداد - ١٩٧٦
*رشيد، فوزي - السياسة والدين في العراق القديم - بغداد ١٩٨٣
* كريمر، صموئيل - السومريون - ترجمة فيصل الوائلي - وكالة المطبوعات - الكويت.



• موکەڕەم ڕەشید تالەباني •

# هیرۆکی مردن لە ژێر نەشتەری ڕێزمان و ڕێنووس دا

ئەو ووتارو ا ئزلینەوەو نووسین و چیرۆك و هۆنراوانەی، لە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردی یەکانی ئەم سەردەمەمان دا بلاّودەکرێنەوە، بگرە کتێبە چاپ کراوەکانیش، ئەوانەی بە زمانی کوردی دەرچوون و دەردەچن، لە بو اری ڕێزمان و ڕێنووسەوە، لە هەڵەی زەق زەق و ناڕەوای ئەوتۆ پڕن، کە نابێت لێ یان بێ دەنـگ ببین و، چاویان لێبپۆشین و، پشت گوێیان بخەین، چونکە بە جۆرێك تەشەنەیان کردووە، ئەگەر کار بەو جۆرە بڕوات، ئەوا دەبێتە مەسەلەیەکی ترسناك و کار دەکاتە سەر شێوەی نووسـین و لە شێوەیئـاخـاوتنی هەرەمەکی ی ناوبازاڕی نزیك دەکاتەوە، چونکە زمانی نووسین دەبێت، ...........

... ئەوەند پوخت و پاراو بێت، کە دەخوێنرێتەوە هەست بکرێت هیچ هەڵەیەکی ڕێزمانی ی تێدانییە، جگە لەوەی کە دەبێت نووسینەکە بە ڕێنووسێکی یەکگرتووی دروست بنووسرێتەوە نەك پاشاگەردانی ی ئەو میانـە کاری تێ کردبێت و یەك ووشـەی بە سێ و چوار شێوە تێدا بنووسرێتەوە، کەوابوو دەبێت چی هەڵەکی لەوچەشنەمان بەرچاوکەوت دەست نیشـانی بکـەین و، لەسەرهەڵدانی‌دا بنبڕی بکەین و نەهێڵین تەشەنە بکات، جگە لەوەی کەدەبێت هەڵە ڕێنووسی یەکان دەست نیشـان بکـەین و، بە شێوەی ڕاست بیان نووسینـەوە تا جارێکی تر خوێنەرو نووسەران شێوە ڕاستەکەی پێ بزانن و بەدروستی لە نووسین و لێکۆڵینەوەو چاپەمەنی یەکانیان دا بیان نووسنەوەو ئەو هەڵەیانە دووبارە نەبنەوە.

ئەم ئەرکەیش، ئەرکی هەموو دڵسۆزێکی ئەم زمانە کوردی یەیە، کە زمانێکی سەربەخۆی دێرینی زیندووی میللەتەکەمانە، کە دەبێت



هەموو کوردزمانێك، بەوپەڕی شانازییەوە، خزمەتی بکات و هەوڵی پێشکەوتنی بدات و، ئەوکەلێن و چاڵانە پڕبکاتەوە کەلە سەر ڕێی ژیانی دا قوت، دەبنەوە، ئەویش لەو هەڵە زمانەوانی و قسە لەنگ و پێش و پاش پێکراوانەدا خۆیان دەنوێنن، کە زۆر جار لە نەزانینەوە ڕوو دەدەن ، بگرە هەندێك جاریش لە ئەنقەستەوە ئەنجام دەدرێن.

ماوەیەکی دوورو درێژە، کە کتێب و وتــارو نووسینی کوردی دەخوێنمەوە، هەڵەی زمانەوانی و ڕێنووسی دەبینم، زۆرم پی ناخۆش دەبێت و، لە دەروونی خۆم دا پەنــگ دەخـۆمــەوە، حەز دەکــەم خاوەنەکانیان ئامادە بین و یەك بەیەك هەڵەکانیان پێ بڵێم و ڕاستیان بکـەمـەوە، بەڵام کارەکـە پرۆژەیەکە کاتێکی زۆری دەوێت و، کەم دەرفــەتی ی ماوەیش هۆیەکی کوشندەی نووســەری ئەم سەردەم و چەرخەیە، کە زۆر پرۆژەی لەو جۆرەی سەر دەبڕێت و، لە هەندێك جاریش دا لەبیری دەباتەوە. کەچی لەپڕ ماوەیەکی بەسەردا دێت و، لە خوێندنەوەی نووسینێکی تردا بیری دەکەوێتەوەو دڵسۆزیی زمانەکەی هانی دەدات، هەر نەبێت جاری لایەنێك و نووسینێك شی بکــاتەوەو بیخاتە ژێر میکرۆسکوب و نەشتەری ڕێزمان و ڕێنووسەوە.

لێرەشــدا، بۆیەکــەمــین جار، لەچیرۆکێك دەکۆڵینەوە، نەك لە ناوەرۆك و شێوەو ڕواڵەت و سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی ئەوچیرۆکە یان ئەوەی نووسیویەتی، بەڵکوو ئێمە هەقمان بەسەر چیرۆکنووسەوە نییە، هەقــمان بەســەر ناوەرۆکی چیرۆکەکەوە نییە، مەبەستمان تەنیا لایەنی ڕێنووس و ڕێزمانە.

ئەوەبــوو خوشکــە ئەحــلام مەنســوور، لە هەردوو ژمــارەی (هــاوکــاری)ی (٨٥٣) و (٨٥٤)دا چیرۆکی (مردن)ی بڵاوکردەوە، منیش هاتم چیرۆکەکەم خوێندەوەو لە کاتی خوێندنەوەدا، ئەو شوێنانەم دیاریکــردن کە لەلایەنــی ڕێنــووس و ڕێزمــانــەوە، تەواو نین، جارێکــی دیکــەیش بەووردی بە چیرۆکــەکــەدا چوومــەو ڕستە بە ڕستــە شوێنــە ناتەواوەکانم بەگوێرەی نووسینی چیرۆکنووس دەرهێنــان، هەروەهــا هەڵــە ڕێنــووسییەکانیش هەر بەو جۆرە، کە لەمەبەدوا باسیان دەکەم.

چیرۆکنووس، لە چیرۆکەکەدا، زۆرجار، (ئە)و زۆرجاری تریش (دە) بەکار دەهێنێت، کە پێویستە هەر (دە) بەکار بهێنێت، چونکە ئەوەبڕاوەتــەوە کە (دە) ڕەســەن ترو کۆن ترە لە (ئە)و و (ئــە)یش شێوەیەکی ناوبازاڕایی تەنگە مەوداو بووارە، دەبێت پێی نەنووسرێت.

لە شوێنی تردا. نووسیویەتی: ئیمشەو، ئنجا، چ، سوڕامەوە، وەکــو، قیروسیا، شۆردووە، لەچ مانگێك داین، تەنهــا.. جگــە چەندین هەڵەی تر.

کە ڕاست کردنەوەیان بەم جۆرەی خوارەوەیە: ئەم شەو بە جودا دەنووسرێت، لەبەر ئەوەی (ئەم) ڕاناوی ئیشارەیەو (شەو) ئیشارەت دەکات، نابێت پێکەوە بنووسرێت، هەروەها ئەم ڕۆ کە بە هەڵە تاکوو ئێستایش هەر پێکەوە دەنووسرێت و هەڵەیەکی ڕێنووسیی باوە.

ئینجا، چی، سووڕامەوە، وەکوو، قیروسییا.. دەنووسرێن، لە نووسین دا ناڵێین شۆردووە بەڵکوو دەڵێین شووشتووە، لەچی (مانگێك داین) پێکــەوەو نزیك یەکتری دەنووسرێن، کوردیش ناڵێت (تەنها) بەڵکوو دەڵێت (تەنیا).. (تەنها) کارتێ کردنی زمانی فارسییەو لەوێوە نزیك ترە بۆیە نابێت بەکاری بهێنین... (تەنیا) بەکارەدەهێنین..

لە لایەنی نووسینی فرمانەکانەوە هەموویان بەم شێوەیە دەنووسێت (لێ بکرێ، بێ دەنگە بێ، دەبینێ، دەمەوێ، دادەخرێ، بکێشێ، هاتە دەرێ، هەڵگری) کە هەموو (ت) یەکەی دوایی قرتاندوون جگە لەوانەیان کە پێویستیان بە (ب)یە، کە دەبێت بەم چەشنە بن: (لێ بکــرێت، بێ دەنــگە ببێت، دەبینێت، دەمــەوێت، دادەخــرێت، بکێشێت، هاتە دەرەوە، هەڵبگرێت).

جگە لەمە ئەو وشانەی کە کراونەتە تاکی نەناسراو بە شێوەیەك تۆمــاریان دەکــات کە ڕاست نییە وەکــوو: سێــەرێ، هەفتــەیێك، کەلەبچەیێ، ساتێ، پرۆژەیێك، سەمایێکی، قسەیێ، ماوەیێ) کە دەبێت بەم شێوەی خوارەوە بنووسرێن:

(سێبــەرێك، کەلــەبچــەیەك، ساتێك، پرۆژەیەك، سەمایەکی، قســەیەك، ماوەیەك) چونکــە لەبــەر ئەوەی ئەو وشــانــەی کە دەبنە نەناسراو، ئامرازی (یەك) دەچێتە پاشیانەوەو دەبنە نەناسراو، ئەنجا ئەو

وشەیەی کە بە دەنگی کۆتایی پێ هاتبێت ئەوا (یەك) دەبێتە (ێك) ئیتر پێویست ناکات (ی)یەکی تری پێش (ێك)ەکە بنووسرێت وەك (سێبەر)، (سێبەرێك) بەڵام ئەو وشانەی کە بە بزوێن کۆتاییان دێت ئەوا هەر (یەك) دەمێنێتەوە وەك (مامۆستا - مامۆستایەك، پەنا - پەنایەك).

کە نەك هەر چیرۆکنوسی ئەم چیرۆکە بەو شێوە نازانستییە دەیانـنوسێت، بەڵکوو چەند کەسێکی دیکەیش هەن بەو چەشنە هەڵەیەی دەنووسن و سوورو بە ئەنقەست لەسەر ئەو شێوە نووسینە بەردەوامن، کە ئاواتمان ئەوەیە لە لایەنی خۆیانەوە ئەو ڕاستییەیان بۆ ساغ ببێتەوەو شوێنی ڕێگەی ڕاست بکەوون.

پاش ئەوەی هەندێك لەو هەڵە ڕێنووسییانەمان دیاری کردن، با بێینەوەو لایەنی ڕێزمان بگرین و گەشتێك بە نێو ڕستەکانی چیرۆکەکەدا بکەین و بە ژمارە ڕیزیان بکەین و یەك بە یەك شییان بکەینەوەو دروستەکانیان تۆمار بکەین:

١ - چیرۆکەکە بەم ڕستەیە دەست پێ‌دەکات:

کارەبا لەپڕ کوژایەوە واتا ناچار دەبم هەر لەشوێنەکەی خۆم دا دانیشم و بخەوم تا بەیانی چۆن ئارام بگرم؟

کە هەست بە لەنگی‌یەك دەکرێت و لەلایەنی زمانەوە نەشازو نارەوان دێتە بەر گوێ، دەبوو بیگوتایە: لەپڕ کارەبا کوژایەوە، واتە ناچاردەبم لە شوێنەکەی خۆم دابنیشم و تا بەیانی بخەووم، چۆن ئارام بگرم؟

٢ - دەڵێت: لە ژێر باری قورسایەتی هەژاری ئارامم گرتبوا! کورد ناڵێت قورسایەتی، دەڵێت: قورسی‌ی واتە دەبوو بڵێت: لەژێر باری قورسی هەژاری‌دا ئارامم گرتبوو! (گرتبوو) بە دوو (واو) دەنووسرێت.

٣ - دەڵێت: فرمێسکی کوڵاو دەگاتە نێو چاوەکانم و دەگەڕێنەوە. فرمێسکی کوڵاومان نەدیوە، هەروەها مرۆڤ تەنیادوو چاوی هەیە، جگە لەوەی لە سەرەتاوە گوتوویەتی (دەگاتە)و پاشان ووتوویەتی (دەگەڕێنەوە) کەدەبوو بیووتایە: فرمێسکی سوێر دەگەنە نێو هەردو چاووم و دەگەڕێنەوە. یان فرمێسکی سوێر دەگاتە نێوهەر دوو چاووم و دەگەڕێتەوە.

٤ - دەڵێت: لاڵ وکەڕ دەبێ. کوردرزمان دەڵێت (کەڕولاڵ) دەبێت. (کەڕ) هەردەم پێش (لاڵ) کەوتووە.

٥ - ئیمشەو بۆیەکەم جار هەوڵی ئەوەم دا فێری ئەم جۆرە گریانە بم. ڕاستەکەی ئەوەیەبڵێت: بۆ یەکەمین جار ئەم شەو هەوڵی ئەوەم دا فێری ئەم جۆرە گریانەبیم.

٦ - ڕوڵە مەگری حەز ناکەم لەپێش چاوم دا بگری. کە گوتت: لەپێش چاووم، ئیتر پێویست بە (دا) ناکات. (بگریت) لە (بگری) ڕاست ترە.

٧ - فرمێسکەکانم پێش ووشەکان دادەبارانەوە سەر لاپەڕەکانی ژێر دەستم. ئەمە (فرمانێکی تازەیە: دادەبارانەوە)!! کە دەبوو بیووتایە: دەبارینە سەر یان دادەبارینە سەر لاپەڕەکان.

٨ - بە کورتی بەم جۆرە تاقی کردنەوەیە نەچوویووم. دەبوو بیگوتایە بە ئەم جۆرە تاقی‌کردنەوەیەدا... هەروەها بیگوتایە: تێ‌نەپەڕیوم لە جیاتی نەچوویووم.

٩ - ئەم ئیوارەیە کە هەینی‌یە... ڕاست تر وابوو بڵێت: ئەم ئێوارەیەی هەینییە یان ئەم ئیوارەیە ئیوارەی هەینییە..

١٠ - کەچی لەنێو چواردیوارداو لەم ژوورە بچکۆلەدا... وا هەست دەکەیت لە عەرەبی‌یەوە کراوە بە کوردی چونکە لەنگ و نەشازەو دەبێت بووترێت: کەچی لەنێو چواردیوارو لەم ژوورە بچکۆلەدا.. چونکە (نێو چوار دیوارو) (لەم ژوورە بچکۆڵەدا) تەواوکەری یەکترین و (دا) یەکە لەپاش دوایەمینیانەوە دێت.

١١ - ئەم فێیەش نازانم چۆن فێری بووم... کە ڕاست و دروست تر ئەوەیەبڵێت: ناشزانم چۆن فێری ئەم فێیە بووم. چونکە مەبەست تەئکید کردن لەسەر فرمانەکەیە نەك خووەکە.

١٢ - لایە لایەیان بۆ بڵێم... کورد قەت نەیووتووە لایە لایەی‌بۆ دەڵێم، ووتویەتی لایەلایەی بۆ دەکەم بەشکوو خەو بیباتەوە!!

١٣ - لەم ژوورە تاریکەدا مەلە لەنێو خوێنی خۆم بکەم... کە دەبوو بیگووتبا (لەنێو خوێنی خۆم دا).

١٤ - دەرمانی کوردیشم دەس ناکەوێ لەم ژوورە تابووتەدا... کە تەئکید کردن لەسەر ژوورەکە بوو دەبێت پێش بکەوێت وبڵێت: لەم ژوورە تابووتەدا، دەرمانی کوردیشم دەست ناکەوێت.

١٥ - تا بەیانی بەدیاری ئەم شەوە تاریکە دانیشم... ڕاست تر وابوو بنووسێت: بەدیاری ئەم شەوە تاریکەوە دابنیشم.

ئەویش لەبەر ئەوەی (بە) لەو ئامرازانەیە تەواوکەرەکانی خۆی بە پێ (وە) (دا) واتای تەواوی زەرفی نابەخشن وەك بڵێین: (بە پێوە ڕاوەستابووم) نەك (بە پێ ڕاوەستابووم) ئەگەرچی ئەمەی دواییش واتای هەیە بەڵام ئەو واتایە نە کە مەبەستمانەو ڕاوەستانی لەسەر دەبێت، بەڵکوو، (بە + ......... + وە) واتای (زەرفی) دەبەخشن.

نموونەی تری وەك ئەوەیش، وەك بڵێین: (لە شارەوە هاتووم) نەك بڵێین (لە شار هاتووم) کە هەست دەکەین ڕستەکە لەنگەو واتای

تێ ناگەین!!

١٦ ـ لەشوێنێکی تردا دەڵێت: ناشوێرم پەنجەرەکان بکەمەوەو پەردەکە لادەم. . کە دەبوو لەبەر ئەوەی (پەنجەرەکان) کۆن بیگوتایە (پەردەکان لا بدەم) نەك (پەردەکە) کە تاکە، ئەدی هەموو ئەو پەنجەرانە یەك پەردەیان هەیە مەبەستی ئەوەیە ژوورەکە یەك پەنجەرەی هەیەو پەنجەرەکەیش یەك پەردەی هەیە، کە ئەوەیش لە واقیعی ڕستەی چیرۆکنووسەوە دوورە!!

١٧ ـ لە جێگەیەك دا دەڵێت: دەبێ مۆمێ داگیرسێنم و بە تەڵەشخاتە مۆم بدۆزم ـ ئەوەی کە بە دیاری ڕۆژی لەدایك بوونم ـ بۆم هات.

تەماشای ئەم ڕستە قورس و لەنگە بکەن، (بەتەڵەشخاتە مۆم بدۆزم) (چۆن بە تەڵە شخاتە مۆم بدۆزێت) کە ڕاست ئەوەیە بڵێین (بدۆزمەوە) بە تەڵە شخاتەیش مۆم نادۆزرێتەوە، چونکە بە داگیر ساندنی چوکڵە شخاتەیەك مۆم دەدۆزرێتەوە کوردیش ناڵێت شخاتە دەڵێت شقارتە کە ناوی تری کوردیی هەیە، دەبو وای لێ بێت (دەبێت مۆمێك داگیر سێنم ـ لەوانەی بەیادی ڕۆژی لەدایك بوونم پێشکەشیان کردم ـ بە چوکڵە شقارتەیەکی داگیرساویش مۆم بدۆزمەوە).

١٨ ـ دەشڵێت: ئیمشەو ڕوو بە ڕوو بە دیاری تەنهاییکی ترسناك دانیشتووم. . . کە ووتیان ئیمشەو نییە (ئەم شەو)ەو ڕوو بە ڕوو (ڕێیە کەیان) قەڵەوەو (تەنهاییکی) دروست نییەو (تەنیایی‌یەکی) ڕاست ترەو (بە دیاری تەنیایی‌یەکی ترسناکەوە) ڕستەکە سووك و ڕەوان دەبێتەوە.

١٩ ـ هەروەها لە شوێنێکی دیکەیش دا دەڵێت: بەزەییان پێیا دێتەوە. . کە لەلایەن دستووری زمانەوە دەبێت بڵێین (بەزەیی‌یان پێم دا دەیەتەوە) چونکە سەرچاوەی فرمانە پێك هێنراوەکە. . (بەزەیی پێدا هاتنەوەیە) نەك (بەزەیی پیا هاتنەوە).

٢٠ ـ دەشڵێت (پاڵەوانە شاردروەکەیشم دڵم دەدەنەوە) کە مەبەستی (شاردراوەکە)یە. . کەوتووەتە هەڵەیشەوە (پاڵەوان) تاکەو فرمانەکە (دەدەنەوە) کۆیە، یان دەبوو بڵێت: (پاڵەوانە شاردراوەکانشیم دڵم دەدەنەوە) یان (پاڵەوانە شاردراوەکەیشم دڵی دەدامەوە) چونکە ئەگەر ناوەکە کۆ بوو، فرمانەکەیش دەبێتە شێوەی (کۆ)، ناوەکە تاك بوو، فرمانەکە شێوەی تاك وەردەگرێت.

٢١ ـ (ژوورەکەیش هەست دەکەم دیوارەکانی ی نزیك دەبن). . ڕستەکە سەقەت و لەنگ و قورسە چونکە کورد دەڵێت: هەست دەکەم دیوارەکانی ژوورەکە نزیك دەبنەوە نەك بچین ژوورەکە پێش بخەین ئەنجا باسی دیوارەکە بکەین چونکە مەبەستمان (دیوارەکان)ە دەبێت پێش بخرێت، جگە لەوەیش کەووتیان (نزیك) فرمانەکە (دەبێتەوە) (دەبنەوە) دەبێت چونکە سەرچاوەکە (نزیك بوونەوە) یەو بەو جۆرەی ئەو نووسیەتی ناتەواوە، سەرەڕای ئەوەی (ی)ی ڕاناو کە بۆ (ژوورەکە) دەگەڕێتەوە بە (دیوارەکان)ەوەی نەلکاندووە.

٢٢ ـ (نازانم ئیتر چ جیاوازییێك هەیەلەنێو ئەم مردنەو مردنێکی هەمیشە یی دا) کە دەبوو فرمانی (هەیە)ی لەپاش ڕستەکەوە بیوایە جگە لەوەی لەجیاتی (نێوان)ی بەراوورد کردن (نێو)ی بەکار هێناوە کە مەبەستەکەی ئاوەژوو کردووە، ڕێنووسی (چ)و (جیاوازییێك)یش هەڵەیەو دەبێت (چی)و (جیاوازی‌یەك) بنووسرێن، ڕستەکەیش بەم جۆرەی خوارەوە ڕاست دەبێتەوە (ئیترنازانم چی جیاوازی‌یەك لە نێوان ئەم مردنەو مردنێکی هەمیشەیی‌دا هەیە؟!) کە لە شێوەی پرسیاردایە.

٢٣ ـ دەڵێت تەماشای کراسە سپیە دڕاوەکەی بەرم ئەکەم بۆتە کفنێکی ڕەش و دامدەپۆشێ) لە دەمی فرمانەکەدا کەوتووەتە هەڵەوە، چونکە (تەماشا ئەکەم) باری ئێستایەو (دامدەپۆشێ) بۆ داهاتووە، (کراسەکە)یش لە بەریدایە، کەواتە دەبوو بڵێت: تەماشای کراسە سپی‌یە دڕاوەکەی بەرم دەکەم بووەتە کفنێکی ڕەش و دای پۆشیووم)و (بۆتە)یش نییە بەڵکوو (بووەتە)یە لە فرمانی (بوو) + (وە) + (تە) واتە شتەکە بووە بە شتێکی دیکە، بۆ کورت کردنەوە دەڵێن (بوەتە) کە دەبوو بە سێ (واو)یش بنووسرێت (بوو + وەتە) بەڵام لەبەر ئەوەی زۆربەی نووسەران ئەوە بە جوان نازانن هەر بە دوو (واو) دەنووسرێت، کەچی چەند نووسەرێکیش وەك چۆن گۆ دەکرێت وای دەنووسن وەك (بۆتە) بەڵام ئەوە هەڵەیەو لە ڕاستی‌یەوەیش دوورە.

٢٤ ـ جارێکی دیکە دەڵێت: (نووکی قەڵەمەکەم جاران تیژ بوو)

لەبەر ئەوەی مەبەستی (جاران)ە واتە (کاتی ڕابوردوو)ە، دەبوو بڵێت (جاران نووکی قەڵەمەکەم تیژ بوو) نەك نووکی خامەکە پێش بخات، لە جیاتی (قەڵەم)یش (خامە)مان هەیە، دەبێت بەکاری بهێنین.

٢٥ ـ دەڵێت (جاران هەوڵم دەدا دەمارێ لە دەمارەکانی مەچەکم ببڕم نەمەوێرا. .) مادامەکێ (جاران) هەوڵی داوە دەبێت فرمانەکەی تریش ڕابوردووی ئیستیمراری بێت (نەم دەوێرا) نەك نەمەوێرا، کە فرمانەکە هەوڵم دا بووایە فرمانەکەی تر دەبووە نەمەوێرا بە مەرجێك وشەی جاران لە ڕستەکەدا نەبووایە، جگە ئەوەی بە هەڵەیش دەمارێی نووسیوە، کە دەبێت (دەمارێك) بێت،
چونکە تاکەو بە تیپی دەنگدار کە (ڕ)یە کۆتایی هاتووە، وەك ووتمان

مادام (دەمار) ەکە ناکەو نەناسراوەو مەبەست یەك دەمارە دەبێت بە (دەمارێك).

٢٦ ـ لە شوێنێکی تردا گوتوویەتی: دەشبوایێ فویی لە (٣٥) مۆمی ڕەنگاو ڕەنگ بکردایی.. لە لایەنی ڕێنووس و ڕێزمانەوە ڕستەکە هەڵــە نووسراوەو دەبێت وا بنــووسرێت (دەشبــوایە) (فــوویەك) (بکــردایەت) جگــە لەوەی (ڕانــاوی لکاوی) پاڵەوانەکە کە (م)ە لە ڕستــەکــەدا نییەو ڕستــەکــە بەم شێوەیە ڕاست دەبێتەوە: (دەشبوایە فوویەکم لە سی‌و پێنج مۆمی ڕەنگاو ڕەنگ بکردایەت)!!

٢٧ ـ لە شوێنێکی تردا دەڵێت: (یەکتریان گرت) کە مەبەستی ئەوەیە بڵێت (یەکتری‌یان گرت) چونکە (یەکتریان گرت) بۆ ئەوەیە بە دەست یەکتر بگرن بەڵام (یەکتری‌یان گرت) بەیەك گەیشتن یان یەك بوون دەگەیەنێت.

٢٨ ـ دەشڵێت: (لە ئاوێنەکەی بەرامبەرم دا دەم و چاوم ڕەش دەبینم) جارێك (بــەرامبــەر) نییە (بــەرانبەر)ەو کۆی (بەر)ە (ان)ی چووەتــە ناوەڕاست و دووبــارە کراوەتە واتە یەك (بەرانبەر)یەك، وەك (سەرانسەر) واتە ئەم پەڕو ئەو پەڕ، کە زۆر کەس بە (بەرامبەر)ی تێ دەگــەن، کەچی (بەرانبەر) ڕاست ترە، هەروەها نالێین (دەم و چاو ڕەش دەبینم) بەڵکو دەڵێین: دەم و چاوی خۆمم ڕەش دێتە پێش چاو) کەواتــە ڕستــەکــە وای لێ دێت: (دەم و چاوی خۆم لە ئاوێنــەکەی بەرانبەرم دا ڕەش دێتە پێش چاو)!!

٢٩ ـ دەڵێت: (نــووکی قەڵــەمــەکــەم بچەقنمە نێو دەمارێ لە دەمــارەکــانی دەستم) کە فرمــانی (بچەقنمە)ی بەکار هێناوە، بەڵام ڕاستی‌یەکەی (بچەقێنمە) یەو (نێو) یشی بەکار هێناوە، کە دەتوانین لای بدەین و ڕستەکە واتای تەواوی خۆی بگەیێنێت، بەم چەشنەی خوارەوە: (نــووکی قەڵــەمــەکەم (یان خامەکەم) بچەقێنمە دەمارێکی دەستم) چونکە (ی)ی (دەمارێکی) ڕاناوی تەواوکەرەو بۆ (دەست) دەگەڕێتەوە.

٣٠ ـ دەڵێت: (بێ کاغەزیش لەگەڵ خۆمدا یاری‌ی قومار ئەکەم بەتــاقی تەنهــا) جارێك (کاغەز) نییەو مەبەستی (پاپەز)ە، (یاری‌ی قومار)یش نییە بەڵکوو (قومار)ەو (تاقی تەنها) نییەو (تاکی تەنیا) یەو ڕستەکە بەم شێوەیە ڕاست دەبێتەوە (تاك و تەنیایش، بێ پاپەز، لەگەڵ خۆم دا قومار دەکەم)!

٣١ ـ دەڵێت (دەیەها بەسەرهاتی تیادایەو دەیەهاشتی تیا نێژراوە) لێرەدا ووشــەی (دەیەهــا)ی بەکــار هێنــاوە کە ئەو (هــا)یە زۆرتر لە فارسی‌یە نزیکە، خۆمان کە (دە) کۆ دەکەینەوە دەڵێین (دەیان) واتە (عشرات) جگە (تیادایە) کە دەبێتە (تێدایە)!

٣٢ ـ دەڵێت (هــەنگــاوی سووك دەنێ‌و لێم نزیك دەبێ)، کە فرمانەکە لە نزیك بوونەوەوە هاتووە نەك لە نزیك بوون، ڕستەکەوا ڕاست دەبێتەوە: هەنگاوی سووك دەنێت و لێم نزیك دەبێتەوە.

٣٣ ـ لە شوێنێکی‌تردا دەڵێت: (صەدەها جار) صەد بە (ص) دەنــووسێت کە خۆی بە (س) دەنــوسرێت و بە (ان) کۆ دەکــرێتەوە (سەدان جار).

٣٤ ـ هەروەها دەڵێت: (غەمەکانم ڕەنگاو ڕەنگ دەبن) ئەگەر مەبەستی (تلون) بێت ئەوا وا نابێت بەڵکوو (ڕەنگامە) ڕاست ترە!

٣٥ ـ (لە ئاوێنەکەیش دا تێکەڵ بوونی ڕەنگەکان دەردەکەوێ وپێم ئەڵێن) کە تێکەڵ بوونی ڕەنگەکان دەردەکەوێت فرمانەکە دەبێتە تاك ئەوا (پێ ووتنــە) کەیش دەبێتــە تاك بەم چەشنــە: تێکــەڵ بوونی ڕەنگەکانیش لە ئاوێنەکەدا دەردەکەوێت و پێم دەڵێت:).

٣٦ ـ دەشڵێت (ووهــەروەها ئەگەر لە ژیانی ڕۆژانەم دا ئەگەر گریام)دووجار (ئەگەر)ی بەکارهێناوە، لە سەرەتای ڕستەکەوە (وە)ی بەکار بردووە کە (وە) لە کوردیدا هەر نییەو تایبەتە بە زمانی عەرەبی، ئێمە (هەروەها) بەکاردەهێنین، کە بەکاریشیان هێنا بۆ سەرەتای ڕستەو بۆ بەستنــەوەی ڕستەیەك یان پتر بەکار دەهێنرێت، بەڵام بەم شێوەیە ڕستەکە دروست ترو ڕەوان تردەبێت و لە لایەنی زمانیشەوە ڕێك و پێك دەبێت: (ئەگەر لە ژیانی ڕۆژانەیشم دا گریام) لە وەڵام دا دەڵێت: (ئەوە لە ژیانی نووسینم دا دووجارە ئەگریم) دەبوو وەڵامی مەرج وا ببــوایە (ئــەوا دووجار لەژیانی نووسینم دا دەگریم)!! ئەویش لەبەر ئەوەی دوو چەندانی ئەوەی ژیانیەتی.

٣٧ ـ لە لایەکی دیکــەدا دەڵێت: (هــەمیشــە لاپەڕەیێ دووان ئەنــووسمەوە پیای‌دا دێمەوە) جارێك کە هەمیشەمان بەکار هێنا ئەوە دەگەیەنێت کە دوو لاپەڕە پتر نانووسینەوە کە چیرۆکنووس ووتویەتی (لاپــەڕەیێ) هەڵــەیەو (لاپــەڕەیەك) ڕاست ترە چونکە مەبەست یەك لاپــەڕەیەو (لاپەڕە) بە بزوێن کۆتایی هاتووە، تەنیا (یەك)ی بۆ زیاد دەکــەین و دەبێتــە نەنــاسراو، بەم چەشنە دەتوانین ڕستەکە دروست بکەینەوە (زۆر جار نەك هەمیشە) لاپەڕەیەك، دووان، دەنووسمەوە، پێیدا (یان پێیان دا) دەچمەوە (نەك دێمەوە)!

٣٨ ـ لە کۆتایی یەکەمین بەش دا دەڵێت: وازی لێ دێنم بەڵام لە سەر هەمان کورسی‌و هەمان مێزو لەژێر هەمان چرا) کە فرمانەکەی خستوتە پێشەوەو (دا)ی (زەرف)یشی بۆ پاش ووشەی (چرا) دانەناوە کە دەبــوو بڵێت (بــەڵام لەسەر هەمان کورسی‌و هەمان مێزو لەژێر هەمان چرادا وازی لێ دەهێنم)!

٣٩ ـ لە شوێنێکی‌تــردا دەڵێت: هەنگــاوەکــانم ئاووساو دەبن)

نازانم مەبەستی لە (ئاووساو دەبن) چییە؟! تۆ بڵێیت مەبەستی (ئاووسان)بێت؟! ئەگەر وای مەبەست بوایە دەبوو بیگوتایە (دەئاوسێن) چونکە ناوەکە کۆیە؛ واتە هەنگاوەکان پەنەمیوون!!

٤٠ ـ لە جێیەکی تردا دەڵێت: (سەریشم هەروەکوو خۆیەتی بەتاڵە) کە ڕستەکە ئاڵۆزەو گەر بڵێین (هەروەکوو خۆیەتی) واتە نەگۆڕاوە پێویست ناکات ووشە یان ئاوەڵناوی تری بخەینە پاڵ، بەڵام ئەگەر ووتمان (سەریشم هەروەکوو خۆی بەتاڵە ڕستەکە ڕێك و پێکە، چونکە (سەر)ەکەی لەوەپێش بەتاڵ بووەو ئێستاش هەروەکوو خۆی بەتاڵە نەك بڵێین (هەروەکوو خۆیەتی بەتاڵە) ڕستەکە ئاڵۆزەو لە دەستووری زمان لا دەدات!!

٤١ ـ ئەنجا دەڵێت: (بەر لە ڕۆژێ دایکم سەرتاپا تەماشای کردووتی) کە نازانین دایکی تەماشای چی ی کرد؟! ڕاست ئەوەیە بڵێین: (دوێنێ یان پێرێ دایکم سەرتاپای تەماشا کردم یان تۆ ی ڕووانیم، ئەنجا ووتی)!!

٤٢ ـ لە ڕستەیەکی تردا دەڵێت: (ئەمجارەیان زۆر دڵسۆزم بەرامبەر بەم بەرگە کۆنانە) کە (ئەمجارەیان) بە جودا دەنووسرێت (ئەم جارەیان) چونکە (ئەم) ڕاناوی نیشانەیەو (بەرامبەر) وەك لەوەپێش

ووتمان ڕاست نییەو (بەرانبەر) دروستە، ئەنجا لەبەر ئەوەی دڵسۆزییەکەی بەرانبەر بە بەرگە کۆنەکانە؛ دەبێت بەرگە کۆنەکان پێش بکەوون و ڕستەکە بەم چەشنەی لێ بێت: (ئەم جارەیان بەرانبەر بەم بەرگە کۆنانە زۆر دڵسۆزم) چونکە جارەکانی تر ئەو دڵسۆزییەی نەبووە!!

٤٣ ـ ڕستەیەکی دیکەی وا نووسیوە: زۆر هەوڵم لە نێو ئەم جانتا کۆنە خۆم بشارمەوە) کە مەبەستی (هەوڵم دا)یەو ڕستەکەیش بەم چەشنە لارەسەنگی یەکەی ڕێك دەبێتەوە: (زۆرم هەوڵ دا لە نێو ئەم جانتا کۆنەدا خۆم بشارمەوە) چونکە ئەگەر ووشەی (زۆر)ی نەگوتبا ڕاناوە لکاوەکە (م) دەلکایە فرمانەکەوە بەڵام لێرەدا (زۆر)ی بەکارهێناوە بۆیە ڕاناوەکەی پێوە دەنووسێت.

٤٤ ـ ئەم ڕستەیەشی وا تۆمار کردووە: (بە چ ئاوێك دەستم بشۆمەوە) کە مەبەستی (دەستم بشۆم)ە نەك (بشۆمەوە) کە بۆ دووبارە کردنەوەی فرمانەکە دەگوترێت، کەچی ئەم لەوەوپێش دەستی نەشوشتووە تا بڵێت (بشۆمەوە) ئێمەمانان دەڵێین: دەشۆم، بشۆم، ناشۆم، شوشتم، دەمشوشت.. ئەگەر مەبەستیان ئەنجامدانی کارەکەبێت پاش تەواو کردنی شتێك یان دەست لەنان هەڵگرتن و شتی دیکە.

٤٥ ـ ڕستەیەکی تریشی بەم چەشنە تۆمار کردووە: (ژیان دەستی لە من شۆردووە) خۆ دەیگوت ژیان دەستی لێ شوشتووم)و دەبڕییەوە، ئەو ڕستەیەشی لە قسەی یەکێك دەچێت تازەفێری ئەم زمانە بووبێت.

٤٦ ـ لە جێگەیەکی تردا دەڵێت: (دوو ساڵ بێ ئیش و کار مامەوە) کە وەرگێڕانێکی ڕستەی (بقیت سنتین دون عمل یذکر)ە، کورد دەڵێت: (دووساڵ بێ ئیش و کار دانیشتم).

٤٧ ـ دەڵێت: (ئایا لاپەڕە کۆنەکانم بەرگری ئاگری نەورۆز دەگری؟)، کە (بەرگری) لەوانەیە هەڵەی چاپ بێت و مەبەستی (بەرگەی) بێت، ڕستەکە هەر لەنگە چونکە (لاپەڕە کۆنەکانم) کۆن و (دەگری) کە مەبەستی (دەگرێت)ە تاکە، کەواتە دەبوو بڵێت: ئایا لاپەڕە کۆنەکانم بەرگەی ئاگری نەورۆز دەگرن؟

٤٨ ـ لە شوێنێکیش دا دەڵێت: (بەچی لاپەڕە سپیەکانی داهاتووم ڕەش کەم؟) کە مەبەستی (ڕەش بکەمەوە) یەو «داهاتوو»یش هەڵەیەکی باوەو دەبێت بڵێین (دانەهاتوو) چونکە ئەو کاتە هێشتا دانەهاتووە تاکووبڵێین (داهاتوو) بشڵێین (پاشەڕۆژ) ڕەسەن ترە.. کەواتە ڕستەکە وای لێ دێت (بەچی لاپەڕە سپییەکانی پاشە ڕۆژم ڕەش بکەمەوە).

٤٩ ـ پاش ئەو ڕستەیە دەڵێت: (ئەی لاپەڕە ڕەشەکانی ڕابوردووم چ ئاگرێ ئەیانکاتە خۆڵەمێش؟) ڕستەیەکی قورس و لارەسەنگ و ئاڵۆزە، ڕاست ئەوەیە بڵێین: (ئەی چی ئاگرێك لاپەڕە ڕەشەکانی ڕابوردووم دەکاتە خۆڵەمێش) چونکە لێرەدا پرسیار لە ئاگرەکە دەکەین کە لە کوێیەو چییە تائەو لاپەڕانە بکاتە خۆڵەمێش، لاپەڕەکان هەن بەڵام ئاگرەکە دیار نییە بۆیە پرسیارەکە (ئاگرەکە) دەخاتە پێشەوە.

٥٠ ـ دەشڵێت: (بە تووڕەیی تەماشای ئاسمانم کرد) کە ووتمان (بـە)و (لـە) ئامرازی تەواو کردنن لەکاتی زەرفیدا (وە) لە پاش ووشەکەی نێوان خۆیانەوە (وە) وەردەگرن واتە ووشەکە دەخەنە نێوان خۆیانەوە بۆیە دەبوو بیگوتبا (بە تووڕەیی یەوە) تەماشای ئاسمانم کرد.

٥١ ـ پاش ئەویش دەڵێت: (بە لاپەڕە ڕەشەکانی ڕابوردووم ئاگردانێك ئەکەمەوە) کە مەبەستی لە (ئاگردان) کوانوو یان تەنوورە، ڕاست ئەوەیە بڵێت: ئاگرێك هەڵدەگیرسێنم یان تەنورێك یان کوانوویەك هەڵدەبەستم نەك بڵێت (ئاگردانێك ئەکەمەوە)!! ئاگر دەکرێتەوە، ئاگردان ناکرێتەوە؟!

٥٢ ـ دوای ئەوە دەڵێت: (بڵێسەی ئاگرەکە ئەگەر بەر داوێنی کراسەکەم کەوت ئەوا..!!) کە پرسیارێکی مەرجی یەو دەبێت ئامرازی (ئەگەر)ەکە پێش ڕستەکە بکەوێت نەك لە ناوەڕاستەوە بێت وەك (ئەگەر

گوڵ نیت، دڕکیش مەبە)!!.. (داوێنێ کراسەکەم)یش هەڵەیە ڕاست (داوێنی) بە (ی)ی بێ نیشانە.

٥٣ - ڕستەیەکی تری هەیە دەڵێت: (بۆ چەن جارێ بەسەر قاڵدرمەکاندا سەردەکەوتم و ئەگەڕامەوە) کە بەسەر قاڵدرمەدا سەرکەوتین ناگەڕێینەوە بەڵکوو دادەبەزین، گەڕانەوە پاش چوونە نەك پاش سەرکەوتن.. جگە ئەوەی (چەن) چەندەو (جارێ) جاریکە.

٥٤ - هەروەها دەڵێت: (دەنگی قاقای پێکەنینم دایکمی وورووژاند) کە ڕاست تر ئەوەیە بیگوتبا (دایکی وورووژاندم) چونکە ڕستەکەی ئەو تۆماری کردووە ناوبازاڕی‌یەو هیچی تر، ئەگینا دەڵێن: دەستی سووتاندم، لێوی لێ هەڵقەورتاندم، پەپکەی لێ ڕفاندم.

٥٥ - لە شوێنێکی تردا دەڵێت: (بە تەباشیری سپی جادەکان دووبەش کرد) ڕستەکە ناتەواوەو خوێنەر تێ‌ی ناگات، وا بزانم دەیەوێت بڵێت: جادەکەیان کرد بە دوو بەشەوە.

٥٦ - لە ڕستەیەکیش دا دەڵێت: (شەقێکی لێ‌بەم) بە خوت و خۆرایی (لێ‌بدەم) بووە بە (لێ‌بەم) کە ووتیان زۆرتر ناوبازاڕی‌یەو هی نووسین نییە..!

٥٧ - لە لایەکی تردا دەڵێت: (سەرنجەکانی دایکیشم پرسیاری لێ دەباری) مادامەکێ ووتی (سەرنجەکان) کە کۆن، دەبوو بڵێت (پرسیاریان لێ دەباری) تا ئەویش مەبەستی کۆی پرسیارەکان دەربرێت.. نەك بەتاکی بمێنێتەوە.

٥٨ - هەروەها دەڵێت: (ووشەکانی دایکیشم لە سەرم دا ئەزرنگایەوە کە دووبارەی کرد) وەك ووتیان کە ووشەکان کۆ بوون فرمانەکەیش دەبێت لە شێوەی کۆدا بێت (دەزرنگانەوە) نەك (ئەزرنگایەوە) هەروەها دەبوو بڵێت: (دووبارەی کردنەوە ) نەك دووبارەی کرد، چونکە وەك ووتیان ووشەکان کۆن نەك تاك.

٥٩ - دەشڵێت: (تەنها خۆم تیادا حەبس دەکەم) وەك ووتیان (تەنیا) لە (تەنها) ڕاست ترەو (تێدا) لە (تیادا) ڕاست ترەو لە جیاتی (حەبس)یش (زیندانی)مان هەیە (بۆیە ڕستەکە وای لێ دێت: (تەنیا خۆمی تێدا زیندانی دەکەم یان زیندان دەکەم)!

٦٠ - پاش ئەوە دەڵێت: (ئەمشەو کەس تێ ناگا دەڵێم چی) ڕستەیەکی وایە بەلەنگی دێتە بەرگوێی خوێنەر، بۆیە ڕەوانەکەی ئەوەیە بە گوێرەی دەستووری زمان بڵێین: ئەم شەو کەس تێ ناگات چی دەڵێم؟

٦١ - دەشڵێت: (بۆم هەیە پرسیارێ بکەم) کە کارتێکردنی زمانێکی ترەو خۆمان وا ناڵێین بەڵکو دەڵێین: دەتوانم پرسیارێك بکەم.

٦٢ - لە جێگەیەکی تردا دەڵێت: (هەرچی برینم هەیە خستوومەتە سەرشان) برین لێرەدا کۆیە چونکە (هەرچی)ی بەکار بردووە بۆیە ڕستەکە وای لێ دێت: (هەرچی برینم هەن خستوومنەتە سەرشان.

٦٣ - پاشان لە ڕستەیەکی تردا دەڵێت: (برینەکانم پێش هەنگاوەکانم دەکەوێ) کە (برینەکان) کۆ بوو، (هەنگاوەکان)یش کۆبوو دەبێت فرمانەکەیش (دەکەوون) دەبێت!!

٦٤ - دوای ئەوەیش دەڵێت: (لە نێو ژانی برینم دەتلێمەوە) کە دەبێت (لە نێو ژانی برینم دا دەتلێمەوە)بێت.

٦٥ - ڕستەیەکی تری وایە: (بە فرمێسکێ ئاشت دەبم) کورد ناڵێت ئاشت دەبم، دەڵێت: ئاشت دەبمەوە. ڕستەکە وای لێ دێت: بە فرمێسکێك ئاشت دەبمەوە.

٦٦ - لە شوێنێکی تردا دەڵێت: (نەك هەر تەنها پەنجەکانم بەڵکوو پەراسووەکانی سینکم پێ گەرم

کەم و لەپڕ بتوێمەوە) دەڵێین (دەستم گەرم دەکەمەوە نەك گەرم دەکەم) گەرم کردن بۆ ئاو دەبێت، بەڵام بۆ دەست و سنگ و پەنجە، گەرم کردنەوە بەکار دەهێنین چونکە فرمانەکە بەردەوامی‌ی تێدایەو زۆر جار دەست گەرم دەکەینەوە بەڵام ئاو یەك جار گەرم دەکرێت کە بەکار هێنرا ئیتر دێین ئاوی تر گەرم دەکەین و بەو جۆرە.. لەگەڵ ئەوەیش دا ڕستەکە وا ڕاست و ڕەوانە: (نەك هەر تەنیا پەنجەکانم بەڵکوو پەراسووەکانی سنگمی پێ گەرم بکەمەوەو لەپڕ بتوێمەوە).

لێرەدا سەرنجە زمانەوانی‌یەکانم کۆتایی پێ دێنم و، لەبەر ئەوەی نووسینەکە درێژتر نەبێت، ڕستە لەنگەکانی ترو هەڵە زمانەوانی‌و ڕێنووسی‌یەکانی دیکە واز لێ دێنم، ئەگینا دەبوو چیرۆکەکە لە سەرەتاوە بەهەردوو بەشەکەیەوە، سەر لە نوێ، بنووسمەوە، لە خوێندنەوەی چیرۆکەکەیش دا ئەو سەرنجەم لە لا دروست بوو، کە بەوپەڕی دڵنیایی‌ەوە دەیڵێم و ئەو ڕاستی‌یە ناشارمەوە کە ئەم چیرۆکە بە زمانی عەرەبی نووسراوەو بۆ چیرۆکنووس کراوە بە کوردی، شێوە خانەقینی‌یەکەی لێ دەرچێت کە تارادەیەك وەك خۆی نووسراوەتەوە، ئەگینا چیرۆکەکە لە لایەن زمان و دەستووری زمانەوە هەڕی بەسەر کوردی‌یەوە نییە.

ئەم سەرنجانەیشم تەنیا بۆ خزمەت کردنی زمانی کوردی‌یەو بۆ پێشخستنی شێوەی نووسین‌و بەکار هێنانی ووشەی خۆماڵی‌یەو هیچی تر، هیوام ئەوەیە توانیبێتم سوودێکم بە خوێنەر گەیاندبێت.



# خەم کچەکا کوردە

عبد الرحمن مزوری

ئەم و وئەو دشەڤەکێدا،
خودێ داینە
ڤیکرا ئەم مازن بوین.. رابوین
ئەو بو بوك و..
ئەم زاڤاینە
دگەل روبارێد مە دزێتن
دگەل بارانا مە دباریت
دگەل زاروکێد مە شیری دخوت
لسەر تەختەکی.. لسەر جهەکی
ئەم و وئەو پێکڤە درازاینە
هەچێی کو خەم نەدی‌یە
خەم کچەکا کوردی‌یە

هەرا بکراس و کورتەك و..
گوهارێد [حەیدەرانی]یە
سوڵا دلنگێ وێدا ژی،
ژچێکرنا
هوستایەکێ [بابانی]یە
خوش خوش دچیتە گوڤەندێ و..
کەیفاوێ لسەر [شێخانی]یە
ئەڤ خەما هە
دگەل کوچەرێد مەیێد دێرین...
هەردەم دهاتە زوزانا
هایژێ هەبو
بگرەو بکێشا شڤانا

لسەر چەروانا
ب چاڤێد خو چاك دیتی‌یە:
دەمێ [خەچوکا] چاڤ بەلەك..
[سیابەند] کوشتی،
یکوڤانا
ئەڤ خەماهە
دگەل برسی‌و زیڤارێد مە،
دچو ئاڤارا
کومر دبری.. چولی دکێشا
کەزی بسکێد خو گرێددان
زەندو باسکێد خو هەلدکرن
بڤ بڤا وێ بو ژتراشی بو تراشی

نولا میشا
ئیڤاری ژی دزڤری کولك وزنجێد مه،
فره وەستیایو کەرخی...
جان لێ‌تیشا
ئەڤ خەماهە لمالا [جزیری] دنڤست..
هەڤگورا وی‌و [سەلما]یێ بو
ئەژویرێ دچو.. ئەژی دمر!
هەستی گران..
وەك تایێ بو
دسەرهندێرا، ژێ سل نەدبون
هەرسێ‌یا ژڤازانەکێ دخار
بو وان ئەو شونا دایێ بو
ئەڤ خەماهە
جارنا دفری...
دچو داددا بورجا بەلەك
ل دیوانا [بەدرخانی]
دناڤ قەهوا ویدا دگەریا
دبن کورکێ ویڤە دچو لیسی‌و..
مینا پەلوخێد ئاگری،
لسەر قەلونا وی ددانی
حەتا سەرێ وی سپی‌کر
بەختێ وی رەشکر، ڤاژیکر
هەرافتن لێ ناڤ و خانی!
ئەڤ خەماهە *
سالەکێ تە ڤ چول و چیا...
بتنێ برین،
چو دەڤ [قازی]
هەر وەکی تیشکا روڤیا، ب فیلبازی
رابو کوپانێ وی شکاند،
ل وی ئەڤرازی
[قازی]ژی پیرەکێ کالێ بارگران بو
راهەژیاوکەت
هەمی شادی‌و خوشی‌یێد وی..

بونەڤ تازی
ئەڤ خەماهە
براستی دی‌یا باڤێ من بو
لەو دگوتنێ [سالحێ خەمێ]
خەمێد وی ژی گەلەك هەبون
دبارین مینا کەسەرێد [زینێ‌و مەمێ]
کەشتی‌یا وی،
ژڤرەکا خارو رەرپێچا..
رێ وی دنیڤیرا تور بو..
لەورا نەگەها مەرەمێ!
ئەڤ خەماهە
ڤێ ئیڤارێ ل مالا [شێخ موسی]،
دستری
گومێد جوشا وی شلقاندن..
سکرێد سوزا وی پەقاندن..
پاوانێ هیڤیا لێ دوری
ب جارەکێ
[جەگەرێ] تیك پەرتێ وی،
بو دەردو [خون]و..
کوزری!
ئەڤ خەماهە
هنەك شەڤان [شەبلەبانە]...
دەرگەهـ - دەرگەهـ مالان دقوتیت
دچیتە ژوور
دلەیزیتن
سازو ئاوازا گەرم دکەت،
دژەنیت بلوور
پس و زاروك..
ژێ دترسن.. خو ڤەدشێرن
نفرینا بزارێ خو دبینێ
... ناچنە دوور
ئەڤ خەماهە
هەیامەکێ..

دەسگرتیا هەڤالەکێ،
هێژای منێ بزەندو مل بو
هەرو دەستێ خو دستوێ دوەراند
خو تێڤەددا.. دگەل دلوری
دزانی حێلێ دل کول بو
روژ ئاڤابون...
هەڤالێ من، چول ب چول و بەری‌و بەری
خو ژێ قەتاند و تەرقی
هند نەمابو، هەمی بونا وی ژبەر وێ،
تەڤ دا حەلبێت،
... وەسا پل بو!

کچێ خەمێ،
خاپینوکێ..
ئاشقا لاوك و بەتەن و...
چیاکێد مە
وەك تەڤری‌و باتینوکێ
دێ جارەکێ
ژسەر مژگانێد مەیێد جەمیای...
وەوە خارێ‌و داکەڤە
ژناڤ نڤینکێد مە،
دەرکەڤە
هەما بهوستەکێ خانم
ژکنجرە کوون ورەشمالێد مە..
دورکەڤە
تە مالا باڤێ شەوتیێ
شەڤ و روژان..
مە ژبەر تە هەر غارو رەڤە
ئەم ژدژوارە تیرێد قورتال نابین
تو خودێ‌کەی بەسکە،
ب دوف مە نەکەڤە!
بەسکە،
ب دوف مە نەکەڤە!

شیعر

# گلەیی

مجید ندیم



ئەبێ بۆچی وەك نەناس و نەزانێ
بەلامابێت کەچی نەگری وچانێ
زەردەخەنەو سەر نجدانی نازدارت
بۆکوێ چوون و رووی لە کوێیە هەوارت

. . . . . . . . . . . . . . . . . .

ئەگەر فەرمووت بە بیرو رەفتاری جوان
گەشتر ئەکەین دنیای دڵداری و ژیان
دەبا بەجووت پەروەردە بکەن گیانێ
کەوا نرخی دڵ و مرۆڤ ئەزانێ

- هەستی دڵدارێك -

بیرەوە لام گیانە هەر وەك رابووردوو
لاگەردنت لەشان و سینەم هەڵسوو
بەچرپەی جوان بەنیگای گەش وبێ دەنگ
دەوروپشتم بکەرەوە بە ئاهەنگ

. . . . . . . . . . . . . . . . . .

ئەم دڵەی کە ئارەزووی گفت و گۆتە
فرێشی دەی هەر جێ و هەواری خۆتە
ئەم ژیانەم بێ دلداری و تۆویست
ئەبێ خۆشی کامە بێ ئەوی گوڵی من

# پەنجەرەی یادگار



هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

شیعری
○ پیربال مەحموود ○

ئەی پەنجەرەکەی ئەشکەنجەو ژیان
بەختمت وون کرد، لە ڕێگای ژیان
نەوجوانێکت لەبەر دەوەستا
لەبیرم ناچێ، هەتاکو ئێستا
شکۆفەی باخی سەر ڕووی زەمین بوو
لە نێو شۆخاندا خۆی یەکەمین بوو
ڕووناکی دڵ و گیان و چاوان بوو
ڕووگەی ئارەزووی پۆلی لاوان بوو
دیدەی لە ڕەنگی مرواری شەنگ بوو
لێوی لە ڕەنگی ئاڵی پەرەنگ بوو
کەلافەی پرچی قەف قەف و والای
دەگەیشتە سەر نێوقەدی بالای

پێویست ناکا بەدرێژە پێدان
پەریێ بوو لە پەریانی یەزدان
کاتێ دەردەکەوت، بەرامبەر چاوم
دەهەژا لەشی بەتین و تاوم
لە پۆپەی گەنجی دڵی ڕفاندم
ڕەگی ئەنجنیم، ژینی تاساندم
کە لەبەر جوانیی دیمەنی شێوام
ئەو جاکە وون بوو ، لە باخی هیوام
لەگەڵ وون بوونی وون بوو خۆباییم
لاف و گەزاف و گەنجەفەو شاییم
نازانم ئێستا بەکاتی پیری
وەك دێتە بیرم دێمەوە بیری؟
ئاخۆ بمبینێ، دەمناسێ من کێم؟
تاسەم کپ دەبێ؟ یا دادەمرکێم؟
نازانم ئێستا لە چ شارێکە؟
لە کام هەوارو کام تەلارێکە؟
کێ خواستی بۆخۆی؟ کێ بوتە ماخۆی؟
ماوە؟ یانەخۆ خوابردی بۆخۆی؟
ئاخۆ ژینەکەی رووی لە هاتی بوو؟
یان وەکو ژینم پڕ لە قاتی بوو؟
ئاخۆ ئێستاکەش هەر شۆخ و شەنگە؟
یا ئەویش وەك من مات و بێڕەنگە؟
کچی وای هەیە زوڵفی چین چین بێ؟
چاوەکەی وەکو چاوی خۆی شین بێ؟
نێوقەدی وەکو نێوقەدی خۆی بێ؟
تام و بۆی گۆنەی وەك تام و بۆی بێ؟
خەرمانەی رووی وەك خەرمانەی شەم بێ
وەکو [زین] وابێ شایەستەی (مەم) بێ؟
کوری وای هەیە بڵێن زاوایە؟
یاوەك کۆزی من کۆزی ساوایە ؟
نەوەی ئەوتۆکەی هەیە ئازابێ؟
بە رۆشنبیری بیری ڕازا بێ؟
زۆرم حەزدەکرد کە بەختەوەر بێ
درەختی پڕ لە سایەو سێبەربێ
هەرچەند لە سایەی لە ناوچوو خۆشیم
خۆشیم بۆدەوێ! . . دوور لە ناخۆشیم!
ئەی پەنجەرەکەی ئەو کۆشکە کۆنە؟
هەرخۆم دەزانم ئازارم چۆنە؟
هەرخۆم دەزانم بۆ دڵم دێشێ؟
نقوم بۆتە نێو چ چەشنە ئێشێ؟
وەك چۆن دیوارت چین لەسەر چینە
ئاواش ژوورەوەم پڕ لە برینە
لە ئەستۆی تۆیە خوێنی دەروونم
پیلانت دانا بۆ لەناو چوونم
هەر ڕەنگی تۆ بوو پشتی شکاندم
بۆخۆی کێشامی، بەختی سوتاندم
بریا سەرنجم نەدابا ڕەنگت
چاوم نەبرییا چوارچێوەی شەنگت
لە بۆخۆم دەژیام بە دڵنیایی
لە چۆڵیا بام، یا لە ئاوایی
پەروانە نامرێ بەکت وپری
گەر خۆی نەچێتە بەر گڵپەو گڕی!

دوو سالّی پڕ لە مانگ و هەفتەی تالّ . . شەوانی گولّەستێرە بارینێ . . لێم بوونە تیری ناو کەوانێکی تالّ! کاتێ ئەو ڕستانە بێ پرس پەنجەرەکانی گیانیان بۆ دەکرایەوە، بە کامی دلّ تیا دەگەڕان، کێهە گولّە زۆر بۆندارە زێدە جوانە بە دڕکی دلّمی دەگۆڕینەوە . . بەدەم وشەی بلاوێنی ئەوەوە . . بۆن کردنی ئەو پێتانەی نوێنەکەمیان لە پەلکە گولّ هەلّدەکێشا دەگەیشتمە بیابانی بێ سنووری نووستنێ



جەزا عەلی ئەمین

پێشکەشە بە مەهدی

١٩٨٦

شەوانی درەنگ، لە مێژ بوو پەردەی خەوی خەمناکی بەسەر مەردمدا کشابوو کەچی ئێمە هێمان گەرمەی دووره ژوانمان بوو. چیمان دەوت؟

گەر نووسرابا دەبووە داستانی ئەوینێ سەدان سەعات لە دووری چەند کیلۆمەتریکەوە ئەوین دەتکایە گوێوە دڵی دەکردە کانی ڕەنگ و بۆن و خۆشەویستی، کاوکوتی ڕۆحی دەخستە سەر لەپی «با»!

دوو ساڵی کورت. . شەو بانگی ڕۆژ و ڕۆژ لە دوای شەومان دەنارد، ئەگەربڵێم دەیان شەوی لە ڕۆژ ڕووناکترم دیون بەشێتم مەگرن. نیوەڕۆیانی قرچەی هاوینێ، . هەتاو مێشکی زەنگ دەکردم، بە لەشێکی قورسەوە دەهاتمەوە وەك ژووری عەترم بۆ ئاوەڵە بێ، هەر زوو لێو بە لێودا دەهات. . ژانی دەست و پێم دەشکا. . ئیستا شوێنەکەی چۆڵە ناروانمە جێیەکەی هێند قووڵە دەترسێم تێی کەوم و دەرنەیەمەوە!

ئەو دوو ساڵانە دۆزەخی دەرە وەم نەدەدی، بەخۆم دەوت:

- ڕۆژێکەو ئاوا نابێ!

دەیوت:

هەر ئەوەتا تۆراین ئەوساش گوێزانی جیایی سەرپاکی ئەو لقە سەوزانە دەبڕێتەوە کە بە ئاشکراو بەدزیەوە ئاومان دەدان.

من دنیام وا نەدەبینی. . وەك، پار، پێرار، دە پازدە ساڵ لەمەوپێش. . نەمدەزانی ئەوین مارێکی کوڵەوە پیابەو ڕۆژێ لە ڕۆژان، شەوێ لە شەوان لە ساکە دەشتێکا بە تەنیا با لێمەوە دەدا! برینێکی قووڵ لە دڵم دا جێ دەهێڵێ، کە زۆر بەگران یان ڕەنگە هەر بۆم سارێژ نەبێ.

ساڵانی تەمەن گوڵ گەڵێ نازەنینی لەو شەنگتر رام گرتوون دوا دڵۆپی جوانی‌یانم خواردوتەوە، کاتێ ون بوون بە بیرم دا نەهاتوەوە بە دوایان دا بچم، تەنانەت نەبوونە هەوێنی یادە شیرینەکانی تەنیاییشم.

× ×

ڕۆژەکەی ڕۆیی، ئیدی بەندی دڵم پسا، تا دوورتر دەکەوتەوە دڵم پتر رادەکێشرا، لەو ساوە هەنسك بە گەرووم فێر بووە، ژانە سەرێکی بێ‌ئامان رووی تێ کردووم دەترسێم وەك مەجنوون یان قەیسە شێتم لێ‌بێ! دەڵێم مەگە خەمی دەرەوە نابینی؟. بەڵام خۆراییە، گاڵتەم بە دەردە دڵی ئەم و ئەو دەهات دەموت: ئافرەت و مایین و تفەنگ هی ئەوانەن کە پێیانن!

«هەر ئەوەتا دوور کەوتینەوە ئیدی دوو ڕەشپۆشی دیکەی ئەم دنیایە زیاد دەکەن. .»

لە بیرکردنەوەدا کوڵ بووم، وا نەبایە ڕێی جیا بوونەوەم نیشان نەدەدا، بمزانیایە وام بەسەر دێ نەك پەڵەیە هەموو لەشی پەڵە بوایە دەمسڕینەوە!

سەعات نۆی بەیانی دەبێ لەبەر چاوان ون بێ. . ئاگر بە پووشەڵێنی تەمەنمەوە بنێ، ئاوا بوو، ئەو کاتە هەر دەتوت ڕۆژی ئاگراوی سەرەتای تەمووزێ بە فوویە کوژاوەتەوە. . لە جێگاکەما لوولم دەخوارد، وەك بڵێی هەزاران سوورە مێروو بەبان لەشم دا دێن و دەیانەوێ مۆخم بکوڵن. زاتی ئەوەم نەبوو دەریان کەم، یان هەڵێم بەڵکە ئەمە خوایە بەرینەوە. . شەقامەکانم بە هەڵگەراوەیی دەدی. . کەسە نزیك و خۆشەویستەکانم نەدەهاتنە بەر چاو. . بە روانینمەوە نەدەچوون! . لە ژیانی خۆم دا دژواری ئاواهیم نەهاتۆتە ڕێ. مەنجەنیقی وام بۆ دانەخراوە. پێم خۆش بێ یان نا دۆزەخێکەو دەبێ لە ناوێدا بسووتێم. .

ئیستا ژوورە مەخمەرییەکەی جاران نەبۆنە نەرەنگە نە هەناسەیە، جوولەیە، نە ژوانە.

ئەی پەستی کەس نازانێ (با)ی ڕەشت کەی هەڵ دەکا. . بریا دەرۆستت دەهاتم و بۆ هەموو خەمناکانم تەمبێ دەکردی.

«من لە کوێ‌و سووتان و دامردنەوەی ئەوین لە کوێ؟»



# ئێدی بەسە

صدیق خالد

ریامنا لپێشیامنەو
ڕیا من لمن بەرزە نەکە
ئێدی بەسە
ناڤێ منێ ل سەر منەو
ناڤێ من لمن بەرزە نەکە
ئێدی بەسە
تو چووی‌و من دگەل خۆ نەبە
پێ منێ لسەر ئاخا منەو
.. لسەر گورێ من
دل دسینگی دایە نەبە
ئێدی بەسە

سیڤ سۆرا من نەئەو سیڤە
ئێدی بەسە
بێدەنگیا منا بدەنگەو
لدۆل و چیا یا دەنگدایە
بەفر ژ بێ‌دەنگی بۆو ڕەنی
عەورا ژێ بوونە بروس و
کەڤرێ کەڕ ژبلندیێ ڕهی
پڕ بێژی ڕوی بوونە تەنی
تفەنگا ڤی نێچیرڤانی
ژ بێدەنگێی.. نێچیر ژەنی
ئێدی بەسە

سەح و سوبی چی بی، ما تۆ؟!
چەند موی بسەرێ من ڤە مانە
چەند وەریانە؟!
ئەڤە ئەزم..
تو بێ لسەر سەرێ من دادای
ل بن پید من تویێ رازای
ئەژێ نە دبینم، ئەڤە تو؟!!
ئێدی بەسە
دل دهێن دزین
دلێ من نێ نە ئەو دلە
دیوارێد خەلکی دەرزین
دیوارێ من نە ئەوەو نەئەو دیوارە
سیڤێد ئەڤینداراا رزین

ریا کاروانێ مە دویرەو
کێشەکا ژدویرو درێژە
کاروانی دەرچووی دا بچیت
بەرلدانا چویکێ‌یە ژمێژە
سە برەویت و نەڕەویستن
.. هەردێ بووریت
تەسەر سەودا سەرو گێژە
ئێدی بەسە

تو میری میرێ میران
کا دەربێ میری مرادا؟
نە تە دلە..
ژ برینێد ژارا بچرمسیت
نە دەستە
لسەر سەری بیت
تو بدەردێ کێ دزانی؟
کوچك و بێلاییێدتە دبەرزن
چ راگرن..
تێگدا دهەژین دلەرزن
تو دزی و میرێ دزانی
ما بۆ گەلو..
دێ هەر کوچکا تە تژیاچی بیت ب سەرێد مە؟
بەرێد دیوارێتە چنە
سەرێ .. سەرکێد خەلکێ منە
تو دزانی
ئێدی بەسە
ئەڤیندارم..
گرێ ئەڤینێ‌ی دژوارە
ئەڤیندارەك وەك من نەبیت
کی بگرێ ڤینێ دزانیت
ئەڤیندارا من ئەڤ خاکەو
ئەڤ شوینوارە
ئەڤینداریێ ژراستامەو
ئەڤەیە ڤینا ژ راستا..
ئاگرەکێ سوژێنەرەو
تو داری بۆ تە یێ هارە
ئێدی بەسە
راڤچیێ چویچکا کی یە، توی؟!

بزانە، یێ ئچویچکا بکوژیت..
ئلهویا ئێدی ناکوژیت
شاپەرێد چویچکا گەر نەبن
چەوا دفرن؟
جا بلا هەر تەیرەك ژرەڤێ
ئێدی بپەرێد خۆ بفریت
ئێدی بەسە
تو بەرەکی
ژ بنێ لەمی
یێ وەك تە هەردەم جهـ هێلە
بەرێ لکەندالی..
چ ئەفرۆ چ سوبەهی
رهیەو هەرێ گرێلە
ئێدی بەسە
مەژوەرو دوریێ خۆ مە لسەرێ وەدا
چ دوریێ ئێکێ‌ی کوژەکە
ئەز ئەڤەمە
دوژمنی تە ئەڤە ئەزم ؟
تو رەڤی و تە کیڤە لادا؟!
ئێدی بەسە
دسەرێ تەرا..
دوو موی مابوون هەر ددیار
[سەرێ کەچەل دکومدای باشە
کا کومێتە..؟!
ئەڤرو بای بر
دبەزی و بایێ بەزوکە
زمن و تە کێ ژکێ بر
بیێ زیرەکتر
ئێدی بەسە
ئێدی بەسە.



زیاد نقیب بروارى

# داڤێن یارێ

زەری‌یەك بو...!
لوێ بهارێ
چەپەر داناى
لجهم نهالێ..
داڤ ڤەدان و
کەتمە نیڤێ...!
چ تەلهە بو....؟
لبەر من ڤەناى..!

★ ★ ★

پەری مەست بو
باوەر نەدکر
رابو چەپا..!
کرە سەما و..
کەت گوڤەندێ
کر هەوار و...
کرە گازی:
وەی لا ل منێ...!،
لڤێ نیچیرێ
ژارو دلو
چەند ب ژڤان بوی
لئەڤێ روژێ...

★ ★ ★

مال ویرانێ...!
پەومان نەدا
دل و...
دەستا...
شروڤە کەت..
داڤا ڤەکەت..



وێ کەسەرێ
ژیرا بیژم...
ژ نیڤا دلی
ب دەرینم..
لێ لێ دینێ
ئەز حەیرانم
ئەڤیندارم
کوشتم..
ئاورى وتیرێن
هەردو چاڤا..
چما ئەڤرو؟
لبەر من ڤەددەی

ئەڤان داڤا..
کورکو دنو..
مانە بەسە
م دخاپینی
دلکێ منێ
ژار ورەبەن
تم دحەلینی
ما نزانی..
دلێ سوتی
مینا نوژێ
پتەڤە مایە..!
هار ودینێ..
تەیە لاوو..

کچکێ دینێ...
ئەزمان گلالە بوم
شوخ وشەنگێ
بەژنا زراڤ

ئەڤرو بویە
دیلەکێ گیژ..
لناڤ داڤێن من
لاڤە لاڤا

مەست وبێ هش کر بوم..

ئەڤینا تە..
دیمێ تە یێ
رند و کەڤەر..

★ ★ ★

کرمە دیلەك
سوفی یەکێ هەژار
ب جزبە چبوم..
عەبدالەکێ..
بێ سەمیان بوم
وێ رەش خالێ
کرمە دیلێ تە..
هو جانێ..!

★ ★ ★

کورکو دینو..
ئەڤە سەرێ
چەند مەهانە
چەند سالانە
هار ودینا...
تە بوم لاوو..
دالەهی‌یا..
ل من نەکە
تو گازندا..
ژ ئەڤێ دلێ
سوتی نەکە...

ژ ئەڤرو پێڤە
اتو ژ من نەکە..
مانە بەسن..
کول وکوڤان..
ئازار وژان..
هەی لو لاوو..!

★ ★ ★

کچکێ دینێ..
چ هات سەرى..!
پێ ی دابینم
ئێ رازیمە..
سوز بیت
هو نارینێ..!
ژ ئەڤرو پێڤە
رازێن دلی..
نە ڤەشێرم
دلکێ تەیێ
ژار ورەبەن
چ جارێ ددی
نە خاپینم..
ئەز حەیرانکا
ژ سەخمەراتی
ئەڤینا تە..
تم ڤەهینم..
ب لورینم..

ئەنتۆن پاڤلۆڤیچ چیخۆف

# خۆشی



د. ئەورەحمان حاجی مارف

لە ڕووسی‌یەوە کردوویە بە کوردی

کات سەعات دوازدەی شەو بوو.

میتیا کوڵدارۆڤ بە شپرزەیی و هەڵەداوان خۆی‌کرد بە ماڵداو بە خێرایی سەری بە هەموو ژوورەکاندا کرد. دایك و باوکی تازە خەویان لێ کەوتبوو. خوشکەکەی لەسەر جێگاکەی پاڵ کەوتبووو گەیشتبووە دوا لاپەڕەی ئەو ڕۆمانەی دیخوێندەوە . برا بچکۆلە قوتابی‌یەکانی دەمێ‌بوو لە شیرین خەودا بوون.

دایك و باوکی بە سەرسامی‌یەوە لێیان پرسی: لە کوێ بووی؟ چیت لێ قەوماوە؟

- مەپرسن! من هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نەبووم! نەخێر! من بە هیچ چەشنێك چاوەڕوان نەبووم! ئەمە. ئەمە تەنانەت جێی بڕوا نی‌یە!

میتیا دایە قاقای پێکەنین و لەسەر کورسی‌یەك دانیشت . لە خۆشی‌یاندا هێزی نەبوو بە پێوە بووەستێ!

- ئەمە زۆر سەیرەو هەر نابێ! ئێوە ناتوانن بیریشی لێ بکەنەوە. ئێوە بڕوانن!

خوشکەکەی لەسەر جێگاکەیەوە بازی‌دایە خوارێ‌و بەتانی‌یەکی لە خۆیەوە پێچا. بەرەو لای براکەی چوو. منداڵە بچکۆلەکانیش خەبەریان بووەوە.

- چی ڕووی‌داوە؟ ڕەنگت بۆ وا تێك چووە؟

- دایە! ئەوە لە خۆشی‌یاندا وام لێ‌هاتووە. ئەوەتە ئێستا لە هەموو ڕووسیا من دەناسن! لە گشت! جاران هەر ئێوە دەتانزانی دمیتری کوڵدارۆڤ کێ‌یە! بەڵام ئێستاکە سەرپاکی ڕووسیا ئای دایە! خوایە!

میتیا لە جێی خۆی بەرزبووەوەو بە ڕاکردن هەموو ژوورەکانی کردو سەرلەنوێ دانیشتەوە.،

باشە، چی ڕووی‌داوە؟ بلێ با بزانین

- ئێوه وەك گیانـداری کێـوی دەژین، ڕۆژنـامـه ناخوێننەوه، هیچ بایەخێك بە چاپەمەنی و دەنگوباس نادەن ، ئەوه نازانن کە لە ڕۆژنامەدا شتی گرنگ و بایەخدار چەند زۆره! ئەگەر ئێستا شتێك ڕوو بدات ناشاردێتەوەو یەکسەر بڵاودەکرێتەوە ! ئای کە بەختیارم! ئای خوای گەوره! دیاره لە ڕۆژنامەدا تەنیا باسی پیاوی گەورەو خانەدان و پایەبڵند دەکرێ، ئەوەتە لەوێدا لەبارەی منەوە نووسیویانە.

- تۆ چی دەڵێی؟ کوا!

باوکی ڕەنگی زەرد هەڵگـەڕا . دایکی خەریـك بوو بوورێتەوە برابچکۆلەکانی بە عەزیزییە کورتەکەی شەویانەوه خۆیان گەیاندە لای برا گەورەکەیان.

- بە . . . لێ باسم کراوە! ئێستـا سەرپـاکی ڕووسیا لەبارەی منەوە شت دەزانن! دایە، ئەم ژمارەیە هەڵگرە بۆ یادگار! ناو بە ناو بیخوێنەوە، تەماشای بکە!

میتیـا دەستی کرد بە گیرفـانیداو ڕۆژنامەیەکی دەرهێنا. دای بە باوکی و پەنجەی بەو خەتەدا هێنا کە بە قەڵەمی شین کێشرابوو. ,

- بیخوێنەوه!

باوکی چاویلکەکەی لە چاو کرد.

- دە بیخوێنەوه!

دایکی سەیری ئەو دیمەنەی کردو لە خوا پاڕایەوە. باوکە کۆکەیەکی بۆ کردو دەستی کرد بە خوێندنەوە:

«٢٩ی کانـوونی یەکـەم، نزیـك سەعـات ١١ی ئێواره دمیتری کوڵداڕۆڤی کاتبی قوتابخانە. . .

- دەبینن، دەبینن! بەردەوام بە!

- . . . دمیتری کوڵداڕۆڤی کاتبی قوتابخانە لە شەقامی ماڵەیا برۆننا کە لە بارِ هاتە دەرێ هێندە سەرخۆش بوو لای لە موو دەکردەوە. . .

- ئەوه لەگەڵ سیمیۆن پیترۆڤیچ بووم. . . هەموو شتێ یەك بە یەك بە وردی نووسـراوە! بەردەوام بە! دواتـر بخوێنەوه! گوێ بگرن!

- هێـنـده سەرخـۆش بوو لای لە موو دەکـردەوه. هەڵخلیسکاو کەوتە بەر پێی ئەسپی عەرەبانەیەك کە لەوێدا ڕاگیـرابـوو . عەرەبـانـەچی‌یـەکـەش جووتیارێکی خەڵکی گونـدی دوریـکـینـا بوو، کە دەکـەوێتـە هەرێـمی یوخنـوڤسکی‌یـەوه. ئەسپـەکـە داچڵەکی و لە ترسا بەسـەر کوڵـداڕۆڤـدا هەنگـاوی هەڵهێناو عەرەبانەکەی لەگەڵ خۆی ڕاکێشا ، کە ستیپان لۆکۆڤی جێگری کۆمەڵەی بازرگانانی مۆسکـۆ تێیـدا دانیشتبـوو. ئەسپـەکە غاریداو بەلەسە بوو، بەڵام پاسـەوانـەکـانی گرتیـانـەوه. کوڵـداڕۆڤ لە سەرەتادا هۆشی نەبـووو بردیـانـە پۆلیسخـانـەو پزیشـك گەیشتـە ئەو ئەنجامە کە پشت ملی ئازاری پێ‌گە گەیشتووه. .

- ئەوه لێواری عەرەبانەکەی بەرکەوت. دواتر! دە تۆ دواتر بخوێنەوه!

- . . . پشت ملی ئازاری پێ گەیشتووەو مەترسی لێ ناکـرێ. لە بارەی ئەو ڕووداوەوە ڕاپـۆرت نووسـراوه. ئەوەی ئەو کارەساتەشی بەسەردا هات پزیشك فریای کەوتووه.

- ئامـۆژگـاری‌یـان کردم پشت ملم بە ئاوی سارد تەڕ بکـەم. خۆ خوێنـدتـانـەوه؟ ها؟ ئەوەتـە، ئەوەتـە! ئێستا بە هەموو ڕووسیادا بڵاوبووەتەوە! ڕۆژنامەکەم بدەنەوه!

میتیا پەلاماری ڕۆژنامەکەی‌دا قەدی کردو خستی‌یە گیرفانی.

- با خێـرا بچم بۆ ماڵی مەکـاروڤ نیشـانیـان بدەم. . پێـویستـە نیشـانی ماڵی ئیڤـانێنکی‌یشی بدەم. . هەروەهـا دەبێ نەتـالیـا ئیڤانەڤناو ئەنیسیم ڤاسیلۆڤیچ بش ببینن. . . وا بە پەلە دەڕۆم! خواتان لەگەڵ!

میتیـا شەپقـەکـەی کردە سەری بە خۆشی و شادی‌یـەوه ڕای‌کردە دەرەوه.



# ئەو کیژۆڵەیەی لە بەر دەروازەی نەخۆشخانەکەدا دەگریا

بەری بەیـان بوو.. تازە غەڵبـە غەڵب و دەنگـە دەنـگ دەکەوتە ناو کوچەو رێگاکانی شاری دێرین، ڕوناکی کازیوە بەئـەسپایی تەنگی بەگشت تەم و تارمـایی کون و کەلین و قوژبنێکـەوە هەڵـدەچنی و جێگاکانیانی داگیر دەکرد، گەڵای دارەکـان بەهـۆی شنـەوە، کەوتبـوونـە جووڵـە جووڵ و خۆشـی یـەوە، چاوەنـواری یەکـەم تاڵی تیشکی خۆریش بوون، بیخاتە ئامێز خۆیەوە.. ئا لەم وەختەدا تازە هەنگاوم نابووە شەقامی شەستی، نهێنی گەردوون بەرەو خەیاڵێکی قووڵ و بێ کۆتـایی دەیبردم.. تا دەهـات دیمـەنـەکـان لەمـێشکـمـدا گەورەتـر دەبـوون.. لەبـەر دەروازەی نەخۆشخانەی کۆماری‌دا، لەهێکەوە دەنگێ زنجیرەی گشت دیمەنەکانی لەمێشکمدا لەیەکتر ترازاند:

ـ کاکە!.. کاکە!

گورج سەرم بۆلای دەنگـەکـە هەڵبڕی.. کیژۆڵەیەکی تەمـەن پانـزدە ساڵانی، رەش ئەسمـەر کە جشـداشـەیەکی نەخـۆشخـانـەی لەبەرابوو، بەپێ خاوسی لەبەر دەروازەکەدا وەستـابوو، دینـارێکی لەنێوان قامکەکانی دەستی راستەیدا لوول دابوو... و... بەگوڕ دەگریا..

ـ ها.. خوشکە من بانگ دەکەیت!؟

بەرەو لێواری شۆستەی شەقامەکە لێم نزیك بۆوە:

ـ دایکم.. دایکم..

دیمەنەکەی ئەوەندە کاریگەر بوو، مووچرکێکی کارەبایی خستە لەشمەوەو هەموو گیانی راچڵەکانم... بەرچاوەکانم لێڵ بوو.. سەرم سوڕی خوارد.. کات و شوێنم لێ وون بوو..

ـ دایکت چی؟.. دەخێراکە پێم بڵێ دەی! دە..، دە...،...

ـ دایکم حاڵی فرە شڕە.. خەریکە دەمرێ، دەمەوێ هاوار بۆ خزمەکانم بەرم و بێنە ئێرە، بەتاقی تەنێش ناوێرم سواری ـ تەکسی ـ یەکان ببم، ئەگینا لەمێژ بوو رۆشتبووم.

خەیـاڵ بردمی بۆ گەلێ رووداو، بۆیـە لەدڵی خۆمـدا بڕیارمدا ئەگەر گیانیشم لەسەر دانابێ دەبێ یارمەتی بدەم:

ـ باشە ماڵتان لەکوێیە!؟

هەناسەیەکی هەڵکێشا:

ماڵمان لەگەڕەکی ـ بەلاشاوە ـ یە.

ـ لەگەڵتا بێم.

تیشکی زەردەخـەنـەیـەك کەوتـە نێو دەریـای روخساری ماتەمینی و مەلەی تیا کرد.

- ئەری وەڵلا.
لەسەر لێوی شۆستەی شەستیدا وەستاین، هەر ماشێنێك ڕەت دەبوو، دەستم بۆ بەرز دەکردەوە، سەرەنجام - تەکسی‌یەکی لادە - لەبەر دەممان وەستا. کیژۆڵەکە بەبێ یەك و دوو دەرگای دواوەی ماشێنەکەی کردەوەو خۆی هەڵکوتایە ناویەوەو دەرگاکەی داخست، منیش دەرگای پێشەوەم کردەوەو لەتەك شوفێرەکەدا ڕۆنیشتم.
- کاکە بۆ کوێ دەچی!؟
- دەچینە بەلاشاوە.
شوفێرەکە گەنجێکی سەرکوت بوو. کورتەك و شەرواڵێکی شینباوی لەبەرا بوو. یەکسەر ملی ڕێگای گرت. دیمەنی ڕەنگامەی خانوو.و.. بەرەکانی سەر ڕێگا لەبەر چاوما خۆیان بەماتەمینی دەنواند، بیرم لەوە دەکردەوە، چۆن کیژۆڵەیەکی ئاوا خرپن و جوان متمانەی پێ کردم و داوای گومەکی لێ کردم؟... پاشان لەدڵی خۆمدا ووتم:
- ئێی! خۆ مرۆڤایەتی لەم جیهانەدا باری نەکردووە.
گێژەنەی بیر سوری دەدام، هێندەم زانی شوفێرەکە ماشێنەکەی بەدەستە چەپی شەقامەکەوە سوڕاندەوەو دووبارە کەوتەوە ڕێ. ڕێگاکە چەو ڕێژ بوو، شوفێرەکە لەسەرخۆ .. و. بەهێمنی لەماشێنەکەی دەخوری.. کیژۆڵەکەش ئەوەندە نارەحەت بوو ناوە، ناوە لەبەر خۆیەوە دەیووت:
- توخوا کاکە خێرا لێخورە!
شوفێرەکە هەمیشە بێ دەنگی دەنواند، وا دیار بوو تورەکەیەك پرسیاریش خۆی لەمێشکیدا حەشار دابوو.. و .. بەبێ وەڵام مابوونەوە... بەهەر حاڵ خۆی پێ ڕانەگیراو ووتی:
- خوشکۆڵە بۆ وا نارەحەتی!؟
کیژۆڵەکە بێ دەنگ بوو، ئەویش پرسیارەکەی بەبێ وەڵام مایەوە.
نزیکەی بیست مەترێك مابوو بگەینە مزگەوتی - مفتی - بەلاشاوە، لەبەرامبەر زارکی کۆڵانێکا کە دەیڕوانییە مزگەوتەکە، کیژۆڵەکە لەهیکەوە بەشوفێرەکەی ووت:
- کاکە زەحمەت نەبێ لێرە ڕاگرە هەر هەنووکە دەگەڕێمەوە!... بەخێرایی لەماشێنەکەدا دابەزی‌و بەراکردن رووی کردە کۆڵانەکەوە. خانووەکانی ناو کۆڵانەکە بۆنی هەژاریان لێوە دەهات، بۆیە هەر چەند رای دەکرد زیاتر لاق و جلی بەقوڕو چڵپاوی خرخراوەکان سواخ دەکران، هێندەم زانی بەدەرگایەکی شینا کە دەکەوتە چوارەمین خانووی دەستە چەپی کۆڵانەکەوە چووە ژوورەوە. منیش ئاخێکی بەتینم هەڵکێشا، پاشان سەرم بۆ بەرکی کراسەکەم شۆڕکردەوەو دینارێکم تیا دەرهێنا...
- فەرموو کاکە.
- دەبا لەحسێبی من بێ...
- بەخوا نابێ.
شوفێرەکە دینارەکەی خستە گیرفانی کورتەکەیەوە، جگەرەکەی نێوان پەنجەکانی فڕێ داو جگەرەکی دیکەی داگیرساندو بێ دەنگ بوو.
دەنگ و باس لەکۆڵانەکەدا تەشەنەی کرد. گەورەو بچووك، ژن و پیاو دەگریان و روویان دەکردە ماڵەکەوە.
- چی قەوماوە؟
- دەڵێن: خێزانەکەی - وەندی - رەحمەتی لەنەخۆشخانەدا مردووە،
زۆری نەبرد پیرە ژنێکی فیلە تەنی لەماڵەکەدا هاتە دەرەوەو رووی کردە ماشێنەکەمانەوە. هێدی، هێدی دەرۆشت لێمان نزیك دەبووەوە.. وا دیار بوو دڵوپی ئەشکیش تۆێڵی چاوەکانی سوور کردبووەوە.
- سلام علیکم.
- علیکم السلام، بەخێر بێی ئامۆ ژن.
- خوا لێتان رازی بێ.
- فەرموو پورێ فەرموو.
دەرگای دواوەی ماشێنەکەم بۆ کردەوەو هاتە ژوورەوە.. قەڵەوی هەرەسانی کردبوو.. و.. توشی هەناسە برکی ببوو.
خەم گەرەکی بوو ناخی دەروونم بسووتێنێ، حەزم دەکرد هەر لەسەرەتاوە تا کوتایی لەکارەساتەکە بگەم بۆیە خۆم پێ ڕانەگیرا..

- ئەرێ ئامۆژن تۆچی ئەو ماڵەیت!؟... ئەویش ئاوا کارەساتەکەی بۆ گێڕامەوە..

- کوڕم! پار ئەو حەڵە بوو، باوکی - هێرۆ - ئەمری خوای بەجێ هێنا ئەوە ئەمڕۆش - حەلیمەیی دایکی.. هەی! هەر دوو چاوت کۆرە بێ - عەلی - چۆن ئەم ئافرەتە قەشەنگەت دایە بەر دەستی دختۆران و بەبیانووی نەخۆشی شێرپەنجەوە گورچیلەکیان بری.

- ئامۆژن - هێرۆ - و - عەلی - کێ‌نە!؟

- ئەو کیژە پارچەڵەیەی لەگەڵتان بوو ئەوە هێرۆیە عەلیش براکەیەتی، ئێستا خوا نەبێ کەس نازانێ لەکوێیە!؟.. دەك گەڕانەوەی نەبێ!..

- ئامۆ ژن هێرۆ تەنیا ئەو برایەی هەیە؟

- ئەرێ وەڵڵا کوڕم، خوا نەبێ کەسی تر شك نابینێ.. دەك ئەو برایەش هەر نەبایە!..

- ئەی تۆ چی هێرۆیت!؟

کەوتە فرمێسك هەڵڕشتن:

- رەحمەتی باوکی ئامۆزام بوو.. ئۆی! (بەرد هەر لەجێ خۆی گرانە) خۆزگە هەر لە - گەرمیان - بمردایە.

ئێمە لەو قسانەدا بووین، وەختێ هێرۆ..و.. کابرایەکی بەساڵا چووی کەنەفت گەیینە لامان. کابرا سەلاوی لێکردین و ئێمەش وەلامان دایەوە. پاشان هەرتکیان سواری دواوەی ماشینەکە بوون و شوفێرەکەش هەر بەو رێگایەی پێی هاتبووین گەڕایەوە.

لەڕێگادا لەئاوێنەی بەردەمی شوفێرەکەدا هێرۆم بینی، دەمی خۆی گرتبوو. و.. گریانەکەی خۆی دەخنکاند. هەر چەندە کەوتبووە نێوان دوو کەسەوە شوێنەکەی تەسك بوو بەڵام ئەو هەستی بەو تەسکییە نەدەکرد. ئەم دیمەنە تاسانمی و خۆم پێ رانەگیرا، رووم کردە کابرای بەساڵا چووەکە:

- ئەرێ مامە ئەمانە چی تۆن!؟

- بەخوا دراوسێیانم.

ئەوەی ووت و بێ دەنگ بو. منیش چیتر پرسیارم لێی نەکرد.

هەشت خولکەی نەبرد گەیینە نەخۆشخانەکەو لەبەر دەمی دەروازەکەدا دابەزین. هەر لەوێ شوفێرەکە جێی هێشتین و ئێمەش هاتینە ژوورەوە.

لەحەوشەی نەخۆشخانەکەدا هێرو بەگوڕ رای کردو ئێمەش بەدوایەوە رۆشتین تا.. گەیینە ئەو ژوورەی دایکی تیایدا پاڵ کەوتبوو. کاتێ هێرو دایکی لەشوێنەکەی خۆیا نەبینی دەستی کرد بە:

هەی! دایە رۆ.. هەی! دایە رۆ..

ئافرەتە نەخۆشەکانیش هەمو بەجارێ دایانە پرمەی گریان. ئەم دیمەنە بەر چاوی لێڵ کردم، هەر چۆنی بێ تەکانم دایە خۆم و لە نەخۆشێکم پرسی:

- ئەی کوانێ نەخۆشەکەمان!؟

- هەر ئێستاکە بردییانە ژووری - تشریحات - دەخێرا فریای کەون با چیتر ئەو قوڕ بەسەرە بەبەر نەشتەران نەدەن.

قاوشەکەمان جێ هێشت و رووومان کردە ژووری - سەرۆکی دختۆرەکان - ئەویش کاتێ ئێمەی بەم شێوەیە بینی یەکسەر بەتەلەفۆنەکەی بەر دەمیەوە بانگی شوفێرێکی ئیسعافی کردو داوای لێکرد لەگەڵ یەکێکمانا مردووەکە لەژووری - تشریحات - دەربێنێ و بیگەڕێنێتەوە ماڵەوە.

کابرای بەساڵا چوو لەگەڵ شوفێرەکەدا سواری ئیسعافێك بوو، هێندەی پێ نەچوو گەڕانەوە. زایەڵەی گرمژنی گریانی هێرۆ... و.. پرمە پرمی پیرەژنە خزمەکەیان حەوشەی نەخۆشخانەکەیان پڕ کردبوو. گریان بەدەست پیاو نی‌یە.. وەکو رێژنە فرمێسك لەچاوەکانما هەڵدەقولا.. هێندەم زانی هێرۆ ئاسکێکی تەنگاو کراو ئاسا رووی کردە ئیسعافەکەوە. بەتاڵوکەیی دەرگای دواوەی کردەوەو خۆی فڕێ دایە سەر دایکە گیان لێبراوەکەی خۆی.. پیرێژنەکەش دوای ئەو خۆی کوتایە ناو ئیسعافەکەوە.

ئیسعافەکە جێی هێشتم و هێرۆش وەك لەنێو شاشەی تەلەفزیۆنێکا بێ لەمینای دواوەی ئیسعافەکەدا دەستی لێ هەڵدەشەقاندم و ماڵ ئاوایی لێ دەکردم. لەو رۆژەوە. هەر دەڵێم و دەڵێمەوە!

- ئۆی! هێرۆ خان، دەبێ ئێستا لەکوێ دانیشتبی‌یو خەریکی چی بێت؟

- ئۆی! خوشکۆڵە، دەبێ ئێستا چ ئازارێ میوانت بێ؟

شانۆنامەی

# راوچی

نووسینی: «حیدر عبدالرحمن»

کاراکتەرەکان:

١ - پیرەمێرد
٢ - دایك -
٣ - سمکۆ
٤ - چەتۆ
٥ - دینۆ
٦ - رەشۆ
٧ - نارین
٨ - سمە
٩ - بەگ
١٠ - کوێخا
١١ - جوتیار
١٢ - پاسەوانی (١)
١٣ - پاسەوانی (٢)
١٤ - سێ منداڵ

## بەشی، یەکەم

### - دیمەنی یەکەم -

ئێوارەیەکی درەنگی زستانە، هرێوەیەو بەفرو بارانێکی سەختە، بروسکە جار نا جارێك لە دەلاقەوە. بچکۆلەکانەوە بە رەنگی زەردو شین رەنگ دەداتەوە، هەموو شتێك لە بەرچاوان دا ترس و خرۆشێکی گەورە دەبەخشێ.. رووناکیەکی کز... لە چرایەکی کۆنی هەڵواسراوی دیوارەکەوە تریسکەی دێ. چەند کەل و پەلێکی لادێ لەولای ژوورەکەدا دەردەکەون... لە ناوەراستیشا زۆپایێکی گەورە بە چەند پۆلە، ئاگرێك دادەگیرسێ.. دایکەکە.. لە نزیك زۆپاکە خۆی وێك هێناوەتەوە، هەردوو دەستـ ـوتە ژێر سەری.. نارینی کچیشی لە نزیکیەوە گۆرەوی دەچنێ..

**دایك:** (گوێی لە دەنگی سەگوەرە، بە سەر سورماوی) نارین.. دەڵێی یەکێ بۆ ئەو ناوە دێ؟!!

**نارین:** هێشتا ئێوارەیە دایە.

**دایك:** (بە دوو دڵی) تۆ بڵێی کێ بێ؟!

نارین کێن؟ خەڵکی گوندین هات و چۆیانە.

**دایك:** بەڵام سەگ.. بۆ خەڵکی گوندی ئاوا ناوەرێ.. ئەو سەگ وەرە توندە چی‌یە نارین؟!

**نارین:** (هەڵ دەستێ، سەرێك بە دەلاقەکەدا دادەگرێو دەگەرێتەوە) لەوانەیە رێبوار بێ دایە.

**دایك:** (بە شپرزەیی). رێبوار؟!

**نارین:** ئا رێبوار دەڵێی قەت رێبوارت نەبینیووە!

**دایك:** (بە ئازارەوە) تۆ وا دەزانی ئەوەی بەو گوندەدا رابووری لەلای رەشۆوە هاتووە یان وەکوو تۆ جەرگی بۆ رەشۆ سوتاوە؟! رۆژ تا ئێوارە چاوت لەرێیە، شەوانیش رەنگ نی‌یە خشپەیەك بێ دڵت رادەچڵەکێنێ لات وایە هەر هەوە... دایە رجات لێ دەکەم ئەو قرت و فرتە لە دڵی خۆت فرێدە.

**دایك:** (بەمەتەحی) بە دەست خۆم نی‌یە کچم، دڵم ئۆقرە ناگرێ.. نارین: (بەدەم گۆرەوی چنینەوە)، سەبرت هەبێ دایە سەبر... هەر بزانە خەبەریمان زانی..

**دایك:** (بە نابەدڵی) پێم نالێی‌کەی؟!

**نارین:** (بەدڵ دانەوە) هەر لەو زووانە دایکە.. هەر لەو زووانە

**دایك:** (بەبێ ئومێدی) مەگەر پاش مردنم..

**نارین:** (بێزار دەبێ) هەیهوو.. دایکی بێ ووری وەك تۆم نەدیوە.

(دەنگی هەورە تریشقەی بەتین دێو پیرەمێرد بە کۆکە کۆك و

لەرزینەوە بەژوور دەکەوێت ، پاڵتۆیەکی کۆنی خستۆتە سەر شانی، خەنجەرێکی دەبانی گەورەی لەبەر پشتەو گۆچانێکی بە دەستەوەیە)

**پیرەمێرد:** (بەدەم بەفر لەخۆ تەکاندنەوە) ئاە... بەفرە ئەمان بەفر.. بڕوا ناکەم دە ساڵیش دەبێ بەفری وا باریبێ.. (کەمێ پێدەکەنێ ، پاڵتۆکەی لەبەر دەکاتەوە، سەرنجی هەردوکیان دەدا..) نارین هەروا خەریکی گۆرەوی چنینی؟!

**نارین:** ئەی چی بکەین بابە؟

**پیرەمێرد:** بیچنە کچم بیچنە... دەستەکانت خۆش بێ.. گۆرەوی چنینیش پیشەیە کچم ، کێ دەڵێ ڕۆژێ نابێ پێویستیت بەو پیشەیە بێت؟

**دایك:** جا کێ هەیە لە پێبانی کا (بە تەوسەوە) مەگەر تۆ!

**پیرەمێرد:** (بە نەرمە پێکەنینێکەوە) تۆش دەزانی ئەو گۆرەوییە خوری‌یانە هی من نین بۆیە ئەوەندە زمانت درێژە، (بە تەوسەوە) منیش کاتی خۆی کە پیاوی ناو بەفرو ڕاوو شکار بووم زۆر گۆرەوی‌وام دەدڕاند بەڵام ئاخ!!

**دایك:** (بە ڕقەوە) بەفروو ڕاوو.. نازانم چی... بەو قسە گەورانە نەبوو ئەو مێرد منداڵە بەستەزمانەت پەڕاگەندەکرد؟ چەند جارم پێ گوتی ئەو منداڵە هی ڕاوێ نی‌یە وازی لێ بێنە ، چ ڕێو جێ‌یان پێ نازانێ، بەڵام ئاخ!

**پیرەمێرد:** ئاخی پێ ناوێ پیرەژن ئاخی پێ ناوێ... ئەگەر ئەو منداڵ بوایە زۆری لێ نەدەکردم بچێتە ڕاوێ.. پاشان ئەوە هەموو کوڕی گوندی نین دەچنە ڕاوێ.. قابیلە هەر ڕەشۆ چووە؟!

**دایك:** ڕاو.. ڕاو... ڕاو... براکانی کە دەچوونە ڕاوێ گەلێکیان لەگەڵ خۆیان دا دەهێناوە، ئینجا نۆبەتی ڕەشۆی بوو.

**پیرەمێرد:** ئافرەت ڕاو ڕاوی پیاوانە پیاو.

**دایك:** لەبەر زۆریا دانیشتوی قسەت گەرمە، چوزانی ئێستاکە ئەو بەستەزمانە لەچ کونجێك خۆی وێك هێناوتەوەو لەسەرمان دەلەرزێ.

**پیرەمێرد:** ئەوەی بچێتە ڕاوێ .. گوێی لە سەرماو گەرما نی‌یە... (شەرواڵەکەی لەپێ دەکاتەوە، دەخزێتە ناو پێخەفەکەی..)

**نارین:** کاکم و وان هەر نەگەڕانەوە ... شەویش درەنگە!

**پیرەمێرد:** تۆ ئەو چرایە بکوژێنەوە.. ئەوان کەیفی خۆیانە. پیرەژن دەچێتە ژوورەکەی‌تر ، نارین پفێك لەچراکە دەکاو دەیکوژێنێتەوە... تاریکی دادێت.

---

**... دیمەنی دووەم -**

**شوێن:** دیوەخانی بەگە.. بەگ و کوێخاو جوتیارێکن...

**بەگ:** (بەتوڕەیی ، هەر لەگەڵ کردنەوەی ڕووناکی‌دا) ئەمن دەزانم ئەوانە بابی تۆزقاڵێك وەفایان بۆم نی‌یە، ئەوانە تێر بوونە تێر بۆیە ئەوەندە پێ لەبەری خۆیان زیاتر ڕادەکێشن، کوا گەورەو بچووکی لەم ئاوایی‌یە ماوە کوا؟

**کوێخا:** (بەماستاو کردنەوە) بەگم پیاو بۆ خوا بڵێ هەموویان لەژێر سێبەری تۆ بوون بە پیاو، بەڵام کوا چاکەو پیاوەتی ماوە کوا؟ ئێ خۆ پیاوەتی کل نی‌یە بە چاویان دا بێتەخوارێ (ساردی دەکاتەوە) بەڵام بەگم ئەوانە بابی ئەوەندە نینە تۆ بە هەندی‌یان هەڵگری‌لێ‌یان گەڕێ ملێکیان هەیە خوای دەکرد هەزاریان دەشکا... بەگم...

**بەگ:** (قسەکەی پێ دەبڕێ) بەگی چی کوێخا بەگی چی .. کەی بەگایەتی وایە، کەی؟! ئەگەر هەر یەکێکی‌تر بوایە لەجیاتی من دەبوا زمانی ئەو مام سوارەی لە پشتی سەری دەرهێنابوایە.. بەڵام من پاریش هەر بە نەرمیم لەگەڵی‌دا ڕاکێشا بۆیە ئەویش ئاوا بەجارێ کلکی خۆمانی لێ خستە سەر پشت.

**جوتیار:** بەڵام بەگم .. هەر چاکە چاکە...

**بەگ:** (بەتوڕەیی) چی لێ‌بکەم ئەگەر لە زمانی چاکە نەگا .. پێم ناڵێ‌ی چی لێ بکەم؟!

**جوتیار:** گەورەم مار بە قسەی خۆش لە کون دێتە دەر، تۆش ڕازی بکەو لەبەینی خۆتانا پێك بێن باشترە، با مەسەلەکە بە خۆشی ببڕێتەوە.

**بەگ:** ئێستا ناردومە بە شوێنیا هەر بزانە هاتە ئێرە، جا گوێ لە قسە پڕو پووچەکانی ڕابگرن بزانن ئەو کابرایە ئەوەی قسەی خێرە لە دەمی دەردەچێ.

**کوێخا:** (دەچنە بن باڵی) گەورەم تیخی‌یان دایە تیخ، دەنا خوا هەڵناگرێ ئەو کابرایە یەکجار ئەوەندە کەللە ڕەق نی‌یە، بزانە کێ دەستی لە پشتی دەدا، ... (لە دوورەوە دەیبینێ) ئەوە هاتیش دەی... خوا کەریمە...

**پیرەمێرد:** (بە لالوتەوە بەژوور دەکەوێت ، پشتی لە بەگە) سلام

علیکم...

**هەموویان** : علیکم السلام...

**پیرەمێرد:** (هەر زوو) خێر بوو بە دوواتان دا ناردبووم؟!

**کوێخا** : دەتۆ جارێ دانیشە مام سوارە دانیشە..

**پیرەمێرد:** ناتوانم دانیشم..

**بەگ:** بۆ ئاگر هاتووی ، یان هەر لەسەر قسەکەی خۆتا موصری؟

**پیرەمێرد:** من هەر تەنیا بەرامبەر بە هەق مل کەچم، مەسەلەی ڕازی بوون بە هەق جودایەو مەسەلەی بەزۆر ڕازی کردنیش جودایە.

**بەگ:** من لەوانە نیم زۆر لە (قیزی لێ دەکاتەوە) جوتیارێکی زەعیف و بێ دەسەلاتی وەك تۆ بکەم.. بەڵام تۆ ناتەوێ هیچ کەسێ نەزۆر نەکەم، نە بە باشە نە بەخراپە باسی زەویەکەت لەگەڵ دا بکا! تۆ بە چاوی خۆت ئەو هەموو دەشت و دەراوەی من دەبینی ، قابیلە تەماعیم لە زەوی‌و زاری تۆیە، بەڵام منیش نازانم چی بکەم.. ئەو ئاوەی من بە ناوەڕاستی زەویەکەی تۆدا ڕادەبوڕێ، پاشان لەگەڵ زەویەکەی من هەر یەك پارچەن و لێکتر جودا کراینەوە... چی دەبێ ئەگەر تۆ ئەو چەند دۆنمە زەویۆکەی خۆت بە زەویەکی (گەورەی دەکا) دوو قات و سێ‌قات گەورەتر بگۆڕیتەوە؟!

**کوێخا:** چ جودلییەکی تێدا نی‌یە قازانجیەتی بەگم قازانجیەتی...

**پیرەمێرد:** سلیمان بەگ.. باش لە مەخسەدت گەیشتووم... ئەمن ڕەنجی فەرهادم لەگەڵ ئەو زوی‌یەدا کێشا تا کردمە ئەو زەوی‌یە، هەر ئەو سی چل دۆنمە زەوی‌یەو ئەو یەك دۆنمە باخچەم هەیە پێ‌ی بژیم، ناتوانم دەستی لێ بەردەم... چونکە ئەگەر دەستم لێ بەردا بە مانا دەستم لەژیان بەردا.

**بەگ:** نا.. نا مام سوارە ئێمە بێ زەویت ناکەین، زەویەکی گەورەت دەدەینێ‌و پاداشتێکی چاکیشت پێ دەبەخشین.

**پیرەمێرد:** پاداشت؟! ئەگەر بە پاداشت بێ ئەوە دڵنیابە، هەر بنە دار گوێزێکی خۆم بە هەموو موڵکی دونیا ناگۆڕمەوە..

**بەگ:** (تووڕە دەبێ) بۆ ئەو زەویەی تۆ چی‌یە ها؟! زێڕە یان زیوە؟!

**پیرەمێرد:** ئەو زەویەی من نە زێڕەو نە زیوە (بە توندی گۆپاڵەکەی بە زەوی دا دەدا) خاك و خۆڵە.

**بەگ:** چەناگەم شل بوو.. تاکەی لەگەڵ تۆدا ڕاکێشم تاکەی؟ بەڵام وا دیارە زۆر خۆت بە باڵا بەرز دەبینی ، من لە دەستم دێ هەموو ئەو باخچەو ڕەز و بێستانەت لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵ کێشم، لە دەستم دێ پەلت بگرم و لەو ئاوایی‌یە بەدەرت

نیم..

ئاڤێستا نەم ویستووە بە دڵ ڕەقیت لەگەڵ دا بکەم، بەڵام کە مادام وای لێ‌هات ، ترشیت بێ شیرینی، تازە لەم ڕۆوە ئەو پارچە زەوی‌یە هی منە.. (چاویان بڕیوەتە ناو چاوی یەکتر)

## (تاریکی)

### - دیمەنی سێ‌یەم -

سمە، لە ژوورێکی گچکەلانە دانیشتووە، دارێکی درێژو یەکێکی تری کورتی بەدەستەوەیە فڕۆکەی لێ دروست کردووە..

سمە: (فڕۆکەکە دەفڕێنێ‌و بە دەوری ژوورەکەدا دەسوڕێ) ڤ... ڤ.... ڤ...

**نارین:** (بەخۆی‌و سەبەتە نانێکەوە بەژوور دەکەوێت، بە پێکەنینەوە) سمە .. سەرمات نی‌یە؟

**سمە:** من؟!... سەرما؟!... (پێ‌دەکەنێ) ڤ... ڤ... ئێستا دەفڕین . دەفڕین .. دەفڕین...

**نارین:** (بە زەردەخەنەکی گەرم) بۆ کوێ دەفڕین سمە؟

**سمە:** بۆ سەر مانگ.. بۆ سەر مانگ ... ڤ .. ڤ...

**نارین:** چۆن دەگەیتە مانگ سمە؟

**سمە:** من؟! دەگەمێ .. دەگەمێ زیاتریش....

**نارین:** (کەمێك پێ‌دەکەنێ) باشە ئەوە گەیشتێ ... لەوێ چی دەکەی؟!

**سمە:** لەوێ... لەوێ... دەژیم.

**نارین:** (بە گاڵتەوە) بۆ عەردی خوا براوە؟!

**سمە:** (پەست دەبێ) نازانم... نازانم... (دوور دەکەوێتەوە) وازم لێ‌بێنە...

**نارین:** (دڵی دەداتەوە) سمە عاجز بووی؟

**سمە:** من؟ نەء ... نەء.. لەتۆ عاجز نابم... من کێم هەیە... هەموو ڕۆژێ. نان... ئاو لۆ خۆم و سەگەکەم ... چۆن لە تۆ عاجز دەبم .

**نارین:** سمەگیان کاکم ڕەشۆ تۆی خۆش دەویست، ئەوە هەمووی ڕاسپاردەی ئەوە.. دەبێ خزمەتت بکەم.

**سمە:** (بەتاسەوە) ڕەشو... ڕەشوگیان ڕۆیشتی؟ کێ منی لەبیر بوو تۆ نەبی... کێ منی.. خۆش دەویست... تۆ نەبی... هەموو بەشێتم تێ دەگەن ... چونکە بێ‌کەسم ...

تەنیام....

ڕەشو گیان ... من بەتەنیا مامەوە... خۆم و سەگەکەم...

**نارین:** سمە گیان خەفەتان مەخۆ... تۆ هەر بە خەفەت وات لێ هات...

**سمە:** بەدەست خۆم نی یە نارین بەدەست خۆم نی یە.. هەر وادەزانم شاخەکی گەورەو گران .. بەقەد ئەو هەڵگوردەی.. لەسەر... هەردوو شانم دانــراوە.. ئەو دونیا پان و بەرینە جێی منی لێ نابێتەوە...

**نارین:** (بەسەر سوڕماوی) بۆ سمە ... بۆ؟!

**سمە:** (بەساردی)منیش نازانم... خوزگە دەمزانی..

- تاریکی -

- دیمەنی چوارەم -

چەتۆ ، سمکۆ، دینۆ، پیرەمێرد

**چەتۆ:** (بەدەم هات و چۆکردنەوە بیر دەکاتەوەو دەستەکانی پێك دادەدا) نابێ ئێمە دەستە پاچە بوەستین و بێدەنگ بین، دەبێ چارەیەك لە حاڵی خۆمان بکەین.

**سمکۆ:** ئەگەر بێدەنگ بین لە ترسنۆکیمانە.

**دینۆ:** ئەوە بێدەنگ نەبوون، پێم ناڵێن چێتان پێدەکرێ لەگەڵ بەگ؟

**سمکۆ:** ئەی چۆن؟ ئەوەی بەهێز بێ دەبێ بێهێز قووت بدا؟

**چەتۆ:** ئێمە بێهێز نین، بێهێز ئینسانی مل کەچە، نەك ئەوەی لە پێناوی ڕاستیدا ئازار دەکێشێ.

**دینۆ:** باشە دەسەڵات؟

**چەتۆ:** دەبێ هەموومان یەك دەنگ و یەك هەنگاو بین، چونکە مردن زۆر لەوە خۆشترە بەو چاوانەی خۆت ببینی بەگ بەزۆرەملی زەوی‌و زارت لێ زەوت دەکا...

**سمکۆ:** ئەی تۆ چ دەڵێی دینۆ؟

**دینۆ:** من دەڵێم دەستێك نەتوانم ببیڕم ماچی دەکەم (دەستی ماچ دەکا)

**چەتۆ:** تۆ کە لەدایك بووی خوا بۆ دەست ماچ کردن خەڵقی کردی.. ئەگەر ئەو بەگە نا موبارەکەش دەماری یەکە یەکەی ئێمەی نەناسیبا نەی دەتوانی ئاوا بێ باکانە بە هاوهەوەسی خۆی لە باغ و باغاتمان بڕنێ و بدورێتەوە، ئێمەش زەققەی چاومان بێ..

**دینۆ:** کاکە کێ دەڵێ من ئەو پیاوەم بەرامبەر بە بەگ ڕاوەستم، ئەوەی سوار چاکە فەرموو ئەوە مەیدان.

**چەتۆ:** سمکۆ واز لەو بێ دەسەڵاتە بێنە، ئەوە ئی ئەوە نی یە پیاو پشتی پێ ئەستوورکا، تۆ خۆت ئامادەکە.

**سمکۆ:** بۆچی؟!

**چەتۆ:** بۆ ئەوەی ڕوو بەڕووی ئەو بەگە نامۆبارەکە ببینەوە.

**سمکۆ:** (هاوار دەکا) ئەی ئەو نارەسەنە گوایە برای ئێمە نی یە، بۆ ڕۆژێکی ڕەشیوا نەبێ بۆچی باشە؟

**چەتۆ:** گوتم دەست لەو بێدەسەڵاتە بشۆ، ئێمە هەردوکمان.

**سمکۆ:** نەخێر هەرسێمان.

**چەتۆ:** ئەمە برو بیانووە تۆش ترسنۆکی.

**سمکۆ:** (تووڕە دەبێ، هێرشی بۆ دەبا) من؟ ترسنۆکم هەی (باوکیان بەتاو بەژوور دەکەوێ).

**پیرەمێرد:** (هاوار دەکا) ڕاوەستن... ڕاوەستن... (کە باوکیان دەبینن لێکتر دوور دەکەونەوە) ئەوە چیتانە بەربوونەتە بەر گیانی یەکدی، دەبینن چەند بۆ گیانی یەکدی ئازاو چەتوونن؟! ئەمن دەزانم بای چەندتان لەبارە، ئێوە هی ئەوە نین پیاو دڵی پێتان خۆش بێ یان ئومێدی بەوە بێ ڕۆژێ لەڕۆژان لەژێر سێبەرتان بحەسێتەوە.. (هەموویان بەشەرمەزاری سەریان لەبەر خۆیان ناوە) ئێوە تەنیا بۆ خۆ خواردن ئازان. ئێوە مۆرانەن. مۆرانە.ئەو شیرەتان لێ حەرام بێ دایکتان لە دەمی ناون... ئێوە کوڕی من نین حاشا کوڕی من نین (دەکەوێتە سەر زەوی ، هەر سێ کوڕەکانی بەتاو دێنە سەری)

- تاریکی -

- بەشی دووەم - دیمەنی یەکەم -

بەگ، کوێخا ، جوتیار

**کوێخا:** بەگم مام سوارە ڕاست دەکا زەویەکەی ئەو لەزێڕو زیو بەپیتترە... لە بەختی ئەو ئاوی کانیەکەش دێتەوە سەر بێستانەکەی.

**بەگ:** دەك هەناوتان پسێ بەو هەموو هەزار دۆنمە ئەوەندەی ئەو چەند دۆنمە زەویەی ئەو بەرهەمتان نەبوو..

**کوێخا:** گەورەم دەسەڵات نی یە، زەویەکەی ئێمە نەخۆشە نەخۆش...

**بەگ:** دە ئێستاکە ئەوە زەوی‌و زاری سوارەتان لە چەنگە بزانم چۆن چۆنی لەعەمەل دێنن؟..

کوێخا: بەگم قسەیەك هەیە ناوێرم بیکەم، دەترسم دڵت لێم عادزبێ.

بەگ: (بەسەر سوڕماوی) قسەی چی کوێخا؟ نیازی چیت هەیە؟

کوێخا: ڕاستیت دەوێ بەگم ئەمن ئەوەندە لەو مەسەلەیە دڵنیا نیم...

بەگ: مەسەلەی چی کوێخا؟!

کوێخا: گەورەم مەسەلەی زەویەکەی مام سوارە..

بەگ: (توڕە دەبێ) چی لێبکەم، بە هیچ نەوعێ ڕازی نەبوو، پیاوی وا ئاوا نەبێ نابێتە ڕایێ..

کوێخا: بەگم ئەمن دەڵێم ڕێگەی نزیکترو ئاسانتر هەبوو بمانگەیەنێتە مرازی خۆمان.

بەگ: چۆن چۆنی کوێخا؟

کوێخا: پەندێکی خۆمان هەیە دەڵێ ئەگەر دەستەك کەوتە بن تەراشی دەبێ بەزانایی، دەریبێنی. پیاوی زیرەك دوژمنی خۆی بە شەکراوی دەختکێنی...

بەگ: (قسەکەی دەچێتە دڵی ) ڕاست دەکەی کوێخا ڕاست دەکەی بەڵام لەگەڵ کەللە ڕەقێکی وەکو مام سوارە چ دەکرێ؟

کوێخا: زۆر سانایە بەگم زۆر، هەموو شتێك بەهۆش و بیرکردنەوە پیاو دەبێ هەناسەی درێژ بێ.. ئەگەر دەردەکەت زانی، دەرمانەکەی ئاسانە، ئەگەر دەوروو پشتەکەت ڕوخاند، ناوەندەکەشی لە گیرفانە، تاك تاکە.. یەکە یەکە.. بە پارو چەور کردن هەموو شتێکت بۆ دەکەن.. خۆیان دەبنە ئەژدیهای خۆیان، دەبنە نێچیری بن دەستی خۆت.

بەگ: (پێ دەکەنێ) ئافەرین کوێخا ئافەرین.. ڕاست دەکەی پیاو بەهۆش و بیرکردنەوە لە دونیا دەباتەوە نەك بەهێز، بەڵام ئێمە هەم بیرکردنەوە هەم هێزیش بەکار دێنین، مۆڵك و سامانی من بۆ ئەوانە نەبێ بۆ کێ باشە.. ئەو پوولەی من چەند ڕۆژێکیان دەژیێنێ، بەڵام ئەوزەوی‌و زارەی وان بۆمن هەموو شتێکە (پێ دەکەنێ)

کوێخا: کەواتە بادەست پێبکەین.

بەگ: لە کوێوە؟!

کوێخا: لە خوارەوە... بۆ هەوراز.

هەردوکیان: (پێ دەکەنن)

**- تاریکی -**

**- دیمەنی دووەم -**

## پیرەمێرد، دایك، نارین

(پیرەمێرد لەژێر پێخەفەکەیدا کەوتووە، پیرەژن ئاوی بەدەم دادەکا، نارین لە دەرەوەیە).

پیرەمێرد: (دووای ئەوەی ئاوەکە دەخواتەوە) ئۆی... هەر دەڵێی ژەهرەی مارە... زمانم بە جارێ تاڵ بووە، تام لەهیچ شتێ وەرناگرم.

دایك: خۆت بە خەم و خەفاتان ڕزاندەوە ، خوا سەری داوەو ڕزقیشی داوە، بۆ ئەوەندە خەمی دنیاتە ماڵ وێران؟

پیرەمێرد: (بێزار دەبێ) کچێ ڕزقی چی‌و حاڵی چی هەی بەستەزمان خۆزگە سەد خۆزگە سەرو ماڵ بوایە دیارە تۆ هێشتا نازانی زەققەی چاوانت دێ‌و قەبرت بۆ هەڵدەکەنن.

دایك: ئێ دەسەڵات چی‌یە پیاوەکە بەخەمەمان چ پێك دێ،

پیرەمێرد: خۆزیا بمردابام ، بەڵام ئەو ڕۆژە ڕەشەم بەچاوانی خۆم نەدیبا، ڕەنجی عومرێکی دوورو درێژم بەخۆڕایی چوو.. ئەو هەتیوە حەرام زادانە بزانن بێجگە لە قسەی بەتاڵ چ دەسەڵاتێکی دیکەیان نی‌یە، ئەگەر بەگە ناموبارەکەش تووکی ئەوانەی بە نەرم نەزانیبا ئاوا لینگی خۆی لێمان نەدەهاوێشتە سەر ملی، گەلێ جار لە دڵی خۆم دا دەمگوت دەمرم پاشی من خوا بزانێ چۆن کاول دەبین، بەڵام دیارە خوا لە چارەی نووسیبووم ئەو ڕۆژە ڕەشە بە چاوان ببینم.

دایك: (لە جێگاکەی خۆی هەڵدەستێ) ئاخ ڕەشۆ.. وەی دەنا نەمردبام چاوەکت دیار بوایە ڕۆڵە...

نارین: (دێتە ژوور سەتڵێکی بەدەستەوەیە) عەمرم نەمێنێ ئەو جوانی‌یە چ خواردنی نەمایە لەوەتی کاکم بزر بووە، ڕۆژ لە دووای ڕۆژی کرو لاوازتر دەبێ.

دایك: ڕۆژ بیست و چوار سەعات بەستراوەتەوە، کێ هەیە تۆزەکی بگلێنی.

نارین: کوێریم خۆی دڵی نەدەهات ئەزیەتی بدا بۆیێ نەیبردە ڕاوێ، خوا بزانی ئەو ئەسپە ڕەشەی باوکم لەکوێ پەکی کەوتبێ.

پیرەمێرد: (دەیەوێ هەڵسێ، نارین و دایکی پیلی دەگرن).

دایك: بۆ کوێ هەڵدەستی پیاوەکە بۆ کوێ؟!

پیرەمێرد: دەمەوێ تەماشایەکی کەم..

نارین: تەماشای چ؟!

پیرەمێرد: تەماشای جوانیەکە دەکەم..

**دایك:** ئەدانیشە پیاوەکە دانیشە خۆت ئەزیەت مەدە تۆ تاقەتی چیت ماوە؟

**پیرەمێرد:** (بەئازارەوە) لێم گەڕێن یا هەندێکی تێڕامێنم، هەر ئەمن دەزانم ئەو بەستەزمانە چۆن دڵی بۆ سوارەکەی خۆی دەسووتێ.. ئێوە فرمێسکەکانی نابینن من نەبێ.. لێ گەڕێن با لەجیاتی ڕەشۆی تۆزەکی لە ئامێز بگرم با فرمێسکەکانی بسترمەوە. کێ هەیە ئەوەندە خۆشەویستی بداتێ وەکو ڕەشۆ لەکەس وکاری خۆی زیاتری دەدایێ.. ئەو جوانی‌یە ئومێدی ئەو بوو..

چەند خەونم بەو ڕۆژە دەبینی ڕەشۆ لەسەر پشتی ئەو جوانی‌یە ببینم، ڕەشۆ سوار چاك بێ و جوانیش ئەسپێکی بەتین.

## - تاریکی -

## - دیمەنی سێیەم -

## بەگ.. کوێخا.. دینۆ..

کوێخاو بەگ سەریان ناوەتە بناگوێی یەکترو بە چرپە قسە دەکەن، دینۆ بەژوور دەکەوێت..

**دینۆ:** (بەشەرمەوە) سلام علیکم..

**بەگ وکوێخا:** (بەگەرمی) علیکم السلام.. یاخوا بەخێر بێی فەرموو فەرموو دانیشە (بەشەرمەوە لەسوچێکا دادەنیشێ).

**بەگ:** من بەدووای هەرسێکتانم ناردبوو، دیارە هەر تۆ هاتی؟!

**دینۆ:** بەگم ئەوان دێن نایێن کەیفی خۆیانە.

**بەگ:** ئافەرین دینۆ. ئافەرین، هەر دەڵێی‌تۆ کوڕی ئەو باوکە کەللە ڕەقەی خۆت نی.

**دینۆ:** نەخێر بەگم کوڕی ئەو باوکەم، بەڵام کوڕی ئەو دایکە نیم

**هەردوکیان:** (پێ‌دەکەنن).

**کوێخا:** ئینجا گەورەم بڕوات هەبێ ئەو دینۆیە لەبەر ئەوەی پیاوە هیچ یەکێکیان کەیفیان پێ‌ی نایێ.

**بەگ:** ئەوەی پیاو بێ منیش بە پیاوەتی لەگەڵ دا دەکەم.

**کوێخا:** بەگم من دینۆ دەناسم بەخوا بڵێ بمرە ناڵێ نا..

**دینۆ:** ئەی چۆن کوێخا نابێ گەورەو بچووکی هەبێ ؟

**بەگ:** (پێ دەکەنێ) ئافەرین دینۆ ئافەرین باش بوو بەتەنیا خۆت هاتی، دینۆ ڕاستی من پێویستیم بەتۆ هەبوو.

**دینۆ:** (بەشپرزەیی) بەمن بەگم؟!

**بەگ:** ئا.. ئا.. بەتۆ..

**دینۆ:** (کڕنۆش دەبا) لەخزمەتم گەورەم.

**بەگ:** دینۆ کوێخا زۆر باسی دڵسۆزی‌و سوار چاکی تۆی بۆ کردووم، بۆیە خۆم، هەر چیەکیشت پێویست بێ.. لەمەولا (دەست دەخاتە سەر هەردوو چاوی) بەو چاوەو بەو چاوەی بۆتی بەدی دێنم..

**دینۆ:** (بە نیگەرانی‌و کەیف خۆشیەوە) یەعنی بەگم.. ژنیشم بۆ دێنی؟

**بەگ:** (بە پێکەنینەوە) هەر ژن.. هەر ماڵ.. ئەوەی ئەتۆ بیخوازی ..

**دینۆ:** (کەیفی دێ، لەبەر خۆیەوە پێ‌دەکەنێ)

**کوێخا:** (دەستی لەپشتی دەدا) ئێ چیت دەوێ غەد ار پاروشت کەوتە ناو ڕوونی.

**بەگ:** بەخوا هەتا ساحێبی ئەو باوك و برایە بیت هەر ئەو دینۆ ئینو برسی‌یە دەبی.. ئەمڕۆکە هەرکەس بۆ بەرژەوەندی خۆی تێ‌دەکۆشێ چیت داوە لێ‌یان، ئەوان لەرێی خۆیان، تۆش لەرێی خۆت. بزانە کامتان دەگەنە مرازی خۆتان.

**کوێخا:** بەخوا بەخوا پاشەڕۆژ هەر بۆ دینۆیە.. عومر چی‌یە دوو سێ ڕۆژەو دەبڕێتەوە مخابن نی‌یە پیاو ئەو چەند ڕۆژە هەر بەبەزم و ڕابواردن نەباتە سەرێ؟

**دینۆ:** (بەسەر سورماوی تەماشایان دەکا).

**بەگ:** (بە پێکەنینەوە) وازیان لێ‌بێنە بائەوان هەر خەریکی قسەو ڕاوو شکاری دەست بەتاڵ بن.. برایەکانت کامیان تا ئێستا کونجێکیان هەیە لێ‌ی بژین.. ژەمێ نان تێر بە سکی خۆیان بخۆن؟

**دینۆ:** باشە بەگم عەیب نی‌یە پرسیارێ بکەم؟

**بەگ:** پرسیار؟! نەخێر نەخێر کوڕم عەیبی چی.. تازە ئێمە نابێ شت لێکتر بشارینەوە.

**دینۆ:** بەگم.. لە بارتەقای ئەو هەمـوو چاکەیەی تۆ لەگەڵ منی دەکەی من چ خزمەتێکتان بکەم؟!

**کوێخا:** (پەلی دەگرێ ڕای دەکێشێتە لای خۆی) دینۆ. ئەمن دەستە ڕاست... ئەتۆش دەستە چەپ قابیلە تێ‌ناگەی؟!

**دینۆ:** باوکم عەیبی تێدا نی‌یە ڕاستیتان دەوێ لەو دەستە ڕاست و چەپەی ناگەم... ناوەڵڵا..

**بەگ:** (پێ‌دەکەنێ) کە دەڵێم تۆ دەبێتە کوڕی من یان دەستە چەپی من، یەعنی نابێ مووەك بە نێوانمان دا بچێ.

**دینۆ:** (لچێك هەڵدێنێ) هێشتا تێ‌ناگەم.. نەبەخوا...

**بەگ:** دینۆ.. بەکورتی دەمەوێ لەمەولا هەر دەنگ و باس و قسەو قسەلۆکێک هەیە.. لەملاو لەولا دەکرێ هەمووم لەدەست نێ ی..

**دینۆ:** لەکوێ دەکرێ بەگم؟

**بەگ:** لەهەر جێگایەك لەناو ئاوایی، هەتا ئەگەر لەناو ماڵی خۆشتان بێ..

**دینۆ:** ماڵی ئێمە بەگم؟!

**کوێخا:** دینۆ ئەی دڵسۆزیو دەستە چەپی یەعنی چی؟

**دینۆ:** ئا.. وایە.. وایە.. بەڵام خەڵکی قسەی چی دەکەن بەگم؟

**بەگ:** خۆت گێل دەکەی یا لە گوێی گادا خەوتووی؟ ئەی ئەو خەڵکە ئەو زەمانە کاریان چی‌یە؟

**دینۆ:** جا ئەمە هەر زۆر ئاسانە بەگم... گوێ دەگرم قابیلە بەنزین سەرف دەکەم (پێ دەکەنن).

**کوێخا:** دینۆ... بتبینم هەر گوێیەکت بکەیتە هەزار گوێ..

**بەگ:** (کیسێکی بۆ هەڵدەداوێ) بگرە ئەو بەخششەش بخەرە باخەڵت..

**دینۆ:** (پارەکە هەڵ دەسەنگێنێ، پاشان دەیخاتە تەنکەی باخەڵی، بە پێکەنین ووردە ووردە خۆی دەکێشێتەوە. بڕوا) زۆر مەمنوونم گەورە... زۆر مەمنوونم... خوا حافیز... خوا حافیز..

**بەگ:** (بەتوندی) دینۆ؟

**دینۆ:** (ڕادەجفرێ) بەڵێ بەگم؟

**بەگ:** وەرە کارم پێت ماوە..

**دینۆ:** (خاو دەبێتەوە دەترسی) کار؟! (هەرجارەی تەماشای یەکێکیان دەکا) کاری چی بەگم؟

**بەگ:** (ئیشارەت بۆ کوێخا دەکا) بڕۆ بۆی بێنە..

**کوێخا:** بەڵێ گەورەم (دەچێتە دەرەوە)

**بەگ:** دینۆ.. لەو ڕۆژانە بەجارێ لەو ئاوایی‌یەدا سەگ تەشەنەی کردووە.. تەواو کاسیان کردوین.. تۆش لەو سەگانە بێزاری وانی‌یە..

**دینۆ:** من هەر زۆر بێزارم لێیان بەگم زۆر..

**بەگ:** ئا.. هە.. کەواتە نامانەوێ گوێمان لە دەنگیان بێ... یەکە یەکە لەناویان دەبەین...

**کوێخا:** (ساچمەکە دێنێو بەشانی وەدەکا) موبارەکە..

**دینۆ:** (کەیفی پێ دێو پێ‌دەکەنێ، دەچێتە دەرەوە)

**کوێخا:** بەڕاستی سەکوژی هەر لەخۆی دێ..

**هەردوکیان:** (پێ‌دەکەنن)

## تاریکی -
## - دیمەنی چوارەم -
## پیرەمێرد، دینۆ

پیرەمێرد لەژێر پێخەفەکەیەتی، دینۆ بە خۆیو ساچمەکەی بەترسەوە بەلای باوکی‌دا ڕادەبورێ..

**پیرەمێرد:** (لەگەڵ کەوتنی ساچمەکە ڕادەجفرێو دەیبینێ) دینۆ؟

**دینۆ:** (بەترس و شەرمەزاریەوە) بـ... بـ... بەڵێ.. (دەیەوێ ساچمەکەی لێ بشارێتەوە)

**پیرەمێرد:** ئەو تفەنگە چی‌یە بەشانتەوە؟!

**دینۆ:** (بە پێکەنینەوە) هیچ.. هیچ نی‌یە.. ئەوە سەگی پێ دەکوژم..

**پیرەمێرد:** سەگ؟! سەگی چی؟!

**دینۆ:** نازانن سەگ چی‌یە؟ سەگ یەعنی سەگ..

**پیرەمێرد:** جا تۆ چ پێویستیت بە سەگ کوشتنە؟

**دینۆ:** ئەمن پێویستم پێ‌ی نی‌یە، خەڵکی تر پێویستی پێ‌یەتی.. لەوەش ڕێم لێ دەگرن.

**پیرەمێرد:** (بە سەر سوڕماوی) کێ ئەو تفەنگەی . دایتێ؟..

**دینۆ:** پیاوێك حەز لە سەگ ناکا..

**پیرەمێرد:** (بە هاوارەوە) ئەو دزە کێ‌یە؟

**دینۆ:** دزی چی.. کابرا فەقیر نی‌یە تا چاوی لە دزی بێ.

**پیرەمێرد:** کەواتە پیاو کوژە..

**دینۆ:** جا بەمن چی...

**پیرەمێرد:** قوڕ بەسەر خۆت.. بەیانی پیاویشی بۆ دەکوژی..

**دینۆ** : (خۆی کڕ کردووە)

**پیرەمێرد:** ئەوە ئەو ڕۆژە ڕەشەیە چاوەڕێم دەکرد. ئێستا موستەهەقی مردنم... بڕۆ لەپێش چاوم وون بە... (هاوار دەکا) بڕۆ دەرێ... بڕۆ دەرێ نامەوێ چارەت ببینم بڕۆ دەرێ (دەکەوێت) هەی سەیە...

## - تاریکی -
## بەشی سێیەم
## - دیمەنی یەکەم -

ژووره چکۆلانەکەی سمەیە، چرایەك لە لایەکی دیواری ژوورەکە هەڵواسراوە، سمە بەتەنیا دانیشتووە، لە ئاوێنەیەك دەڕوانێتە خۆیو قسە لەگەڵ خۆی دادەکا

**سمه:** (بەرامبەر بە ئاوێنە) سمە توخوا ئەو ڕەنگ و ڕووە زەردەت لەچی دەچێ؟ (قیزی لێ دەبێتەوە) ئێ‌ی... هەقیانە خۆشیان نەوێ‌ی... هەر دەڵێ مراوی (خۆی بەخۆی پێ‌دەکەنێ) ئاوەڵلا حاجی لەق لەق.. (لە پێکەنینا لە چۆکی خۆی دەدا، پاشان سارد دەبێتەوەو ماوەیەك قوڵتر دەڕوانێتە خۆی) خۆزگەت بە حاجی لەق لەق قوڕ بەسەر، (گەشکەیەك بە ئاوێنەکە دەگرێ) توخوا ئەمە چەهرەیە خوا بەتۆی داوە نەگبەت؟! (سارد دەبێتەوەو دەپرسێ) ئەی بۆ دایکم دەیگوت تۆ لە هەموو کوڕی گوندی کۆك تری؟! دەك ئەو کۆکاتیەم بە قوڕگرت (دەنگی وەڕینی سەگەکەی دێ، ئاوێنەکەی بەلاوە دەنێ) برسیەتی.. بانگم دەکا... ئەو پارچە نانەم بۆ ئێوارە هەڵگرتبوو بیخۆم دیارە نسیبی تۆیە، قیروسیا لەخۆم (پارچە نانەکە لەناو پارچە پەڕۆکە دەردێنێ، هەر لە ژوورەوەو فڕێ‌ی دەداتە دەرێ) دەبیخۆ عافیەتت بێ... عافیەت (نارین بەژوور دەکەوێت، چێشتی هێناوە، بەپەلەو شپرزە دیارە).

**سمە:** نارین.

**نارین:** (دەوەستێ‌و ئاوڕ دەداتەوە)

**سمە:** لە بەرچی ئەوەندە بەپەلەی؟!

**نارین:** (ڕووی تێ دەکا) سمە باوکم خەمی ڕەشۆی کەم نەبوو هی باوکیشمی هاتە سەری (سەری دانواندوە)

**سمە:** یەعنی هێشتا منت هەر لەبیر بوو؟

**نارین:** (بەزەردەخەنەوە) سمە گیان ئەمن.. ناتوانم قسەی ڕەشۆی برام بشکێنم.

**سمە:** (پەست دەبێ) من... من... تا دەمرم هەر.. هەر قەرزاری ڕەشۆم.

**نارین:** وا مەڵێ سمە... نان چی‌یە؟

**سمە:** نان... نان نا نارین (دەست لەورگی دەدا) ئەو سکەی من هەر تێر دەبێ... بەڵام تۆ (ئازار دەخوا) سێوریم دەدەیتێ... نارین لێت ڕاهاتووم.. هەموو دەرگایەك داخراوە تەنها ئەو دەرگایە نەبێ.. تۆی لێ‌دێتە ژوور.

**نارین:** (پێ دەکەنێ) چی‌یە سمە.. تێت ناگەم..

**سمە:** (دەپاڕێتەوە) دانیشە.. دانیشە باقسەت بۆ بکەم.

**نارین:** (پەست دەبێ) درەنگە سمە.. گوتم باوکم نەخۆشە...

**سمە:** نارین... ئەتۆ.. ئەتۆ هەر بە پەلەی.. ئەی کەی گوێم لێ‌دەگری کەی؟

**نارین:** (دەچێتە دەرەوە)

**سمە:** دەبڕۆ... دەبڕۆ.. با من هەر بەتەنیابم.

## - تاریکی -

## - دیمەنی دووەم -

دینۆ بەتەنها لە ژوورێك دانیشتووە، بەترسەوە کیسەیێ پارەی لەبەردەمە دەیان ژمێرێ..

**دینۆ:** (لەبەر خۆی) بیخۆ دینۆ بیخۆ. خو، سبەی دووسبەی بڕۆ داخوازی خەجێ‌و بەبێ منەتی بڕۆ مەیدانێ.. ئەمڕۆ پیاوم پیاو مەجبورن ڕێزم بگرن.. (کەمێك بیر دەکاتەوە) ها.. با باوکم بۆ خۆی هەر زوڕنا لێ‌بدا.. پیاو ئەو پیاوەیە بەڕی خۆی لە ئاو بیاتە دەرێ.. شەکریان خواردووە، کە زانیان گیرفانم گەرمە.. ئەو پیاوەی ئێستا نامینم.. دینۆیەکی تر دەبم ئەو وەختە هەر پێیان دەکرێ بەشان و شەوکەتم هەر بڵێن (پێ دەکەنێ‌و خۆی گیف دەکاتەوە) قابیلە من چ دەکەم بۆ بەگێ؟ هەر سەگ کوشتنەکە نی‌یە (دەست دەداتە بەرخۆی هەڵسێ پێلاوێك لەسەر سەریەوە دەبینێ وەستاوە، پارەکە لە باخەڵی دەشارێتەوە دەیەوێ بەقسەی خۆش هەڵی خەڵەتێنێ) سمکۆ ئەوە لێرەی (هەر خۆی) ئەوە جۆرکی توتن بوو. جگەرەم تێ‌دەکرد (بەدرۆ پێ دەکەنێ).

**سمکۆ:** کوا ئەو جۆرکە توتنە ببینم (پشتی ملی دەگرێ).

**دینۆ:** جۆرکە وەڵلا جۆرکە تیللا جۆرکە.

**سمکۆ:** (ڕای دەچلەکێنێ) دەزانم جۆرکە بەڵام چ لەناو جۆرکەکە دایە (جۆرکەکە لەناو باغڵی دەردێنێ‌و بەزۆری دەیکاتەوە) ئەمە چی‌یە هەی نارەسەن؟ ئەم پارەیەت لەکوێ بوو؟

**دینۆ:** (لە دەستێ ڕادەفڕێنێ) بمدەرەوە کاکە بمدەرەوە، ئەمن نارەسەن و نا پیاوم ئێوە بۆ خۆتان پیاو بن.

**سمکۆ:** (ددانەکانی لێ چیر دەکاتەوە) نا پیاوەتیەکە هەر بۆ تۆ نی‌یە گەوجە تۆ سەری ئێمەشت شۆڕکرد..

**دینۆ:** دەتوانن هەر لەمڕۆوە بە برای خۆتانم دانەنێن و بڕایەوە.. چی ترتان لێم دەوێ؟

**سمکۆ:** دەزانم لەکوێت هێناوە سەکۆ.. چاکت دەناسم، هەڵسە هەڵسە هەتا زووە بڕۆ ئەو پارەیە بگەڕێنەوە دەنا وەڵلاهی پەندێکت پێ‌دەکەم با بە دەواری شڕی نەکردبێ..

**دینۆ:** خۆت لەسەر من گیف مەکەوە کوڕی باوکم ئەو پارەیە خوا بۆ منی ناردووە، چما ئەگەر عاردو عاسمان شەق بەرێ تازە لەو گیرفانەی دێتە دەرێ (دەیەوێ بڕوا).

**سمکۆ:** (قۆڵی دەگرێ) پێم ناڵێی ئێستاکە تۆ پارەی ئەو بەگە نامۆبارەکەت بۆ چی‌یە؟

**دینۆ:** کاکە کاسبی‌یەو بە ئارەقەی نێو چەوانم سەگ دەکوژم قابیلە دزیمان کردووە.

**سمکۆ:** قوڕ بەسەرت، جا بەو پارەیە تێر دەخۆی؟

**دینۆ:** (دەریان دێنێ، بەکەیف خۆشیەوە دەیان ژمێرێ) ئەرێ وەڵڵا ئەوەندە زۆرە بەشی دوو ژنیش دەکا...

**سمکۆ:** (کە پارەکە دەبینێ‌و سەرنجی ڕادەکێشێ‌و زمانی دەگیرێ بەنابەدڵیەوە) چەندە؟

**دینۆ:** جا تۆ هەقت چی‌یە چەندە؟!

**سمکۆ:** (قیزی خۆی دەکاتەوە) هیچ هەر دەمەوێ بزانم..

**دینۆ:** باشە ڕاوەستە با بیژمێرم ١٠، ٢٥، ٣٠، ٤٠، ٥٠، ٦٠، (دەوەستێ) زۆرە زۆر ناژمێردرێ..

**سمکۆ:** (بەتوڕەیی) وەرە هەتیو وەرە قسەیەکت پێ‌بڵێم (دەم دەنێتە بناگوێی پسە پسێك دەکەن).

**دینۆ:** (هاوار دەکا) نەء.. نەخێر وەڵڵا چاوت بە پوڵێ ناکەوێ..

**سمکۆ:** (بەشەرمەوە) پوڵی چی هەتیو پوڵی چی؟

**دینۆ:** نا.. نا.. نا.. ئێستا باش لە دەمارت گەیشتم، دەمزانی ئەو هەموو هێنان و بردنەتە هەر بۆ ئەوەیە، دەمزانی هەر داوام لێ دەکەی..

**سمکۆ:** جا ئەگەر گریمان ئەوە داواشم کرد یانی چی؟

**دینۆ:** هیچ دە قابڵێ باوکم وا بڵێ ئەو کێشمە کێشمەی بۆچی‌یە؟

**سمکۆ:** ئەی چۆن شێت و شورێکی وەك تۆ ئەو هەموو پارە نازدارە بۆ تەفرو تونا کەیت؟

**دینۆ:** جا باوکم کەمادام وایە تۆ چ هەقت بەشێت و شورێکی وەك منە؟

**سمکۆ:** (لەبەرخۆی بیر دەکاتەوە) دینۆ تۆ وەرە با تێك بگەین.

**دینۆ:** نەتێك دەگەین و نە هیچ، سوو کاتی بۆ من بێ‌و پارەش بۆ ئێوە.. نەخێر ئەوەی پارەی وا وەرگرێ دەبێ تەحەمولی زۆر شت بکات..

**سمکۆ:** بەخوا باوکم و چەتۆ پێ‌بزانن شار بەدەرت دەکەن، ئەگەر پیاوانە (ئیشارەتی بەش کردنی نیوەی پارەکەی بۆ دەکات) ئەگەرنا هەر ئێستا دونیات لێ تێ‌دەگەیێنم.

**دایك:** (بەزیرە گریانێکی دووروو درێژ لێیان بەژوور دەکەوێت) باوکتان مرد.. باوکتان مرد.

## - تاریکی -

## - دیمەنی سێ‌یەم -

**بەگ ، کوێخا، چەتۆ، دوو پاسەوان.**

**بەگ هات و چۆیەتی ، کوێخا دوو دڵەو شپرزە دیارە، هەردوو پاسەوان، هەریەکێ لەلاییکەوە وەستاون، چەتۆ بەژوور دەکەوێ.**

**چەتۆ:** (بێ‌سەلام کردن) فەرموو چیتان دەوێست؟

**بەگ:** گوتم با دوو قسان بکەین.

**چەتۆ:** دەتەوێ چی بڵێی؟!

**بەگ:** پێم خۆشە لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەینەوە.

**چەتۆ:** بۆ تۆ چ لاپەڕەت بەجێ هێشتووە؟

**بەگ:** من؟! من چیم کردوە دەرهەق بەئێوە ، هەر ئێوە لێم بوونەتە دوژمن و ڕقتان لێم هەڵگرتووە.

**چەتۆ:** (بەتووڕەیی ڕووی تێ دەکا) تۆ؟! هیچ لە منداڵێکی ساوا بێ‌گوناه تری، ئەی کێ‌یە ئێستا لە زەوی‌و زاری ئێمە دەخواو دەڕنێ‌و دەدورێتەوە؟ باوکم بەمردنی خۆی نەمرد...

**کوێخا:** لاحول ولا .. کوڕم تۆ زۆر بەهەڵەداچووی، باوکت بە ئەمری خوا مردو کەس هەیە نەمرێ؟ بۆ ئەوەی بمرێ بەگ دەیکوژێ؟! باوکت خوای لێ‌خۆش بێ، پیاوێکی سەر گەرم بوو، بەرژەوەندی خۆی نەدەزانی ئەو سلیمان بەگە بەو گەورەییەی خۆی، ئەوەندی ڕجاو تکای لێ‌کرد، نەیسەلماندو نەیسەلماند!

**چەتۆ:** باوکم بۆ نەیسەلماند؟ چونکە دەیزانی مەبەستی بەگ چی‌یە؟

**بەگ:** مەبەستم چی‌یە؟ چاوم لە ماڵی ئێوەیە وانی‌یە؟

**کوێخا:** کوڕم خوا نەی‌بڕێ بەگ ئەو پیاوە نی‌یە نەچاوی لە ماڵی کەس بێ، نە زۆریش لە کەس بکا.. بەگ کە داوای ئەو پارچە زەویە نەگبەتەی لە باوکی ڕحمەتیت کرد، پارچەیەکی سێ‌قات و چوارقاتی لە بارتەقایی دەدایێ، بەڵام نەیزانی بیخوا... زەوی هەر زەوی‌یە قابیلە ئەوەی ئێوە زێڕە یان زیوە؟

**بەگ:** قەت بەوە ڕازی نیم خوا نەخواستە هەست بەوە بکەن کەوا من غەدرم لە ئێوەو لە باوکتان کردووە، هەر بۆیەش تۆم بانگ کردووە، بۆ ئەوەی تێك بگەین.

**چەتۆ:** (بە خەفەتەوە) چۆن تێك بگەین؟!

**بەگ:** دەمەوێ لە بارتەقای ئەو چەند بستە زەوی‌یە داخوازیتان بەجێ بگەیەنم.

**چەتۆ:** یانی کڕین و فرۆشتن؟!

**کوێخا:** کوڕم چی تێدایە ، دەکڕێ دەفرۆشرێ.

**بەگ**: من بە سەرو ماڵ ئامادەم تەنیا ئێوە بخوازن، هەر تەنیا بۆ ئەوەی چی‌تر ئەو گرێیە لە دڵمان دا نەمێنێ...

**چەتۆ**: سلیمان بەگ.. گوێ بگرە... قەت دڵت بەوە خۆش نەبێ باوکم مرد یانی ئێمەش مردین و هەموو شتێك برایەوە.. دڵیشت بەوە خۆش نەبێ هەتیوو بەرەڵڵایکی کلۆڵ و نەزانی وەکو دینۆی هەڵ دەخەڵەتێنی و دەیکەیتە داز دەستی خۆت بۆ ئاژاوە نانەوەو تێك بەردانمان.. بەڵام دڵنیابە سلیمان بەگ، رۆژان رۆژی لەدووایە..

**پاسەوانی(١)**: (خۆی گیف دەکاتەوە) گەورەم ئەو کابرایە تەواو پێی لە بەری خۆیی راکێشا، لێ‌گەرێ با هەندێکی تێ‌هەڵدەین..

**پاسەوانی (٢)**: بەزاتی خوا هەر وادەزانێ ئێمە حوشترالوك و شتی واین هەر بە ئادەمی‌مان نازانێ... گەورەم چۆن رێگا بە دەم رووتێکی وا دەدەی ئەوەندە درێژدادری لە حزوورتا بکا؟!

**بەگ**: (هاوار دەکا) لێی گەرێن با تێر قسەبکا من بۆ ئەوەم بانگ کردوە تێك بگەین.

**کوێخا**: بەگم پڕیان کردوە، وا دەزانێ هەر کارەساتێ لەو دونیایە روو بدا تۆ موسەبیبی!

**چەتۆ**: کوێخا.. ئەوەندە بە نەفام و منداڵمان تێ‌مەگە، ئێمە دۆست و دوژمنی خۆمان چاك دەناسین (مەبەستی کوێخایە) هەموو پەنجەی دەست وەك یەك نی‌یە، ئێمەش دینۆ نین بە قسە باق و بریقە دارەکانت هەڵ خەڵەتێین..

**کوێخا**: لەسەرخۆ کورم لەسەرخۆ (شانی دەگرێ) ئەو گوناهە گەورەیە چی‌یە دەبخەیتە پاڵمان، ئەمە لەجیاتی پیاو چاکیمان؟

**بەگ**: چەتۆ پێم بڵێ دووا بریارت چی‌بوو؟

**چەتۆ**: دەمەوێ بڕۆم.. (دەیەوێ بڕوا)

**بەگ**: (بانگی دەکا) چەتۆ؟

**چەتۆ**: (دەوەستێ و ئاوڕ دەداتەوە)

**بەگ**: تۆش لێمان مەبە بە باوکی رەحمەتیت، بە ناخۆشی هیچتان پێ‌ناکرێ...

**چەتۆ**: (بەتوندی) ئەوەی حاشا لە ئەسڵی خۆی بکا حەرام زادەیە.. ئێمە کوری سوارەین.. پاشان سلیمان بەگ.. تۆ ئەوە بە هاوهەوەسی خۆت لەباغ و باغات و رەزو بێستانی ئێمە دەخۆیت و بە کەیفی خۆت زەوی دەچێنی و دەیدوورێتەوە..

ئەگەر هیچمان پێ ناکرێ بۆ خۆت سەخڵەت دەکەیت؟
(دەچێتە دەرەوە).

## - تاریکی -
## - دیمەنی چوارەم -

سمە سەری خستۆتە نێوان هەردوو چۆکی، لە ژێرەوە دەگری.. چەند منداڵێك دەوریان داوە..

**منداڵی (١)**: توخوا سمە ئەو ئێوارەیە بۆ ئەوەندە پەستی، چی رووی داوە

**سمە**: (وەڵام ناداتەوە).

**منداڵی (٢)**: من دەزانم. دایکی بەبیر هاتۆتەوە، وانی‌یە سمە؟

**سمە**: (بێ دەنگە).

**منداڵی (١)**: ناوەڵڵا ئەمن دەزانم..

**هەموویان**: چی‌یە؟!

**منداڵی (١)**: لە دەزگیرانەکەیان داوە.

**هەموو**: (پێی دەکەنن)

**منداڵی (٣)**: جا سمەی فوربەسەرکوا دەزگیرانی؟

**منداڵی (١)**: سەگە خۆشەویستەکەی!

**سمە**: (سەر بەرز دەکاتەوە. دەستێك بە سەرسەری یەکەم دا دێنێ) خۆزگە هەر لێیان دابوایە.. نەء منداڵەکان نەء.. (هاوار دەکا) سەگەکەمیان کوشت..

**دوو منداڵ**: (بە سەر سوڕماوی) کێ کوشتی؟!

**سمە**: پیاوە خوێڕییەکەی بەگ.. بە قسەی بەگ کوشتی (بەگریانەوە) من کێم هەبوو بێجگە لەو، ئەویشیان کوشت، روو لە کوێ کەم؟ بەکێ بڵێم؟ (هەڵ دەستێ، هاوار دەکا) سەگەکەمیان کوشت، سەگەکەمیان کوشت... (دوور دەکەوێتەوەو دەنگی دێ، بە پەلە رووناکی دەکرێتەوە. سمە بەتەنیا دانیشتووە، خۆی وێك هێناوەتەوە، هەست بە ترس و سەرمایی دەکا...)

**سمە**: ئەمشەو بە تەنهام.. دوێنێ بوو لێرە بەرامبەرم هەڵتروکابووی، تەنیا من و تۆ تێك دەگەیشتین، هەر ئێمە من و تۆ.. بە دڵ یەکترمان خۆش دەویست. ئەوی‌تر هەمووی درۆیە درۆ.. تۆشیان بەمن رەوا نەبینی؟ ئەوانەی تۆیان کوشت وایان دەزانی خۆیان پاکژن، نەء ئەوان پیسن. ئەوان هارن.. ئەوان هارن..

(دەنگی حەپە حەپی سەگ دێ.. هەڵ دەستێتە سەرپێ، دڵی

گەش دەبێتــەوە) ئەوە دەنگی تۆیــە؟ ئەوە تۆی؟ هێشتــا هەر پاسەوانی گوندەکەم دەکەی؟! ئەوانەی تۆیان کوشت پێویستیان بەتـۆ نی‌یـە، نایانـەوێ تۆ هەبیت و بوەری ، خەڵکیـان لێ بەئـاگـا بێنێ بۆیـە تۆیـان کوشت، تۆش لەبـەر چاوی ئەوان موستەهەقی کوشتن بووی. تۆش موستەهەقی کوشتن بووی.

## - تاریکی -
## بەشی چوارەم
## - دیمەنی یەکەم -

سمکۆ بەپێوە وەستاوە پشتی لە سەیرکەرانە، دینۆ تفەنگەکەی خاوێن دەکاتەوە نارین لەتەك دایکیا دانیشتووە.

**دایــك:** دەمزانی هەر ئەوەنـدە ئەو پیـاوە لینگی ئاوابـوو، دەمزانی کۆڵـەگـەی ماڵم دەشکێ، کەس بە هیچتـان نازانی بوون و نەبوونتان وەك یەك دەبێ، دەمزانی وەك مەڕی بێ شوان گورگ پەلامارتان دەداو هەتا بەر پێی خۆشتان بە جوانی نابینن.

**سمکــۆ:** (بـە نارەزایی) بەس ئەوەنـدە بەو قسانـە دڵمـان بکوڵـە سەبرێکت هەبێ، شت نی‌یە خوا چاکی نەکا.

**دینۆ:** کرە باوکم چاکی چی‌و حاڵی چی بەخوا تازە کار لەکار ترازاوە.

**دایـك:** (لاسـایی دەکـاتـەوە) کار لەکـار ترازاوە بەسـایەی ئێوە، ئێوە خۆش (لە چۆکی خۆی دەدا) ئاخ سەد ئاخ. ئەوی مووی لە سمێڵان هات پێی دەڵێن پیاو. ئەی ئێوە گوایە پیاونین؟ یان خوا هەر بۆ سەکوڕی خولقاندوون (یەخەی دینۆ دەگرێ) تۆ. پاشـا وەکـو ئەو ساچمـە لەعنەتیـە لەشـان دەکـەی خۆت بە سمکـۆی شکـاك ناگـۆڕیـەوە ، مردن زۆر لەوە خۆشترە بۆ تۆ نازانی هەر چەنـدی خەڵکی بەخـۆو بەو ساچمـە نامـوبـارەکـە دەتبینن چەنـد تف و لەعنـەتت بۆ دیاربێنن هەی ڕوو ڕەشی دونیاو قیامەت ؟

**دینۆ:** (بە شەرمەزاری‌و دوو دڵی) ئـە... ئەمن چ بکەم بۆ یەخەی من دەگری؟

**دایك:** (دەچێتە پێش سمکۆ) لەبەر چ سەرت دانواندووە وا زمانت شکـاوە، کە ئێـوە کوڕی باوك و باپیری خۆتـانن کەی؟ کەی

دایکتـان بەشیـری حەرام فرچکی پێ گرتـوون، ڕەشـۆ لەئێـوە نەبوو، لەپشت و خوێنتان نەبوو، کێ لە ئێوەی پرسی ئەو کوڕە چی لێ‌هات، کێ پرسی عەرد قووتی دا یان ئاسمان هەڵی کێشا ، ئێوە وەفاتان بۆ برای خۆتان نەبوو. باوکی خۆتان بە خەفـەتـان کوشت (دەگـری) من پاشی ڕەشـۆ ، پاشی باوکتان بەتـــەمـای ئێـوەبم جێم بۆ بگـرنـەوە؟ (هـاوار دەکـا) ڕەشـۆ لە کوێی؟ وەرە براکـــانت ببینـە ڕەشـۆ. (بـۆ سمکـۆ دادێتـەوەو دەپاڕێتەوە، ئەویش بۆی دادێتەوە) دەستم دامێنتان، ئەگەر بۆ ماڵی دونیا لەخوێنی باوکی خۆتان خۆش بوون چش، بەڵام زەوی‌یەکە مەفرۆشن... (دەگری) مەی فرۆشن، لێ‌گەڕێن با بەگ بەکـەیفی خۆی بیبـرێ‌و لێی بخـوا. لێ‌بگەڕێن باهەر ووشك بێ، بەڵام مەی‌فرۆشن..

**چەتۆ:** (بەژوور دەکەوێت ، بەدەنگێکی بەرز، جل وبەرگی سەفەر کردنی پۆشیـوە) دایـە.. هۆ دایکـە (دەستـەکـانی دەگـرێت) دڵنیابە دایە ئەوەی خاکی خۆی بفرۆشێ ، ناموسی خۆشی دەفـرۆشێ .. ناشمـەوێ بەو ڕەش بینی‌یـە بتبینم، چونکـە تۆ دایکی ڕەشۆی نەك دایکی ئەو (پەنجەی بۆ درێژ دەکا) چڵکاو خۆرە سە کوژە.. (لێی دەچێتـە پێشـەوە، دینـۆ کەم کەمـە دەکـشێتـــەوە) هەمـــوو شتێکم بۆ ڕوون بۆوە، تۆش ئەو ڕۆژە ڕەشـــەت بەهـــەل زانی گیـرەی خۆتی تێدا بکـەی.. لەبـەر جل وبەرگی نوێ‌و قاوڵتی گەرم هەموو شتێکت لەبیر چۆوە.. بەڵام شەرت بێ شەرتی پیـاوەتی بێ ئەو جل و بەرگـەت لێ بکەم بە کفن، ئەو قاوڵتیەت لێ بکەم بە ڕشانەوە (پڕ دەداتە ئەستۆی‌و هەردوو دەستی دەخاتە گەرووی).

**سمکۆ:** (ئیشارەت بۆ دایکی‌و نارینی دەکات وازی لێ‌بێنێ)

**دینــۆ:** (بـە ئازارەوە) دایـە.. سمکـۆ.. نارین.. خنکـانـدمی، بمگەنێ خنکاندمی فریام کەون..

**دایك:** (خۆی بۆ ناگیرێ‌و لە چەنگی دەردێنێ) وازی لێ‌بێنە کورم ڕۆژێ دێ سەری خۆی لە بەردی ئەلحەد بدا...

**چەتۆ:** نامەوێ جارێکی‌تر، چەهرەت لەو ماڵەی ببینم، نەکەی ئەو پێ‌یـە گڵاوانـەت بهـاوێ‌یـە ئەو ژووره (لێی ڕادەخورێ) برۆ لەبـەر چاوم وون بە... دینـۆ: (خـۆی دەدزێتـەوە) قەی ناکـا چەتۆ. نایەمەوە ئەو ماڵەی بەڵام...

**چەتـۆ:** (بـەسـەریدا هاوار دەکاو خۆی دەربێتەوە، دایکی دەیگرێ) گوتم برۆ دەرێ هەی سەی خوێڕی...

**دینۆ:** (ڕادەکا).

**چەتۆ:** (قومێ ئاو دەخواتەوە) خۆی بە بەگ هەڵدەکێشێ....

**نارین:** وازی لێ بینە برام سەری خۆت لەگەڵ ئەو شێت و شوورە مەیەشێنە..

**چەتۆ:** (بارگەی خۆی تێك دەنێ)

**دایـك:** (بەسەر سورماوی) چەتۆ بۆ وا خۆت تێك ناوە؟ دەڵێی قەستی سەفەرت هەیە؟

**چەتۆ:** بەڵێ دایکە دەمەوێ بڕۆم..

**نارین ءدایکی:** (بەسەر سورماوی) بۆ کوێ؟!

**چەتۆ:** دەچمە دوو ڕەشۆی برامان.. تا هەواڵێکم دەسگیر نەبێ ناگەڕێمەوەوە.

**نارین:** (بەسەر سورماوی) لەو وەختەی؟!

**چەتۆ:** ئێستا لە هەموو وەختێك باشترە.

**سمکۆ:** (دێتە پێشەوە) منیش لەگەڵتا دێم..

**چەتۆ:** (بەنارەزایی) نەء پێویستم بەکەس نی یە.

**دایك:** ڕۆڵە دەترسم تۆش وەکو ڕەشۆی لێم ئاوابی؟

**چەتۆ:** (بەزەردەخەنەوە) قەی ناکا دایکە دوای هەر ڕۆژ ئاوا بوونێك سپێدەکی تازە هەیە...

**سمکۆ:** (بەپارانەوە ) بمبوورە چەتۆ گیان دەمێکە خۆم لێ گرتووی.. بەڵام پیـاوی ئاقـڵ دەبێ لە پیـاوی نەزان ببورێ.. ئێمـە تا ئەگاتە سەر ئێسکمان یەکتر ناناسین ، ئەو دینۆ شەیتانە ویستی پێی منیش لەگەڵ خۆیدا هەڵ بخلـسکێنێ .. بمبوورە چ تۆ گیان..

**چەتۆ:** قەیناکا سمکۆ.. ڕۆژان مرۆڤ فێری شت دەکات ، ئەوە دەڕۆم بەڵام ئەگـەر نەگـەڕامـەوە تۆش وەرە بەدوامـا تا یەکتر دەدۆزینەوە (قۆڵ تێك دەئاڵێنن و یەکتر دەگرنە ئامێز).

## - تاریکی -
## - دیمەنی دووەم -
## بەگ، کوێخا، دینۆ،

**دینۆ:** (بە مل کەچی و پەستی وەستاوە)

**بەگ:** ها دینۆ بۆ واملت شۆڕ کردوە؟

**دینۆ:** بەگم.. (پەشیمان دەبێتەوە) هیچ نی یە بەگم...

**بەگ:** چۆن هیچ نی یە، بۆ واشپرزە دیاری؟

**دینۆ:** گەورەم لەگەڵ چەتۆ.. برەك دەمەقاڵێمان بوو..

**بەگ:** (بە گاڵتەوە مەسەلەکە وەردەگرێ) ئا.. دە وابڵێ گوتم دەبێ چی رووی دابێ..

**کوێخا:** جا چەتۆ بەچ هەقێك دەست لە ئیش و کاری تۆ وەردەدا؟

**دینۆ:** (بەنارەزایی) ئیش و کاری چی .. سە کوڕی؟

**بەگ:** (لەگەڵ کوێخا بە سەر سورماوی سەیری یەکتر دەکەن) پیاوی وەك تۆ هەر سە کوڕی پێ دەکرێ دینۆ.

**کوێخا:** ئەگەر بە سە کوڕی ڕازی نیت گورگ کوڕی..

**بەگ:** ڕاست دەکات.. یان سەکوڕی.. یان گورگ کوڕی..

**دینۆ:** (سەری لەبەرخۆی ناوە، وەڵام ناداتەوە)

**کوێخا:** بەگم نەمانزانی دەمەقاڵێ چەتۆو دینۆی لەسەر چی بوو ؟!

**بەگ:** بەڕاستی دینۆ ئەو چەتۆیـە کابرایەکی زۆر سنگ دەرپەڕینە وەکو تۆ ئاوا نەرم و حەلیم نی یە.. چی لەبەستەزمانێکی وەکو تۆ دەوێ؟

**کوێخـا:** گەورەم دەبینن دینۆ کەوتۆتـە ناو سکی دایکی خۆی بۆیە بەخیلی پێ دەبەن.

**بەگ:** دینۆ سەر هەڵبڕە ، مەسەلە چی یە؟

**دینـۆ:** (بـەئازارەوە) بەگم گەورەو بچووکی ئەو ماڵـە تف و لەعنەتم لێ دەکـەن، نازانم لەبـەرچ وا لەپێش چاویـان ڕەش بوومـە. دایکم .. برام .. خوشکم .. هەموو مردنم بۆ دەخوازن، ئێ من چیم؟ چیم کردووە؟!

**بەگ:** چونکە تۆ پیاو بووی، وەفات بۆ من هەبوو،

**کوێخا:** بابڵێن چی یان لەدەست دێ با بیکەن..

**دینۆ:** (بە ئازارەوە) بە دەریان نام .. ڕوو لەکوێ کەم؟

**بەگ:** (پێ دەکەنێ) هەی لەمنت نەکەوێ هەی.. تا تۆ ئاوا لەگەڵ من دڵـسۆزو بەوەفـا بیت، دەرگـای ماڵی من کراوەیە کاسبی خۆت بکەو نانی حەڵاڵی خۆت بخۆ.

**دینۆ:** (فێزی لەخۆی دەبێتەوە).

**بەگ:** گوێ بەو قسانە مەدە دینۆ.. ئەو جارە دەمەوێ سوارچاکیت تاقی بکەمەوە..

**کوێخـا:** جا گەورەم مخابن نی یـە.. تۆ تازە شارەزای پاڵـەوانیەتی دینۆی .. بەخوا دیارە هێشتا باشت نەناسیوە.

**دینۆ:** (بەترسەوە) تاقی کردنەوەی چۆن، بەگم؟

**بەگ:** ئەرکێکـت پێ دەسپێـرم، چونکـە دەزانم ئەو ئەرکـە بە سوارچاکێکی وەك تۆ نەبێ ناکرێ

**دینـۆ:** (بـەشـپـرزەیـی، چۆکـەکـانـی دەلـەرزێ) بـ.. بەمن..... گ.. گەورەم.

**بەگ:** بەڵێ بە تۆ.. بۆ تۆ کەمیت؟

**دینۆ:** ئەرکی چی... گەورەم؟
**بەگ:** شەو پێتی دەڵێم.. چونکە ئەرکەکە ئەرکی شەوانە...
**کوێخا:** بەگە دینۆ پیاوی شەوێیە نەك ڕۆژی (بەگ پێ دەکەنێ (دینۆ دەلەرزێ)

**- دیمەنی سێیەم -**

**سمە ، نارین**

**سمە لەماڵی پیرەمێرد، سەری لەبەر خۆی ناوە...**

**نارین:** سمە بەس ئەوەندە خەمان بخۆ، بەخەمەان هیچ پێك نایێ...
**سمە:** (بەسۆزەوە) نارین.. سەگەکە من گوناهی کێ‌ی هەبوو؟
**نارین:** (بەتورەیی) لە بەگ بپرسە...
**سمە:** لێی دەپرسم نارین.. لێی دەپرسم.. بەڵام من ناتوانم لە دینۆ بپرسم. دینۆ براتە.. برای ڕەشۆیە.. لەبەر دڵی تۆ.. دڵی دایکت.
**نارین:** سمە تۆ پیاو نی‌؟!
**سمە:** (خۆی گیف دەکاتەوە) من؟! سەگەکەی من لەبەگ پیاوتر بوو...
**نارین:** کەواتە غیرەت بۆ پیاو هاتووە نەك گریان.
**سمە:** ڕاست دەکەیت نارین... بەڵام من بەدەست خۆم نی‌یە دڵم دەگری..
**نارین:** با بچم نانت بۆ بێنم.. (دەچێتە دەرەوە)
**سمە:** تەورەکە بەدیوارەوە دەبینێ هەڵواسراوە، سەرنجی ڕادەکێشێ.. لێی نزیك دەبێتەوە.. گەش دەبێتەوە. لەبەر خۆیەوە پێ دەکەنێ، تەورەکە چەند جارێك بەملاو بەولادا ڕادەوەشێنێ.. پاشان بەپەلە هەڵی دەواسێتەوەو دەگەڕێتەوە جێگاکەی خۆی..
**نارین:** فەرمو سمە گیان ئەوە نانەکەت بیخۆ. (سەرنجی سمە دەدا زۆر دڵ خۆش بووە) بۆ وا کەیف خۆش بووی سمە.. چی هەیە؟!
**سمە:** نارین چاوەکەم.. بەس دوو شەو.. سێ شەو.. ئەو تەورەم بدەیێ.. دوو شەو.. سێ شەو..
**نارین:** بۆ چیتە سمە؟!
**سمە:** دوو شەو.. سێ شەو.
**نارین:** ئێ بۆ چیتە؟!
**سمە:** (بە تەورەوەهەڵ دەستێ) نارین. دارێك هەیە چەندان ساڵە رزی‌یە، پەلکەکانیشی بەری ڕۆژ یان لێ گرتووم، لێ ناگەڕێ ڕۆژم لێ بدا.. دەمەوێ بیبڕمەوە...
**نارین:** سمە.. دار بشبڕیەوە شین دەبێتەوە..
**سمە:** بەس دوو شەو سێ شەو. دوو شەو.. سێ شەو (پێ دەکەنێ)

**- تاریکی -**

**- دیمەنی چوارەم -**

کات شەوە، بەگ بە جلی‌و بەرگی نوستنەوە دەردەکەوێت دینۆ بە جل وبەرگێکی دڕاوی خوێناوی‌و لەش و لاریکی تێك شکاو بەزوور دەکەوێت.. پاسەوانەکان هەر یەکێ قۆڵێکیان گرتووە.

**بەگ:** (هەڵ دەستێتە سەرپێ) چی بووە کوڕینە دینۆ چیەتی بۆ وا پەلتان گرتووە؟
**پاسەوانی (١):** گەورەم لەنزیك ئاوایی گوێمان لەدەنگ و هاواری بوو کە بەپیریەوە چووین بینیمان گورگ پەلاماری داوەو چ گیانی نەهێشتووە.
**پاسەوانی (٢):** گەورەم ئاگای لە خۆی براوە..
**بەگ:** جا بۆ نەتان بردەوە کاولەکەی خۆی؟ قابیلە ئێرە ماڵی باوك و باپیرەتی هەی گەوجینە؟
**پاسەوانی (١):** گەورەم خۆی ووتی بمبەنەوە لای بەگ..
**بەگ:** لە بەرچی؟!
**پاسەوانی (٢):** گەورەم دەیگوت قسەم بەبەگ هەیە..
**بەگ:** قسەی چی؟ قابیلە من میرات گری سوارەم.. بیبەنەوە ماڵی خۆی.. دەی زووکەن؟
**دینۆ:** (لەسەرخۆ) ڕاوەستن.. ئاوا سلیمان بەگ.. ئاوا؟ ئەمە کوڕو باوکایەتیەکەتە؟ ئەمە دەستە چەپی‌و دەستە ڕاستیەکەیە؟
**بەگ:** نازانم... تۆ خۆت تووشی کێشە دەکەیت و خەڵکی بێ گوناهیش. دیسان وەکو مەسەلەی باوکەکەت. لەوانەیە بڵێن ئەم کارەساتەش هەر لەبن سەری بەگە!
**دینۆ:** جا وانی‌یە بە ویژدانت... بە ناموست؟ خوا هەڵ ناگرێ تۆ پێت کردم.. کوڕینە شایەت بن.. خوا خۆی شایەتە، ئەو سلیمان بەگە پێ‌ی کردم.
**بەگ:** (بەتوورەیی) چیم پێ کردی هەی حەرام زادە؟
**دینۆ:** تۆ لەدایك و باوك و کەس و کارت کردم.. تۆش ئەو قورەت بۆم گرتەوە سەرم تیا بچێ.. گوناهم چی‌بوو سلیمان بەگ

.. تاوانم چی بوو؟ هەموو کەس و کارم کردە قوربانی تۆ.. ئەمە پاداشتی چاکەمە؟

**بەگ:** هەر چیەکت کردبێ بۆ منت نەکردووە بۆ پارەت کردوە.. ئێستاش رازی نیم لەوەندە زیاتر درێژدادڕی بکەیت .. بیبەنە دەرەوە..

**دینۆ:** راوەستن.. راوەستن ... هەقتە سلیمان بەگ... من موستەهەقم زۆریش موستەهەقم .. بەڵام داخم ناچێ بە مردنی خۆم نەمردم. وەك سەگ تۆپیم، کەسیش خەفەت لەدووای تۆپینی سەگ ناخوا .. منیش سەگێك بووم لەو سەگانەی دەمکوشتن.. بمبەنە دەرەوە.. من موستەهەقم موستە .. (دەکەوێت)

**پاسەوانی (٢):** بە... بەگم خەریکە دەمرێت ؟!!؟

**بەگ:** دەمرێ نامرێ چاوی دەردەهات، برۆن لە کوێتان هێنابوو فرێی دەنەوە. دەی زووکەن..

**پاسەوانی (١) و (٢):** (قۆڵی دەگرن و رای دەکێشن).

**بەگ:** لەم دوواییەدا خەریك بوو چاوی بکرێتەوەو لێمان بێ بە چەتوو سوارە .. دەبیخۆ دەی.

- تاریکی -

- دیمەنی پێنجەم -

نارین و دایکی دانیشتوون . لە پڕێکا جوانیەکە دەحیلێنێ..

**دایك:** (رادەپەڕێ) نارین .. کچێ نارین گوێت لێیە؟

**نارین:** (هەست رادەگرێ) گوێم لێیەو بڕوایم نایێ..

**دایك:** لەوەتی رەشۆ رۆیشتووە ئەو جوانیە ناڵەی دێ پێم ناڵێی بۆ ئێستا وا بەتاو دەحیلێنێ..

**نارین:** کێ دەڵێ بۆنی ئەوی نەکردییە؟

**دایك:** بۆنی کێ؟!!

**نارین:** بۆنی رەشۆی کاکم..

**دایك:** (خەریکە لەخۆشیان باڵ هەڵ بدا).. رەشۆ.. رەشۆ ماوە نارین؟!

**نارین:** رەشۆ ماوە دایە رەشۆ ماوە..

**دایك:** (ئامێزی پێدا دەکا) قوربانی دەمت بم.. کوا بۆ ئەو رۆژە.. (جوانیەکە دەحیلێنێ)

**سمکۆ:** (بەتاو بەژوور دەکەوێت) چیتانە بەو شەوە .. چی قەوماوە.؟

**دایك:** رەشۆ.. سمکۆ.. رەشۆ..

**سمکۆ:** (چەوند جارێك گوێ لە جوانیەکە دەبێ) نەخێر ئەم جوانیە لە خۆڕایی ناحیلێنێ..سمە: (خۆی و تەورە خوێناویەکەی بەژوور دەکەوێت. هاوار دەکا) دایکە.. نارین. سمکۆ.. (هەموو بە سەر سورماوی تەماشای دەکەن)

**سمکۆ:** ئەوە چیە سمە؟ ئەو تەورە خوێناوییە چیە بە دەستەوە بەو شەوە..؟

**دایك:** چ کەتێکت کردوە؟

**نارین:** تەورەکەی رەشۆیە؟!

**سمە:** کەتن؟! (پێدەکەنێ) بڵێ چ توافێکت کردووە..

**دایك:** (لێی نزیك دەبێتەوە) ئەو خوێنە چیە سمە؟!

**سمە:** ئەو خوونە سوورە.. خوونی ئەو گورگە هارە دوو پێیەیە کە سەگە بێ گوناهەکەی منی خوارد. ئەوە خوونی ئەو مارە رەشەیە لەناو ماڵتان بوو.. (ئەسپەکە دەحیلێنێ) (هاوار دەکا) حیلاندی.. حیلاندی.. (لەخۆشیان هەڵ دەپەڕێ) حیلاندی...

**رەشۆ:** (صەدای دێ) هۆ دایکە هۆ... هۆ.. (هەموویان کپ دەبن)

**دایك:** (بەسەر سورماوی) سمکۆ.. نارین .. سمە.. گوێتان لێیە؟

**سمکۆ:** دایکە.. ئەوە دەنگی رەشۆیە...

**دایك:** ئەوە تۆی .. ئەوە تۆی هەی مەرگم بە پێشت کەوێ؟ لە کوێی، لەکام دونیای؟

**رەشۆ:** لێرەم دایکە گیان لێرەم لەو دونیابەم، زۆریشت لێ نزیکم..

**دایك:** (چاوەکانی نابینێ، پەل دەهاوێ و دەکەوێت) وەرە کزەی جەرگانم وەرە با تێرت لەئامێز بگرم.. خۆ من لە چاوەڕوانی تۆ .. کوێرابیم داهات.. چ تروسکاییەك لە دنیابێ نابینم .. چیت بەسەرهات کوڕی شیرینم چی.. ئاسمان هەڵی کێشای .. یا زەوی قووتی دایت؟

**رەشۆ:** بەفر دایکە گیان بەفر .. بەفر رێگای گەڕانەوەی لێ بڕیووم...

**رەشۆ:** (خۆی لەقاچەکانی دەئاڵێنێ) دایکە..

**دایك:** (دەست بەپشتی دادێنی) وەرە کوڕی شیرینم وەرە ئەگەر چاوم چوو.. خۆ دڵم ماوە... (هەموو دەبنە یەك پارچە).

- تاریکی -

# قژەکەی گوڵا



**مندالّەکەوتی:**
دایە، دایە بەیانی لە پێش گزنگی خوردا باخەبەرم کەرەوە «ئەگەر بە خەبەر نەهاتم» دەرزیاژەنم بکە، پرچم رابکێشە، لێم بدە.» تروسکایەکی ڕووناکی چاوە ڕەشەکانی دایکە لاوازو ڕەنگ هەڵپرورزاوەکەی داپۆشی»

نووسین یەشارکەمال
وەرگێران لە تورکیەو خورشید ڕەشید

«خۆ ئەگەر هاتوو هەر هەڵنەستام ئەوە بمکوژە» دایکە کە ئەمەی لە منداڵەکە بیست یەکسەر خۆی پێ ڕانەگیرا منداڵەکەی لە ئامێزی خۆی گرت و بە توندی نای بە سینگی یەوەپێی وت ئەی هەست و نەستی دایە چۆن دەتکوژم؟ دایکە پێی گوت کۆرپەی شیرینم ئەگەر هەر هەڵنەستای؟ دوای بیرکردنەوەیەکی کەم، منداڵەکە پێی وت بیبەرێك بخەرە زارمەوە دایکە جارێکی دیکە منداڵەکەی گرتەوە ئامێزو دەستی کرد بە ماچ کردنی بە هەمان سۆزو ئارەزووەوە چاوەکانی پڕبوو لە فرمێسك، منداڵەکە بە بەردەوامی هەر دەیگوت ئەگەر بە ئاگا نەهاتم بیبەرێك بخەرە زارمەوە، دایکە بۆ دڵنیایی کردنی منداڵەکە هەر دەیگوت باشە بینایی چاوم «با بیبەرەکە زۆر تفت بێت.» بەدەم ئەم وشانەوە منداڵەکە لە خۆشی دا پای زەویی نەدەگرت بە دەنگێکی بەرز وە بەبێ وچان با بیبەرەکە زۆر تیژ بێت با بیبەرەکە تیژ بێت، «با زارم بسووتێنێت تا وەکو زوو راپەرم لە خەو» لە نێو هەردوو دەستی دایکی یەوە وەك چۆلەکە فرتەی کردو یەکسەر سەرکەوتە سەر کەپرەکەو چووە ناو جێگاکەیەوە.

شەوگاری هاوین بوو گەرمی و بێ بایی پیاوی دڵ تەنگ دەکرد، بەبان سەربانیشەوە مانگی چواردە شەوە لە ئاسمانێکی بەرینی ئۆقرەی گرتبوو، ئەستێرەکانیش لە هەموو لایەکەوە دەورەیان دابوو، شەوێکی ئەوەندە گەرم بوو بۆنی ئارەق و چڵکنی منداڵەکە بە ئاشکرا هەستی پێ دەکرا. منداڵەکە چووە ناو جێگاکەی بەڵام بێ ئەوەی خەوی لێ بکەوێت هەر ئەم دیو ئەو دیوی دەکرد، تا گەیشتە ئەو بڕیارەی کە تاوەکو بەیانی نەخەوێت کە بەیانی دایکی بانگی دەکات: «عوسمان» کوتوپڕ هەڵسێت و خۆی پخاتە باوشی، دایکەش لە خەو سووکی منداڵەکەی سەری سوڕبمێنێت لە ناو جێگاکەیدا لە خۆشییاندا کەوتبووە جم وجوڵ دەنگوت کێچ کەوتووەتە گیانی، بەڵام زۆری نەخایاند لە لووتکەی ئەو هەستی و خۆشی یەوە مەترسییەکی کوتو پڕ چووە دڵییەوە دەستی کرد بە وتنەوەی ئەم چەند وشەیە: چی ڕوو دەدات ئەگەر هاتو خەوتم؟ ناخەوم، ناخەوم بۆ بخەوم چیم چنگ دەکەوێت لە خەوتن؟ پاش ماوەیەك دایکە هات و لە تەنیشتییەوە راکشا دەستی کرد بە ختکەدانی «نووستووی کۆرپەکەم عوسمان ورتەی لێوە نەهات دایکە لە باوشی ناو دەستی کرد بە ماچ کردنی، عوسمان جۆرە هەست و خۆشییەکی گەرم بە شادەمارەکانی دا تێپەری. عوسمان زۆرتر بەوەوە سەرقاڵ بوو کە کەی بەیانی دێت و ئازایانە هەڵدەستێت و دایکی تووشی سەر سوڕمان دەهێنێت.

دایکە خەوی لێ کەوت بەڵام عوسمان لە ناو جێگاکەیدا هەر ئەم دیو ئەو دیوی دەکرد تا دەهات خەو زۆری پێ دەهێنا پێڵووی چاوەکانی گران تر دەبوو بەڵام نەی دەویست هەروەها بە ئاسانی خۆی پێ بسپێرێت جار نەجاریش دادەنیشت و دەیروانی یە ڕوومەتی دایکی کە سپی دەکردەوە لە بەر تیشکی مانگە شەوەکە پرچە ڕەشەکەی وەك شەوە لە بەر تیشکی مانگەکە دەبریسکایەوە دوای تێروانینێکی زۆر لە ڕوومەتی دایکی خەو زاڵ بوو بە سەریدا کەوتە سەر سەرینەکەی، شەو گەیشتبووە نیوەی، مانگیش لەولاوە بە تریفە ئەو ناوەی ڕۆشن کردبووە. شەوی دەدا بەدەم ڕۆشنایی ڕۆژەوە، مانگە شەوێکی وەهابوو کە زۆر بە ئاسانی ئەو مانگایە دەبینرا کە لە ژێر کەپرەکەیاندا پاڵ کەوتبوو. خەو تەنگی بە عوسمان هەڵچنیبوو چارەی نەمابوو دەبێت هەر بخەوێت، هەر چەند دەستی خۆی دەگەزیو دانی بە لێویدا دەگرت بەڵام بێ سوود بوو خەو وەك لافاوێك هەر چوار لای لێ تەنیبۆوە ئەمەش عوسمانی بە تەواوی توورە کردبووجار نەجاریش بسکەیەك بە ڕوومەتە خەوالووکەیدا تێدەپەڕی کە بەیانی دێت و چۆن باوش بە دایکی دا دەکات و هەردوو دەستە لاوازەکانی لە ملی دەکات. تا دەهات مانگ بەرەو خوار دەبۆوە بەرەو ئاوا بوون، پاش ماوەیەکی کەم تیشکی زێڕینی هەتاو لە پشت چیاکانەوە ئەو ناوەی ڕووشن کردەوە گیانی کارو فرمانی خستەوە بەر دانیشتووانی دێیەکە،

دایکە نوشتایەوە بە وردی ڕووانی‌یە منداڵە ساوێلکەکەی کە سەری لاربوبۆوە لە سەرینەکەی، بە رادەیەکی وەها ملی باریك ببووە دایکی وا هەستی دەکرد کە هەناسەی تێدا نەماوە.

ڕوومەتە بچوکۆلانەکەی بە وێنەیەکی خەیالی دەچوو لەبەر تیشکی هەتاوەکە پێیەکی بە توندی وەشاند لە لێفەکە هێنایە دەرەوە ئەوەندە لاواز بوو دەتگوت ئێستا گۆشتەکەی لە سوقانەکەی جیادەبێتەوە دایکە بۆ ماوەیەك کەوتە سەرنج دانی کۆرپەکەی هەناسەیەکی حەسرتاوی هەڵکێشا «ئای ئەی کۆرپەکەم... ئای...» دایکە لەلای منداڵەکەی هەستاو وتی «باخەبەری ناکەمەوە بە هیچ جۆرێك با خەبەری ناکەمەوە».

ئەگەر بێت و لە برساندا بمرین، «چی سوودێکی هەیە ڕەنجی منداڵێکی وەها» هەتا ئەو کاتەش هەر دەیڕوانی‌یە قۆلە بایکەکانی سەری سوورمابوو کە تا ئەو کاتە لاوازیی منداڵەکە بەم شێوەیە سەرنجی ڕانەکێشابوو. «ئەگەر دەمرین لە برساندا دەبا بمرین...» هەندێ لە پرچە درێژەکەی خۆی خستە نێو هەردوو دوانی‌یەوە بە توندی دانی لەمەر داگرت.

مێردەکەی لە خوارەوە بانگی لێ کرد: «تا ئێستا با خەبەر نەبووەتەوە؟»

ئافرەتەکە وەڵامی دایەوە «چیت دەوێت لەم منداڵە ساوێلکەیە؟ بە قەبارەی دەستێکە، ئێسك و پروسکەکەی وردو خاش دەبێت لەبەر لاوازی مێردەکەی قیرانی بە سەریدا دەبێت ئاگاداری بکەیتەوە، پێویستە هەر لە ئێستاوە خۆی ڕابهێنێت لەسەر فرمان نەك لەسەر تەمەڵی دەبێت هەر لە منداڵی‌یەوە قالی ژیان بێت دایکە جارێکی دیکە هاتە ژوور سەری درژانەی دا بە سەریدا، ڕێگایی پێ نەدەدا هەڵیسێنێت لە لاوازیدا لە پووش دەچوو چۆن لە ڕۆژێکی وەها گەرمدا رەوانەی فرمان بکات.

«پیاوەکەی جارێکی دیکەش بە توورەییەوە لە خوارەوە بانگی لێ کردا! هەڵیسێنە، بەڵێنم بە مستەفا ئاغا داوە لە کوێ منداڵێکی دیکەی چنگ دەکەوێت بەم درنگە شەوە؟ «پیاوەکە، لە دڵم نایێت، یەکجار لەرو لاوازە لەو بروایەدای ڕەنجی منداڵێکی وەها ساوێلکە دەوڵەمەندمان بکات؟» پیاوەکە هاواری کرد: «ئەگەر لە ئێستاوە ڕانەیەت لەسەر فرمان...» دایکە لە سەر خۆ دەستی دەهێنا بە قژە نەرمەکەیدا بە هێمنی بانگی کرد عوسمان، هەستە عوسمان هەستە ڕۆڵە وا خۆر هەڵهات» منداڵەکە بە هێمنی وەرچەرخایە لایەکی دیکەوە. «عوسمان کۆرپەکەم وا ڕۆژهەلات!» دایکە بە ئەسپایی لە هەردوو شانی نەمی ئەوەندە نەبوو وردو خاش بێت لەبەر لاوازی لە نوێنەکەی ئاستێك بەرزی کردەوە دیسان گەرنی‌یەوە شوێنەکەی خۆی لەولاوە بەتریفە ئەو ناوەی ڕۆشن کردبۆوە شەوی دەدا بەدەم ڕۆشنایی ڕۆژەوە، مانگە شەوێکی وەهابوو کە زۆر بە ئاسانی ئەو مانگایە دەبنیرا کە لە ژێر کەپرەکەیاندا پاڵ کەوتبوو. خەو تەنگی بە عوسمان هەڵچنیبوو چارەی نەمابوو دەبێت هەر نجەوێت، هەر چەند دەستی خۆی دەگەزی‌و دانی بە خۆیدا دەگرت بەڵام بێ سوود بوو خەو وەك لافاوێك هەر چوار لای لێ تەتینبۆوە ئەمەش عوسمان بە تەواوی توورە کردبوو، جار نەجاریش بسکەیەك بە ڕوومەتە خەوالووکەیدا

هەڵناسێت، هەڵناسێت خۆ نایکوژم؟» بە خێرایی هاتە خوارەوە کەپرەکە وەك بێشکە لە ژێر پێی‌دا دەهات و دەچوو، مێردەکەی بە توندی خۆی هەڵدایە سەر کەپرەکەو لە پەلی منداڵەکە نەمی بە توندی لە جێکاکەی بەرزی کردەوە منداڵەکە وەك کەروێشکێك شۆر ببووە بە دەستی‌یەوە ئەم لاو ئەو لای دەکرد هێشتا خەو بەری نەدابوو دەستی کرد بە بانگ کردنی دایکی: «دایە... دایە» دایگرتە خوارەوە تا توانایی تێدا هەبوو منداڵەکەی تووردایە سەر سەکۆکەی بەردەمیان لەپێش چاوی دایکی. دایکە ڕوانی‌یە منداڵەکەی‌و وتی «خودا هەڵناگریت منداڵی خەڵك بکەوێتە ژێر دەستی یەکێکی دیکە...» یەکسەر پەلاماری منداڵەکەی‌دا لەسەر زەوی‌یەکە هەڵیگرت و نووسانی بە

سینگییەوە، دەستی گرت و بردی سەروچاوی بشۆرێت.
«دایە» منداڵەکە باڵگی کرد دوای ئەوەی هاتە سەرخۆی، دایکە گوتی گیان کۆرپەی شیرینم «بیبەرت کردە زارم»؟ لەم حەلەدا گالیسکەکەی مستەفا ئاغا گەیشت و لەبەر دەرگاکەیان ڕاوەستا. «عوسمان....» عوسمان غاریدا بەرەو لایەنی گالیسکەکەو سواری بوو، دەستی کرد بە گۆرانی وتی دایکە عوسمان بەو ئافرەتە سپارد کە لەوێ فرمانی دەکرد ناوی [زینب] بوو پێی گوت بە قوربانت بم (زینب)چاوت لە عوسمان بێت، زینب وەڵامی دایەوە: خوشکە مادام من لەوێم دڵنیابە لە لایەن عوسمانەوە سەر لەبەیان کە گەیشتنە سەر خەرمان خۆر بە تەواوی هەڵنەهاتبوو لەو لاشەوە ئەو باوشە مەلووانەی کە دوێنێ ئامێرەکە دووریبوو هێشتا تەڕبوو بۆنی تەڕییەکەی دەهات بە لووتیاندا، تەنها ماینێکیان بەست بوو بەپێش گالیسکەکەوە بۆ هەڵگرتن باوشە گەنمەکان فرمانی عوسمان ئەوە بوو کە ڕەشمەی ماینەکە بگرێت و بە پڕی بیباتە سەر خەرمانەکەو جارێکی دیکە بە بەتالی بیگەڕێنێتەوە بۆ وەردەکە جوتیارەکان دڵ نەوایی عوسمانیان دەکرد دەیانگوت لەچی بارێك دای عوسمان «هەر بژیت عوسمان» عوسمان بە وتەکانیان خۆش حال دەبوو لەم ماوەیەدا هەتاوەکە تا دەهات بەرەو ئاسمان هەڵدەکشا دەتگوت ساجێکی ئاگری سوورە لە گەرمیو تیندا. کە دەیدا لەو باوشە گوڵە گەنمانە هەڵمێکی گەرم و بۆنێکی ناخۆشی لێهەڵدەسا، بە بان سەریانیشەوە پەڵە هەورێکی سپی دەسووڕایەوە، عوسمان بە خێرایی هات و چۆی نێوان درەوەکەو خەرمانەکەی دەکرد (زینب)یش جار نەجارێ دڵ نەوایی دەکرد ها عوسمان ها شێری میمکت... خۆر تا دەهات بەرز دەبۆوە بەرەو ئاسمان تیشکی بە هەموو لایەکدا بلاوکردبۆوە، تیشکی دەکەوتە سەر باوەشە مەلۆکان لە شێوەی ستوونێکی بیرقەدار دەبریسکایەوە. تۆزو خۆڵی درەوەکە سەروچاوی جوتیارەکانی داپۆشیبوو چۆڕەی ئارەق بە نێو تەوێلیاندا دەهاتە خوارەوە. ئەو پەرێزەی کە درەویان تێدا دەکرد دەتگوت گڕی ئاگری تێبەربووە ڕوومەتی عوسمان لەبەر تینی هەتاوەکە هەڵپڕوزکابوو چاوە گەشەکانی لەبەر تینی ڕۆژەکە لەشی چۆڕەی دەهات لە ئارەقەدا کوا زیرەکیو چالاکییەکەی سەر لە بەیانی کە زابووە هەموو شادەمارەکانییەوە، کەچی ئێستا لە کاتی ڕێ کردندا پێیەکانی بە یەکدا دێت، زۆر جار خەریکە بکەوێتە ژێر سمی ماینەکەوە هەر چەند پێی دەنا بە خۆڵە گەرمەکەدا هەڵدەبەزیوە دەتگوت ئاسنی گەرمە دەچزێت بە ژێر پێیدا بۆیە هەر بلە دوورەوە هەست بە نارێکی ڕۆیشتنەکەی دەکرا. ئافرەتە مەلۆکێشەکان وچانیان دەدا تا گالیسکەکە دەگەڕایەوە، هەندێ جار پەڵە هەورێ بە سەریانەوە بەری ڕۆژەکەی دەگرت هەندێ لە تینەکەی کەم دەکردەوە بۆیە عوسمان هەردوو چاوی دەبرییە ئاسمان بە دوای پەڵە هەورێکی دیکەدا دەگەڕا بەری ڕۆژەکەی لێبگرێت هەتاوەکە گەیشتبووە ناوەڕاستی ئاسمان زەوییەکە هەڵمی گەرمایی لێبەرز دەبۆوە، هەر چەند دەچزا بە پێی عوسماندا هەستی دەکرد کە پارچە ئاسنێکی داخکراو دەچزێت بە جەرگیدا. زینب ئاورێکی لە عوسمان دایەوە هەستی کرد کە لەبەر گەرماو ماندوێتی هەردوو پێی بەیەکدا دێت بۆیە پێی گوت: «عوسمان، عوسمان، بەم شێوەیە هەموو جارێك بە پێ هامشۆ مەکە وەرە بتخەمە سەر پشتی ماینەکە» عوسمانی خستە سەر پشتی ماینەکە بەڵام لەدوای چی عوسمان هەردوو پێی دەهات بەیەکدا خۆی بۆ ڕانەئەگیرا لەسەر پشتی ماینەکە بۆیە لە پڕێك خۆی هەڵدایە خوارەوە لەسەر ماینەکە بەرەو لایەنی(زینب)ڕۆیشت کە خەریکی بەستنی باوەشە مەلۆکان بوو زینب لێی پرسی «بۆ ماینەکەت بەرەڵا کرد چی دەکەی ئەگەر هات و دایە غارا عوسمان لە زینب نیزیك بووەو پێی گوت میمی زینب تەماشام بکە کە گەورە بووم ملوانکەیەکی زێرت بۆ دەکرم ئەمەی گوت و بە خێرایی گەڕایەوە بۆ لای ماینەکەی تا بڵێی ڕۆژێکی گەرم و دنیایەکی کپ و خامۆش بوو بەنوزە با لە هیچ لایەکەوە نەدەهات. عوسمان بە ڕادەیەکی وەها پێیەکانی دەیزریکاند لە توانایدا نەمابوو خۆی ڕاگیر بکات لەسەر پشتی ماینەکە، ماینەکە سەر بەخۆی

دەرۆیشت چونکە عوسمان توانای لێ‌خوڕینی نەمابوو. پشوودانی نیوەڕۆ هات و دەستیان کرد بە نان خواردن عوسمان ئەوەندە ماندوو بوو نانی پێ نەخورا(زینب)هەر چەند هەوڵ و تەقەلای لەگەڵ دا کرد نەیتوانی تاقە پاروێك نان بخاتە زاری‌یەوە هەر بەردەوام ئاوی دەخواردەوە.

(زینب)ڕووی سوور بێت جەرێك ئاوی کرد بە سەریدا باش بوو بۆ ماوەیەك هاتە سەرخۆی کە هەستانەوە بۆ سەرکار «زینب»پێی گوت عوسمان برۆ لەو سێبەرە بۆ خۆت پشو بدە مایـنەکە با یەکێکی دیکە هات وجۆی پێ بکات میمی (زینب)مایەکە دەبێت هەر بەدەستی خۆمەوە بێت، ماندوو نەبوومە، کاتێك گالیسکەکەیان لە دەست وەرگرت، دەستی کرد بە گریان دەیگوت بەخوا ماندوو نەبوومە، بەخوا ماندوو نەبوومە پیرە ژنێك لەولاوە هاتە وەلام، ئەو تووتکە سەگە بخەنە سەر پشتی مایەکە تاوەکو دەکەوێتە ژێر پێ‌و هەنج هەنج دەبێت لە ژێر پێ‌ی مایـنەکەدا. عوسمان وەلامی دایەوە بەخودا ناکەومە خوارەوە چونکە ماندوو نەبوومە، خستیانەوە سەر مایـنەکە ئەوەندەی نەخایاند تووشی سەرە گێژکە هات بە زۆر خۆی ڕاگیر کردبوو لەسەر پشتی مایـنەکە، دوای چەند هامشۆیێك عوسمان سەری بەتەوای نووساند بە باڵی مایەکەوە بە هەموو هێزو توانایەکەوە توند توند یاڵی مایـنەکەی گرتبوو نەوەك بکەوێتە خوارەوە،لەم حەلـەدا زینب هەستی پێ‌کردوو یەکسەر لەسەر مایـنەکە دایگرتە خوارەوە بە بێ‌هۆشی لەسەر چەند مەلۆیەك درێژی‌کرد لەسەر ئەو حالەیشەوە هەر لەبەر خۆیەوە دەیگوت بەخوا ماندوو نەبوومە، زینب هەندێ ئاوی هێناو کردی بە سەروچاویدا ڕووی خۆرەکەی لێ‌گرت تا بێتە سێبەر بۆی. پاش ماوەیەك هاتە سەر خۆی لە شوێنەکەی خۆیەوە دەیڕوانی‌یە جوتیارەکان لە شەرماندا سەری بەرز نەدەکردەوە هەتا وەکو ئێوارە کە لە خەرمان بوونەوە، زینب دەستی گرت و خستی‌یە ناو گالیسکەکە پێشی گوت عوسمان ئەمرۆ کارێکی باشت کرد، مستەفا ئاغا زیاد لە حەقی خۆت دەداتێ. خێزانەکەی مستەفا ئاغا هەموویان بە کۆیی لە پێش دەرگاکەیان دانیشتبوون خەریکی نان خواردن بوون لەو لایشیانەوە گالیسکەکە بە دوو مایەوە وەستابوو سەریان کردبوو نە پوش و پەلاشەکەو دەیان ماشی‌یەوە بۆنی پووشە تەرەکەیان دەدا بە لووتیاندا، تاریك داهاتبوو عوسمان لەو کاتەوە کە لە خەرمان گەڕابوونەوە بە بێ قەرار لە نیزیك هەردوو مایـنەکەوە وەستابوو هەردوو چاوی بڕیبووە خێزانەکەی مستەفا ئاغا کە ئەمیان بە تەواوی لەبیر چووبۆوە، عوسمان بە تەواوی لە چاوەنواری وەڕس ببوو، چاوی بە زەوی‌یەکەدا گردەداو چوکل و چیکەی هەڵدەگرت و دەیشکاند زۆر جاریش لە زەوی‌یەکە کیری پێیان دەکێشا وەك بیەوێ دەنگێ دەربکات بۆ سەرنجی خێزانەکە ڕابکێشێت، بەلام بێ سوود بوو جارێکی دیکە سەر لە نوێ ئەو کیرانەی لە زەوی کێشابوو بە پێ باریکە کان دەیـنی‌سرییەوە دارێك بە دەستی یەوە بوو جار نەجار ێ سەرەکەی لە زەوی‌یەکە گیر دەکردو بە دەوریدا ەسوورایەوە خێزانەکەی مستەفا ئاغا بەتەوای لە بیر چو وبووە سەر سەر قال بوو بە یاری‌یەکەی خۆیەوە، لە پڕێك گوێی لە ەنگێك بوو دارەکە لە دەستی کەوتە خوارەوە لە جێگاکەی خوی وشك وەستا ویستی‌هەرابکات‌بەلام نوێ نەکرا، د:گەک هی ژنەکەی مستەفا ئاغا بوو کە بە سەر سوورمانیکەوە «گوتی ئاە عوسمان‌ئەمە عوسمانە، وەرە پێشەوە کاکە عوسمان» بەلام لەجێگاکەی خۆی نەجوولا «وەرە عوسمان وەرە دانیشە لەگەڵمان نان بخۆ» عوسمان بە بێ دەنگی وەستابوو بێ ئەوەی ورتەیەکی لێوە بێت «دایکت ناردنی بۆ ئێرە؟»عوسمان سەری داگر تبووە زەوی بە هیچ جۆرێك سەری بەرز نەدەکردەوە «ئە ی منداڵە شێتە لەو کاتەوە لەسەر خەرمان گەڕاوەتەوە نەچووتەوە بۆ ماڵ؟ ئێستا دایکت بە دواتدا دەگەڕێت ژنە نیزیك بووە لە مستەفا ئاغا خەند وتەیەکی چرپاند بە گوێی‌دا بووە هۆی پێکەنینی هەموویان عوسمان بەهە موو دلیەکەوە دەیویست هەرابکات بەلام دەتگوت نوو ساوە بە زەوی‌یەکەوە مستەفا ئاغا گوتی: «تەماشا کەن خۆ من لە بیرم چوە ڕۆژانەکەی عوسمان بدەم» لە جزدانەکە ی پارەکەی دەهێناو بیست و پێنج لیرەی بۆ عو سمان درێژ کرد یەکسەر عوسمان قوزایەوە لە دەستی‌ڕا تەقاند بە خێرایی بەرەو ماڵ کە گەیشتە ماڵەوە یەکسەر خۆی کوتایە سەر سینگی دایکی‌و گوتی: «بگرە!» دایکە پارەکەی سێ جار بە دەور سەریدا گەڕان و ئەمجا نیزیك هەردوو لێوی خۆی کردەوە.

هەواڵنامەی کتێب & KURD ARSHIV

## چیرۆك

کاتی خۆی ئمپراتـۆری ئەڵـەمـان وای بە باش زانی کە لەگـەڵ قەیسـەری ڕووسیـادا ئاشت بێتـەوە، وبناغـەی ئاشتی پتەو بکات لە گەڵایتەو بکات بەڵکو بەم پیری‌یەی کەمێك مێشکی لە گێرمەو کێشەی شەڕو شۆڕ بحـەسێتـەوەو خەڵك دوای مردنی بڵێن: «بەخـوا بابە پیـاوێکی باش و تێگـەیشتـوو بوو،». بەدبەختی‌یەکەی ئیمپراتۆریش لەوەدابوو ئەوەندە پیرو بێ توانا ببوو لەوە دەترسا ئەگەر خۆی بچێت بۆ پیتـربـورگ [لینینگـرادی ئەمـڕۆ]، دووچـاری ناخـۆشی‌و هیلاکی دەبێت. بۆیـە سەرۆك وەزیـرانی خۆی ناردو نامـەیـەکی بۆ قەیسـەر پیانارد ئەم سەرۆك وەزیرانە پسمارك بوو کە هەموومان ناویمان بیستوە.



# وەنەوشەی شاژن

کەریم سۆفی کردوویە بە کوردی

کاتێ پسـمـارك گەیشتـە (پترسبـورگ) دونیا شەوبوو، کات ناوەخت بوو، وەزیـری دەربـار پێشـوازی‌ی کردو خواردنیـان بۆ ئامادە کردو پاشان دەستوری‌دا کۆشك و تەلارێکی گەورەیان بۆ ڕێك خەن جی‌و باڵیگـانـەکی پوختـەیـان بۆ ئامـادە کرد. بەیانی زوو کە لە خەو هەڵسا دیتی تازە خۆر هەڵاتووە، جلەکانی خۆی لەبەر کردو چووە دەرەوە بۆ ئەوەی کەمێك لە باغی شاهی‌دا هەوای پاك هەڵمژێ‌و پیاسەیەك بکا. بۆ هەر لایەك چوو دیتی پاسەوانەکانی قەیسـەر هەموویان بێدارن. لە هەمـوو سوچێکی کۆشـك لەسـەر هەر باریکـە ڕێ‌یەکی نێو باغەکەدا سەربازێکی باڵا بەرز لە ژێر چەترێکی چاوە دێری ڕاوەستاوە. پاسەوانەکان دەستورزان و مایەی ڕێزو ئەدەب بوون. هەرکە چاویان بەو دەکەوت یەکسەر گورج ڕادەوەستان و بەوپەڕی ڕێزەوە سڵاویان دەکـرد. پسمـارك زۆر دڵتـەنـگ و بێزار بوو، چونکـە دەیزانی پاش بەرچایی قەیسـەر دەنیرێتـە دوای‌و دەبێ لە زۆر مەسـەلـە بکۆڵێتەوەو

دەربارەی زۆر شت قسە بکەن. حەزی کرد ماوەیەك بە تەنیا بێت و هەست و بیری خۆی کۆکاتەوەو وەڵام بۆ پرسیارەکانی قەیسەر ئامادە بکات. کەچی ئەم پاسەوانانە لەگەڵ ئەم ڕەفتارە ڕێکە شیان بیرو هۆشیان دەوروژاند، بە تایبەتی کە جل و بەرگ و پۆشاکە پڕ لە بریق و هۆرەکانیشیان لەگەڵ ڕەنگی گەڵاو گوڵەکان دا زۆر نارێك بوون. پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر ڕۆیشت کەوتە سەر باریکە ڕێیەك، چاوی بە دار سنەوبەرێك کەوت پارچە چیمەنێکی سەوزی بێ گەردو تەڕو تازە دەوری دابوو. لە دونیادا بێ وێنە بوو، سەری دێشا بۆ کەسێك بیەوێت کەمێك تەنیاو ئاسودە بێت. بەرەو ئەوێ هەنگاوی نا. لە هێکەوە چاوی بە سەربازێکی باڵا بەرز کەوت لە ناوەڕاستی چیمەنەکەدا ڕاوەستابوو. بەڵام نەك هەر بە تەواوی لە ناوەڕاست بەڵکو چەند پێیەك ئەولاتر. زۆر بە تابە دڵی‌یەوە ڕێیەکەی گۆڕی‌و زوو لەوێ دوور کەوتەوە، لە پڕ وای بە خەیاڵ دا هات کە بۆچی دەبێ ئەم سەربازەیان بە تایبەتی تا لەم شوێنە دانابێ!؟ زۆری حەز کرد کە تەنیا بێت و هەست و بیری خۆی تەرتیپ بکات هەتا کەلەگەڵ قەیسەردا یەکدی دەبینن نەبادا قسەیەکی خراپ و نارێکی لەدەم دەرچێ.! بەڵام بە درێژایی ژیانیشی هەرگیز نەیتوانیبوو واز لە شتێك بێنی کە تێی نەگەیشتبێ، ئەمەشیان هۆیەکی سەرکەوتنی بوو. خۆ ئەگەر شتێکی بدیبایەو لێی تێنەگەیشتبایە ئەوەندەی لێ دەپێچایەوەو بە دوایدا دەگەڕا هەتا نهێنی‌یەکەی بۆ ئاشکرا دەبوو. بەهەر حاڵ. گەڕایەوەو چووە لای سەربازەکە. پاش ئەوەی ئەم پاسەوانەش بە پێی دەستورو نەریتی دروست سەلامێکی بۆ کرد، پسمارك لێی پرسی: «لاتان زەحمەت نەبێ، پێم بڵێ بزانم تۆ لێرەدا خەریکی پاسەوانی چیت؟.» وا ڕایکەوت ئەم سەربازە خەڵکی (فنلندا) بوو، هێشتا فێری شێوە زمانی ئەدەبی دەربار نەبوو بوو، بە زمانێکی زۆر ڕەق و سارد وەڵامی دایەوە: «من چوزانم!؟» پسمارك، ئاوڕێکی دایەوە وگوتی ئەمە هیچ ماناى نی‌یە. ئەگەر لە سوچێکی ئەو ڕێیە بوەستابای. یا بەلایەنی کەمی بە تەواوی لە ناوەڕاستی ئەم چیمەنە ڕاوەستابای هەر باشتربوو. هەرچەندە ئەمەش ئەوەندە فەرق ناکات و بە ماقوڵیش نایەتە بەرچاو...» سەربازەکە کەمێك تورە بوو لەوەی کابرایەکی لاوەکی کە جلی سەربازی لە بەرنی یە، هاتووە خەوشی لێ دەگرێ، بۆیە ئاوا وەڵامی دایەوە: (گوتیان لە کوێ ڕاستە لەوێ ڕادەوەستم). ئاخر کێ پێی گوتی کە لێرە ڕاوەستی؟! لەسەر فەرمانی سەرداری پاسەوانانە، ئیتر لە سەری مەڕۆ. پسمارك پیاسەی خۆی کردو گەڕایەوە کۆشك، بەڵام نەیتوانی مەسەلەی ئەم پاسەوانە لە بیر خۆی بباتەوە کە بەو پەڕی

ئارام و دان بەخۆداگرتن ئێشك دەگرێ‌و ئاشزانێ پاسەوانی چی‌یە! پاش نان خواردنی بەیانی بردیانە لای قەیسەر، دوای کەمێك گفتو گۆ، قەیسەر سەری سوڕما لەوەی کە کابرایەکی ئاوا پەرێشان و خەیاڵ و هەست شێواو چۆن ئەوها لە تەواوی ئەورووپادا ناوبانگی دەرکردووەو وەکو بلیمەتێکی ڕامیاری لە دونیادا ناسراوە! بۆیە پێی گوت: وا پێ دەچی هێشتا لە مەبەست حاڵی نەبوویی بۆیە ناچارم کە باشتر ڕوونی بکەمەوە: دەتەوێ بزانیت من سەربازەکانی خۆم لە پۆلۆنیادا چۆن دابەش دەکەم لە چ شوێنێکیان دادەنێم؟. پسمارك قسەکەی پێ بڕی‌و گوتی: «لە ناوەڕاستی باغچەکان!»

قەیسەر سەرسام بوو، ووشت ووشت تێی ڕاما!! پسمارك یەکسەر هاتەوە سەرخۆ، دەست و پێی خۆی کۆکردەوەو دروست ڕاست و دانیشت و گوتی: «هیوادارم کە ئیمپڕا تۆری پایە بەرز لە بەندە ببوورن، ڕاستی‌یەکەی من دوێنێ بەیانی شتێکم بینی، لێم بووە بە مەتەڵ و مەراق تەواوی بیرو هۆشی خەریك کردووم!»

قیسەر گوتی: (بەڕاست؟ دەکرێ بپرسم چی بووە! ئابەم شێوەیە بیروهۆشی خەریك کردووی؟ لەبەر ئەوەی ئێمە حەزدەکەین میوانەکەمان لە هەموو بارێکەوە بە خۆشی ڕابوێرێ‌و هیچ زویرو بێزار نەبێت).

پسمارك مەسەلەکەی گێڕایەوە، قەیسەر بڕۆکانی وێك هاتەوەو کەمێك بیری کردەوەو پاشان گوتی: (گوتت ئەو باغچەیەی کە لەو پەڕی دارستانی چرۆکانە؟ بە مەزندەی من ئەم باغچەیە لە دێرزەمانەوە بۆ مەشق کردن و نیشان پێکاندن بەکار دەهێنرا، بەڵێ، خۆیەتی.. ئێستاکە دێتەوە بیرم، منیش بە لایەنی کەمی پێنج سەد جار ئەم سەربازەم لە نێو ئەم باغچەیەدا دیوە بەڵام هیچ وەختێ بیرم لەوە نەکردوتەوە لێی بکۆڵمەوە بزانم ئەو سەربازەیان بە چ کارێك لێرەدا داناوە. وەرە ئێستا با پێکەوە بچین و لە خۆی بپرسین. بەڵگەنامەی ڕێککەو تنەکەشمان دەخەینە دوای نیوەڕۆ. پێکەوە چوونە شوێنەکە پاسەوانەکەی سەر لە بەیانی لەوێ نەمابوو سەربازێکی دی هاتبووە جێگاکەی. بە تەواوی لە هەمان شوێنی ئەو ڕاوەستابوو، ئەمیش هەر وەکو پاسەوانەکانی دی بە هەمان ڕێزو ئەدەبەوە سڵاوی کرد. قەیسەر لێی پرسی: «چی دەکەی لێرە؟» سەربازەکە بە ترس و لەرزەوە گوتی: «قوربان، نازانم»! دەستور درا کە سەرداری پاسەوانەکان بێنن، بەڵام ئەویش هیچی نەزانی! هەرکە جێگری پاسەوانەکانیان هێنا، پێی ڕاگەیاندن کە هەر شوێنێك پاسەوانی لێ ڕابوەستێ بە پێی دەستورو فرمانی سەرهەنگە! تا بەم جۆرە قەیسەر

فەرمانیدا سەرهەنگی پاسەوانانی تایبەتی ئیمپراتۆریان هێنا. سەرهەنگ ڕوونیکردەوە کە: «جێو ڕێی یەك یەکی ئەم پاسەوانانە سەرهەنگێکی دی کە بەر لەوەی من ئەم کارەم پێ بسپێرێ دیاری کردبوو، هەروەها بەرنامەیەکی ڕێك خستبوو کە وەزارەتی جەنگیش پاش پێداچوونەوەو گفتوگۆ کردن لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆییدا دەنگی لەسەر دابوو پەسندیشی کردبوو، ئەگەر چی ئەو سەرهەنگەش دەمێکە تەمەنی درێژی بۆ پاشای خاوەن شکۆ بەجێ هێشتووە، بەڵام گومانی تێدا نییە کە دەقی بڕیارەکانی لە ئەرشیفی وەزارەتی جەنگ دا پارێزراوە):

قەیسەر پرسی: «ئێوە لەم ماوەیەدا جێو ڕێی ئەم پاسەوانانەتان قەت نەگۆڕیوە؟»

سەرهەنگ بە نەوازشەوە گوتی: پا شای بەڕێزمان دڵنیا بێت کە بە درێژایی ئەم دوازدە ساڵە بەندە هیچ گۆڕانێکی بە جێی پاسەوانەکان نەکردووە! هەروەکو چۆن لەو ساڵیەوە پلەیان بەرز نەکردبۆوە بە هەڵی زانی کە خزمەتەکانی ئەم چەند ساڵەی خۆی وەبیر قەیسەر بێنێتەوەو ڕەوایەتی خۆی بسەلمێنێ، پاشان دوبارە گوتی «قوربان، جێگای هیچ یەك لە پاسەوانەکان بە ئەندازەی پێیەك چییە نەگۆڕاوە!» قەیسەر بۆ ئەوەی نەوەك پسمارك گومان لە کارامەیی کاربەدەستەکانی بکات قسەکانی لە کورتی بڕیەوە، هەر ئەوەندەی گوت: «زۆر پاشە، دوای نانی نیوەڕۆ باسی ئەم مەسەلەیە دەکەین، ئێستا بە زووترین کات بڕۆ یەکسەر نووسراوێك بۆ وەزیری جەنگ بنێرە، کە تیایدا بڵێ دەمانەوێ بزانین ئەم سەربازە بۆچی لەم باغچەیەداو بە تایبەتی ئا لەم شوێنەدا پێویستە ئێشك بگرێت»؟ وەختێ ئەم هەواڵە گەیشتە وەزیری جەنگ، مەپرسە چ قیامەتێك هەڵسا، وەرەو تەماشایکە.

وەزیری جەنگ هەرچەند کۆنە مارشالە بە ساڵاچووەکان هەبوو داوای ئامادە بوونیانی کرد، دوو کات ژمێری ڕەبەق لە گەڵیاندا کۆبۆوە. کارکەرانی وەزارەتیش لە پشکنەرو ئەفسەری دەست کەوتوو هەتا نووسەرو کاربەدەستانی تۆمارکردن هەموویان خەریکی گەڕان و سوڕان و پشکنین بوون، هەرچی گەنجینەو قەفەس و کارتۆن و دۆسیەو مێزو دۆلاب و سەبەتەی کاغەزی بێ کەڵکی وەزارەتەکە هەبوو هەمووی گەڕان کون بە کون، تەپ و تۆزێك ئەوناوەی گرتبۆوە هەناسەی لە پیاودەبڕی، کاربەدەست و فەرمانبەرەکان هەموویان دەپژمین و دەکۆخین. پیرترین کۆنە مارشالی وڵات سەرەڕای ئەوەی کە کەڕ بوو ماوەیەکیش بوو لە ناو جێ کەوتبوو.

وەزیری جەنگ ناچار بوو سواری گالیسکەیەك بێت و بە خۆی بچێتە ماڵی ئەو. پیرە مارشال قسەکانی وەزیری جەنگی بەرەواژی دەبیست و پێچەوانە تێدەگەیشت. وای دەزانی کە مەملەکەتی ئیمپراتۆری لەبەر خزمەتەکانی کۆنی ڕێزی لێناوە بۆیە گوتی: (بەڵێ، بەڵی باش تێدەگەم کەوا ئیمپراتۆر دەیەوێ بزانێ کە پەنجاو پێنج ساڵ لەمەوبەر چۆن و بە چ پلانێك لە شکری عوسمانیم تێك شکاند! زۆر لە جێو ڕێ خۆیەتی. چونکە ئەم کێشەیە لە هیچ یەك لە کتێبە مێژوویی‌یەکاندا باس نەکراوەو هەتا منیش لەسەر ژیانم واباشە کە بپرسن! بۆ ئەوەی وەکو یادگار بۆ نەوەکانی دوای خۆمان بمێنێتەوە...)

ئێستا ئەگەر ڕاستی مەسەلەکەتان دەوێ، ئەسڵەن مەسەلەی ئەم مارشالەو تێك شکاندنی لەشکری عوسمانی هەر لە ئارادا نەبووە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر مێژووی عوسمانییەکان ئەوان دەڵێن ئەم مەسەلەیە بەپێچەوانەیە! بەڵام هەرچۆنێ بێت ئەو مارشالە هەر لە نێو نوێن و لێفەکەی خۆیدا بە دەست جێو ڕێی هەموو لەشکرێکی دیاری کردو بڕیاریدا کە تەواوی مەسەلەکە بگێڕێتەوە.

وەزیری جەنگی بێچارە دەستی کردبە هاوار کردن و دەستەکانی خۆی هێناو برد، وەکو کەڕو لاڵ بە هێماو ئیشارەت قسەی دەکرد هەتا لە کۆتاییدا مارشاڵیان تێگەیان کە ئیمپراتۆر مەسەلەی شەڕی نێوان ڕوسیاو عوسمانی ناوێ هەر، ئەوەندەی دەوێ کە بزانێ. هۆی چییە کە بە پێی نەخشەیەکی دیاریکراوی وەزارەتی جەنگ دەبێ لە ناوەڕاستی باغچەی شاهیدا بەتەواوی سیوحەوت شاقاو لە شوێنی نیشان شکاندن لە لای خوارووی ڕۆژ ئاواییدا هەمیشە سەربازێك ئێشك بگرێ؟! پیرە مارشاڵ هەرکە لە کاکڵەی مەسەکە گەیشت وەکو ئەوەی جامە ئاوێکی ساردی بەسەردا بکەن سپی هەڵگەڕا، بەبێ ئەوەی بەسەر خۆی بێنی گوتی: «گەورەم، دەزانی کە لەم ڕۆژانەدا مێشکم تەواو نییە، بەڵام ئەوەی من بۆی دەچم ئەمەیە کە ڕەنگە سەرەتای مەسەلەکە ئەوە بووبێت بە ناوی سزادان و سەرزەنشت کردن ئەم سەربازەیان ئا لەو شوێنە دانابێت!. وەزیری جەنگ دیسان بە هێماو ئیشارەت تێی گەیاند کە ئەم سەربازە ساڵەهای ساڵە لەم شوێنەدا بۆ پاسەوانی ڕادەوەستێ.

پیرە مارشال گوتی: سەیرنییە، ئاخر لە زەمانی ئێمەش دا ئینجبات هەر ئینجبات بووە...!؟

وەزیر گوتی: «ئێی سەرەڕای ئەمە، ئەو سەربازە ئیدی سەربازەکەی دی نییە، گۆڕاوە، هەر چوار کات ژمێر سەربازێکی تر دێت و

نوبەت وەردەگری.»
مارشاڵ گوتی: جا لەمە باشتر! لێرەدا مەسەلەکە لایەنێکی تری لێ دەبێتەوە حسێبی خۆت ڕاگرەو ببینە. هەر چوار کات ژمێر جارێ، لە بیست و چوار کات ژمێردا دەکاتە هەشت جار، نەخێر! بیست وچوار دابەش سەر چوار دەکاتە شەش، لە هەر بیست و چوار کات ژمێردا شەش جار، شەش لە سێ سەدو شەشت و پێنج ڕۆژ بدە ئەمە ئەگەر لە کاتێکـا ساڵ کەبیسـە بێ، کە سێ سەدو شەشت و شەش ڕۆژە حسێب نەکەی...»
وەزیـری جەنگ، ئیدی تاقەتی ئەما گوێ بداتە قسـەکانی پیرە مارشاڵ، هەڵسا بەکورتی خواحافیزی کردو بە دڵ ساردیو ئائومێدی یەوە سواری گالیسکەکەی بوو گەڕایەوە وەزارەتی جەنگ.
لە وەزارەتی جەنگیش دا هەرچەندی گەڕابوون و سوڕابوون هۆی سەرەکی دەرنەکەوتبوو، نزیك ڕۆژ ئاوابێ وەزیری جەنگ بە ناچاری چووە خزمەت قەیسەرو بەو پەڕی ناخۆشییەوە گوتی. «قوربان، هەرچەندی گەڕاین سوڕاین هیچمان بە هیچ نەکرد، لە وەزارەتیش نە کەسێك هەیە بزانێ وە نە سەنەدو دەفتەرو نوسراوێك هەیە ئەوەیان تێـدا تۆمـار کردبێ، کە بۆچی دەبێ ئەم سەربـازە لە ناوەڕاستی ئەم باغچەیە ڕابوەستێ». ئاوا، پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، ژمارەیەك لە ئەنـدازیـارانی مەملەکەت لەو باغچـەیـەدا خەریکی لێکـۆڵینـەوەی ناوچـەیی بوون و زەوییـان بست بەبست لێکدا، کەچی بە هیچ شێوەیەك بەڵگەو ئاسەوارێکیان دەستگیر نەبوو، وورده وورده ئەم مەسـەلـەیە بە ڕادەیەك مێشکی قەیسەری خەریك کرد کە مەسەلەی پەیمان بەستنی لەگەڵ ئیمپراتۆری ئەڵمان بەجارێ لەبیر چوو بوو، ئەگەر ڕاستیت دەوێ هەتا پسمارکیش ئەم مەسەلەی لەبیر کردبوو.
ڕۆژی دوایش هەر بەم جۆرە ڕۆیشـت، وەزیـری دەربـار تەواوی کارەکـەرو دەست و پێوەنـدەکـانی قەیسـەری کۆکـردەوە، یەکـە یەکە قسەی لەگەڵ کردن بەڵام نەگەیشتە هیچ ئەنجامێ. کار بە شوێنێك گەیشتبوو هەتا خزمە تکارەکانی دەربار لەکاتی هات چوونیان دا کە بە یەکتری دەگەیشتن لێکیان دەپرسی.. باشە ئاخر چۆن بڕیاردرا کە ئەم سەربـازە لە ناوەڕاستی ئەو باغچـەدا بکەن بە پاسـەوان؟ سێیەم ڕۆژ قەیسـەر دەستـوری دا کە بانگە ڕاهێڵ و جارچی بنێرنـە نێو وولات و دەستوری شاهانە بە ئاگاداری عەوام ڕایگەیەنن کە هەر کە سێك لەبنج و بناوانی ئەم مەسـەلـەیـە ئاگاداری‌یەکی هەیە ئەوا بە خزمـەتی پاشـای پایە بەرزی ڕابگـەیـەنێ هەزار (مۆنیتا) [٢] پاداشت وەردەگری، هەر تاوانێکیشی کردبێ ئەوا لێی دەبوردرێ.

لە کۆشکی پاشایەتی لەو باڵاخانەیە لەبن هەیوانێ پیرەژنێك دانیشتبوو خوری دەڕست، هەندێ لەتەك چەرخی ڕستن خۆ خوار کاتەوە پشتی کۆمـابـووە. ئەم پیـرە ژنـە لە ئاقی لاویـدا شیری دابووە داپیرەی ئەو قەیسەرە، ئافرەتێکی بە ناوبانگ بوو. بەڵام بەم دوا دوایی‌یەی تەمەنی کاری ئەمە بووە کە خوری بڕێسێو بینێرێتە کارخـانـەی پاشا هەتا خوانچەی کەتانی بۆ قەیسەر لێ دروست کەن. کەس بەری وەڵای ئەم پیرەژنە نەبوو جگە لەو کچەی کە خزمەتی دەکردو لە چێشتخانەی شاهانەدا خواردنی بۆ دەهێنا.
ئەم دایەنە پیرە بە کچەی گوت دەبێ چی ڕوویدابێت، نازانم چ خەبـەرە وادیسـان جارچیو چاوەشـانی سوڵتـانی بەردەوام خەریکی زوورنـاو کەرەنـا لێـدانن. وا دیارە کە ڕووگەی جیهان. فەرمانێکی دەرکـردووەو پێویستـە تەواوی دانیشتوان ئاگـاداریی نەبـادا بڕیاری جەنگی دابێت لەگـەڵ پاشـایـانی تردا». کچـۆڵـەکـە وەڵامی دایەوە، ڕەنگە ئاگادار نەبێت؟ تەواوی ئەم هەراو هۆریایە لەبەر خاتری یەك سەربازە!
«کام سەرباز...»؟
ئەو سەربازەی کە لە ناوەڕاستی باغچەدا پاسەوانەوە...! (کام باغچە)؟
ئەو باغچەیەی کە لە کاتی خۆیدا شوێنی تیرئەندازیو نیشان پێکان بوو. سەربـازێکـان بە پاسـەوانی لە ناوەڕاستی ئەو باغچـەیـە داناوەو خەڵکـەکـە هەمـوویـان دەیـانـەوێ بزانن کە ئەو سەربـازە خەریکی پاسەوانی چییە لەوێدا...!
پیـرەژن هاواری کرد: خەڵکی هەمـوویـان دەیـانەوێ بزانن کە لەبەر چی ئەو سەربازەیان لەوێ داناوە! خوا ڕەحممان پێ بکات، بەخوا سەیرمان بەسەر هاتوە!؟ کچۆلەی خزمەتکار گوتی هەی دادو بێداد: «هیچ کەس نازانێ. قەیسەر دەستوری داوە جار بدرێ هەر کەسێك هۆی ئەم مەسەلەیە بزانێ ئەوا هەزار مۆنیتای خەڵات دەدنێ».
پیرەژن بە بزە خەندەوە گوتی: «هەزار مۆنیتا! پارەیەکی باشە، ئەگەر تۆ نیـوەی ئەم پارەیـەت دەبـوو بارگـەو جیهـازێکی باشت بۆخۆت ڕێك دەخست و لەگـەڵ ئەو باغـەوانـە جاحێڵەی کە هاوڕێتـە زەمـاوەنـدت دەکـرد. لەبـەر ئەوەی تۆ کچـۆڵـەیـەکی زۆر باشیو موحیبـەتی منت ویستوە حەز دەکەم بارگەو جیهازێکت بۆ ڕێك بخەم، وەرە دەستم بگرەو بمگەیەنە بەردەم ڕووگەی جیهان».
کچـۆڵـە دەستی گرت و لە پەیـژەکـەی بردە خوارێ، هەر لەگـەڵ گەیشتنە بەردەم قەیسەر داپیرە بە ڕێزەوە سڵاوی کردو گوتی: «ئەگەر

خاوەن شکۆی پایە بەرز، ڕووگەی جیهان ڕێ بدەن، خزمەتکارتان، دەتوانم چیرۆکی ئەو سەربازەتان بۆبگێڕمەوە کە لە ناوەڕاستی باغچەدا بە پاسەوانی دانراوە!

حەفتا . . . هەشتا ساڵ لەمەوبەر، لەو شوێنەی کە شاژنی خوا لێ خۆش بوو، داپیرەی پایە بەرزتان، تازە زەماوە ـ ندی کردبوو، ڕۆژێکیان بڕیاری دا کە بەرابرکێی تیرئەندازی ساز بدرێ، چونکە لەو ڕۆژگارەدا خاتونانی دەربار هەموویان لە یاری تیرئەندازی کارامەو لێهاتووبوون و شاژنیش (یادی بەخێر) لە هەموویان کارامەترو لێهاتووتر بوو، دەست و بازوویەکی زۆر جوانیشی هەبوو، خوای لێ ڕازی‌بێت، دەیزانی کە بۆ تیرئەندازی چ لە دەست و بازوو باشتر نی‌یە.

بەهەر حاڵ، خاتونانی دەربار، پاش نیوەڕۆی ڕۆژێکیان لەم باغچەیەدا خڕبوونەوە ـ بەهار بوو، ئاوو هەوا زۆر خۆش بوو، هەر کە خاتوونەکان یەکەم تیریان هاویشت، بە کۆمەڵ تاویان داو چوون تا بزانن تیرەکانیان چۆن نیشانەکانیان پێکاوە. بەڵام شاژن لە نکاوڕا لە جێی خۆی چەقی‌و فەرمانی‌دا کە هەموویان بوەستن، پاشان چەمایەوەو هاتە سەرچۆکان و هەموو خاتوونەکانی لە دەور کۆبوونەوە. ئالەو شوێنەدا وەکو لە بیرم بێ لە ناوەڕاستی ئەو باغچەیدا گوڵێکی وەنەوشە ڕووابوو، ئەمەش یەکەمین وەنەوشەی ئەو بەهارە بوو، کە کەوتبوە بەرچاوی شاژن.

لەو کاتەی کە تەواوی خاتونانی دەربار هاتبوونە سەر چۆکان و دەوری شاژنیان دابوو، هەروەها بیوونە هۆی شاردنەوەی جوانی ئەم وەنەوشەیە، قەیسەر کە دەبێتە باپیرەی پایە بەرزتان گەیشتە وێ، گوێی لێ‌بوو کە ژنەکان بە شاژنیان دەگوت: (دیتی ئەم وەنەوشەیە نیشانەی خۆشبەختی‌یە، خوای دەکرد کوڕ دەبوو! لەم قسانەدا ـ باپیرە گەورەی پایەبەرزتان کە ژنەکەی خۆی زۆر خۆش دەویست و لە خوایشی دەویست کوڕێکی بێ، خواش نیازەکەی بەجێ گەیاندو کوڕێکی پێدا کە هەمان باوکی پایە بەرزتان بوو، هەروەها عەرزی جەنابی پایە بەرزتان بکەم، کە باپیرەی ئێوە ئەمانەی لە ژنان بیست یەکسەر دەستوری دا کە سەربازێك بنێرن لە تەنیشت ئەم گوڵە وەنەوشەیە دا ڕابوەستێ پارێزگاری بکات هەتا لە کاتی هاتوچۆکردنی خاتونانی‌دا لە ژێر پێ‌یان نەپلیشێنەوە.

ئەو شوێنەی کە ئەم سەربازە بێچارەیان لێ دانابوو جێگای مەترسی بوو چونکە خاتونان هەمیشە تیریان دەهاویشت و ئەو سەربازەش ڕاست کەوتبوە سەر ڕێی تیرەکان، هەرکە شاژن دیتی یەك دوو جاران تیری بە بنا گوێدا داچووبوو، دەستوری‌دا کە کۆتایی بە بەرابرکێ بهێنن. بەڵام پاسەوانەکە لە هەمان جێ مایەوە، هەتا خەڵکی ئەو وەنەشەیە پان نەکەنەوە. جێی سەرسوڕمان نی‌یە کە لەو ـ ساوە تا ئەمڕۆ هەمیشە پاسەوانێکیان لەم شوێنە داناوە. تەواوی مەسەلەکە ئەمەبوو کە پێش کەشی پایە بەرزتان کرا.

پاشی ئەوەی قەیسەر چیرۆکەکەی بیست پرسی: (باشە، ئەدی مەسەلەی ئەو وەنەوشەیە چی لێ‌هات)!؟ یەکسەر کۆمەڵێك خەڵك ڕایان کردو باغچەکەیان هەموو پشکنی، بەڵام هەر شوێنەواریشیان نەدۆزیەوە، ساڵەهای ساڵ بوو کە ئەو گوڵە نەمابوو وون ببوو! بەڵام، نەخێر. . هەتا هەتایی وون نابێت، فەرمان درا کە پاسەوانەکە لەو شوێنە لادەن، بەپێی ڕۆژگار چیرۆکی ئەم پاسەوانەو ئەو شوێنەی کەلێی ڕادەوەستا بە تەواوی لەیاد کرا، ئەو باغچەوانە جاحێڵەش لەگەڵ کچۆلە خزمەتکارەکە زەماوەندی کردبوو، ساڵ هات و ساڵ چوو. . . خواش کچێکی پێ‌دابوو، کچە کە تەمەنی گەیشتە پێنج ساڵی، ڕۆژێکیان لەو باغچەیەی کە لە کۆنەوە تایبەت بوو بۆ مەشق کردن یاری دەکرد، چاوی بە گوڵە وەنەوشەیە کەوت کە لە ناوەڕاستی ئەو باغچەیەدا ڕوابوو. گوڵەکەی قرتاندو بەغار هێنایە لای دایکی‌و گوتی: (دایە، دایە، تەماشای وەنەوشەی سەرەتای ساڵ بکە)!؟

ئیتر وا دەردەکەوێ هەر ئەوەندەی کە پۆستاڵە قوڕسەکانی سەربازی پاسەوان لەم شوێنە دوورکەوتبۆوە گوڵە وەنەوشە سەر لە نوێ ژیا بۆوە. بەڵام کۆتایی مەسەلەکە ئیدی نەگەیشتبوە گوێی دانیشتوانی کۆشکی قەیسەر. لە ڕاستی‌دا لە تەواوی ئەم چیرۆکە تەنیا یەك شت لە مێشکی خەڵکی‌دا مایەوە، ئەویش ئەمەیە کە ئێستاش هەر وەختێ کە دەیانەوێ بەریدی دایەرە بکەنەوە یا ئیشێك ڕاپەڕێنن ئەوا بە کورتی قسە دەکەن و دەڵێن: (ئاخر، باشە، چۆن دەبێ سەرباز لەنێو باغچە لابدرێ. .)! زۆربەی خەڵکی نازانن کە بنج و بنەوانی ئەم مەسەلەیە چی‌یە. . . . . . .

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١ ـ تێبینی: ئەم چیرۆکەم لە گۆڤارێك وەرگرتوە کە ژمارەو شوێنی بەسەرەوە نەبوو، هەروەها نوسراوە بەرهەمی مجتبی‌مینوی ئیتر نازانم نووسەر خۆی نوسیویەتی یا وەرگێڕاوە. . . من وای بۆ دەچم وەرگێڕراو بێت بۆ دڵنیایی‌و وەکو ئەمانەتێکی ئەدەبی ئەمەم تۆمار کرد.

٢ ـ مۆنیتا: جۆرە دراوێکی ڕووسی‌بوو کاتی خۆی. (مەنێتە) بە ڕووسی مانای پارە ئەدات.

# دەمەتەقێی ٧
# ژمارە

سەعید زەنگەنە

ئەم دەمەتەقێیە بۆ ئەرشیف دەمێنێتەوە . بۆیە بە سەر گوزەشتی رۆژبەیانی دەست پێ دەکەین
ناو: محەمەد جەمیل.

کوری مەلا ئەحمەدی فورقانی رۆژبیانی کوری بەکر بەیداخدارە . لە ٢٧ی رەجەبی ١٣٣١ك (١٩١٣ز) لە گوندی فورقانی ناوچەی قەرەحەسەن لە دایك بووە .



ماموستا
محەمەد
جەمیل
رۆژبەیانی

خوێندن: لە شەش سالیدا فێری ئەلف وبێ بوو، لە حەوت سالیدا قورئانی خوێندووەو هەندێ وردە کتێبی فارسی تورکی و فێری نووسین بووە . لە تەمەنی یازدە سالیدا لەگەڵ باوکی کە ماموستای مزگەوتی گەورەی سلێمانی بووە لە سەردەمی حکومەتی شێخ مەحموددا، لە شاری سلێمانی بووەو ئەو سەردەمەی لە بیرە. سالی ١٩٢٥ لە کەرکوك لە مزگەوتی منارە ئەختین (مزگەوتی فەرهاد) کە باوکی ئیمام و خەتیب و مودەریس بووە خوێندوویە، پاشان چوونەتەوە فورقان. سالی ١٩٢٩ - ١٩٣٢ لە کەرکووك لای خزمێکی خۆی (مەلا سەید یوسفی سەید عەزیزی رۆژبیانی) خوێندویە. کە ئەو نەقل بووە بۆ پردێ (ئالتون کوپری) چووە لەوێ خوێندویە. سالی ١٩٣٣ لە هەولێر لەلای مەلا عەبدوللای مەلا محەمەد ئەمین. . . (مطەوەلی) خوێندووە. سالی ١٩٣٤ بۆ مانگێ لە (عەوینە) لای مەلا عوسمان خوێندویەو لەو دەمەدا (مەلا ئەحمەدی باوکی کۆچی کردو ، لەبەرئەوە گەراوەتەوە (فەرقان)، سالی ١٩٣٥ - ٣٦ - ٣٧ لە کفری لای (موفتی محەمەد سەعید ئەفەندی) خوێندویە، لەوێ بە تاوانێکی سیاسی تاوانبارکراوە بەدو سال حوکم و دو سال موراقەبە حوکم دراوە. سالی ١٩٣٩ کە دەرچووە لە مزگەوتی قەردار لای ماموستا مەلا رزای واعیز خوێندوویەو لەجێی ئەو دەرسی بە فەقێیەکان وتووە. سالانی ٤٠ - ٤١ - ٤٢ هەندێ کتێبی لە تورکییەوە کردووە بە کوردی وەکو )گالتەوگەپی مەلا مەزبورە)و (چل وەزیر) هەروا شەرەفنامەی لە فارسییەوە کردووە بە کوردی وە لای ماموستا ئیجازەی مەلایی وەرگرتووە. سالی ١٩٤٢ گیراوەو نێردراوە بو نوگرە سەلمان لەوێ کتێبی (تەریخ سلێمانی و ولاتی) لە کوردییەوە کردووە بە عەرەبی بە ناوی (تاریخ السلیمانیە و أنحائها) پاشان رەوانەی عیمارە کراوە لەوێ شەرەفنامەی لە فارسییەوە کردوە بە عەرەبی. لە موعتەقەل لەگەڵ زۆر پیاوی ناسراودابووە بە دۆست وەکو (باباعەلی - دوکتور جەعفەر بەهجەت ئەثەری - عەبد الرزاق الحسنی - صدیق شەنشل - فایق سامەرائی هەروا عبد السلام حیلمی . . لە دۆستایەتی (ئەثەری) (حەسەنی) سودە وەردەگرێو هەردوو کتێبەکەی ئەخوێننەوە، وئوسلوبی عەرەبییەکەی بۆ رێك دەخەن. سالی ١٩٤٤ پاش ٣١ مانگە مانەوە لە موعتەقەل دەرئەچێ ئەو حەلە مالیان لە (مەتارە) ئەبێ لەوێوە رێزە وتارێك بە زنجیرە بۆ (دەنگی گێتی تازە) ئەنووسێ وجارجارەش بۆ گەلاوێژ و پەراوێز لەسەر شەرەفنامەو تەریخی سلێمانی ئەکاو فەرهەنگێکی کوردی عەرەبی ئەنووسێو زۆر یاریدەی (گیوی موکریانی ئەدا بۆ نووسینی (فەرهەنگی رابەر و کەشکولە کەی هەروا قوتابخانەیێ دائەمەزرێنێ دەرس وتن بەشەو (بە شوان و گاوانەکان) زۆریان ئەکا بە خوێندەوار. سالی ١٩٤٦ بارئەکەنە (بەیانلو) لەوێ قوتابخانەیێ ئەکاتەوە (بۆ دەرس دان بە فەقێ)و هەروا بە مندالی شوان و گاوان. شێخی دێ تۆزێ لێی ناراحەت ئەبێ. سالی ١٩٤٨ دێتە کەرکووك ماوایێ لای فەقێیەکانی خۆی لە مزگەوتەکانی (قیردار - منارە ئەختین - پیربادی) بەسەر ئەبا. . پاشان ئەبێ بە (موراقیبی) کوللە کوشتن و شەش مانگ لە دێی (هەیە) ئەمێنێ پاشان ئەگەرێتەوە بۆ کەرکوك. . لەسەر وتارێ کە دەربارەی نەورۆز ئەینووسێ (عید نوروز لایتنافی والدین الاسلامی رەوانەی نوگرە سەلمان ئەکرێت. بەلام خۆی نەقل ئەکات بۆ (ناصریە) لەوێ (کاکەی فەللاح)ی شاعیریش بەرەو نەیی ئەبەنە لای پاشان کە دەرئەچێ دیسانەوە ئەچێتەوە (بەیانلو) ولەوێوە بار ئەکەنە (تەرجیل) لەم ماوەیەدا وتار بۆ (ژین)و بۆ رۆژنامەی (هەولێر) ئەنووسێو نامیلکەی (هەنگ و کەلکێش ئەنووسێ
سالی ١٩٥٢ ئەکرێ بە مودەریسیو ئیمام و خەتیب لە مزگەوتی مەحمود پاشای جاف) لە قزرابات (سەعدیە)و تا سالی ١٩٥٤ لەوێ ئەمێنێ. لەم ماوەیەدا هەردوو کتێبی (تەریخ السلیمانیە)و

(شەرەف نامە)کەی چاپ ئەکرێ، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆی لەوێ نابێ زۆر هەڵەیان تیا ڕوو ئەدات هەر لەوێ کتێبی (مێژووی دەروێشی لە کوردستان) ئەنووسێ.
ساڵی ١٩٥٤ ئەگوێزرێتەوە بۆ داقوق (طاوغ) لەوێ قوتابخانە دائەمەزرێنێ وساڵێ کەمتر لەوێ ئەبێ لەوماوایەدا کتێبی (داقوق) ئەنووسێ. وتاریش بۆ (ئەهالی)و ئیستقلال و ژین ئەنووسێ.
هەروابۆ شەفەق لە کەرکوك لەپاوەمانی ساڵی ١٩٥٤دا نەقل ئەبێ بۆ (کوت) لەوێ چەن وتارێ ئەنووسێ بۆ ئەهالی. (وتارێك دەربارەی فەقێ) ئەنووسێ‌کە لەلایەن (کاکە حەمەی مەلاکەریم)ەوە بەشێکی ئەکرێ بە کوردی لە ژین دا بڵاو ئەکرێتەوە. هەروا وتارێ لەسەر (جەلال بایار) کە لە (ئەمەریکا) وتبوی؟: (لە تورکیا کورد نی‌یە).
لەسەر ئەو وتارە ڕۆژنامەی ئەهالی سزادرا بەداخران و ٥٠٠ دینار کەلە (عەباس) حەسەن جمعەی سەرنووسەر وەرئەگیردرێ. (جەمیل) نەقل ئەکرێ بۆ خورماڵ (عومەرعەلی موتەسەریفی سلێمانی ڕێ‌نەداو، نەقل ئەکرێ بۆ خوار ئەبوالخەصیب بەڵام ناگاتە ـ ئەوێ لە ئیمامی دەرئەکرێ. ئنجا لە بەغدا (سێ‌مانگ دەسبەسەر ئەبێ) پاشان ڕەوانەی هەمان شوێن ئەکرێتەوەو ساڵێك لەوێ ئەمێنێتەوە.
ئنجا نەقلێ(بەصرە) ئەبێ. ساڵانی ٥٥ ـ ٥٦ ـ ٥٧ ئەم کتێبانە تەرجەمە ئەکات ـ دینی کۆنی کورد ـ ئەکا بەعەرەبی (دين الكرد القديم)، (جاوانە)کەی (مصطفى جواد) ئەکا بە کوردی‌و لە ڕۆژنامەی (ژین)دا بە زنجیرە وتار بڵاوی ئەکاتەوە چەند وتارێ لەسەر (توفيق وهبي) لە ڕۆژنامەی (الحوادث)دا ئەنووسێ ئنجا ساڵی ١٩٥٧ نەقل ئەکرێ بۆ (مەندەلی)و لەوێ کتێبی (بەندەنیجین) مەندەلی ئەنووسێ، هەروا دەفتەرەکەی (حوسەین ناظم) یش لە تورکی‌یەوە ئەکا بە کوردی..
ئنجا شۆڕشی ١٤ تەمموز ئەقەومێ..
ساڵی ١٩٥٩ سەر لە یەکێتی سۆڤیەت دەدا.
پاشان نەقلی کەرکوك ئەبێ‌و لە مزگەوتی نائیب بە ئیمامەت و خیتابەت و تەدریس مەشغول ئەبێ. ولەسەر وتارێ کە دەربارەی (عبد الكريم قاسم) بە سەرناوی (سيدى لقد حسبتك ساهراً فنمت) ئەینووسێ و بڵاوی ئەکاتەوە ڕەوانەی (ناصریە) ئەکرێ.. پاش دەرچوونی حکومەتی قاسم ئەروخێ‌و لەسەر دەمی حکومەتی عارف دا تا چار وڵات بەجێ دێڵێ‌و ڕووئەکاتە (ئاران) لەوێ (١٥) ساڵ بە پەنابەری ئەمێنێتەوە..
لە ساڵی ١٩٧٩دا لەدەس خومەینی ڕائەکا دێتەوە عیراق دەوڵەت بە ڕووخۆشی‌یەوە پێشوازی لێ‌ئەکات و خانویەکی بۆ ئەگرێ‌و ئەیکا بە موستەشار. ساڵی ١٩٨٠ ژن ئەهێنێ‌و لەوەدووا زۆرتری کاتی لە کۆڕی زانیاری بەسەر ئەباو هەندێ لە کتێبەکانی چاپ دەکا (لە گۆڤارەکەدا).. گەلێ کتێبی هەیە هێشتا چاپ نەکراوێن وەکو (بغداد الجنة العامرة) تەرجەمە لە تورکی‌یەوە. وڵات گرِی ڕەشەخاکی عیراق (لە عەرەبی‌یەوە)و کتێبی فەرمان ڕەوایی موکریان بە کوردی نووسراوە.. بە تێکەڵی لەگەل (مەلا شکور)یش (مذكرات مأمون بەگە)ی تەرجمە کردوە بە عەرەبی. هەروا چەند نامیلکەیەکی تری وەکو (فەرمان ڕەوایی شوانکارە) ـ (فەرمانڕەوایی دونبولی)و (حەلەوان)و (جاوان)و شۆڕشی (شیخ عبيد الله) لە گۆڤارەکاندا بڵاوکردەوە.
وا ئێستاش ئەم پرسیارانەی ئاراستە ئەکەین.
پ١: جۆزێف ئەرنۆلد توینبی کە مێژوونووسێکی ئینگلیزی‌یە خۆی لە قۆزاخەی گێڕانەوەی باسەکان ڕزگار کردووە
باسی ئەودیوی قۆزاخەکەیشی کردووەو لێکی‌داونەتەوە، بەڵام شاکارەکانی جەنابتان گەرچی کانیاوی سەرچاوەکانیان ڕۆژهەڵاتی‌یە، بەر نەشتەری ـ تۆژینەوە نەکەوتوون و گێڕانەوەیەکی پەتین، بە تەما نین ئەم ئەرکە پیرۆزەیش لە ئەستۆ بگرن؟!
و١: ئەرنۆلد توینبی ئەوروپا دەژی، ئێمە لە و وڵاتانەدا دەژین کە پێی دەوترێ گیتی سێ‌یەم (العالم الثالث)،
ئێمە نابێ بە یەك چاو سەرنج بدرێین و بە یەك تەرازوو بکێشرێین، ئێمەی بە چوار سەد ساڵ دوواکەوتو چۆن ئەگەینە پایەی ئەوان؟! من کە باسی مێژویی لە سەرچاوەکانەوە ئەگێڕمەوە هێشتا دودڵم کە بەر نەشتەر بکەوێ... ئەی ئەگەر خۆم بکەومە تۆژینەوەی دەنگە وباس دەبێ تووشی چەند کۆسپ بێم؟ من تائێستە سێ کتێبم هەیە بڵاو نەکراونەتەوە. دوویان وەرگێردراون «بغداد الجنة العامرة» لە تورکی‌یەوە بۆ عەرەبی (بەشێکە لە سیاحەتنامەکەی ئەولیا چەلەبی) وە (وڵات گیریی ڕەشەخاکی عیراق) (فتوحات سواد العراق) لە عەرەبیەوە بۆ کوردی. وە کتێبی (فەرمانڕەوایی موکریان)کە لام وایە تا ئێستاکە شتی وەها نەهاتۆتە بەرهەم!
پ٢: مامۆستا کتێبی «الشرفنامە في تاريخ الدول و الامارات الكرديە»ی (ئەمیر شەرەفخانی بەدلیسی)تان کردە عەرەبی. (مامۆستا محمد علی عونی)ش شەرەفنامەی کردە عەرەبی. گەلێ کەس ئەم دوو شاکارە تێکەڵاو ئەکەن یان بە یەکی ئەزانن؟
و٢: (شەرەفنامە)کەی من و (شەرەفنامە)کەی (محەمەد عەلی عەونی) هەردووکی هەر یەکە، هەردوکمان لە فارسی‌یەوە وەرمان گێڕاوە بۆ عەرەبی... من بەرگی یەکەمم وەرگێڕاوە، ئەو هەردوو بەرگەکەی وەگێڕاوە.
ساڵی ١٩٣٠ز (شەرەفنامە) بنەڕەتی‌یەکە بەرگی یەکەمی لە (قاهیرە) چاپ کرا بە هیممەتی (محەمەد عەلی عەونی)و فرج الله زەکی)، ئەمانە پێشەکی یەکی عەرەبیان بۆ نووسیبو، لەم پێشەکی‌یەدا باسی ئەوەیان دەکرد کە ساڵی ١٨٦٠ ـ ١٨٦٢ هەردوو بەرگەکە لە (لینینگراد) چاپ کراوە بە هیمەتی (ف. فلیاینوف زەرنوف). ساڵی ١٩٤٢ من کەوتمە سەر هەوەسی وەگێڕانی (شەرەفنامە) بەکوردی. ئەوەی کە هاتە بەر هەم لە ناو چو... خۆم چومە (تەلبەندخانە) لەوێ دوو کتێبی تەریخی سلێمانی‌و (شەرەفنامە)م هەردوو تەرجمە

کرد بە عەرەبی. (عەبدالرەزاق حەسەنی)و (بەهجەت ئەسەری) هەردوکیان بە عەرەبی‌یەکەدا چونەوە، کە دەرچوم لە ئاوایی (مەتارە) بوم لە (کەرکوك)و لای برادەران و لە مەکتەبەکەی خۆم سەرچاوەیەکی زۆرم پەیدا کردو لەسەر هەردوو کتێبەکە حاشیەی زۆرم نووسی. ساڵی ١٩٤٧تەریخی سلیمانی‌یەکەم نارد بۆ (قاهیرە) بەڵکو (محەمەد عەلی عەونی) لەوێ چاپی بکات ساڵی پەنجا ناردی‌یەوە وتی: لەبەر ئەوەی لەسەر هەر دوو لاپەرەکە نوسراوە چاپ نەکرا. هەر لە پەنجاکانا (محەمەد عەلی عەونی) هاتە بەغدا لە ماڵی (نەجم الدین عەونی) برای چومە لای باسی ئەوەم بۆ کرد کە (شەرەفنامە)کە بەرگی یەکەمم تەرجمە کردووە، و حاشیەیێکی زۆرم بۆ نوسیوە. ئەو باسی ئەوەی نەکرد کە خەریکی تەرجمەیێتی. پاشان لە شەستەکانا دەرکەوت کە هەردوو بەرگەکەی تەرجمە کردووە پاش مەرگی ئنجا (یەحیا خەششاب) بلاوی کردەوە.

هینەکەی من ناوی (الشرفنامە)یە ئەم (ئەلف لامە) بێ جێیە (مەجمەع عیلمی - عیراقی: زیادی کرد هەرچەند وتم: بابە ئەم ناوە دوو وشەیە: (شرف)و (نامە) (واتا کتاب شرف) ئەم مضاف و مضاف الیە تەعریف ناکرێ، سوودی نەبوو. وتیان: ناوەکە بوو بە عەرەبی لە (مرکبی)دا ئەماوە... وەکو وتم: من تەنیا بەرگی یەکەم وەرگێراوە بە عەرەبی، ئەو هەردوو بەرگەکەی وەرگێراوە من حاشیەیێکی زۆرم لێ‌کردووە، زۆر لە ئەمارەتەکانم تا دووا رۆژان هێناوە ئەو ئەوەی نەکردووە ئەمە باسەکەیە، ئەوی خوێندەواربێ باسە- کە تێکەڵ ناکا. ئەوی نەزانیش بێ! فەرق لە بەینی (شەرف نامە)و (شانامە)دا ناکا چ جای ئەم دوو کتێبە

پ٣: ئەڵێن (تأریخی جدیدی کوردوستان)ی مەلا مەحمودی بایەزیدی تەواوکەری شەرفنامەی شەرفخانە.. ئایە وایە.. ئەگەر وایە بینراوە؟!! بە چاو

و٣: مەلا مەحمودی بایەزیدی، من یەك کتێبیم دیوە ناوی (عادات و رسوم اکراد)ە، ئەم کتێبە لە یەکێتی سوڤیت لەلایەن مارگریت (رودینکو)وە لێی کۆڵراوەتەوەو پێشەکی بۆ نوسراوە. ئەم کتێبە مێژوو نی‌یە، کۆمەلایەتی‌یە (اجتماعیات)!
باسی جل وبەرگ و خوێندن، و جوانی‌و ناشرینی، وژن لگرتن و داوێن پاکی، وکشتوکاڵ و ئەو شتانەیە..
وابزانم (د. شوکریە رەسول)و ئەحمەد عوسمان)و چەند کەسی تر وەریان گێراوە بە کوردی. من هیچیانم نەدیوە.

پ٤: (تاریخی سلیمانی‌و ولاتی)ی ئەمین زەکی بەگ تان کردە عەرەبی، ئایە کەس هانی دای بۆ ئەوەی ئەم شاکارە ئەنجام بدەی؟
و٤: من کەسێ نیم خەڵق هانم بدات. لە ژیانما بە پێی بیروباوەڕی خەڵق ئەجولاومەوە، هەر بە پێی بیروباوەڕی خۆم جولاومەوە. من (تەریخی سولەیمانی)م لە (تەلبەندی نوگرە سەلمان) کرد بە عەرەبی لە پاشان لە عیمارە دام بە (حەسەنی)و (ئەسەری) هەردوکیان خوێندی‌یانەوە. ئنجا ناردم بۆ (ئەمین زەکی بەگ) کە موافقەی لەسەر بکات، کاغەزێکی زۆر جوانی بۆ نووسیم کە بیخەمە پێشەکی کتێبەکە. کاغەزەکە سەری تیا چوو من لە (ناصریە) بووم، عبدالرزاق الحسنی پارەی لە چەند کوردێ وەرگرتبو، چاپی کردبوو، بەڵام پڕ لە هەڵە. ئەگەر رۆژگار ماوە بدات جارێکی تری چاپی دەکەمەوە. بە حەواشی‌و تەحقیقاتێکی زیادەوە.

پ٥: ئەڵێن مامۆستا ئەمین زەکی بەگ دەربارەی رێنوسی کوردی بەرهەمێکی بلاوکرد بوەوە، جەنابتان لە گەلاوێژدا رەخنەتان لێ گرتبوو، ئەویش بێ‌دەنگ بووە. ئایا ئەو بێ‌دەنگی‌یەی ئەوە ئەگەێنێ بۆچوونەکەی جەنابتانی بەدڵ بووبێ، یان بەرای جەنابتان شتێکی تر بە دەستەوە ئەدات؟!

و٥: گەلاوێژ بەرەوپێش ئەرۆیشت و وشەی کوردی پەتی جێی فارسی‌و تورکی ئەگرتەوە. ئەمین زەکی بەگ و رەفیق حیلمی‌و نووسەرانی تری دەوری تورکیا بە وجۆرە راهاتبوون ئێمە ئەمانەویست هەم شێوەی‌نووسین (ئیملا)ی کوردی بگۆڕین و هەم زمانەکەمان پاکژ بکەینەوە. خوالێ‌خۆشبو ئەمین زەکی بەگ وتارێکی نووسیبو لە ژمارە٤ی ساڵی ٨ گەلاوێژا داوای ئەوەی ئەکرد کە شێوەی نووسین تێك نەدرێ وشەی تازەی نائاشنا بەگوێی خەڵق کەمتر بەکاربهێنرێ تاد.. من لە ژمارە ٦ی ساڵی ٨دا بەر پەرچم دایەوە. رەدەکە زۆر توندوتیژ بوو، بەڵام لە سنووری (ئەدەب)و بچووکی‌و گەورەیی تێ‌نەپەڕیبو ئیتر جارێکی تری لەوبابەتەوەوتاری نەنووسی. کە چوومە لای وتی: «رۆڵە عەمر درێژ نەبێ بوچ پێم دەڵێی ئێمە بۆ ئەوانە نانووسین پی‌یان ها بە لێوی گۆڕەوە!»

پ٦: لە ساڵی ١٩٥٧دا بەرگی یەکەمی یادداشتەکانی مامۆستا رەفیق حلمی تان تەرجەمەی عەرەبی کردو، خۆتان قەرزاری ئەم گەلە کرد. بەوەکە پەیمانتان دابوو بەشەکانی تریشی تەواو بکەن.. ئەم نەتەوەیە داوای قەرزەکەی خۆی ئەکات؟!

و٦: من هەموو بەرگەکانم وەرگێرا بە عەرەبی، پاش مردنی رەفیق حیلمی پارەم نەبو چاپیان بکەم، لەوە دووا (ساڵی ١٩٦١ هەرچی کە خۆم نووسیبوم تیاچوو، ئیتر جارێکی‌تر زەوقی ئەوەم نەما بکەومەوە تەرجەمەیان! کورد گەنجی پێگەییوی‌ما شاڵلا، هێندە زۆرە ئەتوانن هەزاری وەها تەرجمە بکەن.

پ٧: ئەو ئەرکەی کێشاوتانە کە چەند شاکارێکی پیرۆزتان کردووە بە عەرەبی بە خزمەتێکی گەورەی نەتەوەکەمان دائەنرێت، بەڵام بەرای ئێوە ئەگەر وەکو مامۆستا سالم قەفتان هەوڵتان بدایە بەرهەمەکانتان بە زمانی زکماکی خۆمان بوایە چاکتر نەدەبوو؟

(گەرچی تەرجەمەیش بۆ زمانی عەرەبی گەلێ سوود بەخشە. . . .)

و٧: سالح قەفتان ئەیەوێ کورد بناسێنێ بە کورد. من ویستم کورد بناسێنم بە کوردو عەرەب هەر لەبەر ئەوە بوو کە ـ (شەرفنامە)کەی من لە سوریە ـ لوبنان ـ ئوردون ـ حیجاز ـ میصر)دا پەر لە کوردستانی عیراق بڵاو بووەوە. . هەروا (تەءریخی سلێمانی)ش. ساڵی (٥٣) چەندین کاغەزم لە (حیجاز)و (مصیر)ەوە بۆ هات بۆ پرسیار دەربارەی عێلە کوردەکان.

پ٨: ڕەحیمی قازی، (ئامۆزای قازی محمد) نامەی دکتۆراکەی بۆ مێژووی کورد تەرخان کردبوو. ئەشێ بڵێین لەم بوارەدا یەکەم کەس بووبێ؟

و٨: لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕەحیمی قازیم لە (باکۆ) دیوە، هەروا لەو دیویش بەڵام باسی ئەوەی نەکردووە کە نامەی دیکتۆراکەی دەربارەی مێژووی کورد نووسیوە. من تەنیا یەك نامیلکەی ئەوم دیوە. . . ناتوانم دەربارەی هیچ ڕایێ دەربڕم.

پ٩: ڕاتان دەربارەی ؟کوردستان و کوردی) د. ئەوڕەحمانی قاسملو چی‌یە، بەتایبەتی کە کەم خۆی لە قەرەی کۆماری مەهاباد داوە؟!

و٩: کتێبەکەی «قاسملو» وەکو مێژوەکانی‌تری سەردەمی، زۆرتر بە لای جوڵانەوەی سیاسی‌دا ڕۆیشتووە، و لە بارەی ئابوریەوە دواوە، هەڵەیشی زۆر تیایە.



پ١٠: ئەڵێن د. عەزیز شەمزینی لە نامەی دکتۆراکەی‌دا دڵ ڕەقانە دەربارەی قازی محمدی نووسیوە، تەنانەت بە پیاوی بێگانەشی داوەتە قەڵەم. ئەگەر بە زەحمەتی نازانن ئەم باسە ڕوون بکەنەوە؟

و١٠: دکتورا نابەکەی سەید عەزیز من تەنیا هەندێ باسیم لە ڕۆژنامەدا خوێندۆتەوەو ئەوەی تازەییم نەدیوە ئەگەر (وابێ) کەتۆدەڵێی تۆ دەبێ. لەم بارەوە لەگەڵ سەید عەزیز خۆی بدوێی.

پ١١: ئەڵێن محمد فێداو قانیعی شاعیر، دەربارەی مێژووی کورد بەرهەمێکیان هەیە، هیوادارین تیشکێکی بخەنە سەر؟

و١١: محەمەد فێدا (بەرگی یەکەی کتێبەکەی ئایەتوڵلا مەردوخی. . . کردبو بە کوردی چاپی کردبو، بەڵام هیچ جۆرە پەراوێزێکی دەربارەی نەکردبوو نازانم. (بەرگی دووەمیشی) تەرجەمە کرد وەیانە؟ (قانیع)ی شاعیری مەزن نەم بیستوە دەربارەی (مێژوو) هیچی نووسیبێ.

پ١٢: مەلا ئەحمەدی فەرقان لەناوکورددا پایەیکی ئایینی بەرزی هەبوو جەنابتان مەلاومەزادەن جێی ڕەوا نەبوو دەربارەی(تصوف و متصوفە) کوردەکان شاکارێکتان بخستایە کتێبخانەی کوردی‌یەوە؟

و١٢: کتێبێکم نووسی بە ناوی «مێژوی دەروێشی لە کوردستانا» ناردم بۆ «شێخ محەمەدی خاڵ) تەقریزێکی زۆر جوانی لەسەر نووسیبو. پاشان کتێبەکەم پەرەپێداو لەسەر دەفتەرێکی گەورە نووسیمەوە. لەو کاتەدا کەس نەبوو پارەبدا بۆ چاپی کتێب، کتێبەکەم ناردبۆ (کاکەزیاد)ی ڕەفیقم بەڵکو هیمەت بکات لەسەر حیسابی خۆی چاپی بکات. . . . ساڵی ١٩٦١ لێم وەرگرتەوە، پاشان سەری تیاچوو. صوەوەی کورتەییکی ماوە

پ١٣: جەنابتان دەربارەی ڕۆژبەیانی‌یەکانتان نووسیوە. بە ناوبانگترێن شاعیری ئەم عەشیرتە کام شاعیرە؟

و١٣: ڕۆژبەیانی‌یەکان: لە عیراق دا لەدەوری (خانەقین، کفری، قەرەحەسەن دیبەگە، شێخانی داسنی (جبل مقلوب)و جێیانی تری دائەنیشن. لەودیودا لەقەزای (بەهبەهان)دان، لە گەلێ شوێنی تردا بڵاو بونەتەوە، هی وایان هەیە بە فارسی‌و هی وایان هەیە بەعەرەبی‌و

هی وایان هەیە بە کوردی شیعری وتووە، من تەنیا باسی ئەوانەم کردووە کە مەلا چاك و نووسەری گەورە بوون. تەنیا باسی یەکێکی نەخوێندەوارم کردووە (حەمە سەرچەرمە) لە فەرقان بە ڕاستی

شیعرەکانی مەلحەمەییکە. بەڵام بۆ شیعری کوردی - (مەلا سەید حەمیدی رۆژبەیانی) کە لە قەرەحەسەن دائەنیشت شیعرەکانی باش و نیشتمانی‌یە.

پ١٤: جەنابتان دەربارەی فەرمانڕەوایی شوانکارەی کورد بەرهەمێکی بەنرختان هەیە؟ ئەڵێن شوانکارە پاش ئیسلام پێنج تیرە بوون (ئەمە بۆچوونی هەندێك لە زانایانە) وەکو: ئیسماعیلی[1] رامانی[2]

گەرزوبی[3] مسعودی[4] شەگانی[5] تیرەی ئیسماعیلی خۆیان بەنەتەوەی (سپەبود)ەکان ئەزانن کە بەرِیشەوە ئەچنەوە سەر مەنوچەهری نەوەی فەریدوون. گەلێ کەس باوەڕیان وایە کاوەی ئاسنگەر کە ئەژدەهاکی کوشت و فەریدوونی لە جێی دانا ئەم کاوەیە یەکێکە لە رۆڵە قارەمانەکانی ئەو هەروەها فەریدوونیش یەکێکە لە گەنجەکان کە هەڵبژێردرا. ئایە ئەم باوەڕو بۆچوونە ڕاستە؟!

و١٤: شارەزابوون بەم باسە پێویستی بە دانانی کتێبێکی تازەیە.

پ١٥: ڕاستە ئەڵێن (ابن المستوفی) کورد کتێبێکی هەیە ناوی مێژووی هەولێرە، گوایە چوار بەرگە، ئەگەر بەزەحمەتی نازانن تیشکێکی بخەنە سەر؟

و١٥: شەرەفەدین ئەبو البەرەکات موبارەك کوری ئەحمەدی ئەربیلی (هەولێری) ساڵی ١١٦٨ز (٥٦٤)ك لە هەولێر لە دایك بووەو لەوێ پێگەییوەو خوێندویە)و زانستی و بەڕێوەبەرایێتی و نووسین فێر بووە، ساڵی ٦٢٩ك (١٢٣١)ز بوو بە وەزیری سولتان موزەفەرالدین لە هەولێر، کە مغول هەڵیان کوتایە سەر (هەولێر) لە قەڵاکەدا لەگەڵ خەڵکی شار کەوتە بەرانگاریی دوژمن. کە (هەولێر) داگیر کرا. بە دزیەوە رایکرد بۆ موسل و لەوێ ژیانی بەسەر برد تا ساڵی ٦٣٧ کۆچی دوایی کرد. ئەم پیاوە هەم نووسەر هەم مێژوونووس هەم هەستیار بوو ئەو مێژووەی کە بە چوار بەرگ نووسیویە تەنیا بەرگی دووەمی لە (لەندەن) دۆزراوەتەوە ئەویش هیممەتی خۆرهەڵاتناسی ئینگلیز (آربری)و پاشان لە لایەن (سامی سەید خەمماسی صەقارە)وە تۆژینەوەو لێکۆڵینەوە یێکی باشی دەربارە کراوەو ساڵی ١٩٨٠ز (١٤٠٠)ك لە چاپ دراوە بەرگەکانی تری تا ئێستە پەیدا نەکراوە. جگە لە (تەعریخی ئەربیل) لەسەر دیوانی (موتەنەبی)و دیوانی (ئەبو تەمام) شەرحێکی دەبەرگی نووسیوە. ئەم پیاوە لە مێژووەکەیا زۆرتر، سەرگوزەشتی زانا هەولێرییەکانی نوسیوە.

پ١٦: ئایا بەتەوەکەمان لە (وفیات الاعیان)ی (ابن الخلکان)دا چ بەشێکی هەیە؟

و١٦: «ئەبو العەبباس شەمس الدین ئەحمەد کوری ئیبراهیم) ساڵی ٦٠٨ك (١٢١١ز) لە هەولێر لە دایك بووە. وا دیارە باوکی خەڵقی دێی خەلەکان بوبێ بەم نازناوە ناسراوە....... ئەم پیاوە زۆر کتێبی نووسیوە بەڵام بە نووسینی کتێبی (وەفەیات الئەعیان و ئەبناء ئەبناء الزمان) بەناوبانگە کە لە دوو بەرگی زۆر گەورەدا سەر گوزەشتی (٨٦٥) کەسی نووسیوە، (محەمەد کوری شاکیری کو-تویی) ناو کە کابرایێکی تورك زبانە بەرگێکی بۆ تا تەواوی یەکان نووسیوە ناوی ناوە (فەوات الوەفەیات)ە.

بێگومان لە کتێبەکەیا سەرگوزەشتی زۆر لە زانایان و ئەمیرانی کوردی تیایە. کتێبەکەی بە زۆر زمان تەرجمە کراوە...

پ١٧: ڕاستە ئەڵێن (ابن الاثیر)ی جەزیریو بۆتان (الکامل في التاریخ)ی دزیوە... سەرچاوەی دزییەکەیشی (تاریخ الطبری)یە. ئایا ئەم کوردە لەم بەرهەمە گرنگەیدا باسی کوردی کردووە؟!

و١٧: نووسەرانی مێژوو، هەمیشە دەنگ و باسی پێش خۆیانیان لەسەرچاوەی بەر لە خۆیان وە رگرتووە، وەرگرتن دزی نییە... تەنانەت ئەگەر وەرگر ناوی ئەو سەرچاوەیانە بیات کە لێی هەڵێنجاوە!

«خاوەنی ئەلکامیل» لە لاپەڕەلاپەرە (٣) (چاپی دارصادردار بەیروت) دا کە لە ١٩٦٥دا چاپ کراوە بە پێی چاپەکەی لیدن، نووسیویە؛ (.... فابتدأت بالتاریخ الکبیر الذی صنعه الآمام ابو جعفر الطبری، اذ هو الکتاب المعول....) لەسەرەتادا دەستم کرد بەو مێژوە گەورەیەی کەوا پێشەوا (ئەبوجەعفەری ئەبەری داینا‌وە، چوون هەر ئەو کتێبە کە هەموو پیاراپێرموون و، ولەکاتی دەمەقال دا بچنەوە بۆی. من لە ئەو هەموو سەرگوزەشتەکانم وەرگرت بێ ئەوەی هیچ سەرگوزەشتێکی تێك بدەم...).

دەس پاکی (امانە) زانستی بەم جۆرە دەبێ، وەنەوانەی کە (ابن الاثیر) یان وا داوەتە قەڵەم کە دزی لە (ئەبەری) کردووە، وا دیارە ئەمەیان بەرچاو نەکەوتووە.

عیزەدینی ئیبی‌الئەسیر لە (ئەلکامیل)دا باسێکی دوورودرێژی دەوڵەتی (حەسەن وەیهی) کردووە... هەروا باسی (جاوان) ەکانی کردووە. باسی (شاهین)ی کوردی کردووە کە لە (بەطائح) دەورویەری واسیط و کووتی ئێستەدا بوون. دەربارەی بنەماڵەی (بەنی‌مەروان) دوواوە... هەروا دەربارەی زۆر لە ئومەرا کوردەکان و عێلە کوردەکان... بەڵام هەر ئەوەیە کە باسەکان بەپێی ئەوماوەی ساڵەکانەو لەبەر ئەوە کوت کوت و پچروپچرە.

لە دوان

# یادەکانم

## لە سووتانی شەونمێکدا



اسماعیل تەینا



ئێ شەونمی سەر پەڕی گوڵ
هەرچەند ئێستا کە لێت دوورم
لەدوا دوای ئەو بستە خاکەی
جەمسەری ئەو سەرو ئەم سەری سنوورم
بەڵام گیانە
مێشکم بووە بە سینەماو
یادەکانت
وەك ئاوێکی بەربەست کراو
گێنگڵ ئەدەن
دەواری ماڵە رەوەندێکی گەرۆکەو
لە ئاقاری دڵی پاکمدا هەڵ دەدەن.
هەرچەند چاوم لەیەك دەنێم
بە نیازی نوویشکێك خەو
خەیاڵەکان شەپۆڵ شەپۆڵ
تەوژم دێنن
میواندار‌ی دەکەن لەشەو.
ئێ شەونمی سەر پەڕی گوڵ
تۆش دەبیتە پەیکەرێك و حاجی[1] ئاسا
لە کامیرای چاوەکانم بزر نابی
دەبی بە منداڵی بێشکەو
بەسەد لای‌لایەی «دادە» گیان
بۆم ژێر نابی.
ئاخر چی‌بکەم
خەمی دووری زۆر پیرۆزە
وەکو بڵێسەی نەورۆزە.
ئێ شەونمی سەر پەڕی گوڵ
هەرگیزاو هەرگیز بۆم ناکرێ
یادەکانت فەرامۆش کەم
ژیلەمۆیەکی داگیرساو
بە فوومێ ئاوا خامۆش کەم.

................................

«١» مەبەست لە پەیکەرەکەی حاجی قادری کۆیی نەمرە

# گەشتی مانگەشەو



عوسمان عەونی

هاوین شەویکی مانگەشەو
دانیشتم چاوم نەچوە خەو

کەوتمە بیری دوور ئەندێشی
کە سەرنجم ڕادەکێشی

بەرەو جیهانیکی بەرین
کە ئێمە لێی بێخەبەرین

ئاسمانیکی بێسنوورە
ریگەی ترسناك و دوورە

بە پەلە ڕووم کردە چۆلێك
کەوتمە داوێن هەردەو دۆلێك

منی ئاوارەو سەرگردان.
بیرم نەدەکرد لە ترسان

زۆر گەڕام لەو چۆڵ و دەشتە
ئەم دەشتەی وێنەی بەهەشتە

چووم بۆ داوێن کۆهسارێك
ڕێم دەرنەکرد لە بنارێك

تا ماندوو بووم لە پێکەوتم
هەورازێك بوو سەرنەکەوتم
لەو کاتەدا مانگ ئاوا بوو

ریگەی دوورم لێ کوتا بوو

دەبێ چاو لە ڕێی کاروان بم
گوێ گری بانگی بەیان بم

# لاوان

## گوڵ شەن

گوڵ گەر لە تافی لاویمدا
لە خزمەتی ژینم نەبێ
کەڵکی چیە لە پیریم دا
گوڵشەن لەسەر بەرۆکم بێ
گەر ساڵی ژین بێ بەهار بێ
دڵ خۆش نیم تەمەنم زۆر بێ
هەتا هەم شکرانە ناکەم
گوڵێ لاویم بۆ پیریم بێ!

(رفیق احمد شریف)



## بۆتان جەلال

## ئێمان

نەکەی خاتوون
لە پەنجەرەی شەوی تاریك
مۆمیکی وێڵ..،
بەیادی من هەڵگیرسێنی..
نەکەی لەناو هاژەی دەریای..،
یادگاریما،
بەناکامی خۆت بێپەروا بگەوزێنی..
نایەمەوە.. نایەمەوە
دڵەی پاساریم وای داوە لەشەقەی باڵ
لەسەر چڵی هیچ دار کاژێ
هیچ ئاسمانێ... گوێسەبانێ
ئۆقرە ناگرێو هەڵنانیشێ...!

## ڕەوان

# ڕێبوارێکی دڵنیام

دانا عسکر قادر



هیوام ئەمڕۆ.. ڕێبوارێکی بار هەڵگری بە توانایە
مرۆڤێکی هەگبە لە شان پڕ وەفایە
ڕێگایەکی سەخت و دووری لە ڕێدایە
ماندو نەناس لە ڕێگادا دڵنیایە
هیوای دوێنێم پشت بە تۆ بوو
بەڵام ئەمڕۆ.. ڕێگام جیایە
هیوام ئەمڕۆ.. ڕاست یا هەڵە هەرچی‌یەك بێ ئاشکرایە
ڕێگایەکە... زەریایە کە بەگشت جیهان لە بن نایە
خۆ گێل مەکەن لای هەمووتان ئاشکرایە
خۆشەویستیم ماسییەکە لە دەریایە
هیوای دوێنێم بێ‌خەبەر بوو
بەڵام ئەمڕۆ... بە ئاگایە
هیوام ئەمڕۆ... ڕێبوارێکە چاو نەنوستو دڵ وریایە
ئاسکە بەرزی چاوان گەشی بان سەحرایە
کە لە کێوی لەش توکنی سەر سارایە
هیوای دوێنێم بەندری تۆ بوو
بەڵام ئەمڕۆ.. دڵنیایە
چونکە ڕێگام لە تۆجیایە.

## دیوان



# ئەڤین نەسەروا ڕێزکرنە

ئەمین حەیدەر بوتانی

لۆرینا من تو نەبی
ژ پەیڤێن ڤینێ ڤالای
ئەز بۆ ڤینێ دلۆرم
ئەڤ شەنگە پەیڤ ددل مای،
لۆرین پەیڤێت ڤینا من
دنویکا خامێدا زای
لۆرینێ ئەو ڤیانە
لۆرینێ ئەڤ هۆزانە،
ڕندییا وان پەیڤ بـ پەیڤ
خر بـ بن ئەستێرو هەیڤ
ئەگەر ژدل نەبیتن
مەزن نەبیو نە چیتن
ڕەوشا وان نەهێت دیتن،
بلا ئەڤ بـ هەڕفن
نەهەژییە ڤەهینم.
ئەگەر ئەڤین وەسا بیت
ئەڤین نە هەژی منە
ئانژی جانێ
ئەز نە هەژی ئەڤینم.

---

نە . نە. لۆرین
ڤین نە سەروا ڕێز کرنە
ئەڤین بەرزە
نە پیترانکا پەیڤایە
نە. نە. لۆرین
ئەو گولەکا پر بەهایە.
دناڤ بەرا دلێ خوەستان دا
دان و بەخشین و برنە
ئەو بوهوژین و مرنە.

---

لۆرینا من؟
تە دڤێت بـ ساناهی
ئەز ئەلبوما خوە پڕ بکەم
ژوان کەڤالێت بێ ڕامان.
نارینا من؟
گەر خرڤەبن تەڤ ئەڤین دار
دا قەلەنا ڤینێ بدەن
وێ ڤەگوهێزن و بـ بەن،
نزانن بێی مەمێ کوڤان
باجا ڤینێ ناهێتە دان
قەلەنا وێ ناهێتە دان
ناهێتە دان

---

# دوردانه یا پەراستان

ئیسماعیل تاها شاهین

د باغ و گولزارێ ژینێ
چ بێژم خێڤە و کاتەیی
د هاڤل گەرما ئەڤینێ
شەمالا تێر پەڕوانەیی
د بەزما ئاشق کەتینێ
کێم کێم پەراستاران مەیی

ڤینۆس ب قوربانا تەبی
دوردانەیا پەرستاران
زێدە چ بێژم ئەڤەبی
شێرین پەیڤا ل سەر زاران
ل گەرمستانێ گول ڤەبیی
فەڕاشین دێ کەفتە واران

تویی ئاران تویی زۆران
گولهناری؛ سۆرە سێڤی
شەنگەسروودی، خوەش هۆزان
دلبەرا مە ژێ سەد هێڤی
تویی خەتیرا نەڤرۆزان
دلێ مە هەر تو دنێڤی

تەڕو تۆلا ل هەڤ هاتی
تە باغ و مێرگەهە سینە
ب سەما سێڤێن خەلاتی
وەر چەپ و راسات هلفرینە
بەژن چنارا وەلاتی . .
ژ بۆ تە مللەتەك دینە

هلهەژینە سۆرە سێڤان
دلێ مە ئاگر د ناڤە
خودانا شەکرەلێڤان
ناترسم ڕۆژ کو چۆ ئاڤا
ئەر تاری داکەڤت مێڤان
شەوقا دێمێ تە هەتاڤە

سۆرە سێڤا دو سێف پێڤە
سێڤێن تە سێڤێ سەرمۆرن
دکم جارەك بکم خێڤە
نەوێرم ڕەشمار ل دۆرن
کەتەك ژێ هلوەشان نێڤا
ڕەزێ نزبە سەپان زۆرن

ملان شۆرن کەزی پێدە
گولی ب سەر ئەنییێدە زال
بەهەشتە بسك کەتین تێدە
داگەڕییان سەر رووکێ ئال
زولفان ب چەنگالان لێدا
دێم نازکە بسکان ڤەمال

ڕۆژ هلچنی سها بسکان
دەستان درێژی بسکاکە
دەنگێ دەفێ گەها ئەسمان
گولییان ژ سەر ئەنیێ راکە
ترسێ خوە دا نێڤا دلان
مە ب دنیا ڕۆژێ شاکە

## ڕاپۆرت ڕۆشنبیری بەیان

شێرزاد عبدالرحمن

# ڕاپۆرتی هەولێر

* دەزگـــای ڕۆشنبیــری و بڵاوکـردنـەوەی کوردی ـ لە هەولێـر لە وەرزی ڕۆشنبیــری خۆیدا بەردەوامـە کە تیـایـدا چەنـدین چالاکی هەمەڕەنگ لە کۆڕی ڕۆشنبیریدا دەخەملێنێ و تیایدا میوانداری لە ڕۆشنبیرو هونەرمەندان دەکات بۆ سازکردنی کۆڕو پیشانگاو شانۆگەری.

یەکێک لەو چالاکیـە زینـدووانـە سازدانی ئێـوارە کۆڕێک بوو بۆ چیرۆک خوێندنەوە، لەم کۆڕەدا کە لە ڕۆژی ١٧ ـ ٢ ـ ١٩٨٧ لە هۆڵی ڕۆشنبیـری جەمـاوەردا سازکـرا، ژمـارەیـەک لە چیرۆک نووسە لاوەکان بەشداربوون. . . لە سەرەتاشدا مامۆستا ـ محمود زامدار ـ بەناوی دەزگاوە وتەیەکی خوێندەوە کە تیایدا وتی: ڕاستەو ڕاست ئەمـانـەوێ ئەو ڕاستیـەتان پێ ڕابگەیەنین کە مەبەستی هەرە ئاشکراو ڕوونی ئێمە لە «کۆڕ بەستن» جۆشدانی ڕوحی موناقەشەو هەڵخستنی بیـروڕاو گۆشـە سەرنجی ووردی ژانستیـانـەیـەکـە سەرەنجـامـەکەی بێگـومـان و بەدڵنیـاییـەوە کارێکی گەورە لە ڕەوپێوی ڕۆشنبیـریی ڕاچەنیوی کوردیماندا سازئەدات و ئەشبێتە مایەی سەرهەڵدانی گەلێ بەهرەو تواناو بیروڕاو بۆ چوونی وردو لەبار لە شارستانیەتی ئەم گەلە.

دوای ئەوە چیـرۆک نووسـە لاوەکـان هەریـەکـەیان کورتە چیرۆکێکی خوێندەوە . . . کە بریتی بوون لەم چیرۆکانە:

١ ـ عەگید شەفیق ـ چیرۆکی گرێدان.

٢ ـ ئازاد عبدالـواحـد کەریم ـ چیـرۆکی لاپەڕەیەکی کۆن.

٣ ـ عبدالرحمن کاکل ـ چیرۆکی تابلۆی یادێکی شووم.

٤ ـ ئیسماعیل فەرەج ـ چیرۆکی بیرە ئاگراوییەکان.

٥ ـ محمد خضرمولود ـ بەدوو کورتە چیرۆک:

هەڵاتن، ئەوڕۆژووڕانـەی لە ئاسمـانن.

بێگـومـان، دوای خوێنـدنـەوە، دەست کرا بەسـازکـردنی گفتـوگـۆیەکی گەرم لە نێوان چیرۆک نوسـە لاوەکانداو ئامادەبووانی ئەم کۆڕە ئەدەبی‌یە.

### «دەربارەی چیرۆک نووسەکان»

١ ـ عگیـد شفیق: جگـە لە چیـرۆک، شیعـریش دەنـووسێت، بۆیـە چیـرۆکەکانی زمـانی شیعـریـان هەیـە، لە چیرۆکی ـ گرێدان ـ کە خوێندیەوە واقعێکی گرێداوەو بەتەم و مژژیانی دەربڕیوە.

٢ ـ ئازاد عبدالواحد کەریم: نەک هەر لەو چیـرۆکـەدا کە خوێنـدیـەوە، بەڵکو لەو چەندانەی کە بڵاویشی کردونەتەوە، واقیعی فۆتۆکۆپی نیشان داوە. . .

٣ ـ عبـدالرحمن کاکل: ئەگەرچی یەکەم هەنگـاویـەتی لە دنیـای چیـرۆکـا، بەڵام مژدەی زیـرەکی و ووردەکـاری پێوە دیارە. . ئەو چیـرۆکـەش کە بەنـاونیشـانی [تـابلۆی یادێکی شووم] خوێندیەوە نیشانەی ئەو هەنگاوەیە.

٤ ـ اسـمـاعـیـل فەرەج: ئەمـیش

یەکەمجاریەتی، بەم نۆبەرە چیرۆکەی [یادە ئاگـراوییـەکـان] بەخششی تـری لێ داوا دەکرێ ئەگەر بەردەوام بێ.

٥ ـ محمد خضر مولود: جگە لە چیرۆك، خەریکی لێکـۆڵینـەوەیە، ئەو دوو چیرۆکەی کە بەناوونیشانی هەڵاتن، ئەو ژوورانەی لە ئاسـمـانـن] خوێنـدیـەوە هەوڵی داوە بەشێـوەیـەکی تازە تەعبیر لە ڕووداوەکـان بکات، پاڵەوانەکانی هەست بەکەم وکورتی دەکەن، مایەوە سەر ئەوەی بڵێین هەر پێنج کەس قوتابین لە بەشی کوردی لە کۆلێجی ئاداب.

* هەر لەلایەن ئەم دەزگایەوە، دەستەیەك لاوی خوێن گەرم کۆبوونەوە بۆ پێش کەش کردنی شانوگەرییەکی نوێ بەناوی [چاو] کە ژمارەیەك لە بەهرە گەشە تازەکان بەشداربوون.. ئەم شانوگەرییە کە لە ڕۆژی ١ ـ ٣ ەوە دەست کرا بەنیشاندانی بریتی بوو لە بەرهەمێکی [گەوهەر موراد] کە شاعیـر ئەحمـەد ڕێبـوار ئامـادەی کردبـووو حسێن زارین ـ دەری هێنا . . . کارەکتەرەکانی ئەم بەرهەمە بەم شێوەیە بوو:

| | |
|---|---|
| حسن جبار | سوڵتان |
| عمر محمد طە | دیکۆر |
| أزاد صادق | خوێن ڕێژ |
| مهدی عەباس | حیکایەت خوان |
| برهان محمد امین | ئاسنگەر |
| تحسین فائق | پیرەمێرد |
| خطاب حامد | وردە فرۆش |
| نایف عبدالرحمن | دەرگاوان |
| یوسف کەریم | شمشاڵ ژەن |
| اسماعیل جوهر | دەرگەوان |
| هەڵمەت طاهر | لاو |
| یوسف احمد | سەرشکار |
| محمد کۆیی | ڕووناکی |

بەڵام کارە هونەرییەکانی تر:

| | |
|---|---|
| بەڕێوەبەری بەرهەم | محمود زامدار |
| سەرپەرشتی هونەری | مۆید فقێ |
| مۆسیقا | قادر ابراهیم ـ دڵشاد حسن |
| ئارایشت | مۆید فقێ. |

* بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری جەماوەری هەولێر، بەهاوکاری لەگەڵ ڕۆشنبیری جەماوەرلە سلێمانی، میوانداری خاتوو ـ لەیلان ـ ی کرد بۆ خوێندنەوەی باسێکی مێژوویی دەربارەی [عەڤداڵ خان] کە بریتی بوو لە بابەتێکی مێژوویی‌و لە سەرەتادا شاعیر (شەهاب عوسمان) لە چەنـد دێـڕێك دا کۆڕگێـڕی پێش کەش کردو باسی لە دیارتـرین بەرهەمە چاپکراوەکانی کرد. . . ئینجا لە دوتۆی باسەکەدا ـ لەیلان ـ خان دەوری ـ عەڤداڵ ـ ی ڕوون کردەوە لە کۆڕی هونەردا . . . ئەمـەشی بەستـەوە بەگـەلێك ڕووی مێژوویی‌و لە کۆتـایی‌دا گفتوگۆ دەربارەی ناوەڕۆکی کۆڕەکە کرا.

* [مرۆڤێکی ئاسایی] ناوونیشانی ئەو شانۆیی‌یە بوو کە تیپی شانۆی کاروان لە نووسینی چیـرۆك نووس ڕۆوف حسن و ئامـادەکـردن و دەرهێنانی سلێمان گەلاڵی لە ڕێکەوتی ٢٦ ـ ٢ ـ ١٩٨٧ پێش کەشی کرد . . ئەکتەرەکان:

| | |
|---|---|
| اسماعیل عبدالوهاب؛ | کەسی یەکەم |
| حسن جبار: | کەسی دووەم |
| کەمال عزیز: | کەسی سێیەم. . . |
| ئەندامانی کۆرس: | نوزاد حمد ـ مصطفی نادر ـ |
| | امیر نادر ـ سلمان |
| | سێودین ـ قادر ابراهیم |
| | برهان محمد أمین |

کارە هونەرییەکان:

| | |
|---|---|
| بەڕێوەبەری بەرهەم: | عونی شاکر |
| سەرپەرشتی کاری هونەری: | مۆید فقێ |
| بەڕێوەبەری شانۆ: | محمد کۆیی ـ دڵشاد حسن |
| ڕووناکی: | دڵزار کافرۆش |
| مۆسیقا: | دڵشاد حسن |

**لە چاوپێکەوتنێکی [بەیان] لەگەڵ دەرهێنەری ئەم بەرهەمە ووتی:**

**ووتەم تەنیا بیرخستنەوەی ئەووتە پیرۆزەی «بریخت»ە کە ئەڵێ: هەر گەلـۆرێ بچێتـە سەر شانـۆ توانـای هەیـە بینەر بخاتە گریان، یا پێبکەنین، بەڵام گرینگ ئەوەیە بینەر بکاتە خاوەن هەڵوێست.**

# ڕاپۆرتی سلێمانی

- ئازاد - ئامادەی کردوە

■ پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانیو کۆمەڵی چالاکی بەشی هونەری تەشکیلی: - لەم بەشەدا لە هەموو ساڵێکی تازەی خوێندن، وەرزێکی تایبەت ئامادە دەکرێت، بەبونەی ڕۆژی شەهیدەوە ڕۆژی شکۆداران ، قوتابیانی پۆلی پێنجەم لقی وێنە، بە یارمەتی هەندێك لە مامۆستایانی هونەرمەند ، بەرهەمێکی ڕێك وپێکیان لە پێشانگایەکی قەشەنگدا ڕازاندەوە لە هۆڵی پەیمانگە.

لە بەشی «تصمیم»ی پەیمانگە بە سەرپەرشتی مامۆستای هونەرمەند «هیوا عزیز» کە لەدەرچووی ئەکادیمیەی هونەرە جوانەکانی بەشی [تصمیم]ە ، مامۆستا دەورێکی کاریگەرانەو دڵسۆزانەی هەیە لە ڕاهێنان و سەرپەرشتی‌کردن و پێ‌گەیاندنی قوتابیەکانی‌دا. لەم بەشەدا ، جۆرەها تەکنیکی زانستیانەو کۆمەڵێ کەرەسەی جیاوازیان بەکارهێنابو، ئەمەش بە وردی لەو پێشانگایە تایبەتیەدا دیاربوو، کە بەسەرپەرشتی سەرەکی بەشی تەشکیلی مامۆستا «بەختیار مستەفا» سازکراو ، لە ئەنجامی ئەو سەرکەوتنەی کە لەپێشانگاکە بە دەست هات، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەیمانگە سێ قوتابی خەڵات کران.

بۆ یەکەم جار لە پەیمانگەدا پێشانگەیەکی تایبەتی ئامادە کرا بەبونەی سەری ساڵی تازەوە، تیایدا قوتابیانی پۆلی پێنجەمی وێنەو دووەمی گشتی بەشداریان کرد.

ئەو بەرهەمەی لەم پێشانگایەدا پێش کەش کرا، بەرهەمێکی نوێ بوو، بۆ منداڵانی ئازیز، کە هەموو منداڵانی باخچەکانی ساوایانی سلێمانی بینیان، بەڕێز بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی پێشانگاکەی کردەوە، لە کۆتایی پێشانگاکە هەندێ لەو بەرهەمانە پێش کەش بە باخچەکانی ساوایان کران.

هەروەها لە یادی دامەزراندنی سوپای دلێرمان و، لەیادی ڕۆژی هونەردا پێشانگایەکی تایبەتی کرایەوە، کە گەلێك تصمیمی هونەریو هەمەرەنگیان ئامادەکردبوو، لە هەمان ڕۆژدا، پێشانگایەکی تایبەتی بۆ قوتابی «ستار قادر» ئامادەکرا. قوتابیان و مامۆستایانی ئەم بەشە بەشێوەیەکی بەردەوام لە خۆئامادەکردن و ماندووبووندان بۆ پێش کەش کردنی بەرهەمی سەرکەوتوو.



■ ڕۆژی ١٩٨٧/١/١٤ . لە هۆڵی ڕۆشنبیری جەماوەر، بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەر لە سلێمانی کۆرێکی تایبەتی بە چیرۆك ساز کرد بۆ کامەران ڕەفیق ، کەتیایدا چیرۆکێکی خوێندەوە، پاشان کاك بەهاتی حسیب قەرەداغی لە دوو توێی ٣٠سی لاپەرەدا ڕەخنەو هەڵسەنگاندنێکی سەبارەت بەچیرۆکەکەی کامەران پێشکەش کردو هەروەها تیشکی خستە سەر هەندێ لایەنی سەلبی لە چیرۆکی کوردی ئەمڕۆدا ، دوای لێکۆڵینەوەکەی بەهات بەڕێزان، مامۆستا کریم زەندو کاك دڵشاد مەریوانیو کاك حمەرشید فتاح و کاك ئاسۆ باری سەرنجی خۆیان لەسەر چیرۆکەکەو باسەکەی کاك بەهات دەربڕیو چیرۆك نوس و ڕەخنەگریش بەپێی پێویست وەڵامی گەلێ لە پرسیارەکانیان دایەوە.



شایانی باسە چیرۆك نوسی لاو کاك بکر حسن کۆڕەکەی بەڕێوە برد.





■ تیپی موسیقای میللی هاژە، یەکێکە لەو تیپە خنجیلانانەی کە بەئاوازی کوردیو گۆرانی میللی، هەستی پڕ لە جۆشی خۆیان لە چەند چالاکیەیەکی بێ‌ووچان و پڕلە جموجۆڵی گۆرانی ڕەسەنی کوردی، ئەم تیپە لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٤وە کۆمەڵێ بەرهەمی





نایابیان پێش کەش کردوە، لە سلێمانیو شارەکانی تری وولاتدا، چەندان بەرهەمیان لە شاشەی بچکۆلەکەی تەلەفزیونی تأمیم پێش کەش کردوە، ئەم تیپە کە سەر بە یەکێتی قوتابیان و لاوانی سلێمانیە لە وەرزی هونەری ئەمساڵیاندا بە چەند چالاکیەکی هونەری بەشداریان کرد، لە ڕۆژی سوپاو ڕۆژی هونەرو جەژنی پۆلیس.



■ بەشی شانۆ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلیمانی لە چەند چالاکیەکی شانۆییدا، لەو بەرهەمانەی پێش کەش کراوان لە چوارچێوەی چالاکیە ئەکادیمیەکانی بەشی شانۆ لە پەیمانگە: -

شانۆیی ورچ نوسینی چیخوف دەرهێنانی ئومید حسین. وەرگێرانی جەلال تەقی.

شانۆیی لالۆڤانیا نوسینی چیخوف دەرهێنانی پەری ئەحمەد وەرگێرانی عوسمان چێوار.

شانۆیی سێبوی ژیان نوسینی جبار صبری دەرهێنانی محەمەد حەسەن. وەرگێرانی محمود علی فرج.

شانۆیی گەر فەلەستینی بوبیتایە نووسینی مەمدوح عەدوان دەرهێنانی مووەفەق عارف .. وەرگێرانی شێرزاد حسن

بەشدارانی ئەم بەرهەمانە بریتی‌بوون لە قوتابیانی پەیمانگە.

# پانەی بەیان

• ئاسۆ •

**خوێنەری ئازیز:**

سەرجەمی ئەو بەرهەمانەی بۆ پانەکەتان هاتبوون، هۆنراوە بوون، هۆنراوەکانیش ساواو ساکار بوون، هەندێک لەو برادەرانە بێ‌ووچان لەگەڵ هۆنراوەی بەردەوامیاندا سووکە ڕازو گلەییشیان بۆ ناردووین و هەمیشە بەو هیوایە دەژین کە ڕۆژێ لەڕۆژان هۆنراوەیەکیان جێی ڕەزامەندیی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (بەیان) بێ ئێمەش لەگەڵ ئەو برادۆستانەی (بەیان) پڕ بە دڵ حەز دەکەین کە هۆنراوەکانیان ڕێچکەی پێشوویان بشکێنن و شیاوی بڵاوکردنەوە بن، بەڵام بەداخەوە ئاوات و واقیع زۆر لێک دوورن، هۆنراوەیەکمان بەرچاو نەکەوت پێی خۆشحاڵ بین و دەرگای بۆ واڵا بکەین و هەر نەبێ لەکەناری باخچەی خونچە پشکوتووەکاندا بگەشێتەوەو چاوی بە ڕووناکی بکەوێ، ئەوەتا یەکێک لەو برایانە لەنامەکەیدا دەڵێ: «من تا ئێستا چەند نامەیەکم بۆ ناردوون و هیچتان بڵاو نەکردۆتەوەو ئەگەر لێم زویر نەبن ئەم نامەی ترم بۆناردن و ئەگەر بۆم بڵاو نەکەنەوە کۆتایی بەنامەکانم دێنم»

هەرئەم برایە خۆی بەرهەمێکی بۆ ناردووین و دەڵێ: بەئاگاداری مامۆستای بەرزو بەڕێز مامۆستا (ع) هۆنراوەکەی پەسندکردم، ئێمەش بەو برایە دەڵێین: ئەوەی ناردوتە پەیوەندی بەهۆنراوەوە نیە، با مامۆستاکەشت پەسندی کرد بێ، بۆ ئەوەی خوێنەری ئازیزیش هەقی تەواو بەوجۆرە هۆنراوەکرچ و کاڵانە بدات وا چەند دێرێکی لێ بڵاو دەکەینەوە:

بالآبەرزو نەشمیلانە
ئەبرۆی وەکو کەوانە
دانی، دەڵێی مووروانە
و هەڵ کراوی سەرپەتانە

ئیتر لیرەدا دەوەستین و ئاوڕێک لەنامەکانی تر دەدەینەوەو هۆنراوەکانی دەخەینە ژێر باری سرنج و هەڵسەنگاندن.

● کاک (بەکر پشدەری) شیعرێکی بۆ ناردووین بەناونیشانی (لەنامەی خۆشەویستیکا)، جاری لەپێشەوە پێمان رادەگەیێنێ و دەڵێ بەبڵاو بوونەوەی چەند شیعرێکم لەگۆڤاری (بەیان)ی پیرۆزدا لەژمارەکانی رابوردووی‌دا بەتایبەتی زیاتر وەکو هاندەرێکی دروستکەری هۆشمەند پشتگیری کردووم و پێشی خستووم، بۆیە ناتوانم لە بەیان جیا ببمەوەو شیعریش فەرامۆش بکەم» ئێمە لەلای خۆمانەوە سوپاسی ئەو جۆرە هەستە ناسکە دەکەین و هیواداریین کاک بەکر بەردەوام بێ، بەڵام بەداخەوە ئەم هۆنراوەی بەتەواوەتی جێی رەزامەندیمان نەبوو، تەنیا کۆ پلەبەلک نەبێ ، ئەویش وابۆی بڵاو دەکەینەوە:

رابوەستە
دەبێتی چۆن
لەگێژی ڕووخساری ڕووما
نیگاکانم
چەند بەوێڵی دەڕۆن و . . . دێن . . .
دێر زەمانە
بەبێ ووچان
مانگ و ئەستێرەکان لەناو
گلێنەی چاومدا هەڵدێن.

● کاک (گوندی عەلی محمەد) هۆنراوەیەکی بۆ ناردووین بە ناوی (ئەی دڵ)ەوە، بەشێوەیەکی گشتی هۆنراوەکە شیاوی بڵاو کردنەوە نەبوو، چونکە لەهەندێ دێریدا ئیقاعی تێک چووبوو، والێرەدا چەند دێرێکی لێ بڵاو دەکەینەوە.

ئەی دڵ هەتاکەی زیکری لەیل ئەکەی
کاتی پیریتە تازە مەیل ئەکەی
بەس کووچەو قوژبن ئەم شارو ئەوشار
بەدوا لەیلەکەی بێ‌وەفاکەی پار
خەندەت بۆ ناکات، خۆشی بچێژی
گەر لەبەر پێی‌دا، لاشەت بنێژی

● کاک (قوربانی عەلی محمەد) هۆنراوەیەکی بۆ ناردووین کە شێوەی (چوارین)ی پێرەو کردووە، بەو برادەرە رادەگەیێنین کە تەنیا (چوارین)ێک مایەی پەسندکردن بوو، هیواداریین لە بەرهەمی داهاتووی‌دا بەرهەمی سکەرتوو ترمان بۆ بنێری:

ئەی ئەو کیژەی بووی بەهێما
بۆ ئەوینی جوانە مەرگم
یادداشت نەخشە لە دڵما
تۆی ڕووناکی شەوە زەنگم

«بۆ برایان : «ك. ر. ك و ع. ع» و برای بێ ناوی خاوەن هۆنراوەی (ئۆعزیی)» داوای لێبووردنتان لێ دەکەین کە شیعرەکانتان زۆر کزو لاواز بوون و شیاوی بڵاوکردنەوە نەبوون، چاوەڕوانین کە بەرهەمی بەپێزو رەسەنمان بۆ بنێرن، جارێ ئێوە زۆرتان ماوە لە جیهانی شیعر بگەن و پەلەکردنیش کارێکی بەجێ نیە.

بۆ خاوەن هۆنراوەی «شەیدائم»، بۆ دواجار بەجێی هێشتم، تاریکی» برایان ببوورن کە هۆنراوەکانتان بڵاونەکرانەوە، ئەوەی ئێوەی ناوتان ناوە شیعر قسەی سەرپێی‌یو ساکارە، جگە لەمەش لەرووی ئیقاع و کێشەوە ناتەواو بوون.

● کاک «شەماڵ ئەحمەد رەشید» هۆنراوەیەکی بۆ ناردووین بەناوی «لەنجە»ەوە، وا کۆپلەیەکی لێ بڵاو دەکەینەوە:

ئەی لەنجە گیان
ئەی ئەو کچەی خۆشم ویستی
بەدڵ و گیان
من بووم خۆم کردە قەڵغانت
بۆ تۆی ناسکو نازداری جوان
پڕ بەدەنگم بانگم کردی:
نا زووە بادەست و بردکەین
بۆ دروست کردنی بینای ژیان
ئەی لەنجە گیان!

● کاک «ر. ن. ش» دوو هۆنراوەی بۆ ناردووین، بەداخەوە هەردووکیان کەڵکی بڵاوکردنەوەیان نەبوو، داوای لێبووردن دەکەین.

# دواوشە

## ساڵی بەیەك لادا كەوتنیان بوو بە ساڵی بەزین و سەرشۆڕی یان

حەوت ساڵە كینە لە دڵەكانی ئێران شاڵاو دێنن بۆ سەر وڵاتە خۆشەویستەكەمان بۆ ئەوەی داگیری بكەن و بیخەنە ژێر پێیە چەپەڵەكانیانەوە، حەوت ساڵە دوژمنی ڕەگەزپەرست خۆی گێڤ دەكاتەوەو دێنێو دەباو پیلان دەگێڕێ لەگەڵ ئاغاكانیا لە ئیمپریالیست و سەهیۆنییەكان و دوژمنانی گەلەكەمان بۆ ئەوەی بتوانن بستێك لە خاكی عیراقی پیرۆز داگیر بكەن، بەڵام هەمو جارێـك كەللەی پووچیان لەسەر بەردی پۆلاینی عیراقیەكان دەشكاو بە زەلیلیو داماوی بەرەو دوا دەگەڕایەوە. بەڵام دوژمنی مێشك پووچ وا دیاربوو دانی بەوەدا نەدەنا كە ئەوان هەرگیزاو هەرگیز ناتوانن شوێن پێێك بكەنەوە بۆ خۆیان لە خاكەكەماندا بۆیە دوای هەر هێرشێك دەیان كردوو تێیدا دەشكان دەستیان دەكردەوە بە خۆئامادەكردن بۆ هێرشێكی نوێ بەڵكو بتوانن شتێك بە شتێك بكەن، لەگەڵ ئەم خۆ ئامادە ـ كردنەش دا دەستیان دەكرد بە قسەی ئەلەق و بەلەق و بێمانا هەر جارەی بە شێوەیەكی جیاواز، جارێك بەوەی كە ئەوان دەتوانن درێژەبدەن بە جەنگ بۆ ماوەیەكی زۆر تاوەكو سەردەكەون بەسەر عیراقییەكان دا، بەبێنكیتر دەیان وت كە ئەمجارە دوا هێرشیانەو خاكی عیراقی داگیر دەكەن ئیتر هەر جارە بە شێوەیەك بەڵام هەموو جارێك هێرشەكانیان ئەنجامی بەزین و تێك شكاندن بوو ئەو قسانەی كردبوویان لێی پاش گەز دەبوونەوەو بە درۆ دەچوونەوە لە بەردەم گەلەكەیان ڕوو ڕەش دەبوون گەرچی ئەوان هەر ڕوو ڕەش بوونە.

ئەمجارەیان هیچیان بۆ نەمایەوە بەكاری بهێنن لە درۆو دەلەسەكانیان كە گەلی ئێرانی داماوی پێ هەڵخەڵەتێنن ئەوە نەبێ كە پێش ساڵێك لەمەوبەر تەپڵ و زوورنای ئەوە لێدەن كە ئەم ساڵیان ساڵی بەیەك لاداكەوتنی جەنگ دەبێ (سنة الحسم)ە، بۆ ئەم مەبەستەش دەستیان كرد بە كۆكردنەوەی ڕەش و ڕووتو منداڵ و پیرو نەفامەكانی ئێران بۆ ئەوەی بیاننێرن بۆ ناو ئەو دۆزەخەی عیراقییەكان بۆیانیان ئامادە كردبوو، ئەوەبوو هێرشێكی فراوانیان هێنایە سەر سنورمان لە ڕۆژهەڵاتی بەسرەی قارەمان لە كەرتی فەیلەقی سێ لە كۆتایی مانگی ك١/١٩٨٦) بەڵام جەنگاوەرانی عیراق بە ماوەیەكی زۆر كورت توانیان لە شەڕی (ڕۆژی مەزن)دا هێرشی دوژمن تێك و پێك بشكێنن و بەرەو دواوە ڕاویان بنێن بەڵام دوژمنی گێل لەمە دەرسی وەرنەگرت ئەوەبوو لە سەرەتای مانگی یەكی ئەم ساڵ دا هێرشێكی فراوانتری هێنایە سەر هەمان شوێن و چەند شوێنێكی تر بەمەبەستی ئەوەی شاری شاران بەسرا داگیر بكات بەڵام ئەمجارەشیان لە جارانی پێشویان چاكتر نەبوو بەڵكو ئەمجارە بەجارێك وا تێكەوتن و سەریان بە قوڕا چوو كە بە درێژایی مێژووی خۆیان نەیابینێیو بە جارێ ئیتر ڕاستبونەوەیان نەبێت ئەوەبوو لەو (٣٥٠) هەزار چەكدارەی ناردبوویان بۆ هێرشەكەیان (٢٥٠) هەزار زیاتریان بە ئاگری سوتێنەری عیراقیەكان كلۆكۆیان دامرد ئەم شەڕە مەزنە ماوەی دە هەفتە زیاتر بەردەوام بوو دوژمن لەم ماوەیەدا ئەوەندە زیانی لێ كەوت لە سەرو ماڵ كە بە درێژایی حەوت ساڵەی جەنگ لێی نەكەوتبوو بۆیە ناونرا بە شەڕی درەوی گەورە (معركة الحصاد الاكبر). بەڵی ئەمەبوو ئەنجامی ئەو هێرشەیان كە ماوەی ساڵێك بوو بەیتو باڵۆرەیان بۆی لێ دەداو ناویان نابوو ساڵی بەیەك لادا كەوتنی جەنگ (سنه الحسم)، لەو گەلحۆو نەفامانە وایە كە بە زۆربوونیان و ئەو چەكانەی كە ئاغاكانیان پێشكەشیان كردبوون دەتوانن زەفەرمان پێ بەرن بەڵام خەیاڵیان خاوبوو چونكە سوپای عیراقی دلێرو گەلی پاڵەوانی عیراق بە پشتیوانی خوای مەزن و سەركردایەتیە مەزنەكەی بەرابەرایەتی سەركردەی قارەمان و لێهاتوومان صدام حسین هەمیشە چاویان كراوەیەو پەنجەكانیان لەسەر پەلاپیتكەی تفەنگەكانیانە بۆ هەر نیازێكی پیس كە دوژمن لە دڵی پیسیدا هەبێت.

بەڵی ساڵی (الحسم)یان بوو بە ساڵی تێك شكاندیان و ڕوو ڕەشیان بۆ عیراقییەكانیش بوو بە ساڵی سەركەوتن و سەربەرزی كە مێژوو لە لاپەرە بێ گەردو سپیەكانیدا بە دێری زێرین دەینوسێت بۆ ڕۆڵەكانی داهاتوو.

**كامەران ئەحمەد شوانی**

بەیان

مجلة ادبية شهرية

تصدر عن دار الثقافة والنشر الكردية

وزارة الثقافة والاعلام

بغداد



رئيس مجلس الادارة ورئيس التحرير

مصلح مصطفى الجلالي





**BAYAN**

Litrary Monthly Magazine

Ministry of Culture and Information

Issued by: The Kurdish House for Cultuer and Publi3hing

Baghdad - Iraq



EDITOR IN CHIEF

**MUSLEH MUSTAFA JALALY**



دار الحرية للطباعة

نرخی (200) فلس